# پڵنگە
## سپییەکە

ناوی کتێب
پڵنگە سپییەکە

نووسەر
ئارڤەند ئەدیگا

وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە
شلێر ڕەشید

پێداچوونەوە:
دلێر...و نەوزاد مەدحەت

دیزاینی بەرگو ناوەوە:
ئومێد محەمەد

تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: دینار

ژمارەی سپاردن
( )ی ساڵی ( ) پێدراوە

سەرپەرشتیاری کتێبەکان
بەختیار سەعید

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان ٢٠١٤
ناونیشان: سلێمانی - کاسۆ مۆڵ - بەرامبەر مزگەوتی گەورە - نهۆمی چوارەم

سوودو سەرمایەی ئەم بڵاوکراوانە بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال کراوانە.
مافی چاپکردنەوەی بۆ دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان پارێزراوە.
لەسەر ئەرکی (د. تەها ڕەسوڵ) چاپکراوە

رۆمان

ئارەڤند ئەدیگا

# پڵنگە سپییەکە

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شلێر ڕەشید

بۆ ڕامین بەهرانی

# شەوی یەکەم

**بۆ نووسینگەی خاوەنشکۆ سەرۆکی وەزیران وین جیاباو**

نووسینگەی سەرۆکی وەزیران

پەکین

پایتەختی وڵاتی چینی ئازادیخواز

**لە نووسینگەی:**

پڵنگی سپییەوە

بیرمەند

خاوەنکار

لە ناوەندی دنیای تەکنەلۆجیا و گرێبەستی دەرەکی دەژێت

شارە ئەلکترۆنییەکانی پلە یەک (ڕاستەوخۆ نزیک شەقامی هۆسەری سەرەکی)

بانگەلۆر، هندستان

بەڕێز سەرۆکی وەزیران،

بەڕێزم.

نە من و نە تۆ بە ئینگلیزی قسە ناکەین، بەڵام لێرەدا چەند دەربڕینێک هەیە تەنها بە ئینگلیزی دەتوانرێ بوترێ.

پینکی خان، ژنی بەڕێز ئاشۆک، خاوەنکارە کۆچکردووەکەم، یەکێ لەو دەستەواژانەی فێر کردم.

لە کاتژمێر ١١:٣٢ی ئەم شەو، واتە دە خولەک پێش ئێستا، بێژەرەکە لە ڕادیۆی سەراسەریی هندستانەوە بڵاوی کردەوە کە" سەرۆکوەزیرانی چین جیاباو سەردانی بانگەلۆر دەکات" یەکسەر ئەو دەستەواژەیەم وت. لە

ڕاستیدا، هەرچی جارێ کە پیاوێکی گەورەی وەکو تۆ سەردانی وڵاتەکەمان دەکات ئەو دەستەواژەیە دەڵێم. لە ڕاستیشدا مانای ئەوە نییە  کە هەرچی شتێ من هەمە دژی پیاوە گەورەکان بێت. بە تێگەیشتنی خۆم بەڕێز،من خۆم بەیەکێ لە ڕیزی ئێوە دەزانم. بەڵام هەرچی جارێ کە سەرەکوەزیرانمان و برادەرە نزیکەکانیم دەبینی بە ئۆتۆمۆبیلە ڕەشەکانیانەوە بەرەو فرۆکەخانە دەبوونەوە و لە پێش چاوی کامێرای تەلەفزیۆنەکان دەردەکەوتن و سڵاوێکی هندییانەیان ئاراستە دەکردی و باسی ڕەوشت و شکۆبەرزیی هندستانیان دەکرد، بێشک دەبوو ئەودەستەواژەیە بە ئینگلیزی بڵێم.

ئا ئەوەتا ئەم هەفتەیە سەردانمان دەکەیت ئەی خاوەنشکۆ، وا نییە؟

ڕادیۆی سەراسەریی هندستان لەو بارەوە بڕواپێکراوە.

ئەوە گاڵتە بوو بەڕێزم.

ها!

بۆیە دەمەوێ ڕاستەوخۆ لێت بپرسم ئەگەر بە ڕاستی دێی بۆ بانگەلور. چونکە ئەگەر وایە شتێکی گرنگم هەیە کە پێتی بڵێم. سەیرکە ژنە بێژەرەکەی ڕادیۆ گوتی" بەڕێز جیاباو کارێکی گرنگی بە دەستەوەیە: دەیەوێ ڕاستییەکان بزانێ دەربارەی بانگەلور."

خوێنم مەیی. ئەگەر کەسێک هەبێت ڕاستی بزانێت دەربارەی بانگەلور، ئەوە منم.

پاشان ژنە بێژەرەکە بڵاوی کردەوە کە "بەڕێز جیاباو دەیەوێ چاوی بە هەندێک لە خاوەنکارە هندییەکان بکەوێت و لە دەمی خۆیانەوە گوێی لە چیرۆکی سەرکەوتنیان بێت".

کەمی ڕوونکردەوە،وەکو دیارە ئێوەی چینی بە هەموو پێوەرێک لە ئێمە پێشکەوتووترن، ئەوە نەبێت کە ئێوە خاوەنکارتان نییە.
لەگەڵ ئەوەی کە وڵاتەکەمان ئاوی خواردنەوەی نییە، کارەبای نییە، سیستەمی زێرابی نییە، گواستنەوەی گشتی نییە،هەستنەکردن بە تەندروستی گشتی، یاسا نییە، نەبوونی موجامەلە، نارێکی لە مەوعیددا.
بەڵام بە دڵنیاییەوە خاوەنکارمان هەیە بە هەزاران هەزار، بە تایبەت لە بەشی تەکنەلۆجیا. وە ئەو خاوەنکارانە، مەبەستم ئێمەی خاوەنکار هەموو ئەو کۆمپانیایانەمان ڕێک خستووە بۆ بەستنی گرێبەستی دەرەکی کە بە تەواوی ئەمریکا بە ڕێوە دەبات لە کاتی ئێستادا.
ئێوە بەهیوای فێربوونی ئەوەن کە چۆن کەسانێک لە چینییەکان بکەنە خاوەنکار. وە هەر ئەوەیە مەبەستی ئەم سەردانەتان. ئەوە خۆشحاڵم دەکات. بەڵام ئەوەی نیگەرانم دەکات ئەوەیە کە لەپێناو پاراستنی پرۆتۆکۆڵە نێودەوڵەتییەکاندا سەرۆکوەزیران و وەزیری دەرەوەمان پێشوازیتان لێ دەکەن لە فرۆکەخانە بە تاجە گوڵینە و پەیکەری بچووکی گاندییەوە کە لە داری ساندڵ دروست کراوە، هەروەها نامیلکەیەکی پڕ لە زانیاری دەربارەی هندستان لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا. ئەو کاتە بەڕێزم بە دڵنیاییەوە دەبێت ئەو دەستەواژەیە بە ئینگلیزی و بە دەنگێکی بەرز بڵێم.
ئەوە کاتژمێر ١١:٣٧خولەکی شەو بوو واتە پێنج خولەک لەمەوبەر.
من جوێن نادەم و نەفرەت ناکەم. من پیاوی دەستوبردم و حەزم لە گۆڕانە.
لەبەر ئەوە بوو ڕێک لەو کاتەدا بوو بڕیارم دا کە دەست بە نووسینی نامەیەک بکەم بۆ تۆ.

ڕێم پێ بده با له سه‌ره‌تاوه سه‌رسامبوونی خۆمت پێ ڕابگه‌یه‌نم ده‌رباره‌ی نه‌ته‌وه‌ی چینی کۆن.

مێژووی ئێوه‌م خوێندۆته‌وه له کتێبه‌کانی سه‌ربرده سه‌رسامه‌کانی ڕۆژهه‌ڵات، که له‌سه‌ر شۆسته به‌ر چاوم که‌وتوون.له ڕۆژانی ده‌ستبه‌تاڵیمدا که ده‌مویست هه‌ندێک ڕووناکی به ده‌ست بێنم به ڕۆیشتنم بۆ بازاری کتێبی ده‌ستی دوو له ده‌لهی کۆن له ڕۆژانی یه‌کشه‌ماندا.

ئه‌و کتێبانه به زۆری ده‌رباره‌ی سه‌ربرده‌ی چه‌ته‌کانی ده‌ریا و ئاڵتوون بوون له هۆنک کۆنگ. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا هه‌ندێک زانیاری بنچینه‌یی به‌سوودیشیان تێدا بوو: له کتێبه‌کاندا هاتبوو که ئێوه‌ی چینیّ خۆشه‌ویستییه‌کی له ڕاده‌به‌ده‌رتان هه‌یه بۆ ئازادی و سه‌ربه‌خۆیی تاکه‌کان.ئینگلیزه‌کان هه‌وڵیان دا ئێوه بکه‌ن به خزمه‌تکاری خۆیان، به‌ڵام ئێوه هه‌رگیز ڕێگه‌تان پێ نه‌دان،ئه‌وه جێگای سه‌رسووڕمانه لای من جه‌نابی سه‌رۆک.

ته‌نها نه‌ته‌وه‌ی سێ وڵات ڕێیان نه‌دا له لایه‌ن بێگانه‌وه ڕابه‌رایه‌تی بکرێن : چین، ئه‌فغانستان و ئه‌سیوبیا، ئه‌مانه ئه‌و ده‌وڵه‌تانه‌ن که سه‌رسامم پێیان. له‌باره‌ی ئه‌و ڕێز و خۆشه‌ویستییه‌ی که خه‌ڵکی چین هه‌یانه بۆ ئازادی، وه ئه‌و بڕوا پته‌وه‌ی هه‌یانه به‌وه‌ی که داهاتووی جیهان ده‌که‌وێته ده‌ستی مرۆڤی زه‌رد و ئه‌سمه‌ره‌وه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی خاوه‌نشکۆی ئێستامان،مرۆڤێکی سپییه خۆی ون کردووه له‌ناو مۆبایل و مادده هۆشبه‌ره‌کان. من به خۆڕایی ڕاستییه‌کانی پشت په‌رده‌ی بانگه‌لۆرت بۆ ده‌خه‌مه ڕوو. له ڕێگای چیرۆکی ژیانی خۆمه‌وه.

کاتێک کە دێیت بۆ بانگەڵور و لە ترافیک لایت ڕا دەوەستی دەبینی، هەندێک منداڵ ڕا دەکەن بۆ لای ئۆتۆمۆبیلەکەت و لە جامەکەت دەدەن، کۆپییەکی نایاساییان لە کتێبی بازرگانی ئەمریکا بە دەستەوەیە، بە کاغەزی ئەلەمنیۆمی پێچراوە و ناونیشانێکی لەسەرە وەکو:

**دە نهێنی بازرگانی سەرکەوتوو!**

یان

**لە حەوت ڕۆژدا بە ئاسانی دەبیتە بەڵێندەر!**

پارەکەت بە فیڕۆ مەدە بەو کتێبە ئەمریکییانە .ئەوانە بەسەرچوونە .

سبەینێ منم .

لەبارەی قۆناغەکانی خوێندنەوە، لەوانەیە تا ڕادەیەک لاوازیم هەبێت، ئەگەر بە ڕاشکاوی پێت بڵێم،هەرگیز قوتابخانەم تەواو نەکردووە .جا چییە!

زۆرم کتێب نەخوێندۆتەوە، بەڵام هەموو ئەو کتێبانەم خوێندۆتەوە کە پەیوەندییان بە فێربوونەوە هەیە .

من کارەکانی چوار شاعیری گەورەم هەمیشە لە بیرە : ڕۆمی[1]،ئیقبال[2]، میرزا غالب [3]و ناوی چوارەمیانم بیر نەماوە .

---

١ جەلالەدین ڕۆمی محەمەد کوڕی محەمەدحسێن بەهادین بڵخییە (لە ١٢٣٦/٩/٣٠لەدایک بووە لە١٢٧٣/١٢/١٧کۆچی دوایی کردووە) لە خوراسان، ئەفگانستانی ئێستا لەدایک بووە شاعیرو سۆفییەکی فارس بووە،کۆچی کرووە بۆ ئەنادۆڵ لەسەردەمی سلجوقییە تورکەکاندا ژیاوە، شیعرەکانی و بابەتە سۆفیگەرییەکانی بە زمانی فارسی دایک نوسیوە، بەشێک لە کارەکانی وەرگێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانەکاندی دنیا . (وەرگێڕ) .

٢- ئیقبال محەمەد لە ١٨٧٧ لە پاکستان لەدایک بووە لە ١٩٣٨کۆچی دوایی کردووە شاعیرو بیرمەندو فەیلەسوف و پارێزەر بووە . سامانێکی گەورەی زانستی بەجێهێشتووە لە بیست پەرتوکدا لەبواری ئابوری و ڕامیاری و پەروەردەو فەلسەفەو بیردا، گۆرانیبێژ ئوم کەلسوم

من خاوەنکارم،خۆم خۆمم پێگەیاندووە.

ئەمە باشترین شێوەیە، بروام پێ بکە.

کاتێک کە گوێت لە چیرۆکی هاتنم بۆ بانگەلۆر و بوونم بە یەکێ لە سەرکەوتووترین بازرگانەکان دەبێ.(سەرەڕای ئەوەی کە کەمترین ناوبانگیشم هەیە)،ئەو کاتە لە هەموو شت تێدەگەیت، لەوە تێدەگەیت کە چۆن خاوەنکار دروست دەبێت و گەشە دەکات لەم سەدەی بیست و یەکەمەدا،

وردتر بڵێین، سەدەی مرۆڤی زەرد و ئەسمەر، تۆ و من.

بەڕێزجیاباو ئێستا کاتژمێر کەمێک پێش نیوەشەوە، کاتێکی باشە بۆ من بۆ ئاخاوتن.

من بە درێژایی شەو بە ئاگا بووم.

ئەی خاوەنشکۆ،هیچ کەسێکم لەگەڵ نییە لەم نووسینگە ١٥٠ فیتە چوارگۆشەیەم،تەنها خۆم وئەو کریستاڵە ی سەر سەرمین، سەڕەڕای ئەوەی کە ئەم کریستاڵە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، شتێکی گەورەیە و پرە لە پارچە شووشەی بچووکی لە مرواری دروستکراو. وەکو ئەو گڵۆپە کرستاڵانەیە کە لە فیلمی حەفتاکاندا پیشان دەدرا. سەرەرای ئەوەی کە ئاو و هەوای شەو ساردە لە بانگەلور، پانکەیەکی پێنج پەروانەم داناوە ڕاستەوخۆ لەسەر گڵۆپە کریستاڵە کە. کاتێک کە دەسووڕێتەوە ڕووناکی

---

قەسیدەیەکی ئیقبالی کردووە بە گۆرانی بە ناوی **حدیث** الروح. (وەرگێڕ).
http://www.youtube.com/watch?v=qSrgMoSBOpI

٣ میرزا غالب لە ٢٧-١٢-١٧٩٧ بۆ ٥-٢-١٨٦٩ ژیاوە . بە زمانەکانی فارسی و ئوردو شیعری نووسیوە. (وەرگێڕ).

کریستاڵە کە پەرشوبڵاو  دەکاتەوە بەناو ژوورەکەدا وەکو ڕووناکییەکی بەهێزی باشترین هۆڵەکانی دیسکۆی بانگەڵور.

ئەمە تەنها ئاسمانە لە بانگەڵور لە ڕووبەرێکی ١٥٠ فیتی چوارگۆشەدا بە کرستاڵێکی تایبەت. وەکو ئەوە وایە کە کونێک بێت لە بنمیچەکەدا، منیش بە درێژایی شەو لەژێریا دانیشتبم.

دەردی خاوەنکار ئەوەیە دەبێت بەردەوام ئاگاداری کارەکەی بێت..

ئێستا دەچم پانکە بچووکەکە هەڵدەکەم، بۆ ئەوەی ڕووناکیەکە بە ژوورەکەدا پەرشوبڵاو ببێتەوە .

من پشووم داوە،خاوەنشکۆ، هیوادارم تۆش هەر وا.

با دەست پێ بکەین.

بەڕێزم،پێش ئەوەی دەست پێ بکەین،ئەو دەستەواژە ئینگلیزییەی کە فێری بووم لە پینکی خان ژنی خاوەنکارە کۆچکردووەکەم بەڕێز ئاشۆک،ئەمەیە:

چ گاڵتەجاڕییەکە .

ئێستا، ئیتر تەماشای فیلمی هیندی ناکەم– لە ڕووی پرنسیپەوە– بەڵام لە ڕابردوودا پێی ڕا هاتبووم.

پێش ئەوەی فیلمەکە  دەستی پێ بکردایە ژمارە ٧٦٨ شەوقی دەدایەوە لەسەر سکرینەکە،موسڵمانەکان وایان دەزانی ئەوە ژمارەیەکی ئەفسانەییە، نمایشی خوداکەیان  دەکات.

یاخود وێنەی ژنێکم دەبینی بە کراسێکی سپیی هندی پڵپڵەداری ئاڵتوونی شۆڕەوەبوو  بۆ سەر پێی، هندۆسەکانیش ئەوەیان بە "لاکشمی"خودای خۆیان دەزانی" .

ئەو شێوەیە لە جلوبەرگ داب و نەریتێکی کۆنی ڕێزلێگیراوە و لە مەراسیمە ئاییینییەکاندا بۆ خوداپەرستی لەبەر دەکرێت.

پێم وایە، جەنابی خاوەنشکۆ منیش دەست بکەم بە پاڕانەوە و مەراییکردن.

لەگەڵ مەراییکردن بۆ ئەو خودایانە، زۆر هەڵبژاردنی تر هەیە.

سەیرکە، ئیسلامەکان خودایەکیان هەیە.

کرستیانەکان سێ خودایان هەیە.

ئێمە هندۆسەکان ٣٦،٠٠٠،٠٠٠ خودا.

کۆی هەموو ئەمانە دەکاتە ٣٦،٠٠٠،٠٠٤ خودا،بۆچی دەبێ من، یەکێ لەمانە هەڵبژێرم.

هەندێکک هەن، مەبەستم تەنها کۆمۆنیستێکی وەکو ئێوە نییە،بەڵام پیاو بیر لەم هەموو پارتە سیاسییانە دەکاتەوە، کە بڕوایان وایە زۆربەی ئەم خودایانە هەر بوونیشیان نییە. هەندێککی تریش وا بیر دەکەنەوە هیچ یەکێ لەمانە بوونی نییە.تەنها ئێمەین و ئۆقیانووسێکی تاریک لە دەورمان. من فەیلەسوف و شاعیر نیم، ئەی چۆن ڕاستییەکان بزانم؟ ئەوە ڕاستە هەموو ئەو خودایانە، لەوە دەچێ هەندێک کاری ترسناک بکەن، وەکو زۆربەی سیاسییەکانمان، کەچی هەر براوەن لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ پارێزگاریکردن لە بەهەشتەکەیان. وا مەزانە کە ڕێزیان لێ ناگرم. بەڕێز سەرۆکوەزیران! هەرگیز مەهێڵە بێڕێزییەکانی ئایدیا بچنە ناو کەللەسەری زەردتەوە.

وڵاتەکەم لەو جۆرانەیە کە پارە دەدات بۆ ئەوەی لە هەموو ڕیزێک یاری بکات. خاوەنکارە هندییەکان دەبێ ڕاست بن و چەگوتیش بن،گاڵتەجار بن و جێی بڕوایش بن،فێڵباز بن و لە هەمان کاتدا ڕاستگۆیش بن.

کەواتە من چاوەکانم دادەخەم و ناولەپی دەستم بەرامبەر بە یەک دادەنێم و نوێژ بۆ خودا دەکەم بۆ لێخۆشبوون لە گوناهەکانم.

بەڕێز جیاباو، پشووت درێژ بێت لەگەڵما ڕەنگە ئەمە کاتێکی  درێژ بکێشێت.
پێت وایە چەند بە خێرایی دەتوانی مەرایی بۆ ٣٦،٠٠٠،٠٠٤ خودا بکەیت و لێیان بپارێیتەو؟
تەواو.
چاوەکانم دیسانەوە کرانەوە.
١١:٥٢ خولەکی شەوە، بە ڕاستی کاتی دەستپێکردنە.
ئاگادارییەکی یاسایی– وەکو ئەوەی لەسەر پاکەتی جگەرە دەنووسرێت– پێش ئەوەی دەست پێ بکەین.
ڕۆژێکیان وەکو شۆفێرێک ئۆتۆمۆبیلە هۆندا سپییەکەم لێدەخوڕی بۆ خاوەنکارەکانی پێشووم، بەڕێزان ئاشوک و پنکی خێزانی. بەڕێز ئاشۆک دەستی خستە سەر شانم و گوتی " لە لاوە ئۆتۆمۆبیلەکە را بگرە"، بە فەرمانیم کرد. خۆی لێم هێنایە پێشەوە،ئەوەندە نزیک بووەوە هەستم بەو بۆنەی کرد کە پاش ریشتاشین لە خۆی دەدا. بۆنێکی خۆش بوو، بۆنەکەی ئەو ڕۆژەی لە بۆنی میوە دەچوو.
هەر وەکو هەمیشە بە ڕێزەوە گوتی،"باڵرام،چەند پرسیارێکی بچووکم هەیە، باشە؟"
گوتم،"بەڵێ گەورەم".
بەڕێز ئاشۆک لێی پرسیم: باڵڕام ژمارەی هەسارەکانی ئاسمان چەندە؟ بە هەموو توانای خۆمەوە وەڵامم دایەوە.
باڵڕام، جیاوازی نێوان هندۆس و ئیسلام چییە؟. پاشان پرسی ناوی کیشوەرەکەمان چییە؟.

بەڕێز ئاشۆک پاڵی دایەوە و لە پنکی خانی پرسی: گوێت لە وەڵامەکانی بوو؟

پرسیتی: ئایا ئەو گاڵتە  دەکات؟

دڵم کەوتە پەلەپەل هەر وەکو هەموو جارێ کە شتێ دەڵێت.

"نا. ئەمە ئەو وەڵامانەیە کە پێی وایە بە تەواوی راستە".

کە گوێی لەمە بوو پێکەنی، بەڵام ئەو بە ڕاستی بوو، هەر وەکو لە ئاوێنەکەوە دەموچاویم بینی.

" شتێ کە ئەو هەیەتی لەوانەیە دوو ساڵ یان سێ ساڵی خوێندبێت لە قوتابخانە، دەتوانێ بخوێنێتەوە و بنووسێ، بەڵام ئەوەی کە دەیخوێنێتەوە تێی ناگا. نانی نیوەبرژاوە، وڵات پڕە لە کەسی وەکو ئەو. پێشت دەڵێم، ئێمە بڕوامان بە شکۆمەندی دیموکراتییەتی پەرلەمانی هەیە" — ئاماژەی بۆ من کرد __ " هەموو تراژیدییەکانی ئەم وڵاتە لەوەدایە کە پشت بە کەسانی وەکو ئەم دەبەستێ".

هەناسەیەکی هەڵکێشا.

"باشە باڵڕام ئۆتۆمۆبیلەکە ئیش پێ بکەوە"

ئەو شەوە لەسەر چەرپایەکەم و لەناو توولەکەم پاڵ کەوتبووم و بیرم لە قسەکانی دەکردەوە، ئەو ڕاستبوو بەڕێز — پێم خۆش نەبوو بەو شێوەیە باسی منی دەکرد، بەڵام ئەو ڕاستی دەکرد.

" سەرگوزشتەی هندییەکی نیوەبرژاو." دەبێ بەمە بڵێم چیرۆکی ژیانی من. من و هەزارانی تری وەکو من لەم وڵاتەدا، نانی نیوەبرژاوین، چونکە ڕێگەمان پێ نەدراوە تا درێژە بە خوێندن بدەین.

کەللەسەرمان بکەرەوە و بە لایتی قەڵەم سەیری بکە، مۆزەخانەی جۆراوجۆر لە ئایدیا دەدۆزیتەوە.

لەوانەیە کۆمەڵە ڕستەیەک لە مێژوو یان ماتماتیک لە کتێبەکانی قوتابخانەوە لە مێشکماندا مابێتەوە.
(لێم گەڕێ با دڵنیات بکەمەوە لەوەی هیچ کەسێ هێندەی کەسێکی دابڕاو لە قوتابخانە، چوونە قوتابخانەی بیر نایەتەوە). کۆمەڵە ڕستەیەک دەربارەی سیاسەت لە ڕۆژنامەیەکدا دەخوێنیتەوە لە کاتی چاوەڕێکردنی
کەسایەتییەکدا، بۆ گەیاندنی بە نووسینگەیەک، سێگۆشەکان و هەرەمەکان کە مرۆڤ دەیانبینێ لەسەر لاپەرە کۆنەکانی کتێبی ئەندازە، کە چایخانەکان دەیهێنن بۆ پێچانەوەی خواردنە سەرپێیەکان.
بەشێکی زۆر لە بڵاوکراوەی دەنگوباسی ڕادیۆی گشتیی هند، ئەو شتانەی کە دەکەونە ناو مێشکتەوە هەر وەکو کەوتنەخوارەوەی مارمێێلکەیە لە بنمیچی ژوورەکەت.

نیو کاتژمێر پێش نووستنت هەموو ئەو هەواڵ و زانیارییە نیوەناچڵ و نیوەبرژاوانە دەکەونە مێشکتەوە و تێکەڵ بەو بیرۆکە نیوەگەیو و نیوەکوڵاوانەی ناو مێشکت دەبن و ئەم ئایدیا نیوەناچڵانە بە دوای یەکتردا بیرۆکەیەکی نیوەناچڵی تر دروست دەکەن، کە ژیان و هەڵسوکەوتەکانتی لەسەر بنیات دەنێیت.
چیرۆکی گەورەبوونم،چیرۆکی کەسێکی نیوەبرژاوە. بەڵام ئاگاداربە جەنابی سەرۆک ! کەسانی پێگەیشتوو، پاش دوانزە ساڵ لە خوێندن، وە سێ ساڵ لە زانکۆ، قاتێک لەبەر دەکەن و لە هەموو ماوەی ژیانیاندا فەرمان لە کەسانی ترەوە وەردەگرن.
کەسانی خاوەنکار لە قوڕی نیوەسورەوەبوو دروست کراون.

* * *

بۆ ئەوەی چەند حەقیقەتێکی سەرەتاییت دەربارەی خۆم پێ بڵێم ــ بەرزیی باڵا، کێش، لادانە سێکسییەکان و.... هتد__ ئەو پۆستەرە نییە کە پۆلیس لەسەر منی دروست کردووە.
خۆم ئەوە دەڵێم لە بانگەلور سەبارەت بە چیرۆکی سەرکەوتنم کەم زانراوە، ئەمە هەمووی ڕاست نییە.
ددان بە سێ ساڵ لەمەوبەرمدا دەنێم، بە کورتی بووم بە کەسێکی هاونیشتمانیی بایەخدار، وەکو خاوەنکار ڕەفتارم دەکرد.
دانانی وێنە و ئاگاداری سەبارەت بە من لە هەموو نووسینگەیەکی پۆست و وێستگەی شەمەندەفەرەکان و بنکەی پۆلیسەکانی ئەم وڵاتە، لەو کاتەوە وای کرد زۆربەی خەڵک دەموچاویان بینیم و ناویان زانیم. کڵێشەیەکی ئۆرجینالّم نییە لەو ئاگادارییە، بەڵام دامگرتۆتە ناو لاپتۆپە ماکنتۆشە خۆڵەمێشییەکەم، کە لەسەر هێڵی ئینتەرنێت کڕیم لە دووکانێکی سەنگاپووری. بە ڕاستی وەکو گوڵ کار دەکات- خۆ ئەگەر بۆ خولەکێک لەسەرم بوەستیت،ئەوە لاپتۆپەکەم دەکەمەوە و ئەو وێنە سکانکراوەی ئاگادارییەکەت یەکسەر بۆ دەدۆزمەوە.
بەڵام قسەیەک لەبارەی پۆستەرە بنچینەییەکەوە. ئەو کاتەی لە دەلهییەوە بەرەو بانگەلور دەهاتم، لە ڕێگا لە وێستگەی حەیدەر ئاباد، جانتای سەفەرم پێ نەبوو جگە لە جانتایەکی سووری قورس نەبێت. ئەو کڵێشە ئەسڵییەم ڕاستەوخۆ لە نووسینەگەی وێستگەکە دەستکەوت. بۆ یەک ساڵ لەناو چەکمەجەی مێزەکەمدا بوو. ڕۆژێکیان خەریک بوو بەر دەستی کابرای خزمەتکار بکەوێتت لە کاتی پاککردنەوەی ژوورەکەمدا.

من کەسێکی سۆزدار نیم،بەڕێز جیاباو خاوەنکار ناتوانێت وا بێت، بۆیە ئەو شتەم فرێ دا ــ بەڵام پێش ئەوە کەسێکم هێنا و فێری سکانکردنی کردم ــ دەزانی ئێمەی هندی چۆن فێری تەکنۆلۆژیا دەبین، هەر وەک مراوی بۆ ئاو. فێربوونەکەم تەنها کاتژمێرێک یان دوو کاتژمێری برد. من پیاوێکی کارامەم، بەڕێزم. فەرموو ئەوەتا لە بەردەستمایە لەسەر سکرینەکە.

**داوای یارمەتی بۆ گەڕان بە دوای پیاوێکی ونبوودا**

**بۆ ئاگاداری گشتی ئەم پیاوەی کە وێنەکەی لێرەدا هەڵواسراوە. ناوی باڵڕام حەڵواچییە**

**ناسراوە بە مونا کوڕی ڤیکرام حەڵواچی عەرەبانچی، داوا کراوە بۆ لێکۆڵینەوە.تەمەنی لەنێوان ٢٥ بۆ ٣٠ ساڵە.**

**ڕەنگی پێست: ئەسمەری تۆخ. دەموچاو: هێلکەیی. باڵا: مەزەندە دەکرێت بە پێنج پێ و چوار ئینچ. لەشولار باریکەڵەو بچووک.**

ڕاستە، بەڵام ئەو پێناسەیە ئیتر لە جێگای خۆیدا نییە، بەڕێز. ئەو زانیارایانەی کە پەیوەستە بە دەموچاوی ئەسمەری تۆخمەوە تا ئێستا ڕاستە- بەڵام بە نیازم یەکێ لەو کرێمانە بە کار بهێنم کە ڕەنگی پێست سپی دەکەنەوە، کە پیاوی هندی دەتوانێ بەو هۆیەوە وەک پیاوی ڕۆژئاوایی سپی دەرکەوێت- بەڵام دەربارەی بەشەکانی تر لە پێناسەکە، بە داخەوە ئیتر هیچ کەڵکێکیان نەماوە. ژیان لە بانگەلور زۆر باشە- خواردنی باش، بیرە، یانەی شەوانە، بڵێم چی؟! "لاواز" و "بچکۆلە"- هاها! من لەم ڕۆژانە لە شێوەیەکی باشدام! "قەڵەو" و "ورگن" ئەمە پێناسەیەکی تەواوترە بۆ ئەمڕۆی من.

با بەردەوام بین، شەوگار زۆری نەماوە. باشترە بە کورتی باسێکی ئەمەت بۆ بکەم.

**بالرام حەڵواچی  ناسراو بە مونا....**

بڕوانە، یەکەم ڕۆژی قوتابخانەم، مامۆستا هەموو کوڕەکانی ریز کرد و چووە پشتی مێزەکەیەوە بۆ تۆمارکردنی ناومان. کاتێک ناوی خۆم پێ وت "مونا"، سەری سووڕما  و گوتی "ئەوە ناو نییە"، ئەو ڕاستی دەکرد ئەو ناوە تەنها بە مانای کوڕ دەهات.

گوتم مامۆستا تەنها ئەوەم هەیە

ئەوە ڕاستی بوو من هەرگیز ناوم لێ نەنرابوو.

"دایکت ناوی نەناوی؟"

" مامۆستا ئەو زۆر نەخۆشە، لە جێگادا کەوتووە و خوێن هەڵدەهێنێتەوە، کاتی نییە ناوم لێ بنێ"

" ئەی باوکت"

"ئەو عەرەبانچییە مامۆستا کاتی نییە ناوم لێ بنێت"

"ئەی نەنکت نییە،پوور، مام؟"

"ئەوانیش کاتیان نییە."

مامۆستاکە ڕووی وەرگێرا بەولادا و لەگەڵ کۆکەکەیدا بەڵغەمێکی سووری فرێ دایە سەر زەوی پۆلەکە و پاشان دەمی خۆی سڕی.

" باشە، کەواتە کارەکە پەیوەندی بە منەوە هەیە"، دەستێکی بەناو قژیدا هێنا و گوتی "بانگت دەکەین...ڕام. ڕاوەستە- لەم پۆلەدا هیچ کەسێکی ترمان هەیە بەم ناوەوە ؟ هیچ تێکەولێکەیەکم ناوێ. ناوەکەت دەبێت بە

باڵڕام. دەزانیت باڵڕام کێ بوو ؟" " نەخێر مامۆستا." "ئەو هاوڕێیەکی دڵسۆزی خودا کرشنە بوو. دەزانیت من ناوم چییە؟"

"نەخێر مامۆستا."

پێکەنی."کرشنە."

ئەو ڕۆژە گەڕامەوە ماڵەوە و بە باوکمم گوت کە مامۆستاکەم ناوێکی نوێی لێ ناوم. شانی هەڵتەکان و گوتی "ئەگەر وای دەوێت، ئەوە بەو ناوەوە بانگت دەکەین". لەو کاتەوە بوومە باڵڕام، بەڵام ناوی سێهەمیشم بۆ خۆم هەڵبژارد. پاشان دێینە سەری.

ئەمە چ شوێنێکە خەڵک بیریان بچێتت ناوی منداڵەکانیان بنێن؟

با بگەڕێینەوە سەر پۆستەرەکە.

**بڕوا وایە کە ئەوە لە لادێییەکەوە هاتبێت کە ناوی لاکسمانگار ە لە...**

وەکو هەموو چیرۆکە باشەکانی بانگەلور،چیرۆکی من دوور لە بانگەلور دەست پێ دەکات،

دەبینی، ئێستا من لە ڕووناکیم بەڵام لە تاریکیدا لە دایک بووم و گەورە بووم.

بەڵام ئەمە ئەو ڕۆژە نییە من قسەی لەبارەوە دەکەم بەڕێز سەرەکوەزیران! باسی شوێنێک دەکەم لە هندستان، بە لای کەمەوە سێ بەشی وڵاتەکە شوێنێکی بەپیت و پڕە لە کێڵگەی برنج و گەنم.

ئەو مێرگانە خنکاون بە گوڵی لۆتس و لیلی. گامێشە ئاوییەکان بەناو مێرگەکاندا دەڕۆن و گوڵ دەجوون.

ئەوانەی کە لەم شوێنە دەژین پێی دەڵێن تاریکی. تکایە تێبگە سەرۆکی مەزن ئەو هندستانەی کە دوو وڵاتە لە یەکدا. هندستان لە ڕووناکیدا و

هندستان لە تاریکیدا.  ئۆقیانووس ڕووناکی دەهێنێ بۆ وڵاتەکەم. هەموو ئەو شوێنانەی نزیک بە ئۆقیانووسن لەسەر نەخشەی هندستان خۆشگوزەرانن.
بەڵام ڕووبار تاریکی دەهێنێ بۆ هندستان — ڕووباری ڕەش.
من باسی کام ڕووباری ڕەش دەکەم، کامە ڕووباری مردوو، ئەوەی کە کەنارەکانی تاریک و نوتەکن، پڕن لە قوڕ و لیتە،وەکو داو هەموو شتێ دەگرن کە لە سەری دەڕوێنرێ،هەناسەیان لێ دەبڕێ و دەیانخنکێنێ و بچووکیان دەکاتەوە؟
بۆچی باسی  گەنگەی دایک بکەم کچی ڤیداس، ڕووباری ڕووناکی، پارێزەری هەموومان، شکێنەری زنجیری لەدایکبوون و لەدایکبوونەوە،
ئەم ڕووبارە بە هەر شوێنێکدا بڕوا ئەو شوێنە دەبێتە تاریکی.
ڕاستییەک لە پەیوەند بە هندستانەوە ئەوەیە، هەر شتێک دەربارەی وڵاتەکە دەیبیستی لە لایەن سەرەکوەزیرانەوە ئاوەژووی بکەوە ڕێک و ڕەوان ڕاست دەردەچێت.
ئەوە ئێستا گەنگەت بیست، ئەوەی پێی دەوترێت ڕووباری ئازادی، ساڵانە سەدان گەشتیاری ئەمریکی دێن بۆ وێنەگرتنی خوداپەرستە ڕووتەکان ( Sadhus ) لە هاردوور یان بیناراس، بە دڵنیاییەوە سەرەکوەزیرانمان بەو ڕێگایە پێناسەی دەکات و داوات لێ دەکات کە خۆت نوقمی ئاوی گەنگە بکەیت.
نا! بەڕێز جیاباو، تکات لێ دەکەم خۆت نەخەیتە ناو ئاوی گەنگەوە،مەگەر بتەوێ دەمت پڕ ببێت لە پیسایی،کا، قامیش،لاشەی خوساوی مرۆڤە مردووەکان، گایەکان کە گۆشتیان ناخورێ،هەروەها حەوت جۆری جیاواز لە ترشەڵۆکی کیمیاوی.

هەرچی شتێ دەربارەی گەنگە هەبێ  من دەیزانم، بەڕێز- کاتێک کە تەمەنم شەش یان حەوت یان هەشت ساڵان بوو (هیچ کەسێ لە لادێکەم تەمەنی تەواوەتی خۆی نازانێ)،چووم بۆ پیرۆزترین شوێن لە کەناری ڕووباری گەنگە-شاری بیناراس. بیرمە بە درێژایی ڕێگەکە هەنگاو دەنرا بەرەو خوار لە شاری پیرۆزی بیناراس، لە بەشی پشتەوەی شوێنی مردووشۆرەکان تەرمی دایکمیان هەڵگرتبوو بەرەو ڕووباری گەنگە.

کوسومی نەنکم لە پێشەوەی ڕێکردنەکەدا بوو. کوسومی پیرێژنی فیڵباز ! خوویەکی خۆی هەبوو کاتێ کە دڵخۆش دەبوو بە هەموو هێزی دەستی بە مەچەکیدا دەهێنا و هەڵیدەکڕاند هەر وەکو ئەوە وا بوو کە پارچەیەک ڤیکسی بە دەستەوە بێ و  لە ڕەندەی بدات، ئەوە زەردەخەنەی پێ دەبەخشی. ددانەکانی هەموو کەوتبوون، ئەوە وای کردبوو کە زەردەخەنەکەی مەکربازانە دەرکەوێ، ڕێگەی تایبەتی پێکەنینی خۆی هەبوو بۆ کۆنترۆڵکردنی ماڵەکە،کوڕ و بووکەکانی هەموو لێی دەترسان.

باوکم و کیشانی برام لە پشتییەوە وەستا بوون بۆ ئەوەی پێشەوەی تابووتە حەیزەرانەکە بگرن کە لاشەکەی هەڵگرتبوو.

مامەکانم مەنو،جەیرم، جیڤیرام،ئومیش لە پشتەوە وەستا بوون ئەوسەرەکەی تریان هەڵگرتبوو لاشەی دایکم لە سەرەوە تاکو پێی بە قوماشی حەریری زەعفەران پێچرابووەوە و بە پەڕەی  گوڵەباخ و یاسمین داپۆشرابوو. بڕوا ناکەم هەرگیز لە ژیانیدا شتێکی باشی هەبووبێ کە لەبەری بکات. (مردنەکەی زۆر  گەورە بوو، ئەوەی من بزانم  ژیانی هەر هەمووی دڵتەنگی بوو.خێزانەکەم لە هەندێک شتدا تاوانبار بوون.) پوورەکانم- ڕابی،شەلیز، مەڵینی، لووتو، جەیدەڤی و ڕوچی ئاوڕیان دەدایەوە و

چەپڵەیان لێدەدا  بۆ ئەوەی بگەم پێیان، بیرمە جۆلانەم بە دەستم دەکرد و گۆرانیم دەگوت،
" ناوی شڤا[4] ڕاستە!"
پەرستگە دوای پەرستگە و خودا دوای خودا دەرۆیشتین و نوێژمان دەکرد.
دوایی چووینە ناو رێگەیەکەوە لەنیوان پەرستگەیەکی سوور کە دڵسۆز  بوو بۆ هانۆمان[5] و  وەرزشگەیەکی کراوە، سێ فێرکەری یاری لەشجوانی ئاسنی ژەنگاوی قورسیان بەرز دەکردەوە بۆ سەر سەریان.
بۆنی ڕووبارەکەم دەکرد پێش ئەوەی ببینم، بۆنی پێستەی بۆگەن لە لای ڕاستمەوە دەهات. بەرزتر گۆرانیم دەگوت..."تەنها ڕاستی!"
پاشان دەنگی شەقبوونی دار بەرز بووەوە. مێزی دار دروست کرابوون لە کەناری گات هەر لەسەر ئاوەکەوە دارەکان کۆمەڵ کرابوون لەسەر پێپلیکانەکان. پیاوەکان بە تەوراسەکانیان دارەکانیان دەشکاند.
بە دار شوینێکیان دروست کردبوو بۆ سووتاندنی لاشەی مردووەکان کە لە گات دەسووتێندران. شۆڕ دەبوونەوە بۆ ناو ئاوەکە. کە ئێمە گەیشتینە گات چوار تەرمیان سووتاند. چاوەڕێی نۆبەی خۆمان بووین.
ئەو نێوەندە دوورگەیەک بووە لە لمی سپی ئاویزان بە تیشکی خۆر، بەلەمەکان پڕ بوون لە خەڵک بەرەو دوورگە دەبوونەوە.
سەرم سووڕمابوو لەوەی کە ڕۆحی دایکم لەوێ دەفڕێ بۆ ئەو شوێنە بریسکەدارە ورشەدارەی ناو ڕووبارەکە.

---

٤شڤا یەکێکە لە خواکانی  هندۆس
٥هانومان یەکێکە لە خواکانی هند

ئاماژەم بەوە کرد کە لاشەی دایکم بە قوماشی حەریر پێچرابوو.
قوماشەکەیان ڕاکێشا بۆ سەر دەموچاوی، تەنها ئەوەندە دارمان کڕیبوو کە لە تواناماندا بوو، هەمووی کۆمەڵ کرا لەسەر لاشەکەی، دوایی لە لایەن قەشەوە لاشەکەی سووتێنرا. کوسوم دەستی لەسەر دەموچاوم دانا و گوتی لەو کاتەوەی کە هاتبووە ماڵەکەمان کچێکی ئارام و باش بوو. من کەسێکی شەڕانی نەبووم، دەستیم لابرد لەسەر دەموچاوم سەیری دایکمم کرد.
هەر کە ئاگرەکە حەریرەکەی لووش کرد، پێیە هەڵبزڕکاوەکانی دایکم وەکو شتێکی زیندوو دەرکەوتن. پەنجەکانی پێی لەناو گەرمییەکەدا دەتوانەوە و لوولیان  دەخوارد، بەرگرییان پێشان دەدا بەرامبەر بەوەی کە پێیان دەکرا.
کوسوم پاڵی بە پێیەکانەوە نا بۆ ناو ئاگرەکە بەڵام نەدەسووتان.
دڵم دەستی کرد بە پەلەپەل، دایکم لێنەدەگەڕا لە ناوی بەرن.
لەژێر دارە کەڵەکەکراوەکانەوە، کۆمەڵێکی زۆر قوڕی ڕەش هەبوو کە ئاو ڕایماڵیبووە کەنارەوە،  بڵاو ببووەوە لەگەڵ گوڵی یاسمین، گوڵەباخەکان، ساتن، ئێسکی  بەخەڵووزبوو،سەگێکی پێست داماڵڕاو سکەخشکێی بوو، بۆنی پەڕەی گوڵە باخەکان، ساتن و ئێسکە بەخەڵووزبووەکانی دەکرد.
سەیری قوڕە ڕەشەکەم کرد، سەیری پێیە هەڵقرچاوەکەیم کرد. پشتی لەسەر قوڕەکە بوو.ئەو بارستاییە  ئاوساوە گەورەیە کە شلەیەکی لێ دەهاتە دەرەوە، هەوڵی دەدا لەگەڵ قوڕە ڕەشەکەدا بجەنگێ، پەنجەی پێیەکانی گرژ ببوونەوە و بەرگری قوڕە ڕەشەکەیان دەکرد. بەڵام قوڕەکە هەڵیدەلووشی، زۆر ئەستوور بوو،هەرچەند زیاتر ئاوی گەڵات دەیشۆری ئەستوورتر دەبوو.
هەر کە بوو بە بەشێک لە قوڕە ڕەشە کەڵەکەبووەکە سەگە لاواز و هەڵبزڕکاوەکە کەوتە لیستنەوەی.

دوایی تێگەیشتم: ئەوە خودای ڕاستی  بیناراس بوو-ئەو قورە ڕەشەی گەنگە کە هەموو شتێکی تێدا دەمرێ و شی دەبێتەوە سەرلەنوێ دەژێتەوە و دەمرێتەوە هەمان شت بەسەر من دێ کاتێک کە دەمرم دەمهێنن بۆ ئێرە، هیچ شتێ  لێرە ڕزگاری نابێ.

لە هەناسەدان کەوتم.

ئەوە یەکەمجارم بوو لە ژیانمدا لە هۆش خۆم بچم.

لەو کاتەوە نەهاتمەوە گەنگە ببینم : من ڕووبارەکە جێ دەهێڵم بۆ گەشتیارە ئەمریکییەکان!

**...لە  لادێیی لاکسمانگرەوە دێ بەرەو ناوچەی گایە.**

چیرۆکی نەتەوەیی ئێوە لە ڕێی ناوچەکەی منەوە شێوەی پێ دراوە، بەڕێز جیباباو. بە دڵنیاییەوە بودا  گایەتان بیستووە-ئەو شارەی کە بودای خودا لەوێ لەژێر دارێکدا ڕووناکی دۆزییەوە و دەستی بە بودیزم کرد.

دوای ئەوە بە هەموو دنیادا بڵاو بووەوە بە  وڵاتی چینیشەوە. لە کوێی ناوچەکەی من! یەکڕاست  لێرە لە ناوچەکەمەوە چەند میلێکە لە لاکسمانگارەوە .!

بڵێی بودا بە لاکسمانگاردا تێپەڕیبێ؟ هەندێک کەس دەڵێن بەڵێ. هەستی خۆم ئەوەیە کە  بەوپەڕی خێراییەوە بەوێدا ڕای کردبێ بێ ئاوڕدانەوە بۆ دواوە  !

تەنها لقێک هەیە لە گەنگەوە بەرەو دەرەوەی لاکسمانگار  دەڕوات، هەموو دووشەمەیەک

 بەلەمەکان لە جیهانی دەرەوە بەرەو خوار  شۆڕ دەبنەوە شتی پێویست دەهێنن. تەنها شەقامێک هەیە لەو  لادێییە سەرچاوەیەکی پرشنگداری ئاوی

سازگار دەیکاتە دوو بەشەوە. لە هەردوو لای قورەکەوە سێ دانە زیاتر یان کەمتر دووکانی لەیەکچوو هەیە خواردنەوەی کهولی، برنج، ڕۆنی چێشتلێنان، نەوت، پسکیت، جگەرە، شەکری کلۆ دەفرۆشن.

منارەیەکی درێژی شێوە قوچەکی یاخود ڕەحەتی بە گەچ سواخدراو هەیە لەسەر هەر یەکە لە لایەکانی وێنەی ماری ڕەشی بەیەکدائاڵاو کێشراوە.

لەناو پەرستگەکە وێنەیەکی ڕەنگ زەعفەرانی دەبینی کە داهێنەرانە ڕەنگ کراوە. نیوەی پیاوە نیوەی مەیموونە: ئەوە هانومانە بەڕێز، ئەو خزمەتکارێکی بەوەفای خودا (ڕەمەدا) بوو. هەروەها ئێمە لە پەرستگەکەی خۆمان دەیپەرستین چونکە ئەوە نموونەیەکی پرشنگدارە لە چۆنیەتی خزمەتکردنی بەوپەڕی دڵسۆزی و دڵنیاییەوە. ئەمانە جۆرێکن لەو خودایانەی کە لای ئیمە بەنرخن بەڕێز جییاباو.

ئیستا تێگەیشتی کە چەند سەختە بۆ پیاو سەربەخۆیی بە دەست بێنی لە هند.

زۆرم گوت لەسەر ئەم شوێنە،با ئێستا باسی خەڵکەکەیت بۆ بکەم،

بە شانازییەوە ئەوەتان پێ ڕادەگەیەنم خاوەنشکۆ کە،

بە لای ئێوەوە لاکسمانگار نموونەیەکە لە بەهەشتی لادێیی هند.

کارەبا و ئاوی خواردنەوە و تەلەفۆن دابینە، منداڵانی لادێکەم ڕا هێنراون لەسەر خواردنی تەندروست، گۆشت و هێلکە و سەوزە و نیسک. لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی پەتی پێوانەی باڵا و تەرازووی خۆکێشانەوە دەرکەوتووە کە هاوسەنگی هەیە لەنێوان کێش و بەرزی باڵا کە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی ترەوە دەرچووە و لە لایەن سەرۆکوەزیرانمانەوە واژۆی لە سەر کراوە کە بەردەوام بە شانازییەوە ئامادەیی هەبووە لە کۆبوونەوەکان.

ها!

ستوونی کارەبا؛ لە کار کەوتووە.

بۆڕیی ئاو؛ شکاوە.

منداڵان؛ شلوشاو و کورتەباڵا لەچاو تەمەنی خۆیاندا، سەریان زل و چاویان زیندوو و زیتەی دێ وەکو ویژدانی تاوانباری حوکوومەتی هندستان.

بەڵێ بەرێز جیاباو، ئەمەیە گوندە بەهەشتییەنمونەییەکانی هیندستان.

دەبێ ڕۆژێک بێم بۆ چین بزانم ئاخۆ بەهەشتی لادێیی ئێوە باشترە یان نا.

لە نێوەندی ڕێگە سەرەکییەکەدا، خێزانێکی بەراز بۆنی زیرابەکەیان دەکرد، بەشی سەرەوەی لەشی هەموو ئاژەڵێک وشکەو بە موویەکی درێژو ئاڵۆزکاو داپۆشراوە.

نیوەی بەشی خوارەوەی لەشیان ڕەشێکی خەڵوزییە لەناو ئاوی زێرابەکەدا بریسکەی دێ.

کەڵەشێرێکی پەرسوور و قاوەیی بریقەدار بەسەر سەری ماڵەکانەوە دەفڕی لە سەرەوە بۆ خوارەوە، دوای ئەوەی بە لای بەراز و کەڵەشێرەکەدا ڕەت دەبی دەگەیتە ماڵی ئێمە ئەگەر هەر لەوێ مابێت.

لە چوونە ژوورەوەت بۆ ماڵەکەمان، گرنگترین کەسی خێزانەکەمت چاو پێ دەکەوێ،

ئەویش گامێشەکەمانە.

قەڵەوترینی خێزانەکەمە،ئەوە شتێکی سەپێنراوە بەسەر هەموو ماڵێک لە لادێکەدا، بە درێژایی ڕۆژ ژنەکان گیای تازەیان دەرخوارد دەدەن، ئەوە گرنگترین شتە لە ژیانیاندا کە پێی هەڵدەستن، هەموو هیوایەکیان گرێ داوە بە قەڵەوی گایەکانەوە، بەرێز. ئەگەر بە تەواوی شیر بدەن ئەو کاتە ژنەکان

دەتوانن هەندێککی لێ بفرۆشن لە کۆتایی ڕۆژەکە کەمێ پارەی زیاتریان چنگ دەکەوێ.

داهێنراوێکی قەڵەو و پێست بریسکەدارە. دەمارێک لە لمۆزە تووکنەکەیەوە دەرچۆتە دەرەوە، هێندەی ئەندامی نێرینەی منداڵێک. لیکێکی مرواری ئاسا بە لای دەمیدا دێتە خوارەوە. هەموو ڕۆژێ لەسەر پاشەڕۆ زۆرەکەی خۆی پاڵ دەکەوێ، ئەو دیکتاتۆری ماڵەکەمانە.

کاتێک کە دەچی بۆ ماڵەکەمان ئەگەر کەسێکیان لە ژیاندا مابێ دوای ئەو کارەی کە ئەنجامم دا، دەبینی ژنەکان لەناو حەوشەکەدا کار دەکەن، پوورەکانم و ئامۆزاکانم و کوسومی نەنکم یەکێکیان خواردن بۆ گامێشەکە ئامادە دەکات، یەکێ برنج پاک دەکات و یەکێ دائەچەمێتەوە بەسەر ئەوی تردا و ڕشک وئەسپێ سەری ئەکوژێ، لەنێوانی هەردوو پەنجەی زۆر بەهێز دەیگوشێ تاکو ئەیکوژێ. جارناجارێک لە کارکردن دەوەستن چونکە کاتی شەڕ دێ بە واتای تێگرتنی مەنجەڵی کانزا بۆ یەکتر، یان ڕاکێشانی قژی یەکتر، پاشان ئاشتبوونەوە و دەستماچکردن، دواییش ڕوومەتماچکردن بە توندی. شەویش بەیەکەوە دەخەون، پێیەکانیان دەکەوێتە سەر یەک وەکو کرم لە یەکتر دەئاڵێن. پیاو و کوڕەکان لە سووچێکی تری ماڵەکەدا دەخەون. بەیانی زوو کەڵەشیرەکانی ناو لادێکە شێت دەبن، دەستێ دەمی دەجووڵاندم بۆ ئەوەی بە ئاگام بێنێت... ڕانی کیشانی برامم دەجووڵاند بۆ ئەوەی لاییەم لەسەر ورگم. دەستی پاپوسی ئامۆزام لا دەبرد کە لەناو قژم بوو خۆمم ڕزگار دەکرد لەژێر دەستی خەوتووەکان.

"مونا، وەرە"

باوکم لە دەرگای دەرەوە بانگی دەکردم. لە پشتییەوە ڕام دەکرد دەردەچووینە دەرەوە و گامێشەکەشمان لە کۆت و زنجیرەکەی ئازاد دەکرد، دەمانبرد بۆ گەرماوی بەیانیان  بۆ مێرگی ژێر قەڵا ڕەشەکە.
قەڵا ڕەشەکە کەوتووەتە سەر لووتکەی بەرزاییەک، دەڕوانێتە سەر لادێکە. ئەو کەسانەی کە وڵاتانی تریان بینیوە پێیان گوتووم کە ئەو قەڵایە لە هەموو ئەو شتانەی ئەورووپا جوانترە کە بینیویانە.
 تورک و ئەفگان و ئینگلیز یان هەرچی بیانییەکی تر کە حوکمی هندیان کردووە  دەبێ چەند سەدەیەک پێشتر قەڵاکەیان دروست کردبێت (چونکە ئەو وڵاتە، هند، هەرگیز سەربەخۆ نەبووە، سەرەتا موسڵمانەکان، دواییش بەریتانییەکان حوکمیان کردووە. لە ١٩٤٧ بەریتانییەکان ڕۆیشتن، ئەو کاتە تەنها گێلەکان پێیان وا بوو کە ڕزگار بووینە.ئێستا دوای ئەوەی کە بیانییەکان قەڵاکەیان جێ هێشت خێڵێک لە مەیموونەکان داگیریان کردووە.کەسی تر ناچێتە ئەوێ، مەگەر بۆ شوانیی بزن، کۆمەڵێکی گەورە دەبەن بۆ ئەوێ بۆ لەوەڕاندن.
لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا مێرگەکانی دەوروپشتی قەڵا  ڕووناک دەبنەوە. قوڕی سەر دیوارەکانی قەڵا لە سەرەوە  گلۆر دەبنە خوارەوە بۆ ناو مێرگەکان، نیوە نوقم دەبن وەکو ئەو ئەسپە ئاوییە نووستووانەی کە دوای چەندان ساڵ لە باخچەی ئاژەڵانی نیشتمانیی نییو دەلهی بینیم.  گوڵە لۆتس و لیلییەکان سەر ئاوی مێرگەکان کەوتوون وەکو زیو دەبریسکێنەوە. گامێشەکان گوڵەلیلییەکان دەجوون  کە دەمیان دەخەنە ناو ئاوەکەوە بە دەوری دەمیاندا وێنەیەک لە ئاو دروست دەبێ کە لە پیتێکی گەورەی ڤی

دەچێت،خۆر هەڵهات بەسەر گامێشەکە و باوکم و مندا وە بەسەر هەموو دنیادا.
بڕوا دەکەی کە هەندێک جار بیری ئەو شوێنە دەکەم!؟
با ئێستا بگەڕێینەوە سەر پۆستەرەکە.
گومانلێکراوەکە بە قەمیسێکی شینی دامەدامەی پۆلیستەر و پانتۆڵێکی پرتەقاڵیی پۆلیستەر و نەعلێکی جگەرییەوە بینرابوو.
ئاخ مەگەر تەنها پۆلیس بتوانێت ئەم وردەکاترییانە دروست بکات بێگومان من نکۆڵی لێ دەکەم.
قەمیسی شینی دامەدامەی پۆلیستەر و پانتۆڵی پرتەقاڵیی پۆلیستەر؟ ئاخ دەمەوێ نکۆڵی لەوەش بکەم. بەڵام بۆ بەدبەختی، ئەوە ڕاستە. ئەوە جۆری جلەکانی سەرۆکەکەمە کە خزمەتکارەکان پێی سەرسامن.لەو ڕۆژەوەی کە ئەو بڵاوکراوەیەیان نووسی من خزمەتکار بووم، ئەو ئێوارەیە ئازاد بووم کە جلێکی جیاوازم پۆشی.
دەستەواژەیەک هەیە لەم پۆستەرەدا بێزارم دەکات، با بۆ ساتێ بگەڕێمەوە سەری و چاکی بکەم.
**...کوڕی ڤکرام حەڵواچی، عەرەبانچی...**
بەڕێز ڤکرام حەڵواچی، عەرەبانچی سوپاست دەکەم! باوکم پیاوێکی هەژار بوو. بەڵام پیاوێکی بەشەرەف و چاونەترس بوو. ئەگەر پەروەردەی ئەو نەبووایە ئێستا من لەژێر ئەم کریستاڵە دا نەدەبووم.
ئێواران لە قوتابخانەوە دەچووم بۆ چایخانەکە بۆ بینینی. ئەو چایخانەیە سەنتەری لادێکەمان بوو. هەموو نیوەڕۆیەک ئەو پاسەی کە لە گایەوە دەهات لەوێ دەوەستا (هەرگیز لە کاتژمێرێ یان دوو کاتژمێر زیاتر دوا

نەدەکەوت). پیاوەکانی پۆلیس جێبەکانیان لەوێ ڕا دەگرت کاتێک بۆ گرتنی کەسێک دەهاتنە لادێکە.

تۆزێ پێش خۆرئاوابوون پیاوێک سێ جار بە دەوری چایخانەکەدا دەسووڕایەوە بە دەنگێکی بەرز زەنگەکەی لێ دەدا. موقەبایەکی ڕەقی دەبەست بە پشتییەوە پۆستەری فیلمی ڕووتی لەسەر بوو.

بەڕێز،چ نەریتێکی لادێی هیندی بەبێ نمایشکردنی فیلمی شین کامڵ دەبێت؟ لەوبەری ڕووبارەکەوە هەموو شەوێ خانەی سینەما هەیە بۆ نیشاندانی ئەم جۆرە فیلمانە ؛ دوو کاتژمێر و نیو لە گاڵتەجاڕی لەگەڵ ئەم ناونیشانانە،**بەڕاستی پیاو بوو، پەڕاوی یاداشتەکەیمان کردەوە، مامە کردی**،کۆمەڵە فیلمێک نیشان دەدرێت لە ژنانی قژزەرد لە ئەمریکا یان ژنە بێکەسەکانی هۆنگ کۆنگ. وای بۆ دەچم بەڕێز جیاباو،هەرگیز هاوڕێیەتی کەسێکم نەکردبێت بۆ چوون بۆ بینینی ئەو جۆرە فیلمانە!

عەرەبانچییەکان عەرەبانەکانیان بە ڕیزە لە دەرەوەی چایخانەکە ڕا دەگرت و چاوەڕێی سەرنشینی پاسەکانیان دەکرد کە دابەزن.

نەدەبوو لەسەر ئەو کورسییە پلاستیکانە دانیشن کە بۆ کڕیارەکان دانرابوون؛ دەبوو لە پشتەوە بە چینچکانەوە دابنیشن و خۆیان بچەمێننەوە و پۆستەرەکانیشیان بە پشتیانەوە، ئەوە شتێکی باوی خزمەتکارەکان بوو لە هەموو هند.

بیرم دێت باوکم هەرگیز نەدەچەمایەوە. بە پێوەوەستانی گەلێ پێ باشتر بوو، گرنگ نەبوو بۆ ماوەی چەند و چەندیش سەخت بووبێت بۆی. هەمیشە کە دەمدۆزییەوە بە تەنها و بێ تیشێرت بوو، چای دەخواردەوە و بیری دەکردەوە.

پاشان دەنگی هۆرنی ئۆتۆمۆبیلێک دەهات.
بەراز و سەگە بێلانەکانی دەوروبەری چایخانەکە بڵاوەیان لێ دەکرد. بایەکە بۆنی تۆز و لم و پاشەڕۆی بەرازەکانی بڵاو دەکردەوە و دەیبرد بۆ ناو چایخانەکە، ئۆتۆمۆبیلێکی ئەمبەسەدەری سپی لە دەرەوە وەستا، باوکم کووپە چایەکەی دانا و چووە دەرەوی چایخانەکە.

کەسێکی تر لەناو ئۆتۆمۆبیلە ئەمبەسەدەرەکەدا بوو کەسێکی بەخۆ و سەرقوپاوی ڕووتاوە و قاوەیی بوو. هەستێکی ئارامی هەبوو، تفەنگێکی لەسەر کۆش بوو.

ئەوە گامێش بوو.

گامێش یەکێک بوو لە ساماندارەکانی لاکسمانگار. سێ کەسی تریش هەبوون هەر یەکە لەوانە ناوەکەی پەیوەند بوو بەو تایبەتمەندێتییەوە کە تیایدا دەردەکەوت.

لەقلەق پیاوێکی بەخۆ و سمێڵێکی پڕی لوولخواردووی نووکتیژی هەبوو. خاوەنی ئەو ڕووبارە بوو کە بە دەرەوەی گوندەکەدا تێدەپەڕی. هەر ماسییەک لە لایەن ماسیگرەکانەوە ڕاو بکرایا لەناو ئەو ڕووبارە، ئەو پارچەیەکی لێ دەبرد.

باجی پەڕینەوەی لە هەموو ئەو کەشتیوانانە وەردەگرت کە لەو ڕووبارە دەپەڕینەوە و دەهاتن بۆ لادێکەمان.

براکەی بە بەرازی کێوی بانگ دەکرا، ئەو کەسە خاوەنی هەموو زەوییە کشتوکاڵییە باشەکانی لاکسمانگار بوو، ئەگەر بتویستایە لەو زەوییانەدا کار بکەیت، دەبوو داچەمیتەوە بۆ لای پێی و دەست لەو خۆڵ و تۆزەی ژێر نەعلەکانی بدەی و ڕازی بیت بەو کرێیەی دەتداتێ یان لووشی دەکات.

که به لای ژناندا تێدەپەڕی ئۆتۆمۆبیلەکەی ڕا دەگرت و جامەکەی دادەگرتە خوارەوە بۆ ئەوەی پێکەنینەکەی ببینرێ. دوو لە ددانەکانی درێژ و چەمابوونەوە لە هەردوو لای لووتی  لە دوو ددانی بچووکی فیل دەچوون.
ڕاڤین "قەلەڕەش" خاوەنی خراپترین زەوی بوو، وشک و بەردەڵان لە بەرزایی دەوری قەڵاکەدا بوو.
باجی لەو کەسانە وەردەگرت کە بزنەکانیان لەوێ دەلەوەڕاند، ئەگەر پارەیان نەبووایە دەنووکی دەخستە ناو قنگیانەوە، بۆیە ناویان نابوو قەلەڕەش.
گامێش لە هەموویان دڕندەتر بوو، عەرەبانچی و ڕێبوارەکانیشی ڕووت دەکردەوە، خۆ ئەگەر عەرەبانەیەکت هەبووایە و کارت بکردایە یان ئەو ڕێگایەت بە کار بهێنایە دەبووایە سێ بەشی ئەوەی پەیدای دەکەیت بەبێ کەموزیاد بیکەیتە قورگی ئەوەوە.
ئەو چوار ئاژەڵە هەر هەموویان لە کۆشکی بەرزدا دەژیان لە دەرەوەی لاکسمانگار،گەرەکی ساماندارەکان. پەرستگەی تایبەت بە خۆیان هەبوو لەناو کۆشکەکانیان، مێرگ و بیری ئاوی خۆیان هەبوو پێویستی نەدەکرد لە لادێکە بچنە دەرەوە مەگەر بۆ خۆلەوەڕاندن.
جارێکیان منداڵی چوار ئاژەڵەکە بە ئۆتۆمۆبیلی خۆیان بە تەنها چوون بۆ دەورووبەری شار. کوسوم ئەو ڕۆژانەی بیر دێت. بەڵام دوای ئەوەی کوڕەکەی گامێش ڕفێندرا لە لایەن ناکسالیێکانەوە لەوانەیە ناویانت بیستبێت بەڕێز جیاباو چونکە ئەوانیش کۆمۆنیست بوون وەکو تۆ.
بەپێی باوەڕی خۆیان دەگەڕان بە دوای دەوڵەمەندەکاندا و دەیان کوشتن.
چوار ئاژەڵەکە کوڕ و کچەکانیان دوور خستەوە بۆ دنبادو دەلی.

منداڵەکانیان ڕۆیشتن، بەڵام ئاژەڵەکان مانەوە لەسەر لادێکە و هەرچی بەروبوومێ لەوێ بڕوایا لەسەری دەلەوەڕان تا ئەو کاتەی ئیتر لادێکە هیچی تێدا نەمایەوە بۆ کەسانی تر کە بیخۆن. ئەوانەی لە لادێکە مابوونەوە لاکسمانگاریان جێ هێشت و وێڵ بوون بە دوای بژێوی ژیاندا.

هەموو ساڵێ گرووپێکی گەورە لە پیاوانی لادێکە لە دەرەوەی چایخانەکە چاوەڕێیان دەکرد. هەر کە پاسەکان دەهاتن دەچوونە ناوی و خۆیان بە شیشەکاندا هەڵدەواسی.بە بنمیچەکەدا هەڵدەگژان بۆ سەر پاسەکان و دەچوون بۆ شاری گایە لەوێوە دەچوون بۆ وێستگە،پەلەیان بوو بچنە ناو شەمەندەفەرەکانەوە. تاکو شوێن بگرن.خۆیان هەڵدەگژان بە شیشەکانا، سەردەکەوتن بۆ سەر شەمەندەفەرەکان و دەچوون بۆ دەلهی، کەلکوتا و دنباد بۆ دۆزینەوەی کار.

مانگێ پێش بارانبارین پیاوەکان دەگەڕانەوە لە دنباد و دەلی و کەلکوتا لاوازتر و ڕەشتر و توڕەتر، بەڵام پارە لە گیرفانیاندا بوو. ژنەکان چاوەڕوانیان بوون لە پشت دەرگاکانەوە خۆیان مەڵاس دەدا، هەر کە پیاوەکان خۆیان دەکرد بە ژووردا پڕیان پیا دەکردن وەکو پڕپیاکردنی پشیلەی کێوی بە پارچە گۆشتدا، دەبوو بە شەڕ و هاوار و ناڵەناڵ.

مامەکانم بەرگرییان دەکرد و بڕێک پارەیان بۆ دەمایەوە، بەڵام هەموو جارێ باوکم ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا و لە سووچێکی ژوورەکەدا دۆش دادەما و دەیگوت توانیم خۆم لە شار ڕزگار بکەم بەڵام نەمتوانی خۆم لەژێر چنگی ژناندا دەربێنم لە ماڵەکەم.

دوای ئەوەی کە نانیان بە گامێشەکە دەدا، نانیان دەدا بە باوکم. دەهاتم بۆ لای و لەگەڵیدا یاریم دەکرد. سەردەکەوتمە سەر پشتی، دەستم دەهێنا بە

ناوچەوانی و چاوەکانی و لووتی و خوارتر بۆ چاڵەکەی ملی، حەزم دەکرد پەنجەم لەوێ بمێنێتەوە، بۆ من خۆشترین شوێنە لە گیانی مرۆڤ.
گیانی پیاوە دەوڵەمەندەکان لە سەرینی پەمووی باش دەچێ، سپی و نەرمە، بەڵام گیانی ئێمە جیاوازە. بڕبڕەی پشتی باوکم گوریسێکی گرێدراو بوو لەو جۆرە گوریسانەی کە ژنانی لادێکەم بۆ ڕاکێشانی ئاو لە بیر بە کاری دەهێنن. ڕەقێنەکانی دەوری ملی ئەوەندە بەرز بوون، ملی خستبووە چاڵی و دەتگوت کۆتی ملی سەگە بە گەردنییەوە،کۆمەڵێ نیشانەی برین و ڕووشان، هەر لە جێگای قامچی دەچوون لە سنگییەوە تا خوار کەمەری. نمایشی چیرۆکی پیاوێکی هەژاری دەکرد کە بە قەڵەمێکی تیژ لەسەر گیانی نووسرابێت.
مامەکانیشم کاری تاقەتپڕوکێنیان دەکرد، بەڵام هەر ئەوەیان دەکرد کە خەڵکانی تر دەیانکرد. هەرکە باران دەستی پێ دەکرد، دەستیان دەدایە داسە ڕەشەکانیان و ڕوویان دەکردە کێڵگەکان و لە خاوەن کێڵگەکان دەپاڕانەوە بۆ ئەوەی کاریان بدەنێ.تۆویان دەکرد، گیایان دەبڕی، گەنمەشام و چەڵتووکیان دەدوورییەوە.
باوکم بۆی هەبوو لەگەڵیاندا کار بکات، بۆی هەبوو قوڕکاری بکات بۆ دەوڵەمەندەکان، بەڵام باوکم ئەو کارەی هەڵنەبژارد.
ئەو بەرەنگاری هەڵبژارد.
ئێستا ئەگەر گومان بکەم لە بوونی عەرەبانە لە چین- یان لە هەر وڵاتێکی شارستانی تری سەر ئەم زەوییە، ئەوا بۆ خۆت تێڕوانینێکت لا دروست دەبێت. عەرەبانچییەکان بۆیان نییە دەرکەون یان کار بکەن لە گەڕەک و شوێنە دەوڵەمەندەکانی نیو دەلهیدا، چونکە ڕەنگە لە لایەن بێگانەکانەوە

ببینرێن و ببێته جێی سەرسوورمانیان. تکایە پێداگری بکە لە سەر چوونت بۆ دەلهی کۆن یان نیزامەدین، لەوێ دەبینی ڕێگاکان پڕن لەوانە، پیاوانی لاوازی وەک قامیش دەبینی کە چۆن چەماونەتەوە بەسەر پاسکیلەکانیانەوە و بە هەموو هێزی خۆیان پەیدەر لێ دەدەن بۆ ڕاکێشانی عەرەبانەیەک کە ئەندازەی هەرەمێک گۆشتی لە خۆی بار کردووە، پیاوێکی قەڵەو، ژنێکی قەڵەو و کۆمەڵێک کیسەی پڕ لە خۆراک، ئەمانە لە دەوڵەمەندە مامناوەندییەکانی شارن.

کاتێکک ئەو پیاوە قامیشییانەت بینی بیر لە باوکم بکەرەوە.

دەکرێت عەرەبانچی ئاژەڵێکی مرۆیین بێت بۆ بارهەڵگرتن- بەڵام باوکم پیاوێکی خاوەن پلان بوو.

پلانەکەشی من بووم.

ڕۆژێکیان لەماڵەوە باری دەرروونی تەواو نەبوو، هاواری دەکرد بەسەر ژنەکاندا، ئەوە ئەو ڕۆژە بوو کە ئاگاداریان کردەوە کە نابێ بچم بۆ قوتابخانە. ئەو ڕۆژە کارێکی نەکردەی کرد، کارێک کە هەرگیز پێشتر جورئەتی نەکردبوو بیکات، هاواری دەکرد بەسەر کوسومدا: "چەند جارم وت دەبێ مونا بخوێنێ و بنووسێت!"

کوسوم ڕاچڵەکی. بەڵام هەر زوو بە هاوار وەڵامی دایەوە:

" ئەم کوڕە هەڵهاتووە لە قوتابخانە- لۆمەی من مەکە! ئەو ترسنۆکە، زیاد لە پێویستیش دەخوات.

کارێکی بۆ پەیدا بکە لەو چایخانەیە، با هەندێک پارە پەیدا بکات.

پوور و کچە ئامۆزاکانم لە دەوری کوسوم کۆ بووبوونەوە، چیرۆکی ترسنۆکی منی دەگێڕایەوە بۆیان، بە سکەخشکێ چوومە پشتی باوکمەوە.

ئێستا ڕەنگە بڕوا نەکەیت کە کوڕێکی لادێیی لە مارمێلکە بترسێت. من هەرگیز نەترساوم لە جرج و مار و مەیموون و مەنگووس و هەرگیزیش نەبوونەتە مایەی بێزاریم، بە پێچەوانەشەوە ئاژەڵم خۆش دەوێت. بەڵام مارمێلکە هەر جارێک کە دەیبینم هەرچەندە بچووکیش بێت، هەست دەکەم دەبمە کچ و خوێنم دەمەیێت.

دۆڵابێکی گەورە لەناو پۆلەکەم هەبوو، دەرگاکەشی هەمیشە تۆزێک کرابووەوە و کەس نەیدەزانی بۆچی لەوێیە. بەیانیانێک لە درزی دەرگای دۆڵابەکەوە کە تۆزێک کرابووەوە، مارمێلکەیەک هاتە دەرەوە. ڕەنگێکی سەوزی کاڵی هەبوو لە شێوەی گۆڤای نیوەگەییو. زمانی دەردەکرد و دەیبردە ژوورەوە، بە لای کەمەوە دوو فیت درێژییەکەی بوو.

منداڵەکان تێبینی هیچیان نەکردبوو، تا ئەو کاتەی یەکێکیان لەپڕ دەموچاوی بینیم، بۆیە هەر هەموو بازنەیان بەست بە دەورمدا.

دووانیان هەردوو دەستمیان بردە پشتەوە و سەریان گرتم، یەکێکی تریان شتێکی لەناو دەست بوو، هێواش هێواش بەرەو لای من دەهات.

مارمێلکەیەکی بێدەنگ بوو بەڵام زمانە سوورەکەی دەردەهێنا و دەیبردە ژوورەوە بۆ ناو دەمی، تا دەهات لە دەموچاوم نزیکتر و نزیکتر دەبووەوە.

دەنگی پێکەنین زیادی کرد، منیش نەمدەتوانی نقە بکەم.

مامۆستاکە لەسەر کورسییەکەی تەنیشتم پرخەی دەهات

ڕێک دەموچاوم تەقی بە دەموچاوی مارمێلکەکەدا. بۆ دووەم جار لە ژیانمدا بوورامەوە.

لەو ڕۆژەوە نەچوومەوە بە لای قوتابخانەدا.

باوکم که ئەو چیرۆکەی بیست پێنەکەنی، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا؛ هەستم کرد دڵی گەورەتر بوو، بەرامبەرم.

"هێشتت کیشان واز لە قوتابخانە بێنێت، بەڵام پێم گوتی کە ئەم کوڕە دەبێت بەردەوامی بە خوێندن بدات. دایکی پێی گوتم ئەم یەکێک دەبێت لەوانەی کە قوتابخانە تەواو دەکات"

کوسوم هاواری کرد " ئۆۆۆ با بچێتت بۆ دۆزەخ لەگەڵ دایکیدا!"

ئەو(دایکی) شێت بوو، سوپاس بۆ خودا، مرد. ئێستا گوێ بگرە، وەکو گوتم با کوڕەکە بچێتتە چایخانەکە وەکو کیشان.

بۆ ڕۆژی دوایی باوکم بۆ یەکەمجار و دواجار لەگەڵم هات بۆ قوتابخانەکەم. تاریکوڕوونی بەیانی بوو، شوێنەکە چۆڵ بوو، پاڵمان بە دەرگاکەوە نا تا بکرێتەوە. ڕەنگێکی شینی تاریک ژوورەکەی پڕ کردبوو. مامۆستای قوتابخانەکەمان پیاوێک بوو پانی دەجووی و زۆر تفی دەکرد.

بەڵغەمەکەی دیوارێکی کاغەزی نزمی لەسەر هەرسێ لای دیوارەکەی دەورووپشتمان دروست کردبوو. وا ڕا هاتبوو کە نیوەڕوان بخەوێ، کە خەوی لێ دەکەوت پانەکەمان لە گیرفانی دەدزی و لەنێوان خۆماندا دابەشمان دەکرد و دەمانجوویی و لاساییمان دەکردەوە،بە هەردوو دەستی لەسەر کەمەر و کەمێ کەوانەیی بۆ پشتەوە، هەڵدەستاین بە ساوینی بەڵغەم بەسەر هەرسێ دیوارە پیسەکەدا یەک لە دوای یەک.

وێنەیەکی تەڵخی بودا کە بە ئاسک و سمۆرە دەورە درابوو، بە لادیواری چوارەمی ژوورەکەدا هەڵواسرابوو.

ئەوە تاکە لادیوار بوو بەڵغەمی لەسەر نەبوو.

مارمێلکەیەکی گەورە لە ڕەنگی گۆڤای نیوەگەیوو لە بەردەم دیوارەکەدا بوو، وا دانرابوو کە یەکێکە لەو گیاندارانەی کە لەسەر پێی بودایە.
سەری سووڕاند بە لاماندا، چاوەکانیم بینی دەبریسکانەوە.
ئایا ئەمە دێوە؟
مارمێلکەکە سەری خۆی دەسووڕاند بۆ شوێنێک دەگەڕا کە خۆی دەرباز بکات، خۆی دا بە دیوارێکدا.
جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ مندا، ترسناک بوو.
بابە مەیکوژە تکایە، هەرچۆنێک بێت لە پەنجەرەکەوە فڕێیدە دەرەوە.
مامۆستاکە لە سووچێکی ژوورەکەدا پاڵ کەوتبوو. بۆنی خواردنەوەیەکی زۆری لێ دەهات، بە دەنگی بەرز دەیپرخاند، لە نزیکییەوە قاپێکی شەرابی خۆماڵی لێ بوو کە شەوی پێشتر بەتاڵی کردبوو، باوکم هەڵی گرت.
مارمێلکەکە ڕای کرد ئەویش ڕای کرد بە دوایدا و بوتڵەکەی ڕادەوەشاند.
"تکایە... مەیکوژە بابە! "
بەڵام ئەو گوێی لێ نەگرتم. شەقی لە دۆڵابەکە دا، لەناکاو مارمێلکەکە دەرپەڕییە دەرەوە، دیسانەوە دوای کەوت، هەرچی شت هەبوو شکانی و هاواری دەکرد (هەی ! هەی) هەر بە بوتڵی شەرابەکە لێی دەدا تا بوتڵەکە شکا و بە ملی بوتڵەکە سەری پان کردەوە.
هەواکە بەرەو خراپی چوو، بۆنێکی پیس لە مارمێلکە پانەوەبووەکە دەهات، هەڵیگرت و فڕێی دایە ئەودیو دەرگاکەوە.
باوکم هەناسەبڕکێی بوو، بەرامبەر وێنە زەیتییەکەی بودا دانیشت کە دەورە درابوو بە گیانداری میهرەبان.

که له هەناسەبڕکێ کەوت، پێی گوتم " له هەموو ژیانمدا وەکو کەر مامەڵەم لەگەڵ کراوە، هەموو ویستی من ئەوەیە کە کوڕێکم، هیچ نەبێت یەکێکیان وەکو بەشەر بژێت".

مەبەستت لە ژیانی وەکو بەشەر چییە؟ئەمە شتێکی ناڕوون بوو بۆ من، لەو بڕوایەدام که مەبەستی بەشەری وەکو ڤیجەی شۆفێری پاس بێت.

پاسەکە بۆ ماوەی نیو کاتژمێر لە لاکسمانگار وەستا. سەرنشینەکان دابەزین، شۆفێرەکە دابەزی بۆ ئەوەی کووپێ چا بخواتەوە.

پیاوێک بوو کە هەرچی له چایخانەکەدا بوو لێیان دەڕوانی.

سەرسام بووین بە جله یەکپۆشە ڕەنگ خاکییەکەی کۆمپانی پاسەکە و فیقە ڕەنگ زیوینەکەی و پەتە سوورەکەی کە هەڵواسرابوو بە گیرفانییەوە.

هەرچی شتێ دەربارەی ئەو بگوترێت ئەوەیە کە ئەو کەسێکی براوە بوو له ژیاندا.

خێزانەکەی ڤیجەی بەرازیان بەخێو دەکرد، ئەوەش مانای ئەوەیە گوزەرانیان لە ئاستێکی نزمدا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا براوە بوون.

هاوڕێیەتی یەکێ لە سیاسەتمەدارەکانی دەکرد. خەڵکی دەیانگوت  ئەو لێ دەگەڕا کە سیاسییەکان له پشتەوە دەنووکی تێنێن.

هەرچییەکی کردبێت خۆی دروست کرد. یەکەم خاوەنکار بوو کە دەمناسی. حاڵی حازر خاوەن وەزیفەیە و فیقەیەکی ڕەنگ زیوینی هەیە، کاتێک پاسەکە دەیەوێت بجووڵێت فووی پیا دەکات. کوڕانی لادێ هەموو شێت دەبوون و بە دوای پاسەکەدا ڕایان دەکرد و خۆیان پێدا هەڵدەواسی و خوازیاری ئەوە بوون کە لەگەڵیدا بڕۆن.

حەزم دەکرد وەکو ڤیجەی بم، جلی یەکپۆش و فیقەیەکی بریسکەداری دەنگتیژم پێ بێت، خەڵکی بە چاوێک سەیرم بکەن و بڵێن " چ کەسایەتییەکی گرنگە ".

ئێستا کاتژمێر دووی دوای نیوەشەوە، بەڕێز سەرۆکوەزیران. دەبێ ئەمشەو زوو دەست هەڵگرم. ڕێم بدە با پەنجەم بخەمە سەر سکرینی لاپتۆپەکە بۆ ئەوەی بزانم هیچ زانیارییەکی گرنگ هەیە.

هەندێک بابەتی لاوەکی وەلا دەنرێ.

**لە ناوچەی داڵەخان لە نیو دەلهی لە شەوی دووەمی مانگی نۆدا لە نزیک ئوتێلی مورەیا شیراتۆن....**

ئوتێلی شیراتۆن جوانترین ئوتێلە لە نیو دەلهی، هەرگیز ناوەوەیم نەبینیوە،بەڵام سەرۆکی پێشوم، ئاشۆکی بەڕێز، ڕا هاتبوو کە شەوە درەنگەکانی بە خواردنەوەوە لەوێ بە سەر ببات. چێشتخانەیەکی لێیە لە نهۆمی خوارەوە دەبێت باشترین بێت. سەردانی بکە ئەگەر بۆت هەڵکەوت.

**پیاوە نادیارەکە شۆفێری ئۆتۆمۆبیلە "هۆندا-ستی"ییەکە بووە لە کاتی ڕووداوە دڵتەزێنەکە. بەپێی داوای ژمارە ٥/٤٣٨ بی ئێس. لە داڵەخان، دەلهی داوای لە سەر تۆمار کراوە. وا مەزەندە دەکرێت جانتایەکی پێ بوویێت بە بڕێک پارەی دیاریکراوەوە.**

دەبووایە بڵێن *جانتایەکی سوور*، بەبێ ناوهێنانی ڕەنگەکەی زانیارییەکە بێکەڵک دەبێت. وا نییە؟ گرنگ نییە شوێنەکەمیان دیاری نەکردووە.

*بڕێک پارەی کاش* هەر ڕۆژنامەیەک دەکەیتەوە لەم وڵاتەدا هەمیشە پڕە لەم هەرایە: " پارتێکی ناسراو گرنگی بە بڵآوکردنەوەی پڕوپاگەندە دەدات"، یان

" لایەنێکی ئایینی ناسراو بڕوای بە پێشگرتن بە منداڵبوون نییە". ڕقم لەم کارانە دەبێتەوە.
حەوتسەد هەزار ڕووپیێ.
ئەمە ئەو پارەیە بوو کە لەناو جانتا سوورەکەدا سەفتە کرابوو. بڕوا بکە پۆلیسیش بەمەی زانیی بوو، بە پارەی چینی ئەمە دەکاتە چەند؟ نازانم، بەڕێز جیاباو بەڵام لە سەنگاپوور دە لاپتۆپی ماکنتۆشی پێ دەکڕی.
لە پۆستەرەکەدا هیچ ئاماژەیەک بە قوتابخانەکەم نەکراوە، بەڕێز، بە ڕاستی شەرمە.
هەمیشە کە وەسفی کەسێ دەکەیت دەبێ باسی پلەی خوێندنەکەی بکەیت.دەبوو شتێکیان لەم بارەوە بگوتبایە، بۆ نموونە *گومانلێکراو لە قوتابخانەیەک دەیخوێند لەگەڵ مارمێلکەیەک بە درێژیی دوو پێ، ڕەنگی وەکو ڕەنگی گواڤای نیوەگەیو بوو کە لەناو دۆڵابەکە خۆی دەشاردەوە...*
ئەگەر لادێی هندی بەهەشت بێت، ئەوە قوتابخانەکە بەهەشت بووە لەناو بەهەشت، دەبوو خواردنی خۆڕایی هەبێ لە قوتابخانەکەمان.
پرۆگرامی حوکوومەتەکەمان بۆ ژەمێکی نیوەڕۆی هەر منداڵێ، سێ *نان و* نیسکی زەرد و ترشیات بوو.
بەڵام هەرگیزاوهەرگیز نان و نیسکی زەرد و ترشیاتمان نەبینی، هەموو کەسیش دەیزانی بۆ: مامۆستای قوتابخانەکە پارەی ژەمی نیوەڕۆی دەدزی. مامۆستاکە بەهانەی شەرعی هەبوو بۆ دزینی پارەکە، دەیگوت ئەوە شەش مانگە مووچەم وەرنەگرتووە.
نیازی بوو هەستێ بە مانگرتنێکی گاندییانە بۆ ئەوەی کرێ براوەکەی دەست بکەوێتتەوە.

دایناببوو هیچ نەکا لەناو پۆلدا تاکو مووچەکەی بە پۆست پێ دەگات. لە لایەکی تریشەوە لە لەدەستدانی کارەکەی دەترسا.

سەرەڕای کەمیی موچەی حکومیی لە هندستان دەسکەوتی تریشیان هەبوو.

جارێکیان لۆرییەک جلی یەکپۆش هات بۆ قوتابخانەکەمان کە حوکوومەت ناردبووی، بەڵام چاومان پێ نەکەوت. دوای هەفتەیەک لە لادێکەی نزیکمان دانرابوو بۆ فرۆشتن.

هیچ کەسێ لۆمەی مامۆستای قوتابخانەکەی نەکرد بۆ ئەو کارەی کە کرابوو.

بڕوا بەوە ناکرێ کە پیاوێک لەناو پاشەڕۆدا نقوم بووبێت و بۆنی عەتری لێ بێت.

هەموو کەسی لادێکە دەیانزانی ئەگەر ئەوانیش لە جێی ئەو بن هەمان کار دەکەن.

لەوانەشە شانازی پێوە بکەن کە بە پاکی لێی دەرباز بوون.

بەیانییەکیان پیاوێکم بە جلێکی یەکجار جوانەوە بینی، یەکەمجارم بوو پیاوێک بەو شێوەیە ببینم.

قاتێکی شینی ئاوی، لە جلی شۆفێری پاسەکە سەرنجڕاکێشتر دیاربوو.

بەو ڕێگایەدا ڕۆشت کە بۆ قوتابخانەکەی من دەچوو. لای دەرگاکە کۆبووینەوە بۆ ئەوەی سەیری قاتەکەی بکەین. کە ئێمەی بینی لای دەرگاکە دەستی کرد بە بادانی گۆچانەکەی، بە خۆمان و کتێبەکانمانەوە بە پەلە گەڕاینەوە بۆ ناو پۆلەکانمان و بە کتێبەکانمانەوە دانیشتین.

ئەم کەسە پشکنەرە چاوەڕوان نەکراو بوو.

پیاوە قات شینەکە- پشکنەرەکە- بە گۆچانەکەی ئاماژەی بۆ کونەکانی سەر دیوارەکە کرد، هەروەها ڕەنگە سوورەکان،مامۆستاکە لە لایەکەوە خۆی گرژ کردبووەوە و گوتی،" ببورە بەڕێز، ببورە بەڕێز."

"تەختەسڕ نییە لەم پۆلەدا، کورسی نییە، جلی یەکپۆش نییە بۆ کوڕەکان؟ چەندە پارەت لەماڵیاتی قوتابخانە دزیوە خوشک قەحپە؟"

پشکنەرەکە چوار ڕستەی لەسەر تەختەڕەشەکە نووسی، بە گۆچانەکەی ئاماژەی بۆ کوڕێک کرد:

"بیخوێنەوە."

کوڕەکان یەک لە دوای یەک وەستان و چاویان دەترووکان و سەیری دیوارەکەیان دەکرد.

مامۆستاکە گوتی،" باڵرام تاقی بکەرەوە بەڕێزم. ئەو زیرەکترینیانە بە باشی دەخوێنێتەوە."

هەستام و خوێندمەوە، " ئێمە لە زەویەکی بەپیتدا دەژین. بودای گەورە ڕووناکی پێ دەبەخشێت.ڕووباری گەنگە ڕۆحی کردووە بە بەر ڕووەکەکان و ئاژەڵەکان و خەڵکەکانماندا. سوپاسگوزاری خوداین کە لەم زەویەدا لە دایک بووین."

پشکنەرەکە گوتی "باشە، ئەی بودای گەورە کێیە؟"

" پیاوێکی ڕووناککەرەوە"

" خودایەکی ڕووناکی بەخش"

پشکنەرەکە داوای لێ کردم کە ناوی خۆم بنووسم لەسەر تەختەڕەشەکە؛ پاشان کاتژمێرەکەی دەستی نیشانم دا و داوای لێ کردم بزانم کاتژمێر

چەندە. جزدانەکەی باخەڵی دەرهێنا و وێنەیەکی بچووکی لێ دەرهێنا و لێی پرسیم" ئەم پیاوە کێیە، گرنگترین پیاو لە هەموو ژیانماندا کێیە؟"

وێنەی پیاوێکی لەشولار پڕبوو، قژسپی و دوو ڕوومەتی قەڵەو، دوو گوارەی ئەستووری ئاڵتوونی لە گوێدا بوو.

دەموچاوی دەدرەوشایەوە لە زیرەکی و میهرەبانی.

"سۆشیالیستێکی مەزنە"

" باشە. پەیامی سۆشیالیستی مەزن چییە بۆ منداڵان؟"

وەڵامەکەم لەسەر دیواری دەرەوەی پەرستگەکە بینیی بوو، ڕۆژێکیان پیاوێکی پۆلیس بە بۆیەی سوور نووسیتی: " هەرچی منداڵ هەیە و لە هەر لادێییەکدا بێت دەتوانێ گەورە بێت و ببێ بە سەرۆکوەزیران لە هند. ئەمە پەیامێکە بۆ منداڵان لە هەموو لایەکی ئەم زەوییە."

یەکسەر پشکنەرەکە بە گۆچانەکەی ئاماژەی بۆ من کرد.

" تۆ، ئەی پیاوی گەنج، وریا، ڕاستگۆ،چالاکترین گەنج لەناو ئەم ژاوەژاوە لە خوێنڕشتن و ڕێگری،

بێوێنەترین گیاندار کامەیە کە گیاندارێکی زیندووە و لە هەر جەنگەڵێکدا تەنها جارێک خەڵق دەبێت لەناو هەر نەوەیەکدا؟"

بیرم لێ کردەوە و گوتم " پڵنگی سپی."

"ئەوە تۆی لەناو ئەم جەنگەڵە."

پشکنەرەکە پێش ئەوەی بڕوا گوتی " نامەیەک بۆ پانتا دەنووسم، داوای لێ دەکەم کە زەماڵەی خوێندنت بۆ بنێرێت، پێویستت بەوەیە کە بچیتە قوتابخانەیەکی ڕاستی، شوێنێک دوور لێرە. پێویستت بە جلی یەکپۆش و خویندنگایەکی ڕاستەقینە هەیە."

وەکو دیاری ماڵئاوایی پەرتووکێکی پێ بەخشیم،.

ئێستاش زۆر باش ناونیشانەکەیم لە یاد ماوە "*چەند وانەیەک بۆ گەنجان لە ژیانی مهاتما گاندییەوە*.

بەو جۆرە بووم بە پڵنگی سپی. ناوی چوارەم و پێنجەمیشم دەبێت، بەڵام لە بەشی کۆتایی چیرۆکەکە.

پیاهەڵدانی پشکنەرەکە بۆ من، لە بەرچاوی مامۆستا و قوتابییەکاندا، بانگ کرام بە پڵنگی سپی، پەرتووکم پێ بەخشرا، بەڵێنی زەمالەی خوێندنم پێ درا. هەموو ئەم دەنگوباسە باشانە. بەڵام یاسای ژیان هەڵەی پێ قبووڵ نییە لە تاریکیدا.

زۆر بە پەلە دەنگوباسی باش دەبێت بە دەنگوباسی خراپ.

ڕینای کچە ئامۆزام پەیوەندی هەیە بە کوڕێکەوە لە لادێکەی دراوسێمان.

لەبەر ئەوەی ئێمە کەسوکاری کچەکەین دەبێ پاسکیلێ بۆ کوڕەکە بکڕین و پارەی کاش بدەینێ و بازنگێکی زیوی بدەینێ و تێچووی زەماوەندێکی گەورەشی بۆ دابین بکەین.

واشمان کرد، بەڕێز سەرۆکوەزیران. لەوانەیە ئەوە بزانی کە چەندە دڵخۆش دەبین بە زەماوەندەکانمان.

لەو بڕوایەدام کە خەڵکی لە وڵاتانی ترەوە بێن بۆ ئەوەی لەسەر شێوازی زەماوەندی هیندی زەماوەند بکەن.

ئای، ئەگەر بمانتوانییایە یەک دوو شت فێری بیانییەکان بکەین! گۆرانی فیلمەکان لە ڕیکۆردەرە ڕەشەکانەوە دەردەپەڕنە دەرەوە و بە درێژایی شەو دەخۆینەوە و سەما دەکەین! ئەو شەوە کیشانیش و هەموو ئەندامانی

خێزانەکە و من شەکەت بووین، ئەوەی من بزانم شەرابیان کردبووە ناو ئەو حەوزەی کە گامێشەکە ئاوی تیا دەخواتەوە.

دوو، سێ ڕۆژ تێپەڕی، لەناو پۆلەکەم بووم، لە پشتەوە دانیشتبووم، پارچە تەباشیرێک و تەختەیەکی ڕەشم بە دەستەوە بوو کە باوکم لە سەردانێکیدا بۆ دنباد بۆی هێنام. خەریکی ڕاهێنانکردن بووم لەسەر ئەلفوبێ. پاش ئەوەی مامۆستاکە پۆلی بە جێ هێشت، کوڕەکان کەوتنە شەڕ و قسەکردن. کیشانم بینی لەناو دەرگای پۆلەکەدا ڕا وەستابوو. بە پەنجە ئاماژەی بۆکردم.

"چییە کیشان؟ بۆشوێنێ دەچین؟"

هیچی نەوت.

" پێویست دەکات کتێب و شتەکانم لەگەڵ خۆم بێنم؟"

گوتی "بۆ نا؟" پاشان دەستێکی خستە سەر سەرم و پێش خۆی دام بۆ دەرەوە.

خێزانەکە بڕێکی زۆر پارەی لە لەقلەق قەرز کرد، بۆ ئەوەی بتوانێت مەسرەفی مارەکردن و زەماوەندی کچی مامەکەم بکێشێ. ئەوە لەقلەقە داوای قەرزەکەی دەکاتەوە. دەبوێست هەموو ئەندامانی خێزانەکە کار بۆ ئەو بکەن. ئەگەر بیبینیمایە لە قوتابخانە، یان سەرپەرشتیکاری کارەکەی بیبینیمایە، ئەوە هەر دەبووایە بڕۆم کاری بۆ بکەم.

بردیانم بۆ چایخانەکە، کیشان هەردوو ناولەپی دەستی بەیەکەوە نووسان و بە ڕێزەوە لە بەردەم خاوەن چایخانەکەدا چەمایەوە. منیش چەمامەوە بۆ خاوەنی چایخانەکە.

خاوەن چایخانەکە بە لاچاوێک سەیری کردم و پرسی "ئەمە کێیە؟"

لەژێر پۆرترێتێکی گەورەی مەهاتما گاندی دانیشتبوو، زانیم تووشی  بەڵای خۆم بووم.
کیشان گوتی " برامە، هاتووە پەیوەست بێت پێمەوە."
پاشان کیشان فڕنەکەی هێنایە دەرەوە لە چایخانەکە و داوای لێ کردم دانیشم، منیش لە نزیکییەوە دانیشتم. گونیەیەکی هێنا پارچە خەڵووزی گەورەی تێدا بوو. پارچەیەکی دەرهێنا و لەسەر کەرپووچێ وردی کرد، پارچە ڕەشەکانی خستە ناو فڕنەکەوە.
گوتی بەهێزتر، ئەو کاتەی کەرپووچەکەم دەکێشا بە خەڵووزەکەدا، دەیگوت "بەهێزتر، بەهێزتر."
کاتێک بە ڕاستی  کەرپووچەکەم کێشا بە خەڵووزەکەدا، هەستا و گوتی "ئێستا هەموو خەڵووزەکانی ناو گونیەکە کە ماونەتەوە ئاوا وردی بکە."
پاش کەمێک دوو کوڕ لە قوتابخانە دەگەڕانەوە، هاتن بۆ سەیرم، دووی تر، دووی تر، گوێم لە قاقایان بوو. یەکێ لە کوڕەکان بە دەنگێکی بەرز پرسی "ئەو بوونەوەرە  چییە کە لە نەوەیەکدا تەنها جارێک دێ؟"
یەکێکی تر وەڵامی دایەوە" خەڵووزشکێنەر."
پاشان دایانە قاقای پێکەنین.
کیشان گوتی "فەرامۆشیان کە، با بەڕێی خۆیاندا بڕۆن." سەیرێکی کردم " نیگەرانی لێم؟ چونکە لە قوتابخانە دوورم خستیتەوە، وا نییە؟"
هیچم نەوت.
"تۆڕقت لە بیرۆکەی شکاندنی خەڵووزە وا نییە؟"
هیچم نەوت.

پارچە خەڵوورزێکی خستە ناو دەستی و وردی کرد " بێنە پێش چاو کە هەر پارچە خەڵوورزێک کەللەسەری منە، ئاسانتر دەتوانی بیشکێنیت."

ئەویش لە قوتابخانە دەرهێنرا. ئەو کاتە بوو کە میرەی کچەمامم زەماوەندی کرد.

ئەوەش بۆ خۆی بەزمێکی تربوو.

* * *

تۆ دەڵێی کارکردن لە چایخانە، خەڵووز شکاندن، مێز سڕینەوە، دەنگوباسێکی خراپن بۆ من؟

لە یاسا لادان، گۆڕینی هەواڵی ناخۆش بۆ خۆش  مافی خاوەنکارەکانە.

بەڕێز جیاباو، سبەینێ لە نیوەشەودا کە دەست پێ دەکەمەوە، پێت دەڵێم، چۆن توانیم لە چایخانە خۆم فێری زانستێ بکەم باشتر لەوەی کە لە هەر قوتابخانەیەک فێری بوومایە.

ئێستا کاتی ئەوەیە کە واز لە سەیرکردنی ئەم کریستاڵە  بێنم و بچمە سەر کار. نزیکەی سێی بەیانییە. ئەو کاتەیە کە بانگەلور لە خەو هەڵدستێ.

دوایی هاتنە بە ڕۆژی کارکردنی ئەمریکییەکان، ڕۆژی منیش دڵسۆزانە دەست پێ دەکات. دەبێت ئاگاداری ئەوە بم کە هەموو کوڕ و کچان کاری نووسینگەکانیان جێ دەهێڵن و دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە. لەو کاتەدا دەبێت لە نزیکی تەلەفۆنەکە بم. مۆبایل هەڵناگرم لەبەر چەند هۆیەکی دیاریکراو وەکو هەموو دەیزانیین. مێشکی پیاوەکان ژەنگاوی دەکات، تۆوەکانیان وشک

دەکات ــ بۆیە دەبێت لە نووسینگە بم ئەگەر لە حاڵەتێکدا گرفتێک بێتە پێشەوە.

من ئەو پیاوەم کە خەڵکی پەیوەندیم پێوە دەکەن کاتێکک کە گرفتیان هەبێت. با سەیرێکی بە پەلە بکەین ئەگەر شتێکی تر هەبێت....

هەر کەسێک زانیارییەک یان دەلیلێکی لایە دەربارەی ئەم پیاوە ونبووە تکایە ماڵپەڕی CBI ئاگادار بکاتەوە:

(http://cbi.nic.in)ئیمێڵ , (diccbi@cbi.nic.in) ژمارەی

فاکس- 011-23011334

ژمارەی تەلەفۆن), 011-23014046 .ڕاستەوخۆ 011-23015229 (

هەروەها23015218 Extn. 210

ئەم ناونیشان تەلەفۆنەی لای خوارەوە:

DP 3687/05

SHO—Dhaula Kuan, New Delhi

Tel: 28653200, 27641000

لە دەقی تێبینییەکەدا دیاری کراوە، بە چاپێکی کۆنی بنکەی پۆلیس وێنەکەی تەڵخوتاریک کرابوو، بە زەحمەت دەناسرایەوە، تەنانەت لەسەر دیواری وێستگەی شەمەندەفەریش. بەڵام ئێستا گوێزراوەتەوە بۆ سەر سکرینی کۆمپیوتەر، پیکسێڵەکانی کەم کراوەتەوە وەکو وێنەیەکی خەیاڵی ئەو پیاوە: بوونەوەرێکی بچووک، دوو چاوی بچووکی دەرپۆقیو، سمێڵێکی پڕی کورت. ڕەنگە ئەو پێناسەیەی سەر وێنەکە نیوەی پیاوانی هند بگرێتەوە.

بەڕێز سەرۆکوەزیران ئەمشەو جێت دەهێڵم لەگەڵ تێبینی کەمتەرخەمی پۆلیس لە هند. ئێستا،پڕ بە پاسێک پیاو بە جلی خاکییەوە– بابەتێکی

هەستیار بوو، دوای هەموو ئەوانە دەبوو بچن بۆ لاکسمانگار بۆ ئەوەی بە نهێنی لێی بکۆڵنەوە. دەبوو لێکۆڵینەوە لەگەڵ دووکاندارەکان بکەن ئایا کەڵەگایی کردبوو بەسەر عەرەبانچییەکاندا، مامۆستای قوتابخانەکەیان ئاگادار کردبووەوە لەوەی کە ئایا  بە منداڵی دزی دەکرد ؟ ئایا لەگەڵ لەشفرۆشەکان دەخەوت؟  ئایا دەستی دەبرد بۆ بڕینی دووکان؟ ددان بە پشێوینانەوەیدا نراوە لە لایەن یەک دوو کەسەوە؟

گرەوت لەگەڵ دەکەم کە باشترین بەڵگەیان لە دەست خۆیان دا کە ڕاست لە پێشیاندا بوو. باسی قەڵا ڕەشەکە دەکەم، زۆر جار لە کوسوم پاڕاومەتەوە کە بمباتە سەر لووتکەی چیاکە و دەروازەکە و ناو قەڵاکە. بەڵام پێمی دەوت من ترسنۆکم. هەر بگەمە ئەوێ لە ترسان دەمرم. گەورەترین مارمێلکەی ترسناک لە جیهاندا لە قەڵاکەدا دەژێت.

دەمتوانی تەنها لەکاتی خۆرهەڵاتندا سەیری بکەم. کونەکانی سەر حەساری قەڵاکە دەگۆڕان بۆ هێڵێکی پەمەیی سووتاو. لە کاتی خۆرئاوابوونیشدا دەگۆڕان بۆ ئاڵتوونییەکی سووتاو. ئاسمانی شین دەبریسکایەوە لەنێوەندی شەقی بەردەکاتنەوە. بەڵام مانگ دەدرەوشایەوە لەسەر دیوارە زبرەکان.

مەیموونەکان کێوییانە ڕایان دەکرد بەسەر لێواری دیوارەکەدا، دەیانقیژاند و پەلاماری یەکتریان دەدا، هاواریان دەکرد و هێرشیان بۆ یەکتر دەبرد هەر وەکو جەنگاوەرە مردووەکان کە دووبارە ڕۆحیان بە بەردا هاتبێتتەوە و شەڕی کۆتایی بکەن. منیش دەمویست بچم بۆ ئەوێ.

بە لای منەوە ئیقبال یەکێک بوو لە باشترین چوار شاعیر لە جیهاندا، ئەوانی تریان ڕۆمی، میرزا غالب و چوارەم کەس، ئەویش هەر موسڵمان بوو، ناویم بیر چۆتەوە، دەربارەی کۆیلەکان شیعری نووسیوە:

" *هەر بە کۆیلەیی دەمێننەوە چونکە ناتوانن جوانی دنیا ببینن*" .
ئەوە ڕاسترین شتە هەر کەسێک وتبێتی. ئیقبال شاعیرێکی زۆر باش بوو هەرچەندە موسڵمانیش بوو.
(بەو بۆنەیەوە بەڕێز سەرۆکوەزیران، ئایا تێبینی ئەوەت کردووە هەرچوار باشترین شاعیرەکانی دنیا موسڵمانن؟ ئایا تێبینی ئەوەت کردووە ئێستا هەر موسڵمانێک دەبینی نەزان و نەخوێندەوارە، لە سەریانەوە تاکو پێیان داپۆشراوە بە جلێکی ڕەش، دەگەڕێن بۆ تەقینەوەی کۆشکەکان؟ سەرسووڕهێنەرە وا نییە؟ لە هەر کاتێکدا ئەم کەسانەت بەرچاو کەوت ئیمێڵێکم بۆ ڕەوان بکە.)
تەنانەت لە سەردەمی منداڵیشمدا دەمتوانی جوا نییەکانی دنیا ببینم:
چارەنووسم وا بوو کە بەکۆیلەیی نەمێنمەوە.
جارێکیان کوسوم بینیمی کە لە قەڵاکە چیم دەکرد.
بە درێژایی ڕێگاکە لە ماڵەوە دوام کەوتبوو تاکو لای مێرگ و بەردەکان.
بینیبوومی خەریکی چی بووم.
ئەو شەوە بە باوکمی وت " ئەو بەس وەستاوە و قەڵاکە کون دەکات، بە هەمان شێوەی دایکی کە پێی ڕاهاتبوو. ئەو نابێ بە هیچ لە ژیانیدا، ئەوە ڕۆژەکەیە پێم گوتی."
لەوانەیە تەمەنم سیانزە ساڵان بووبێت کە بڕیارم دا بۆ خۆم بچمە سەر قەڵاکە. چوومە ناو مێرگەکە، چوومە لاکەی تری، بە بەرزاییەکانیدا سەرکەوتم. خەریکبوو بچمە ژوورەوە، لە دەروازەکە شتێکی ڕەش دەرکەوت، سووڕامەوە و بە ڕاکردن گەڕامەوە بۆ سەر گردەکە،تەنانەت دەترسام کە بشگریەم.

له دووره‌وه‌ بینیم كه‌ ته‌نها مانگایه‌ك بوو، به‌ڵام له‌ ترسان ده‌له‌رزیم و نه‌مده‌توانی بگه‌ڕێمه‌ دواوه‌.

چه‌ند جارێكی تر هه‌وڵم دا سه‌ركه‌وم، به‌ڵام ترسنۆك بووم و نه‌متوانی.

له‌ ته‌مه‌نی بیست و چوار ساڵیدا، ئه‌و كاته‌ی له‌ دنباد ده‌ژیام و لای به‌ڕێز ئاشۆك كاری شۆفێریم ده‌كرد، گه‌ڕامه‌وه‌ بۆ لاكسمانگار، كاتێك سه‌رۆكه‌كه‌م و ژنه‌كه‌ی چوون بۆ ئه‌وێ بۆ سه‌یران. سه‌فه‌رێكی گرنگ بوو بۆ من. ئه‌گه‌ر كات بواری پێ دام به‌ وردی بۆت باس ده‌كه‌م. ئه‌وه‌ی ئێستا ده‌مه‌وێ پێتی بڵێم ئه‌مه‌یه‌: به‌ڕێز ئاشۆك و پینكی خان، پاش نانی نیوه‌ڕۆ پشوویان دا، هیچ نه‌بوو بیكه‌م، بۆیه‌ بڕیارم دا دووباره‌ هه‌وڵ بده‌مه‌وه‌. به‌ مه‌له‌وانی له‌ گۆمه‌كه‌ په‌ڕیمه‌وه‌، سه‌ركه‌وتمه‌ سه‌ر گرده‌كه‌،به‌ ڕاره‌وی ده‌رگاكه‌یا ڕۆیشتم و بۆ یه‌كه‌مین جار چوومه‌ ناو قه‌ڵا ڕه‌شه‌كه‌وه‌. شتێكی وای لێ نه‌بوو- جگه‌ له‌ چه‌ند لادیوارێكی ڕووخاو و كۆمه‌ڵێ مه‌یموونی ترساو كه‌ له‌ دووره‌وه‌ لێیان ده‌ڕوانیم. پێم خسته‌ سه‌ر دیوارێك و كه‌وتمه‌ ته‌ماشاكردنی دێیه‌كه‌مان له‌ خواره‌وه‌. لاكسمانگاری بچووكم بینی، مناره‌ی په‌رستگه‌كه‌م بینی، بازاڕه‌كه‌ی، بریقه‌ی ئاوه‌ڕۆی زێرابه‌كان، كۆشكی ده‌ره‌به‌گه‌كان- ماڵه‌كه‌ی خۆمان، له‌گه‌ڵ هه‌وری دووكه‌ڵێكی ڕه‌ش له‌ ده‌ره‌وه‌- گامێشه‌ ئاوییه‌كان. به‌ لامه‌وه‌ جوانترین دیمه‌نی دنیا بوو.

به‌سه‌ر دیواری قه‌ڵاكه‌دا چه‌مامه‌وه‌ به‌ ئاراسته‌ی لادێكه‌مان، شتێكی زۆر قێزه‌ونم كرد كه‌ ناتوانم وه‌سفی بكه‌م بۆت.

به‌ڵام، له‌ ڕاستیدا یه‌ك له‌سه‌ر یه‌ك تفم ده‌كرد. پاشان به‌ ده‌م فیكه‌لێدان و هممممه‌وه‌ له‌ گرده‌كه‌ به‌ره‌و خوار بوومه‌وه‌.

هه‌شت مانگ پاشتر، به‌ڕێز ئاشۆكم سه‌ربڕی.

# شەوک دووەم

**بۆ نووسینگەی :**

خاوەنشکۆ وین جیاباو

لەوانەیە ئێستا نووستبێتی

لەناو نووسینگەی سەرۆکوەزیران

لە چین

**لە نووسینگەی:**

مامۆستای  نیوەی شەو

دەربارەی بوون بە خاوەنکار

"پڵنگی سپی"

بەڕێز سەرۆکوەزیران

کەواتە

دەنگی پێکەنینەکەم لە چی دەچێت؟

بۆنی ژێر باڵم لە چی دەچێت؟

کاتێکک بزە دەمگرێت، ئەرێ بە ڕاست وا دێتە پێش چاوت بزەیەکی شەیتانانەیە؟

ئا، دەتوانم بەردەوام و بەردەوام بم دەربارەی خۆم. بەڕێز، دەتوانم دڵخۆش بم بەوەی کە وەکو هەر بکوژێتکی تر نیم.

بەڵام کەسێک کە خاوەنکارەکەی خۆی بکوژێت ( کە لە جێگای باوکییەتی). بەشدار بووە لە ئەگەری مردنی هەموو ئەندامانی خێزانەکەشی، کوشتنی بە کۆمەڵ.

نامەوێ دەربارەی خۆم بڵێم و بڵێم. دەبێت قسەی هەندێک لە خاوەنکارەکانی بانگەلور ببیستی. دەستپێکردنم دەستکەوتنی گرێبەست بوو لەگەڵ ئەمریکان ئێکسپرێس، دەستپێکردنم بەرێوەبردنی سۆفت وێردێ بوو لە نەخۆشخانەی لەندەن و.. هتد. پێت دەڵێم ڕقم لە هەموو ئەو هەڵسوکەوتە سەخیفانەی بانگەلۆر دەبێتەوە.

( ئەگەر دەتەوێت زیاتر دەربارەی من بزانیت سەردانی ماڵپەڕەکەم بکە:

www.whitetiger-technologydrivers.com ئەوە ڕاستە، ئەوە URLی دەستپێکردنەکەمە!)

بەڕێز.ماندوو بوومە لە باسکردنی خۆم، ئەمەوێ ئەمشەو لە چیرۆکەکەمدا باس لە پیاوێکی گرنگتر بکەم.

هاورێیەکم.

دەموچاوی بەڕێز ئاشۆک لە بەرچاوم دەردەکەوێت هەر وەک ئەوەی پێی ڕاهاتبووم هەموو ڕۆژێک، کە لەناو ئاوێنەی سەیارەکەوە دەمبینی، ئەو کاتانەی کە کارم بۆی دەکرد. دەموچاوێکی جوانی هەبوو، جاری وا بوو نەمدەتوانی چاوی لە سەر لا بدەم. ناوشانێکی پان، باڵایەکی بەرزی شەش فیت وتی، شکۆی دەوڵەمەندیی پێوە دیار بوو، بازوویەکی بەهێز، بەڵام نەرمونیان ( هەمیشە وا بوو تەنها ئەو کاتە نەبێت کە کێشای بە دەموچاوی

پینکی خاندا) هەروەها ئارام بوو لەگەڵ دەوروپشتەکەی، تەنانەت لەگەڵ خزمەتکارەکانی و شۆفێرەکەی.

ئێستا دەموچاوێکی تازە دەردەکەوێت، لە تەنیشتییەوە، لە بیرەوەری ئاوێنەکەدا.پینکی خانمی خێزانیٍ- هەموو شوێنێکی جوان بوو وەکو هاوسەرەکەی؛ هەردووکیان لە وێنەی پەرستگای بیرلای هیندۆسییەکان دەچوون لە نییو دەلهی، دادپەروەر وەکو خودا بۆ ئەو کەسەی کە دەبێتە هاوسەری. لە پشتەوە دادەنیشت، هەردووکیان قسەیان دەکرد، شۆفێریم دەکردن بۆ هەر شوێنێ بیانووی ستایە دەمبردن، بەوەفا بووم بۆیان وەکو خودا هەنوومان کە خزمەتی رام و سیتای گەورەکانی خۆی دەکرد.

بە بیرکردنەوە لە بەڕێز ئاشۆک دڵم پڕ دەبێت. خۆزگە هەندێک دەستەسڕی کاغەزیم دەدۆزییەوە لەم ناوە.

لێرەدا ڕاستییەکی نامۆ هەیە: کوشتنی پیاوێک و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ژیانی و تەنانەت خاوەندێتی، لە دایک و باوکی زیاترم دەربارەی دەزانی؛ ئەوان منداڵەکەی ناو سکیان دەناسی، بەڵام من جەستەی مردووی دەناسم؛ تەنها تۆ دەتوانی چیرۆکی ژیانی تەواو بکەی، تەنها تۆ دەزانی بۆچی دەبێ جەستەی بەکێش بکرێت بۆ ناو ئاگر، پێش ئەوەی کاتی هاتبێت، وە بۆچی پەنجەکانی پێی لوول دەخۆن و شەڕ دەکەن بۆ مانەوەی کاتژمێرێکی زیاتر لەسەر زەوی.

ئێستا سەرەڕای ئەوەی کە کوشتم، وا بیر نەکەیتەوە یەک وشەی خراپیش لە منەوە ببیستی دەربارەی ئەو. ناویم بە باشی پاراست،ئەو کاتانەی خزمەتکاری بووم، ئێستا ئەوە منم (بە هۆشیارییەوە) گەورەی ئەوم، کۆڵ نادەم لە باسکردنی ناوی بە باشە. زۆر قەرزاریم. ئەو و پینکی خان لە ناو

ئۆتۆمێلەکە لە پشتەوە دادەنیشتن، قسەوباسیان دەکرد سەبارەت بە ژیان لە هیندستان، ژیان لە ئەمریکا – زمانی هیندی و ئەمریکییان پێکەوە تێکەڵ دەکرد. بە گوێگرتنم لێیان، بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن، زۆریان لێوە فێر بووم دەربارەی ژیان، هند و ئەمریکا. هەروەها کەمێک ئینگلیزیش. ( لەوانەیە کەمێک زیاتر لەوەی کە تاکو ئێستا دەریدەخەم!) لە ڕاستیدا زۆر لە ئایدیا زۆر باشەکانم وەرگرتووە لە خاوەنکاری ڕابردووم یان براکەی یان کەسێکی تر کە شۆفێریم بۆی کردووە. ( ددانی پێدا دەنێم کە من بیرمەندێکی باش نیم – بەڵام گوێگرێکی باشم.) ڕاستە، لە کۆتاییدا من و بەڕێز ئاشۆک ناهاوڕاییەک یان دوومان هەبوو دەربارەی زاراوەی ئینگلیزی– دانی باج – بۆیە شتەکانی نێوانمان بەرەو خراپی دەچوون. بەڵام هۆکاری کێشەکانمان لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دێتە پێشەوە. تا ئێستا ئێمە لە باشترین هەلومەرجداین: ئێمە لە شوێنێک بە یەک گەشتین دوور لە دەلهی، شوێنێک پێی دەوترێت دنباد.

دوای ئەوەی باوکم کۆچی دوایی کرد هاتم بۆ دنباد. ماوەیەک بوو نەخۆش بوو، بەڵام نەخۆشخانە لە لاکسمانگار نەبوو، هەرچەندە بەردی بناغەی سێ نەخۆشخانەی جیاواز لەو شارە دانرابوون لە لایەن سێ سیاسەتمەدارەوە لە سەردەمی هەڵبژاردنەکاندا. کاتێک کە ئەو بەیانییە دەستی کرد بە خوێنهەڵهێنانەوە، من و کیشان بە بەلەمێک بردمانە ئەودیوی ڕووبارەکە و دەستمان کرد بە شۆڕینی دەموپلی بە ئاوەکە، چونکە ئاوەکە زۆر پیس بوو ئەوە وای کرد کە زیاتر خوێن هەڵبێنێتەوە.

عەرەبانچییەک لەوبەری ڕووبارەکە بوو، باوکمی ناسییەوە، هەرسێکمانی بە خۆڕایی گەیاندە نەخۆشخانە حوکومییەکە.

لەسەر پێپلیکانەی باڵەخانە ڕەنگ کاڵەوەبووەکە، کە زۆربەی شووشەی پەنجەرەکانی شکابوون، سێ بزنی ڕەش پاڵ کەوتبوون. بۆنی پشقل لە دەرگا کراوەکانییەوە دەهاتە دەرێ : پشیلەیەک لە یەکێک لە پەنجەرە شکاوەکانەوە سەیری دەکردین.

هێمای سەر دەرگاکە دەیگوت:

**نەخۆشخانەی لۆهیای جیهانی بە خۆڕایی**

**بە شانازییەوە لە لایەن سۆسیالیستە مەزنەکانەوە دامەزراوە**

**سەلماندنێک بۆ جێبەجێکردنی بەڵێن**

من و کیشان باوکمان بردە ژوورەوە. پێمان نا بە پاشەڕۆی بزنەکاندا کە بڵاو ببووەوە بەسەر زەویەکەدا وەک کۆمەڵێ ئەستێرەی ڕەش. لەناو نەخۆشخانەکە دکتۆر نەبوو، دوای ئەوەی دە ڕووپێ بەرتیلمان دا بە کوڕە چاودێرەکە، پێی گوتین لەوانەیە دکتۆر ئێوارە بێت. دەرگای ژوورەکانی نەخۆشخانەکە لەسەر پشت بوون، تەختەی خەوەکان سپرنگەکانی دەرهاتبوونە دەرەوە. لەو کاتەوەی کە چووبووینە ناو ژوورەکەوە، پشیلەیەک دانی جیڕ کردبووەوە لێمان.

"هەست بە ئاسایشی نەدەکرا لە ژوورەکەدا– چونکە ئەو پشیلەیە تامی خوێنی کردبوو."

دوو پیاوی موسڵمان ڕۆژنامەیان لەسەر زەوییەکە بڵاو کردەوە و لە سەری دانیشتن. یەکێکیان برینێکی دەمکراوەی لە پێیدا هەبوو. بانگی کردین بۆ ئەوەی لایانەوە دانیشین. من و کیشان، باوکمان درێژ کرد لەسەر ڕۆژنامەکان و لەوێ چاوەڕێ بووین.

دوو کچی بچووک هاتن له تەنیشتمان دانیشتن، هەردوو چاویان زەرد ببووەوە.

" زەردوویی ئەو تووشی کردم"

"نا. تۆ تووشت کردم. ئێستا هەردووکمان دەمرین"

پیرەمێردێک که پارچه لۆکەیەک لەسەر چاوی بوو، هات له تەنیشت کچەکان دانیشت.

پیاوە موسڵمانەکان هەر ڕۆژنامەیان دادەخست لەسەر زەوییەکه.

تا دەهات تووشبووان به نەخۆشی چاو و برینی خوێنبەربوو، هێلنجدان زیادی دەکرد.

پرسیم مامه بۆچی دکتۆر نییه لەم نەخۆشخانەیه، ئەمه تەنها نەخۆشخانەیه لەمبەر و ئەوبەری ڕووبارەکه.

پیاوە موسڵمانه به تەمەنەکەیان پێی گوتم " سەیرکه وەکو ئەمه"

پزیشکی پشکنەری حوکوومی هەیه به مەبەستی دڵنیابوون له چوونی دکتۆرەکان بۆنەخۆشخانەکانی وەکو ئەم گوندە و ناردوونیان بۆ ئەو شوێنانەی که دکتۆری لێ نییه. هەرچی کاتێکک که ئەم شوێنه بێ دکتۆر دەبێت سۆشیالیسته مەزنەکان دکتۆرەکان ئاگادار دەکەنەوە که شوێنی بەتاڵ هەیه و کراوەیه بۆ ناردنی دکتۆر، مووچەی دکتۆره نێردراوەکان چوارسەد هەزار ڕووپێ یه لەم ڕۆژانەدا."

دەمم داپچراند و گوتم " ئەوەندە!"

" بۆ نا؟ پارەیەکی زۆر تەرخان کراوە بۆ خزمەتی گشتی! بێنه پێش چاو که ئێستا من دکتۆر بم. دەپارێمەوە و پارە قەرز دەکەم و دەیدەم به گەورە سۆسیالیستەکان، دەستی له پێی خۆی دا. ئەویش کارێکم دەداتێ. سوێند

دەخۆم بە خودا و بە دەستووری هند.دواییش پێڵاوەکانم بەرز دادەنێم لەسەر مێزکەم لە پایتەختی وڵات"

پێیەکانی بەرز کردەوە بۆ سەر مێزیکی خەیاڵی، دوایی هەموو فەریکەدکتۆرە حوکوومییەکان کە بریارە سەرپەرشتییان بکەم بانگ دەکەم بۆ نووسینگەکەم، دەفتەری تۆمارە حوکوومییەکە دەردەهێنم و هاوار دەکەم 'دکتۆر ڕام باندی'".

پەنجەی ئاماژەی بۆ درێژ کردم. ڕۆڵی خۆم گێڕا لەم یارییەدا، سلاوێکم بۆ کرد " بەڵێ گەورەم" لەپی دەستی هێنایە پێشەوە، ئێستا تۆ- دکتۆر ڕام باندی میهرەبانانە یەک لە سێی مووچەکەت بخە ناو لەپمەوە.

کوڕی باش لە گەڕانەوەدا ئەمە دەکەم. ئاماژەیەکی لەسەر دەفتەری تۆمارە حوکوومییەکە دانا. دەتوانی بەشەکەی تری مووچە حکومییەکەت هەڵگری و بچیت لە نەخۆشخانە تایبەتییەکاندا کار بکەیت لە ڕۆژەکانی تری هەفتەدا. گوندەکە لە بیر بکە. چونکە بەپێی ئەم دەفتەری تۆماری حوکوومییە تۆ لێرەی چارەسەری ڕانە بریندارەکەمت کرد، هەروەها چارەسەری نەخۆشی زەردوویی ئەو دوو کچەت کردووە.

نەخۆشەکان گوتیان "ئاە" تەنانەت کوڕە چاودێرەکانیش لە دەورمان کۆبوونەوە بۆ گوێگرتن. سەری پێزانینی خۆیان دەلەقاند.

چیرۆکەکانی گەندەڵی هەمیشە باشترینن. وا نییە؟

کیشان هەندێک خواردنی کردە دەم باوکمەوە، لەگەڵ خوێندا هەڵیهێنایەوە. جەستە ڕەشهەڵگەڕاو و لاوازەکەی دەلەرزی و ئارامی لێ بڕیبوو، بەملا و بەولادا خوێنی هەڵدەهێنایەوە.

کچە چاو زەردەوەبووەکان دەستیان کرد بە قیژاندن. نەخۆشەکانی تر لە باوکم دوور کەوتنەوە.
پیاوە موسڵمانە بەتەمەنەکە کاتێک کە مێشەکانی دوور دەخستەوە لە پێیە برینابوییەکەی، پرسیتی " تووشی نەخۆشی سیل بووە، وا نییە؟).
نازانین بەڕێز، ماوەیەکە دەکۆکێ، نازانین هۆی چییە.
( ئاه، ئەوە سیلە پێشتر لە عەرەبانچییەکانم بینیوە، تووشی لاوازی دەبن لە کارەکەیان).
لەوانەیە بۆ ئێوارە دکتۆر دەرکەوێ.
دەرنەکەوت.
نزیکەی کاتژمێر شەشی ئێوارەی ئەو ڕۆژە لە دەفتەری تۆماری حوکوومی بە وردی و بە دڵنیاییەوە ڕاپۆرت درا، باوکم بۆ هەمیشە ڕزگاری بوو لە نەخۆشی سیل.
کوڕە چاودێرەکان ئەو دەوروبەرەیان پێ پاککردینەوە پێش ئەوەی لاشەی باوکمان بگوێزینەوە.
بزنێک هات بۆنی زەوییە خوێناوییەکەی دەکرد کە پاکمان دەکردەوە.
کوڕەکانی ئەو بەشە دەستیان بە پشتیدا دەهێنا و لایە هەڵتۆقیوەکانی گێزەرەکەیان دەدایێ، کاتێک کە ئێمە زەوییەکەمان پاک دەکردەوە لەو شوێنانەی کە خوێنی باوکمانی پێوە بوو.
زەماوەندەکەی کیشان مانگێ دوای سووتانی لاشەکەی باوکم بوو.
یەکێک بوو لە زەماوەندە باشەکان. کوڕەکە هی ئێمە بوو.
پاڵەپەستۆیەکی زۆرمان خستە سەر خێزانی کچەکە.
بە تەواوی بیرمە کە چیمان مارەیی دەستکەوت لە ماڵی کچەکە.

تاکو ئێستاش کە بیری لێ دەکەمەوە وام لێ دەکات کە دەمم پڕ بێت لە ئاو.

پێنج هەزار ڕوپیێ ی کاش هەمووی تازە لە بانکەوە هاتبوو، خشەی دەهات، هەروەها پاسکیلی هیرۆ و ملوانکەیەکی ئاڵتوونی سەنگین بۆ کیشان.

دوای زەماوەندەکە کوسومی نەنکم پێنج هەزار ڕووپیێ کە و پاسکیلە هیرۆکە و ملوانکە ئاڵتوونە سەنگینەکەی برد. دوو هەفتەی برد بۆ ئەوەی کیشان دەنوکی بخاتە ناو ژنەکەیەوە. دوای ئەوە خۆی کۆ کردەوە بچێتت بۆ دنباد، من و دیلیپی ئامۆزام لەگەڵی چووین. هەرسێکمان لە چایخانەیەکی دنباد کارمان دۆزییەوە.

خاوەنکارەکە شتی باشی دەربارەی ئیشی کیشان بیستبوو لە چایخانەی لاکسمانگار، خۆشبەختانە هیچی دەربارەی من نەبیستبوو.

بەڕێز بچیت بۆ هەرچی چایخانەیەک بە درێژایی ڕووباری گەنگە سەیری ئەو پیاوانە بکە کە لە چایخانەکاندا کار دەکەن، دەڵێم پیاوان، باشترە بە پیاوە جاڵجاڵۆکەکان ناو ببرێن زگەخشکێیانە بە نێوان و ژێر مێزەکاندا و پەرۆیەکیان بە دەستەوەیە، مرۆڤی هاڕاووتێکشکاو لەژێر جلی یەکپۆشی هاڕاودا، لەشی خاو و ڕیشهاتوو، لە تەمەنی سییەکان و چلەکان و پەنجاکاندا، بەڵام هێشتا هەر کوڕ بوون.

ئەوە چارەنووستە ئەگەر کارەکەت بە باشی و ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە بکەیت، ئەو ڕێگەیەی کە گاندی گرتبووی بەبێ دوودڵی.

کارەکانم بە تەواوی نا ڕاستگۆیی و نادڵسۆزییەوە دەکرد.

چایخانە تا ڕادەیەک تاقیکردنەوەیەکی قووڵی دەوڵەمەندە. لەجیاتی سڕینەوەی لکەی سەر مێزەکان و خەڵووزوردکردن بۆ فرنەکە کاتەکانم لە

چایخانەی لاکسمانگار بە سەر دەبرد بە گوێگرتن لە میوانانی سەر مێزەکان، گوێم لە هەموو شتێک دەگرت کە دەیانگوت.
بڕیاری ئەوەم دابوو، بەوە تێگەیشتنم چووە پێشەوە، ئەوە شتێکی باشە کە بە خۆمی دەڵێم، هەمیشە بڕوای تەواوم بە فێربوون هەبووە بە تایبەت لە لایەن خۆمەوە.
خاوەن چایخانەکە لە پێشەوە لەژێر وێنەیەکی گەورەی گاندی دادەنیشت، شیلەکەی تێک دەدا کە لەسەرخۆ لەسەر ئاگرەکە دەکولا.
دەیزانی بۆچی هەڵدەستم!
هەرچی جارێک کە دەیبینیم کاتم بەفیڕۆ دەدا لە دەوری مێزێک یان وام نیشان دەدا کە پەڵەی سەر مێزەکە دەسڕمەوە بۆ ئەوەی گوێم لە گفتوگۆی زیاتر بێت، هاواری دەکرد " تۆ چەقۆکێش" پاشان لە جێی خۆیەوە بازی دەدا و بە کەوچکێکی قووڵی گەورەوە کە بۆ تێکدانی شیلە بە کاری دەهێنا، ڕاوی دەنام بە دەوری چایخانەکەدا و دەیکێشا بە سەرمدا.
ئەو شیلە سووتێنەرە کە بە کەوچکەکەوە بوو بەر هەرچی شوێنێکم بکەوتایە دەیسووتاند، کۆمەڵێ پەڵەی لەسەر گوێیەکانم جێ هێشتبوو. زۆر جار خەڵکی بە هەڵە تێدەگەشتن کە گەڕیوونە یان نەخۆشی پێستە.
تاکو ئێستاش تۆڕێک لەو پەڵە پەمەییە هەر ماوە و بۆتە نیشانەیەک بۆ ناسینەوەم، هەرچەندە پۆلیس پێی نەزانییوە. لە ئەنجامدا نێردرامەماڵەوە.
دوای ئەوە یەک کەسی تر کاری نەدامێ تەنانەت لە کێڵگەش لە لاکسمانگار . هەر لەبەر من بوو کیشان و دڵپیش هاتن بۆ دنبات بۆ ئەوەی هەڵیکم هەبێ بۆ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی کارێک وەک مرۆڤێکی جاڵجاڵۆکە.
خاوەنکارەکان لە گەشتەکانیاندا لە لادێوە بۆ شار لە لاکسمانگارەوە بۆ

دەلهی بە ژمارەیەک ناوچەی پیس و پڕ لە ژاوەژاودا تێدەپەڕین. هاتوچۆی شاری گەورە بەبێ هیچ ئاماژەیەک  بە مانای ڕاستەقینەی شار.
هەستنەکردن بە مێژوو نەخشەدانان و مەزنکردنەوە، شاری نیوەبرژاو دروست بووە بۆ پیاوی نیوەبرژاو. لە دنباد پارە لە هەوادا بوو باڵەخانەم دەبینی تەواوی لاکانی شووشە بوون پیاوەکانیان بە ددانی ئاڵتوونەوە هەروەها هەموو ئاڵتوون و شووشەکان لە کانی خەڵووزەکانەوە دەهاتن. لە دەرەوەی شار خەڵووز هەبوو، لە تاریکی زیاترت دەدۆزییەوە وەک لە شوێنەکانی تر. لەوانەیە زیاد لە هەموو شوێنێکی تر خەڵووزی لێ بێت.
کرێکارەکانی کان دەهاتن لە چایخانەکەی من نانیان دەخوارد، هەمیشە باشترین خزمەتیانم دەکرد. چونکە باشترین بەسەرهاتیان هەبوو بۆ گێڕانەوە. دەیانگوت  کانەکانی خەڵووز بە چەندان میل بەردەوام دەبن و درێژ دەبنەوە لە دەرەوەی شار، لە هەندێک شوێن لەژێر زەوی ئاگر دەسووتێ، دووکەڵەکەی دێتە دەرەوە بۆ هەوا.
بۆ سەدان ساڵ دەچێ ئەو ئاگرە بە بەردەوامی دەسووتێ!.
لەو چایخانەیەدا کە بە خەڵووز دروست کرابوو لەو شارەدا، کە مێزەکانم دەسڕییەوە گوێم لە گفتوگۆکان دەگرت، ژیانم گۆڕا.
دەزانی هەندێک جار وا بیر دەکەمەوە کە لەژیانمدا هەڵەم کردووە کە بوومەتە پیاوی کانی خەڵوز. جا پیاوی وەکو من و تۆ دەتوانین ببین بە چی تر ؟ سیاسی؟ ئەم ڕۆژانە هەمووکەسێک خاوەنی ئۆتۆمۆبیلە هەروەها دەزانی چەند دەدەن بە شۆفێرەکانیان"مانگی ١٧٠٠ ڕووپێ !".
پەڕۆکەم دانا و ڕام کرد بۆ لای کیشان، ناو فڕنەکەی پاک دەکردەوە، دوای مردنی باوکم کیشان ئاگاداریکردنی منی خستبووە ئەستۆی خۆی.

نامەویٚ ڕۆڵی ئەو بشارمەوە لە دروستکردنم کە ئەمڕۆ من چیم، بەڵام جورئەتی بە خاوەنکاربوونی نەبوو. پێی خۆشبوو لێم گەڕێ بۆ ئەوەی نوقمی ناو قوڕ بم.

کیشان گوتی " هیچ مەکە، نەنە گوتوویەتی بنوسێین بە چایخانەوە، ئێمەش دەلکێین بە چایخانەوە.

چووم بۆ هەموو ئەو شوێنانەی کە تاکسییەکانی لیٚ دەوەستان، بەچۆکدا دەهاتم و دەپاڕامەوە لە خەڵکی نامۆ و نەناس بۆ ئەوەی فێری لێخورینی ئۆتۆمۆبیلم بکەن، بەڵام کەسیان ئامادە نەبوون بە خۆڕایی فێرم بکەن.

بۆ ئەوەی فێری شۆفێری بم دەبوو ٣٠٠ ڕووپیٚ بدەم.

٣٠٠ڕووپیٚ !

ئەمڕۆ لە بانگەلور ئەوەندە خەڵکم دەست ناکەوێت کە ئیشەکەم پڕ بکاتەوە.

خەڵکی دێن و دەڕۆن. پیاوە باشەکان هەرگیز نامێننەوە.

تەنانەت بیرم کردووەتەوە کە لە ڕۆژنامەکاندا پڕوپاگەندەی بۆ بکەم.

**خاوەنکارێک لە بانگەڵور**

**دەگەڕێت بە دوای پیاوی زیرەکدا بۆ ئەوەی کارەکانی بۆ ڕاپەڕێنێت**

**هەر ئێستا داواکەت پێشکەش بکە!**

**کۆمەڵێک خەڵاتی سەرنجڕاکێشمان هەیە**

**وانەکانی ژیان و کاری گشتی بە خۆڕاییە!**

برۆ بۆ هەرچی باڕ و مەیخانەیەک لە بانگەلور و گوێبیستبە هەر هەمان شتت گویٚ لیٚ دەبێت.

بە تەواوی سەنتەری پەیوەندیمان بۆ پڕ نابێتەوە، ئەندازیاری سۆفتوێردی تەواومان بۆ پڕ نابێتەوە

بەڕێوەبەری فرۆشیاری تەواومان بۆ پڕ نابێتەوە
هەفتانە بیست بۆ بیستویەک لاپەڕە ڕاگەیاندن بڵاو دەبێتەوە دەربارەی پیشە.

لە تاریکیدا شتەکان جیاوازن، هەموو بەیانییەک دەیان هەزار لاو لە چایخانەکان دادەنیشن ڕۆژنامە دەخوێننەوە. لە ژوورەکانیان لەسەر چەرپایەکانیان پاڵ دەکەون و بە قورگیان ئاوازی هممم دەڵێن و لەگەڵ وێنەی ژنەئەکتەری نێو فیلمەکان گفتوگۆ دەکەن.

ئێستا بێکارن و هیچ کارێکیان چنگ ناکەوێ، کۆڵیان داوە لە بەرامبەر گەڕان بە دوای کاردا. ئەمانە وریاکانیانن.

گەمژەکانیان لە کێڵگەیەکی ناوەڕاست شار کۆ دەبوونەوە، جارجارە ئۆتۆمۆبیلی بارهەڵگر بەوێدا تێدەپەڕی، هەموو پیاوانی کێڵگەکە پەلەپەلیان بوو بچنە ناوی، دەستیان درێژ دەکرد و هاواریان دەکرد،" بمبە" " بمبە" ! هەموو پاڵیان پێوە دەنان منیش پاڵم پێوە دەنان بۆ پشتەوە.

بەڵام ئۆتۆمۆبیلە بارهەڵگرەکە تەنها حەوت، هەشت کەسی هەڵدەگرت، بەشەکەی ترمان لە دواوە دەماینەوە.

لە هەندێک شوێنی چاکسازیکردن یان چاڵ هەڵکەندن دەوەستاین، ئەو زۆڵانە بەختیان هەبوو.دوای نیو کاتژمێر لە چاوەڕوانی ئۆتۆمۆبیلێکی تر دەهات تێکەڵاوی و شەڕێکی تر، دوای شەڕی پێنجەم و شەشەم لە کۆتاییدا خۆم لە پێش قەرەباڵغیەکەدا دەبینییەوە ڕووبەڕوو لەگەڵ شۆفێرەکە. ئەو سیخ بوو، توربنێکی شینی گەورەی لە سەر بوو، گۆچانێکی داری گرتبووە دەستێکییەوە و جۆلانێی بە گۆچانەکەی دەستی دەکرد تاوەکو خۆی لە قەرەباڵغییەکە دەرباز بکات. هاواری کرد " هەمووتان!" تیشێرتەکانتان

داکەنن، دەبێت گۆی مەمکی هەموو ئەو پیاوانە ببینم پێش ئەوەی کاریان بدەمێ.
سەیری سنگی منی کرد و گۆیەکانی گووشی- کێشای بە قنگمدا و سەیرێکی چاوەکانمی کرد و گۆچانەکەی چەقاندە سەر ڕانم. " لەعنەتی، زۆر لاوازی". هەلێکم بدەرێ بەڕێز لەشم بچووکە بەڵام شەڕانییە، زەوییت بۆ هەڵدەدڕم، چیمەنتۆت بۆ ڕادەکێشم.
ئەملاولای بە گۆچانەکەی دەستی کرد و کێشای بە بناگوێی چەپمدا، کە کەوتم ئەوانی تر پەلەیان بوو شوێنەکەم بگرن،
لەسەر زەوی دانیشتم و دەستم بە گوێمدا دەهێنا، ئۆتۆمۆبیلە بارهەڵگرەکە ڕۆیشت و هەورێکی گەورەی تۆزوخۆڵی جێ هێشت، سێبەری هەڵۆیەک بەسەر لەشمدا تێپەڕی. دامە پرمەی گریان، دەفەرموو " پڵنگی سپی!".
کیشان و دڵپ لەسەر زەوییەکە بەرزیان کردمەوە. زەردەخەنەیەکی گەورە لەسەر دەموچاویان بوو. " هەواڵێکی خۆش!" نەنە ڕازی بووە کەوا پارەت بۆ بدرێ  بۆ وەرگرتنی وانەی شۆفێری".
کیشان گوتی تەنها شتێک هەیە، نەنە دەڵێت تۆ بەرازێکی بەتەماحیت.
دەیەوێ سوێند بە هەموو خوداکان بخۆی کە لە بەهەشت ئەوت بیر نەچێت کاتێکک کە دەوڵەمەند دەبیت."
" سوێند دەخۆم"
"ملت بگووشە و سوێند بخۆ- هەر ڕووپێ یەک پەیدای دەکەیت دەیدەیتەوە بە نەنە"

چووین بۆ ئەو خانووەی کە شۆفێرەکانی لێ دەژین. پیرەمێردێک بە جلی یەکپۆشی قاوەییەوە لە کۆنە سەرباز دەچوو بەو جلانەوە، نێرگەلەی دەکێشا کە بە قاپێک خەڵووز گەرمی دەکرد. کیشان باسی بارودۆخەکەی بۆ کرد.

پیرەمێردە شۆفێرەکە پرسیتی " لە چ خێڵێکن؟"

- " حەڵواچی "

پیرەمێردەکە سەری بادا و گوتی " دروستکەری شیرنەمەنی " ئێوە ئەو کارە دەکەن. شیرینی دروست دەکەن. چۆن فێری شۆفێری دەبن؟" بە نێرگەلەکەی ئاماژەی بۆ خەڵووزەکەی کرد. " وەکو ئەوە وایە خەڵووزم بۆ بێنی بۆ ئەوەی بەفرت بۆ دروست بکەم" چیلکەدارێکی بە دەستەوە بوو وەکو گێرێکی نەبینراو دەیجووڵاند، " لێخورینی ئۆتۆمۆبیل وەکو ئەوە وایە ئەسپێکی کێوی، ماڵی بکەیت— تەنها خێڵە کۆمەڵایەتییە جەنگاوەرەکان دەتوانن ئەمە بە ڕێوە ببەن، دەبێ گیانی شەرانگێزی لە خوێنتا هەبێت. موسڵمانەکان، ڕاجپۆتس، سیخ— ئەمانە شەڕکەرن دەتوانن ببنە شۆفێر. لەو بڕوایەدای حەڵواچی لەگەڵ کاری شۆفێریدا هەڵبکات؟"

خەڵووز فێر بوو کە بەفر دروست بکات. سبەینێ شەشی بەیانی دەست پێ دەکەین سێسەد ڕووپێ و پاداشتیش، دەیکەم.

لەناو تاکسی مەشق دەکەین،

هەرچی جارێ لە گێرگۆڕین هەڵەم بکردایە چەپۆکێکی دەکێشا بە سەرمدا."

بۆچی هەر لەگەڵ کاری شیرینی و چادا نامێنیتەوە؟

بۆ هەر کاتژمێرێک کە بە سەرم دەبرد لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەدا دەبوو دوو، سێ کاتژمێر لەژێری بوومایە، کردبوومی بە چاکەرەوەی خۆڕایی هەموو ئۆتۆمۆبیلەکانی وێستگەکە. هەموو ئێوارەیەک بە درەنگانەوە لەژێر

تەکسییەکەوە لەناکاو دەردەپەڕیمە دەرەوە، وەک بەرازێک کە لەژێر زێرابەوە دەرپەڕێت، دەموچاوی گریساویم ڕەش دەچووەوە. دەستەکانم دەبریسکانەوە بە ڕۆنی مەکینە، نوقمی ناو گەنگەی ڕەش بووم و بە شۆفێری دەرهاتمەوە. پیرەمێردەکە بەدەم وەرگرتنی سەد رووپیێ کەوە کە پێشتر بەڵێنم پێی دابوو وەکو پاداشت بیدەمێ، گوتی "گوێ بگرە"، پێی گوتم تەنها لێخوڕین بەس نییە، دەبێت ببی بە شوفێر، دەبێ بە دروستی هەڵسوکەوت بکەیت، تێگەیشتی؟ هەر کەسێک لەسەر شەقام ویستی پێشت کەوێت وا بکە، مشتی نووقاند چەند جارێک ڕایتەکاند، پێی بڵێ خوشک گایراو.

ڕێگاوبان جەنگەڵە، تێگەیشتی؟ شۆفێری باش دەبێ بنەڕێنێ بۆ ئەوەی پێش بکەوێت.

دەستی هێنا بە پشتما " تۆ لەوە باشتری کە پێشبینیم دەکرد، تۆ سەرسووڕهێنەری ئەی برادەری گەنج، پاداشتێکم هەیە بۆت".

ئێوارەیەکی کەمێک تاریکبوو بەناو دووکان و بازاڕەکاندا پیاسەمان دەکرد، نیو کاتژمێر پیاسەمان کرد، کاتێکک کە هەموو دەوروبەرمان تاریک داهات لەوە دەچوو کە کەوتبێتینە ناو یاریی ئاگرەوە. شەقامەکە پڕبوو لە دەرگا و پەنجەرەی ڕەنگاوڕەنگ، لە هەر دەرگا و پەنجەرەیەکەوە ژنێک بە زەردەخەنەیەکی گەورەوە تەماشای دەکردم، شریتی کاغەزی سور و ڕەنگ زیوینی ئەلەمنیۆم دەبریسکانەوە بەبنمیچەکانەوە. دەستفرۆشەکان لەمبەر و ئەوبەری شەقامەکە چایان کوڵاندبوو. چوار پیاو بە یەکجار، پەلەپەلیان لێمان دەکرد، پیرەمێردە شۆفێرەکە پێیانی گوت کە دەبێت دوور بکەونەوە لێم چونکە ئەوە یەکەمجارم بوو.

لێیان گەڕێ با لە پێشا خۆشی لەو دیمەنە ببینن، ئەمە باشترین بەشی ئەم یارییەیە، سەیرکردن- وا نییە؟

پیاوەکە هەنگاوێک چووە دواوە و گوتی " بە دڵنیاییەوە، بە دڵنیاییەوە " ئێمەش ئەمەمان لێی دەوێت- خۆشی!" لەگەڵ پیرەمێردە شۆفێرەکە دەڕۆیشتم بە دەمداپچڕاوی، دەمم داپچڕابوو بۆ هەر ژنێکی جوان. بێشەرمانە دەیانقیژاند و پێدەکەنین و هێرشیان دەهێنا بۆم، لە پشت پەنجەرە تەلبەندەکانەوە، هەموو لێم دەپاڕانەوە بۆ ئەوەی دەنووکمیان تێنێم.

پیرەمێردە شۆفێرەکە سرووشتی خستنەڕووی کەلوپەلەکانی بۆم ڕوون کردەوە لە سەرەوەی باڵەخانەیەک لە لێوار پەنجەرەکە بە شێوەیەک دانیشتبووین دەمانتوانی ڕانە بریسکەدارە بڕۆنزییەکانیان ببینین کە بە تەواوی بڵاویان کردبووەوە. کچە ئەمریکییەکان بە تەنوورەی کورت و پێڵاوی پاژنە بەرزەوە، جانتای پەمەیی بە دەستیانەوە و ناویان بە ئینگلیزی لەسەری. بەڕیزە یەک لە دوای یەک باریکەڵە و وەرزشەوان. بۆ ئەو پیاوانەی کە حەزیان بە جۆری ڕۆژئاوایی بوو، لەو گۆشەیەدا لە دەروازە کراوەکەی ماڵی ژنە نەریتیەکان قەڵەو و جلی سارییان لەبەر بوو بۆ ئەو کەسانەی کە نرخی پارەکانیان دەزانن.

خەسێنراوەکان لە پەنجەرەیەکەوە - هەرزەکارەکانیش لە پەنجەرەیەکی ترەوە، دەموچاوی کوڕێکی بچووک لەنێوان ڕانی ژنێکەوە دەرکەوت و دیار نەما. ڕووناکییەکە تیشکێکی کوێرکەر بوو. دەرگایەکی شین کرایەوە، چوار ژنی پێست کاڵی نیپاڵی بە چاکەتی سووری جوانەوە دەرکەوتن " ئەوانە" هاوارم کرد "ئەوانە! ئەوانە! ئەوانە! " پیرەمێردە شۆفێرەکە گوتی "باشە- منیش حەزم لەوەیانە و هەمیشە بیانییەکان هەڵدەبژێرم.

چووینە ژوورەوە و یەکێ لەو چوارەی هەڵبژارد، منیش ژنێکی تریان، هەر یەکەمان چووینە ژوورێکەوە، ئەو ژنەی کە من هەڵمبژارد دەرگاکەی لە دوامەوە داخست.

یەکەمجارمە!

دوای نیو کاتژمێر دوای ئەوەی کە من و پیرەمێردەکە بە دڵخۆشی و مەستی گەڕاینەوە بۆ ماڵەکەی،خەڵووزم خستە ناو نێرگەلەکەوە. نێرگەلەکەم بۆی هێنا، تەماشایم دەکرد مژێکی قووڵی پڕ لە ڕازیبوونی لێ دا و دووکەڵ لە کونە لووتییەوە هاتە دەرەوە.

"ئێستا چی؟ فێرم کردی ببی بە شۆفێر و بە پیاو، لەوە زیاتر چیت دەوێ."

"بەڕێز دەتوانی لە شۆفێرەکان بپرسی ئەگەر شۆفێریان پێویستە؟ سەرەتا بە خۆڕایی دەست پێ دەکەم، پێویستم بە کارێکە بیکەم."

پیرەمێردە شۆفێرەکە پێکەنی. " ئەی گەمژە چل ساڵە بێکارم چۆن بتوانم یارمەتیت بدەم؟ بڕۆ ونبە لە بەرچاوم."

بەو جۆرە، بەیانی ڕۆژی دواتر لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ دەڕۆشتم لە دەرگای ماڵە دەوڵەمەندەکانم دەدا و دەمپرسی ئەگەر کەسێکیان پێویستییان بە شۆفێرە، شۆفێری باش- خاوەن ئەزموون بۆ ئۆتۆمۆبیلەکانیان.

هەموو دەیانگوت نا. بەم شێوەیە کارت چنگ ناکەوێت. بۆ ئەوەی کارت دەستکەوێت دەبێت کەسێک بناسیت لەو خێزانانە. نەک بە لەدەرگادان و پرسیارکردن.

لە زۆربەی هند پاداشت نییە بۆ کردنی کاری سەربەخۆ، خاوەنشکۆ، ئەوە حەقیقەتێکی دڵتەنگکەرە.

هەموو  ئێوارەیەک بە ماندوویی دەگەڕامەوە ماڵەوە، خەریک بوو دەگریام، بەڵام کیشان دەیگوت بەردەوامبە لە هەوڵدان، لە کۆتاییدا هەر یەکێک دەبێت بڵێت بەڵێ. دە چووم دەگەڕام ماڵبەماڵ لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ لە کۆتاییدا دوای دوو هەفتە لە پرسیارکردن و پێوتن، کە بڕۆم ونبم لە بەرچاویان، گەیشتمە لای ماڵێک دیوارەکەی دە پێ بەرزبوو، پەنچەرەکانی شیشبەند کرابوون، فێڵبازێکی چاو خێلوخواری نیپاڵی بە ڕیشی سپییەوە لە دەروازەکەوە مۆڕ بووەوە لێم.

چیت دەوێ؟

یەکتۆز چییە حەزم بە جۆری پرسیارکردنەکەی نەکرد.

زەردەخەنەیەکی گەورەم بۆ کرد" بەڕێزم پێویستتان بە شۆفێر نییە؟ خاوەنی چوار ساڵ لە ئەزموونم.

لەم ماوەیەدا خاوەنکارەکەم کۆچی دوایی کرد منیش——"

نیپاڵییەکە گوتی، هەی لەعنەتی شۆفێرمان هەیە دەستەیەک کلیلی بە دەستەوە بوو سووڕانییەوە و  پێکەنی.

دڵم کەوتە خوارەوە، خەریکبووم بگەڕێمەوە،کەسێکم لای دەروازەکە چاو پێ کەوت، برادەرێک لە جلوبەرگێکی سپی شلوشاودا بوو، بەو ناوەدا دەهات و دەچوو، ونبووی ناو خەیاڵێکی قووڵ بوو.

بەڕێزم، سوێند بە خودا و سوێند بە هەر هەموو سی و شەش ملیۆنەکە و چواریان ئەو چرکەیەی کە ڕووخساریم بەر چاو کەوت زانیم ئەوە ئەو کەسەیە کە دەبێت کاری لا بکەم.

چارەنووسێکی نادیار ژیانی بەست بە منەوە، چونکە لەو کاتەدا تەماشای کردم.

دەمزانی دێ بۆ ڕزگارکردنم.

ئەوەی کە لەسەر منە  هەرچەندی کە بتوانم ئەو نیپاڵییە لەعنەتییە لە ڕێ لادەم، بەڕێزم من شۆفێرێکی باشم جگەرە ناکێشم، ناخۆمەوە، دزی ناکەم، ناپاکی ناکەم،

لەعنەتی، تێناگەیت؟ بێڕێزی بە خودا ناکەم، بێڕێزی بە خێزانەکەم ناکەم.

چیتە برۆ یەکسەر ونبە.

بە خراپە باسی خاوەنکارەکەم ناکەم، دزی ناکەم، کفر ناکەم.

لەو کاتەدا دەرگای ماڵەکە کرایەوە بەڵام ئەو پیاوەی سەر شۆستەکەی لێ نەبوو، پیاوێکی بەتەمەنتر جووتێ سمێڵی گەورە و سپیی پڕی هەبوو، نووکەکانی تیژ و چەمابوونەوە بۆ ناوەوە.

لە نیپاڵییەکەی پرسی"ڕام باهادور، چییە، چی لە ئارادایە؟

"گەورەم  دەپاڕێتەوە. دەپاڕێتەوە بۆ پارە."

کەوتمە سەر چۆک

بەڕێزم من خەڵکی گوندەکەی ئێوەم، خەڵکی لاکسمانگار! ئەو گوندەی نزیک قەڵا ڕەشەکە! گوندەکەی ئێوە!"

پیاوە بەتەمەنەکە لەقلەق بوو، لێم ڕا ما بۆ ماوەیەکی درێژ و دوایی بە چاودێرە نیپاڵییەکەی گوت " لە کوڕەکە گەڕێ با بێتە ژوورەوە"  هێی، هەر کە دەرگاکە کرایەوە یەکڕاست بازم دایە سەر پێیەکانی لەقلەق، هیچ ڕاکەرێکی ئۆلۆمپیک نەیتوانیوە هێندەی من خێرا ڕا بکات، وەکو ئەوەی کە من لە نێوەندی دەرگاکەدا کردم.

نیپاڵییەکە بە هیچ جۆرێک هەلی ئەوەی نەبوو پێشم پێ بگرێت. دەبوو ئەو ڕۆژە منت بدیبایە چ نمایشێک بوو لە قیژە و ماچ و فرمێسک ! لەو بڕوایەدا دەبووی کە لە خێڵی ئەکتەرە نمایشکەرەکان بم هەموو ئەو کاتە کە

پێیەکانی لەقلەقم گرتبوو ڕا مابووم لە نینۆکە گەورە و پیسە نەبڕاوەکانی پەنجەی پێی و بیرم دەکردەوە ئەمە چی  دەکات لە دنباد، بۆ ناگەڕێتەوە بۆ جێگەکەی خۆی و قۆڵی ماسیگرەکان ببڕێ و سواری کچەکانیان بێت.
گوتی هەستە کوڕم نینۆکەکانی پێی درێژ و گەورە بوون ڕوومەتیان برینداد کردم. بەڕێز ئاشۆک- ئەو پیاوەی کە لە دەروازەکەبوو لە لایەوە وەستابوو لەو کاتەدا.
بە ڕاست تۆ خەڵکی لاکسمانگاری؟
"بەڵێ بەڕێزم لە چایخانە کارم دەکرد- ئەوەی کە وێنەیەکی گەورەی گاندی لێیە. لەوێ کاری شکاندنی خەڵووزم دەکرد، جارێکیان بۆ چاخواردنەوە هاتیت."

چاوەکانی نووقاند" ئا... لادێ کۆنەکە. خەڵکی ئەوێ هێشتا هەر منیان لە بیرە؟ سێ ساڵ تێپەڕیوە بەسەر ئەو کاتەی کە لەوێ بووم." بە دڵنیاییەوە بەڕێز- خەڵکی دەڵێن، باوکمان ڕۆیشت، تاکورڕاندیف [6] ڕۆیشت. باشترین خاوەنسامان ڕۆیشت، ئێستا کێ پارێزگاریمان لێ بکات؟ لەقلەق بە بیستنی ئەوە دڵخۆش بوو، ڕووی وەرگێرا بۆ لای بەڕێز ئاشۆک.
"با بزانین چەند باشە. بانگی مووکێش یش بکە با بچین بسووڕێینەوە."
دوایی زانیم کە چەند بەختەوەر دەبم. بەڕێز ئاشۆک ڕۆژێ پێشتر لە ئەمریکا گەڕابووەوە، ئۆتۆمۆبیلێکی بۆ کڕدرابوو. دوو ئۆتۆمۆبێلی تریش لە گەراج بوو، یەکێکیان ستاندار مارگوتی سوزوکی، ئەو ئۆتۆمۆبیلە بچووکە سپییە کە لە سەرانسەری هند دەبینرێت. دووەمیان ئۆتۆمۆبیلی هۆندا ستی.
ئۆتۆمۆبیلە مارۆتییە بچووک و سادەکە، خزمەتکارێکی بەوەفایە بۆ شۆفێر، هەر کە کلیلەکەی دەخەیتە سەر هەرچییەک کە شۆفێر خوازیارییەتی ئەوە

6تاکور ڕاندیف شاعیر و فەیلەسوفی هیندی لەشاری کالکوتا لە ١٩١٣ خەلاتی نۆبلی پێبەخشرا

دەكات. بەڵام ئۆتۆمۆبیلی هۆندا ستییەکە داهێنراوێکی پێشکەوتووتر و گەورە و تایبەتمەندێتی دیاریکراوە، لەگەڵ مێشکی خۆیدا کار دەکات سوکانی بەهێزی هەیە، مەکینەکەی پێشکەوتووە، ئەوە دەکات کە دەیەوێت، هەرچەندە زۆر شڵەژابووم لەوەی ئەگەر لەقلەق پێی بگوتمایە لەناو هۆندا سپییەکە تاقیم بکاتەوە، ئەوە کۆتایی من دەبوو، بەڵام بەخت یارم بوو، داوایان کرد کە مارگوتی سوزوکییەکە لێبخوڕم. لەقلەق و بەڕێز ئاشۆک چوونە پشتەوە، کوڕە ڕەشتاڵە و لاوازەکەی تری لەقلەق، بەڕێز مووکێش داوایان دەکرد کە چی بکەم.

چاودێرە نیپاڵییەکە بە دەموچاوە ڕەشتاڵەییەکەیەوە سەیری دەکرد کە ئۆتۆمۆبیلەکەم لە دەرگاکە هێنایە دەرەوە بۆ ناو شاری دنباد. نیو کاتژمێر ئۆتۆمۆبیلەکەیان پێ لێخوڕیم، دوایی داوای گەڕانەوەیان لێ کردم.

پیرەمێردەکە بەدەم دابەزینەوە لە ئۆتۆمۆبیلەکە گوتی " خراپ نییە" برادەرێکی باش و بەئاگایە، جارێکی تر پێم بڵێ نازناوت چییە " حەڵواچی " "حەڵواچی ...!" ڕووی وەرگێڕا بۆ لای پیاوە ڕەشتاڵەکە "ئەوە چ خێڵێکە لە چینەکانی سەرەوەن یان خوارەوە؟"

دەمزانی داهاتووم دەکەوێتە سەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە.

---

دەبوو یەک-دوو شت ڕوون بکەمەوە دەربارەی خێڵ، ئەم وشەیە تەنانەت بۆ هندییەکان خۆشیان ئاڵۆزە بە تایبەت بۆ خەڵکی ڕۆشنبیری شارەکان. کاتێکک کە باسی دەکەن هەمووی تێکەڵوپێکەڵ دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئاسانە.

با لە خۆمەوە دەست پێ بکەم.

سەیرکە:حەڵواچی  کە نازناوەکەمە واتە وەستای حەڵوا، ئەو نازناوە چارەنووسمە. هەرچی کەسێک لە تاریکی کە گوێی لەمە دەبێت یەکسەر هەرچییەک هەیە دەربارەم دەیزانێت، بۆیە من و کیشان کە دەچینە دووکانی شیرنەمەنی کارمان دەست دەکەوێت، خاوەن دووکانەکە پێمان دەڵێت "ئۆو ئەمانە حەڵواچین، دروستکردنی حەڵوا و چا لە خوێنیاندایە".

بەلآم ئەگەر ئێمە حەڵواچین ئەی بۆچی باوکمان شیرینی دروست نەدەکرد بەڵکو عەرەبانچی بوو؟ بۆچی گەورە بووم بۆ خەڵووزشکاندن و مێزسڕینەوە، لەجیاتی ئەوەی حەڵوای هیندی و شیرنەمەنی بخۆم لە هەرچی کات و شوێنێکدا؟ بۆچی من ڕەشتاڵە و لاوازم نەک قەڵەو و پێستکرێمی و قۆز و زەردەخەناوی، وەکو کوڕێک کە پەروەردەی ناو شیرنەمەنی بێت؟

سەیری ئەم وڵاتە بکە لە ڕۆژە مەزنەکانیدا کاتێکک کە دەوڵەمەندترین وڵاتی دنیا بوو، وەکو باخچەی ئاژەڵان بوو. باخچەیەکی پاک و ڕێک،هەموو کەسێک دڵخۆش و لە شوێنی خۆیدا بوو. ئاڵتوونچی لێرە، گاوان لەوێ، ساماندارەکان لەوێ. حەڵواچی  شیرینی دروست دەکرد. ئەوەی نازناوی مانگای پێوە بوو مانگای بەخێو دەکرد.

پاشەڕۆیەک کە دەکرا دەستی لێ بدرێت، پاک دەکرایەوە، ساماندارەکان میهرەبان بوون لەگەڵ وەرزێرەکان. ژنەکان سەریان بە توول دادەپۆشی، چاویان دادەگرت بۆ سەر زەوی کاتێک کە لەگەڵ پیاوێکی نامۆ دەدوان.

دوای ئەوە دەبێ سوپاسگوزاری سیاسەتمەدارەکان بین لە دەلهی  لە پانزەی مانگی هەشتی ١٩٤٧ ئەو ڕۆژەی کە بەریتانییەکان ڕۆیشتن، قەفەزەکان کرانەوە و ئاژەڵەکان هێرشیان کردە سەر یەکتر و یەکترییان بریندار کرد.

یاسای جەنگڵ شوێنی یاسای باخچەی ئاژەلآنی گرتەوە.

ئەوانەی کە کێوی و دڕندە و برسیتر بوون ئەوانی تریان هەموو دەخوارد و ورگی خۆیان گەورە دەکرد، ئەوەی ئێستا جێگەی گرنگی پێدانە قەوارەی ورگە. گرنگ نەبوو ئەگەر پیاو بوویتایە یان ژن، موسڵمان یان کەسێک کە نەدەتوانرا دەستی لێ بدرێت، ئەوەی ورگن بووایە دەیتوانی هەستێ.بە ڕاستی باوکی باوکم حەڵواچی بوو، بەڵام کاتێک کە دووکانەکەی بوو بە وەرەسە ئەندامی خێڵێکی تر بە یارمەتی پۆلیس لێی دزی.باوکم ورگی نەبوو بۆ ئەوەی شەڕی پێ بکات، بۆیە کەوتە ناو قوڕەوە بۆ ئاستی عەرەبانچێتی. بۆیە فێڵ لە چارەنووسم کرا و ڕێم لێ گیرا لەوەی قەڵەو ببم و پێستم کرێمی ببێت و زەردەخەناوی ببم.

بە کورتی لە ڕۆژانی ڕابردوودا بە دەیان خێڵ و چارەنووس هەبوون لە هند، لە ئێستادا تەنها یەک- دوو خێڵ هەیە. پیاوانی ورگزل و پیاوانی ورگبچووک، وە تەنها دوو چارەنووس هەیە خوراو و بخۆر.

---

پیاوە ڕەشتاڵەکە- بەڕێز مووکێش ی برای بەڕێز ئاشۆک- نەیتوانی وەڵام بداتەوە، پێم گوتی کە خەڵکی شار هیچ شتێک لەبارەی سیستەمی خێڵەوە نازانن، یەکسەر لەقلەق ڕووی وەرگێڕا بۆ لای من و پرسیتی.

"کوڕە تۆ لە چینی سەرەوەی یان خوارەوە؟".

نازانم چی لێم دەویست بۆیە هەردوو وەڵامەکەم سەرەوقلّپ کردەوە و گوتم "ژێرەوە بەڕێزم." ڕووی وەرگێڕا بۆ لای بەڕێز مووکێش، پیرەمێردەکە گوتی هەموو کرێکارەکانمان سەر بە چینی سەرەوەن، خراپ نییە ئەگەر یەک- دوویەکمان لە چینی خوارەوەش هەبن، کارمان بۆ بکەن.

بەڕێز مووکێش  بە چاوە قووڵەکانی تەماشایەکی کردم. ڕێگەکانی  لادێیی نەدەزانی بەڵام فیلّی ساماندارەکانی هەموو دەزانی.

"دەخۆیتەوە؟"

نەخێر بەڕێزم لە خێلّی ئێمە هەرگیز ناخۆینەوە.

بەڕێز ئاشۆک بە زەردەخەنەوە گوتی حەلّواچی... تۆ شیرینی دروست دەکەی؟ دەتوانی پاش شوفێری بۆمان دروست بکەیت؟.

"بە دلّنیاییەوە بەڕێزم. زۆر بە باشی لێی دەنێم و شیرینی بەتام دروست دەکەم. گولّان جەمون، لادوز، هەرچی شتێکی تر کە تۆ ئارەزووت لیَ بێت".

گوتم چەندین سالّ لە چایخانە کارم کردووە.

بەڕێز ئاشۆک پێکەنینی بەوە هات و گوتی.

"تەنها لە هند،"" شۆفێرەکەت دەتوانیَ شیرینی دروست بکات تەنها لە هند. لە سبەینێوە دەستبەکاربە."

بەڕێز مووکێش  گوتی وا بە پەلەش نا" دەبیَ لە پێشدا پرسیاری خێزانەکەت بکەین.

چەند کەسن، لە کویَ دەژین، هەموو شتێک و شتێکی تریش: چەندت دەوێت؟"

تاقیکردنەوەیەکی تریش.

"بە دلّنیاییەوە هیچ بەڕێزم. ئێوە وەک و دایک و باوک وان چۆن بتوانم داوای پارە لە دایک و باوکم بکەم؟"

گوتی "مانگی هەشتسەد ڕووپیَ."

نا بەڕێزم تکایە-ئەوە زۆرە نیوەی ئەوەم بدەریَ، ئەوە بەسە. زۆریشە "ئەگەر بتهێلّینەوە دوای دوو مانگ ئەگاتە هەزاروپێنجسەد".

ڕازی بووم بەو برە پارەیە،

خۆم وا دەرخست کە ناچارکراوم ڕازی بم.

بەڕێز مووکێش هێشتا هەر متمانەی پێم نەبوو. سەیرێکی کردم لە سەرەوە بۆخوارەوە و گوتی" مندالە. پێویستمان بە کەسێکی بەتەمەنتر نییە؟"

لەقلەق سەری بادا "بە مندالی وەریان بگرە بۆ ئەوەی لە ژیانتدا بۆت بمێننەوە .ئەگەر شۆفێرێکی تەمەن چل سال بێنیت، چەنێک خزمەتت دەکات،بیست سال خزمەتت دەکات و چاوەکانی بێهێز دەبن. ئەم دەتوانێ سی بۆ سیوپێنج سال خزمەتت بکات. ددانەکانی بەهێزن، قژی دەبڕێت، شێوەیەکی باشی هەیە".

مژی لە شەربەتە تەنبولەکە دا، دەمی پڕ کرد، دوایی سووڕایەوە شلەیەکی سووری تفاندەوە.

پێی گوتم کە دوو ڕۆژی تر بگەڕێمەوە.

دەبێ لە ڕێی تەلەفۆنەوە پەیوەندی کردبێت بە پیاوەکەیەوە لە لاکسمانگار. ئەو پیاوەیش بچێت لەگەل کوسوم بدوێت. هەوالمان بپرسێت لە دراوسێکان و دوایی تەلەفۆنی بۆ بکاتەوە:

"لە خێزانێکی باشە، هیچ کاتێک کێشەیان دروست نەکردووە. باوکی عەرەبانچی بووە، چەند سالێکە بە نەخۆشی سیل کۆچی دوایی کردووە. برایەکیشی لە دنبادە لە چایخانە کار دەکات، هیچ مێژوویەکی لە لایەنگریکردن لە ناکسال و تیرۆریستەکانی تریان نییە، ئەم شوێن و ئەوشوێنیان نەکردووە بە تەواوی دەزانین لە کوێ دەژین".

دوابەشی زانیارییەکانی زۆر گرنگ بوو. دەبوو بە تەواوی ئەوە بزانن کە خێزانەکەم هەموو کات لە کوێ ژیاون.

هێشتا باسی ئەوەم بۆت نەکردووە کە گامێش چی  بەسەر خزمەتکاری ماڵەکەیدا هێنا. ئەوەی کە دەبووایە چاودێری کوڕە بچووکەکەی بکردایە کە ناکسالییەکان[٧] فڕاندیان و ئازاریان دا و دوایی کوشتیان. خزمەتکارەکەی یەکێک بوو لە خێڵی ئێمەی حەڵواچی، بەڕێز. جاریٚ دوو جارم بینیوە کاتێکک کە منداڵ بووم.

خزمەتکارەکە گوتبووی هیچی پیٚ نەکراوە لەگەڵ فڕاندنەکەیدا؛ بەڵام گامێش بڕوای پیٚ نەکردبوو. چوار لە پیاوەکانی خۆی بەردایە گیانی و ئەشکەنجەیەکی زۆریان دابوو، پاشان گوللەیان نابوو بە سەرییەوە.

تەواو دادپەروەرانەیە کە هەمان شت بکەم بە کەسیٚ کە لیٚ گەڕاوە کوڕەکەم بڕفێنرێت.

دوایی، لەبەر ئەوەی گامێش دڵنیا بوو لەوەی کە پیاوەکە بۆ پارە وای کردووە کە منداڵەکە بڕفێنرێت، دوای خێزانی خزمەتکارەکە کەوتبوو.

برایەکی نێردرابوو بۆ ئەوەی ماوەیەک لە کێڵگەدا کار بکات، لێی درا تاکو گیانی لە دەست دا. برای ژنەکەی لە لایەن سیٚ پیاوەوە کوژرا.کە لەگەڵیدا کاریان دەکرد. خوشکەکەیان کە هێشتا شووی نەکردبوو، کۆتاییان بەویش هێنا. دواییش ماڵەکەیان کە خێزانەکەی تێدا دەژیا لە لایەن چوار پیاوی دیاریکراوەوە گەمارۆ درا و ئاگری تێبەر درا.

ئێستا بەڕێزم کیٚ دەیەوێت ئەمە بە سەر خێزانەکەیدا بێت؟ چ خوێنڕێژێک، نامرۆڤێک دەیەوێت نەنک و براو ئامۆزاکانی بەرەو مەرگ ڕاپێچ بکات.

لەقلەق و کوڕەکانی دڵنیا بوون لە ئەمەکدارییم، بۆیان.

---

٧ گروپێکی چەکدارن لە هندستان، بە بیروڕا ماوین. و

که گەڕامەوە چاودێرە نیپاڵییەکە دەرگاکەی کردەوە بێ ئەوەی وشەیەک بڵێت، چوومە ناو کۆشکەکەوە.

لە پەیوەند بە گەورەکانمەوە بەڕێز ئاشۆک و مووکێش و لەقلەق نۆ لە دەدا گوزەرانیان باشتربوو، هەمیشە ئەوەندە خواردن هەبوو کە بەشی خزمەتکارەکان بکات.ڕۆژانی یەکشەممە خواردنی تایبەتت دەست دەکەوت. پارچەی بچووک بچووکی مریشکی بێ ئێسک تیکەڵ بە برنج دەکرا. هەرگیز لە ژیانمدا بە ڕێکی مریشکم نەخواردبوو تا ئەو کاتە، وات لێ دەکەن هەست بکەیت کە پادشایت. خواردنی مریشک یەکشەممە لە دوای یەکشەممە، لیستنەوەی پەنجەکانت، ژوورێکی ڕاخراو هەبوو کە تیایدا بخەوم.

ڕاستە هاوبەش بووم لەگەڵ شوفێرێکی تردا.لە کەسێکی بەد دەچوو، ڕام پرساد بوو، تەختەخەوێکی گەورە و جوانی هەبوو. لە کاتێکدا دەبوو من لەسەر زەوی بخەوم. هەرچۆنێک بێت ژوورێکی ڕاخراو بوو. ژووری ڕاخراو زۆر لەوە باشترە کە لەسەر شەقام بخەویت، هەر وەکو من و کیشان هەمیشە وامان دەکرد کە لە دنباد بووین. لە سەرووی هەموو ئەمانەوە شتێکم دەست کەوت، ئێمەیەک کە لە تاریکیدا گەورە ببووین و بە شتێکی گرنگمان دەزانی، ئەویش یەکپۆش بوو، یەک پۆشێکی ڕەنگ خاکی.

ڕۆژی دواتر چووم بۆ بانک- ئەوەیان کە دیوارەکانی هەر هەموو لە شووشە دروست کرابوو. لە هەموو لایەکەوە خۆمم دەبینی، سەرتاپا ڕەنگی خاکی. دەرزەنێک جار بە بەردەم بانکەکەدا هاتم و چووم و سەیری خۆمم دەکرد. ئەگەر تەنها فیکەیەکی ڕەنگ زیوینیشیان بدایە پێم ئیتر لە بەهەشتدا دەبووم.

مانگی جارێک کیشان دەهات بۆ بینینم.

کوسوم بڕیاری دابوو کە بتوانم مانگانە نەوەت ڕووپێ  بۆ خۆم هەڵگرم و بەشەکەی تری یەکسەر بدەمە کیشان و یەکسەر بینێرێت بۆی، بۆ لادێ.
هەموو مانگێ لە نێوەندی ئاسنە ڕەشەکانەوە پارەکەم ئەدا پێی. بۆ چەند چرکەیەکی کەم دەدواین، پێش ئەوەی نیپاڵی بنەڕێنێ و بڵێ ئەوەندە بەسە ئەو کوڕە ئیشی هەیە دەبێت بیکات!"
ئیشی شۆفێری دووەم ئاسان بوو، ئەگەرشۆفێری یەکەم ڕام پارساد سەرقاڵی لێخوڕینی هۆندا سپییەکە بووایە بۆ گەڕاندنی سەرۆکەکەی بەدەوری شاردا. دەبوو یەکێکیش لە ماڵەوە بێت  بۆ ئەوەی بچێت بۆ بازاڕ،  بۆ کانی خەڵووز یان بۆ وێستگەی شەمەندەفەر. چوومە ناو مارۆتی سوزوکییەکەوە و گەیاندیانم. وا نەبووایە دەبوو لە دەوروبەری ماڵ بمامایەتەوە و کارێکی سوودبەخشم بکردایە.
ئێستا دەڵێم وەکو شۆفێری خۆیان منیان برد.
بە تەواوی نازانم ئێوە چۆن کارەکانتان لەگەڵ خزمەتکارەکانتان ڕێک دەخەن،  بەڵام لە هندستان یان هیچ نەبێت لە تاریکی، دەوڵەمەندەکان شۆفێر و چیشتلێنەر و سەرتاش و بەرگدروویان نییە، زۆر بە سادەیی خزمەتکاریان هەیە.
مەبەستم ئەوەیە ئەو کاتانەی  کە ئۆتۆمۆبیلم لێ نەخوڕییایە دەبوو حەوشەکەم گسک بدایە. چام لێبنایا، تۆڕی جاڵجاڵۆکەم پاک بکردایەتەوە بە گسکی درێژ یان بە دوای مانگادا ڕام بکردایە کە دەردەچووە دەرەوە.
تەنها شتێک کە نەدەبوو بیکەم دەستدان بوو لە هۆندا ستێکە تەنها ڕام پرساد بۆی هەبوو لێیبخوڕێ و پاکی بکاتەوە. ئێواران سەیرم دەکرد بە

پارچە پەڕۆیەکی نەرم ئەو ئۆتۆمۆبیلە جوانەی دەشوشت. لە ئیرەییدا دەسووتام.
تەنانەت کەلە دەرەوەش سەیرم دەکرد ئۆتۆمۆبیلی مۆدرن و باش بوو.
هەموو پێویستییەکی ئیسراحەتی تێدا بوو.
سیستەمی دەنگ و ئەی سی و کوشنەکانی چەرمێکی بریسکەداری جوان بوون. قاپێکی گەورەی ستیل لە پشتەوە بۆ تفتێکردن. ئۆتۆمۆبیلی وا جوان بۆ لێخوڕین، دەبێ بەهەشت بێت، ئەوەی کە من هەمبوو سوزوکییەکی کۆنی لێدراو بوو.
ئیوارەیەکیان بینیم بەڕێز ئاشۆک هات و لووتی نا بە ئۆتۆمبیلەکەوە، بۆم دەرکەوت کە حەزی لێیە لە شت بکۆڵێتەوە، ئەوە بۆچییە؟ ئەو شتە بریسکەدارەی پشتەوە
بەڕێز ئەوە قاپێکە بۆ تفتێکردن.
"چیی ؟"
ڕام پرساد بۆی ڕوون دەکردەوە ئەمە قاپی تفی لەقلەق بوو، حەزی لە جوینی پان٧ دەکرد
بەڕێز ئاشۆک گوتی " شتێکی قێزەونە".
هەواڵی شتێکی تری پرسی لەو کاتەدا ڕۆشانی کوڕی بەڕێز مووکێش بە ڕاکردن هات بۆ لامان، شەمشەمەکوێرەیەکی لاستیکی بە دەستەوە بوو لەگەڵ تۆپێک. ڕام پرساد بە چەقەنەلێدانێک.
( ئەگەر یاری تۆپێن لەگەڵ هەر کوڕێکی بەنازدا بکرێت لە ماڵەکەدا دەبێت بهێڵرێ ئەو براوە بێت بە هەموو جوانییەکەوە- ئەوە یەکێکە لە ئەرکەکانی شۆفێری ژمارە دوو.)

بەڕێز ئاشۆک وەکو گۆلچی پەیوەست بوو بە یارییەکەوە.

هەرجی جارێک لە کوڕەبەنازەکەم بدایا کە شەش یان چوار جار لێم دا.

هاواری دەکرد بە خۆت بڵێ گاڤەسکارئەزهەردین موسڵمانە.

ئەوە لەقلەق بوو هات بۆ حەوشەکە بۆ ئەوەی سەیر بکات.

بەڕێز ئاشۆک گوتی " بابە، هەرچی شتێکی هیچوپووچ  کە هندۆس بیلێت یاخود موسڵمان، جیاوازی چییە"؟

لەقلەق گوتی ئۆهۆ لە ئێوەی گەنج و ئایدیا مۆدێرنەکانتان.

دەستی خستە سەر شانم و گوتی "ببورە ڕۆشان دەبێ شۆفێرەکەتان لێ ببەم، کاتژمێرێکی تر بۆتانی دەهێنمەوە، باشە؟"

لەقلەق شۆفێری ژمارە دووی بۆ ئیشی تایبەت بە کار دەهێنا.

پێیەکانی خراپ بوون دەماری شینیان تێدا بوو.

دکتۆر پێی گوتبوو کە ئێواران لە حەوشەکەدا دابنیشێت و پێیەکانی بخاتە ناو ئاوی گەرمەوە و لە لایەن خزمەتچییەکانەوە بشێلرێت. دەبوو بچم لەسەر تەباخەکە ئاوی بۆ گەرم بکەم و بیبەم بۆ حەوشەکە،  پێیەکانی ئەو پیرەمێردە یەک لە دوای یەک بەرز بکەمەوە و نوقمی ناو ئاوە گەرمەکەی بکەم و دوایی بە ئارامی هەردووکی بشێلم. هەر کە ئەمەم دەکرد چاوەکانی دەنووقاند و دەکەوتە ناڵەناڵ. دوای نیو خولەک دەیگوت" ئاوەکە سارد بووەتەوە"  دەبوو هەر جارەی پێیەکی هەڵگرم و دەریبێنم لە تەشتەکە، تەشتەکە هەڵگرم و بیبەم بۆ گەرماوەکە.

ئاوەکەی ناوی ڕەش و بۆر دەبووەوە و پێستی مردوو دەهاتنە سەرەوە بۆ سەر ئاوەکە.دەبوو تەشتەکە پڕ بکەمەوە لە ئاوی پاک و گەرم و بیهێنمەوە.

لەو کاتەدا کە دەمشێلا هەردوو کوڕەکەی کورسییەکانیان ڕاکێشا و لای باوکیانەوە دانیشتن بۆ قسەکردن.
ڕام پرساد بوتڵێکی پڕی لە خواردنەوەیەکی ڕەنگئاڵتوونی هێنا بەتاڵی کردە ناو سێ گڵاسەکەوە و بەفری تێ کرد. گڵاسەکانی دایە دەستیان. کوڕەکان چاوەڕێی باوکیان بوون کە یەکەم قومی لێ بدا و بڵێ ئاه...ویسکی،
چۆن ئەم وڵاتە بژێنینەوە بەبێ تۆ دوای ئەوە قسە دەستی پێ کرد هەرچەند پەلەیان دەکرد لە قسەکردن منیش پەلەم دەکرد لە شێلان.
قسەکانیان دەربارەی سیاسەت و خەڵوز و وڵاتەکەی تۆ بوو-چین.
هەرچۆنێک بوو ئەو شتانە (سیاسەت و خەڵووز و چین) یان دەبەست بە سەروەت و سامانی خێزانەکەی لەقلەقەوە.
بە ترسەوە درکم بە چارەنووسی خۆم کرد. تا ئەو کاتەی کە بەشێک بووم لەو خێزانە. بەستیانەوە بە سێ شتەوە، قسەکردن لەسەر خەڵووز و چین تێکەڵ کرا بە بۆنی ویسکی ناو گڵاسەکەوە و بۆنی پێیە ئارەقاوییە تۆکهەڵدراوەکانی لەقلەق کە لە ئاوەکەدا نوقم ببوون. شەقە هێواشەکانی پێڵاوەکانی بەڕێز ئاشۆک و مانگوس کە دەجووڵانەوە و دەیانکێشا بە پشتمدا. هەموو شتێکم قبوڵکردوهەڵمژی ,
ئەوە سەرسووڕهێنەرترین شتەلە خزمەتکاردا وەکو ئیسفەنجین هەڵدەمژین و گەشە دەکەین.
لەناکاو کێشرا بە سەرما.
سەرم هەڵبڕی دەستەکانی لەقلەق هێشتا هەر بەرز دەبوونەوە بۆ کێشان بەسەر کەللەسەرمدا، لێم ڕا مابوو "دەزانی ئەوە لەبەر چی بوو؟"
بە زەردەخەنەیەکی گەورە کە دروستم کرد لەسەر دەموچاوم

گوتم بەڵێ بەڕێزم

"باشە."

دوای چرکەیەک دیسان کێشایەوە بە سەرما.

"بابەپێی بڵێ هۆی ئەوە چییە؟ بڕوا ناکەم بزانێت.کوڕە تۆ زۆر بەهێز دەیشێلیت، زۆر بەپەلەیت، باوکمت بێزار کرد لەسەرخۆبە."

بەڵێ بەڕێزم.

"بابە دەبێت لە خزمەتکار بدەیت؟"

ئەمە ئەمەریکا نییە کوڕم پرسیاری لەم جۆرە مەکە.

"بۆ ناشتوانم پرسیاری لەم جۆرە بکەم؟"

چاوەڕوانی شتی وامان لێ دەکەن، ئاشۆک-باش بزانە-ئاوها ڕێزمان دەگرن."

پینکی خان هەرگیز خۆی نەدەخستە ناو ئەم باسانەوە، یاری ڕیشە نەبێت لەگەڵ ڕام پرساد بە چاوێلکەی ڕەشەوە.هەرگیز ژوورەکەی جێ نەدەهێشت، سەرم سووڕمابوو کە چییەتی، ئایا شەڕی بووە لەگەڵ مێردەکەی، ئایا باش پێوەی نانوسێ لەسەر جێی خەو؟

لەقلەق گوتی "ئاوەکە سارد بووەوە،" بۆ دووەمجار پێیەکانیم دەرهێنا لە تەشتەکە، کارەکەم تەواو کرد.

ئاوە ساردەکەم ڕژاندە ناو دەستشۆرەکەوە.

دە چرکە دەستەکانم شۆری و وشکم کردەوە، دیسانەوە شۆریم، بەڵام شتێک نەگۆڕا، گرنگ نییە چەند جار دەستت بشۆی، دوای ئەوە کە پێی ئەو پیاوە بشێلی بۆنی ئەو پێستە هەڵدراوە کۆنە تەواوی ڕۆژەکە لەسەر پێستت دەمێنێتەوە.

تەنها چالاکییەک کە خزمەتکاری ژمارە یەک و دوو بەیەکەوە بیکەن هیچ نەبێت یەک جار لە هەفتەدا نزیک کاتژمێر شەش. من و ڕام پرساد ماڵمان بە جێ هێشت و چووین بۆ ڕێگە سەرەکییەکە تاکو گەیشتینە دووکانەکە. کە هێمایەکی لەسەر بوو دەیگوت.

**دووکانی خواردنەوەی ئینگلیزی "جاکپۆت".**

**لێرەدا خواردنەوەی بیانی، دروستکراوی هندی دەفرۆشرێت.**

بەڕێز جیاباو ئەبێ بۆتی ڕوون بکەمەوە کە لەم وڵاتەدا دووجۆر پیاومان هەیە پیاوانێک کە خواردنەوەی هندی دەخۆنەوە.. پیاوانێکیش خواردنەوەی ئینگلیزی دەخۆنەوە. خواردنەوەی هندی بۆ کوڕانی لادێیی وەکو منە، عەرەقی تۆدی گەرم خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەرە.

هەر بە سرووشت خواردنەوەی ئینگلیزی بۆ دەوڵەمەندەکانە.

ویسکی، بیرە، جن هەرچی شتێ کە لە ئێنگلیزەکانەوە مابێتەوە.

وەزیری بەڕێز ئایا خواردنەوەی چینی هەیە؟ حەز دەکەم قومێ بخۆمەوە.

ئەرکی زۆر گرنگی شۆفێری ژمارە یەک بوو کە هەفتەی جارێ بچێتت بۆ جاکپۆت و بەهاترین و باشترین جۆری خواردنەوەی ئوسکتلەندی بکڕێت بۆ لەقلەق و کوڕەکانی، ئەوە بەشێک بوو لە پرۆتۆکۆڵی خزمەتکار، لێم مەپرسە بۆ، دەبوو شۆفێرە سەرەتاییەکە لەگەڵی بێت بۆ چوونە دەرەوە.

وای بۆ دەچم بۆ ئەوە بووبێت کە دڵنیا بێت لەوەی کە بە بوتڵەکانەوە ڕا نەکەن. بوتڵی ڕەنگاوڕەنگ بە قەوارەی جیاجیا ڕیز کرابوون لەسەر ڕەفەکانی جاکپۆت دوو کوڕی هەرزەکاری پشت کاونتەرەکە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە ئەو پیاوە بە ڕێ بکەن، هاواری دەکرد بە سەریاندا. لەسەر دیوارە سپییەکەی تەنیشت دووکانەکەوە سەدان ناوی خواردنەوەی پیشەسازی لێ

بوو بە دڵۆپی بۆیەی سوور نووسرابوو،کرابوو بە پێنج بەشەوە، بیرە، ڕۆم،ویسکی، جن، ڤۆدکا.

لیستی نرخەکانی جاکپۆت دووکانی خواردنەوەی ئینگلیزی

ویسکییەکانمان

ویسکی پلە یەک.

| چارەک | نیو | بوتڵی تەواو |
|---|---|---|
| بلاک دۆگ – | – | ١٣٣٠ |
| تیچەرس – | ٥٣٠ | ١٢٣٠ |
| ڤات ٦٩– | – | ١٢١٩ |

ویسکی پلە دوو

| چارەک | نیو | بوتلی تەواو |
|---|---|---|
| ڕوایەڵ چالەنج | ٢٢٠ | ٣٩٠ |
| ڕوایەڵ ستەیج | ٢١٩ | ٣٨٠ |
| پاک پایپەر | ٢٠٠ | ٢٨٨ |

ویسکی پلە سێ

| | | |
|---|---|---|
| ڕوایەڵ چۆیز | ٦١ | ١١٠<br>٢٠٠ |
| وایڵد هۆرس | ٤٤ | ١٢٠ ٢٠٠ |

تەنانەت هەرزانترین ویسکیمان لا دەست دەکەوێت. لە پیاوی سەر کاونتەرەکە بپرسە

ڤۆدکاکانمان

ڤۆدکای پلە یەک

دووکانێکی بچووک بوو بە لای کەمەوە سەد پیاو قەرەباڵغییان نابووەوە لەناو شوێنێک بە پانتایی ١٠ فیت لە بەردەم کاونتەرەکە. هەریەکەیان ڕووپێکانی بەرز دەکردەوە هەتا دەنگیان تیابوو دەیاننەڕاند و ئاماژەیان دەکرد کە چییان دەوێت.

لیترێ کنفشەر.

ئەندەربۆڵت! تەندەربۆڵت.

دڵنیا بووم لەوەی کە ئەو خواردنەوانەیان نەدەخواردوە. دەمتوانی هەر بە قەمیسە دڕاو و پیسەکانیاندا بزانم کە ئەوان تەنها خزمەتکارن.

وەکو ڕام پرساد.

هاتوون بۆ ئەوەی خواردنەوەی ئینگلیزی بکڕن بۆ گەورەکانیان.

ئەگەر لە کۆتایی هەفتەدا دوای کاتژمێر هەشتی ئێوارە بهاتینایە بۆ جاکپۆت هەر دەتگوت شەڕی ناوخۆیە لە بەردەم کاونتەرەکە.

دەبوو پیاوەکان دوورخەمەوە لە شەڕ. کاتێک کە ڕام پرساد ڕێگەیەکی دەکردەوە بۆ بەردەم کاونتەرەکە و هاواری دەکرد.

بوتڵێکی تەواو بلاکدۆگ

بلاکدۆگ یەکەم ناو بوو لە لیستی جۆرەکانی پلە یەک، تەنها شتبوو کە لەقلەق و کوڕەکانی دەیانخواردەوە.

ڕام پرساد خواردنەوەکەی دەست دەکەوت، پاڵم بە خزمەتچییەکانی ترەوە دەنا بۆ ئەوەی ڕێگەیەک بکەمەوە تاکو دەرباز بین.

لە کاتێکدا بوتڵەکان بە باوەشی و لەژێر قۆڵەکاندا دەجووڵانەوە.

تەنها لەو کاتەدا پشتی یەکمان دەگرت.

له ڕێگەماندا بۆ ماڵەوە هەمیشە ڕامپرساد لە لایەکی ڕێگەکە ڕا دەوەستا و بلاک دۆگەکەی دەردەهێنا لەناو کارتۆنەکە. دەیگوت بۆ ئەوەیەتی کە بزانێت جاکپۆت فێڵی لێیان نەکردووە. بەڵام درۆی دەکرد. دەیویست شووشەکان بگرێتە دەستییەوە، دەیویست بوتڵە ویسکییە سەرداخراوە پلە یەکەکان بگرێتە دەستییەوە. دوایی بوتڵەکانی دەگێڕایەوە بۆ ناو کارتۆنەکە و دەیبردەوە بۆ ماڵەوە. من لە تەنیشتی بووم، چاوەکانی ئیرەییان دەبرد بەو هەموو خواردنەوە ئینگلیزییە.

شەو کاتێکک کە ڕامپرساد پرخەی دەهات لەسەر تەختەخەوەکەی، منیش لەسەر زەوی پاڵ دەکەوتم سەرم لەناو هەردوو دەستمدا، ڕا دەمام لە بنمیچەکە. بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن هەردوو کوڕەکەی لەقلەق ئەوەندە جیاوازن لە یەک وەکو جیاوازی شەو و ڕۆژ.

بەڕێز مووکێش بچووک و ڕەشتاڵە و ڕەزاقورس و زۆر توندوتیژ بوو. لە ماڵەوە بە مانگوس بانگمان دەکرد. چەند ساڵێک بوو هاوسەرگیری کردبوو لەگەڵ ژنێکی ماڵەوە. دوای ئەوەی کە دوو کوڕی ببوو، گۆڕابوو بۆ ژنێکی قەڵەو.

ئەو برادەرە "مانگوس" ئەو لەشولارەی نەبوو کە باوکی هەیبوو، بەڵام مێشکی ئەوی هەبوو، هەر کە بیزانیایە چرکەیەک بەفیڕۆ دەدەم. هاواری دەکرد شۆفێر، دوور مەکەوە لێرە. ئۆتۆمۆبیلەکە پاک بکەوە.

"پاکم کردووەتەوە بەڕێز"

مادام گسکێ ببە و حەوشەکە گسک بدە.

بەڕێز ئاشۆک لە لەشولاردا وەکو باوکی بوو. پانوپۆڕ و باڵابەرز و قۆز بوو. دیاربوو کە کوڕی خاوەنسامانە..ئێوارەکەی بینیم لەگەڵ ژنەکەی یاری

ڕیشەی دەکرد لە حەوشەکەدا. ژنەکەی بە پانتۆڵەوە. دەمم داپچڕابوو تەنها لە فیلمدا بە پانتۆڵەوە ژنم بینیبوو. یەکەمجار وای بۆ چووم کە ئەمریکی بێت.

یەکێ لەو سیحرانەی کە لە نیویۆرکەوە هێناوێتی بۆ ئێرە، شێوەی دەربڕینی لە قسەکردندا و ئەو بۆنی میوەیەیە کە لە دوای ڕیشتاشین لە دەموچاوی دەدا. دوو ڕۆژ دواتر ڕامپرساد و نیپاڵییە چاو خێلوخوارەکە چپەچپیان بوو، گسکەکەم برد و دەستم کرد بە گسکدانی حەوشەکە، نزیک بوومەوە لێیان.

زانیوتە ئەو ژنە مەسیحییە؟

شتی وا نابێت.

بەڵێ.

"هاوسەرگیریشیان کردووە"

نیپاڵییەکە گوتی "لە ئەمریکا زەماوەندیان کردووە،کاتێک کە ئێمەی هندی دەچین بۆ ئەوێ، هەموو ڕێزێکی تایفەگەری خۆمان لە دەست دەدەین."

پیرەمێردەکە بە تەواوی دژ بە زەماوەندەکە بوو. کەسوکاریشی ڕازی نەبوون.

ئەی چۆن ئەوە ڕووی دا؟

نیپاڵییەکە سەیرێکی کرد، هێی ئەوە گوێ لە ئێمە دەگریت؟

نەخێر گەورەم.

بەیانییەکیان لە دەرگای شۆفێرەکان درا. کە چوومە دەرەوە بینیم پینکی خان وەستاوە و دوو ڕێکتی ڕیشەی بە دەستەوەیە.

له سووچێکی حەوشەکەدا لەنێوان دوو کاریتەدا تۆڕێک بەسترابوو، ئەو چووە دیوێکی تۆڕەکەوە و منیش لە دیوەکەی تری، بە ڕێکتەکەی لێی دا، بەرزبووەوە و لە بەردەم پێمدا کەوت.

"هێی بجوولێ. تێیگرەوە!"

بمبورە خانم.زۆر داوای لێبوردن دەکەم."

پێشتر هەرگیز ئەم یارییەم نەکردووە، لێم دایەوە، یەکسەر چووە ناو تۆڕەکەوە.

ئۆە، تۆ بەکەڵک نایەیت. کوا شۆفێرەکەی تر؟"

ڕامپرساد یەکسەر ڕای کرد بەرەو تۆڕەکە، ئەو هەموو کاتە لەولاوە سەیری یارییەکەی دەکرد. بە تەواوی دەیزانی کە چۆن یاریی ڕیشە بکات. سەیرم کرد بە باشی لێی دەدا و بەسەر تۆڕەکەدا دەڕۆیشت و دانەدانە لێی دەدایەوە، ئەوە ناوسکی دەسووتاندم ئایا لەسەر ڕووی زەویدا هیچ ڕقێک هەیە هێندەی ڕقی خزمەتچی ژمارە دوو بۆ ژمارە یەک؟

سەرەڕای ئەوەی کە لە یەک ژووردا دەنووستین و بە دووری چەند پێیەک بەڵام هەرگیز وشەیەکمان بەیەکەوە نەدەگوت. هەرگیز سڵاومان لەیەک نەکردووە، لە یەکترمان نەپرسیوە، دایکت چۆنە؟ بە هیچ جۆرێک. بە درێژایی شەو هەستم بەو گەرمییە دەکرد کە لەوەوە دەهات، دەمزانی نەفرەتبووم دەکات و جادووم لێ دەکات لە خەوەکانیدا.

هەموو ڕۆژێک دەستی دەکرد بە سوجدەبردن بۆ بیست وێنەی جیاجیای خودا کە لە لای خۆیەوە دایناوبوو لە ژوورەکەدا و دەیگوت ئۆم، ئۆم، ئۆم هەر کە ئەوەی دەکرد بە سووچی چاویشی سەیری منی دەکرد، وەکو ئەوەی کە پێم بڵێت ئەی تۆ نوێژ ناکەیت؟ تۆ چیی، تاوانبار؟

ئێوارەیەکیان چووم بۆ بازاڕ و دوو دەرزەن بتی هەرزانبەهای (هانومان و ڕام) م کڕی و هێنامەوە بۆ ژوورەکەم.

هەردووکمان ژمارەی خودایەکانمان هێندەی یەک بوو لە ژوورەکەدا و هەردووکمان بەیانیان دەخنکاین لەناو نوێژکردن و کڕنۆشبردن بۆ خوداکانمان.

نیپاڵییەکە و ڕامپرساد هاوپەیمان بوون.

ڕۆژێکیان به سەتڵیکی گەورەی پلاستیکەوە خۆی کرد بە ژووردا، بەریدایەوە و زرمەی لێ هەستاند.

بە زەرەخەنەیەکی گەورەوە پرسیتی، کوڕی لادێیی سەگت خۆش دەوێت؟

دوو سەگی سپی پۆمرانیان لە ماڵەکەدا بوون، کەدڵز و پەدڵز.

دەوڵەمەندەکان لەو بڕوایەدان کە دەبێت سەگ وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و نازی بدرێتێ، پیاسەی پێ بکرێت و دەستی پیا بهێنرێت، تەنانەت بششۆرێت! بڵێ کێ دەبوو بیشوا؟ لەسەر ئەژنۆ دائەنیشتم و دەستم دەکرد بە دەستخشاندن و کڕاندنی گیانیان و کەفاویکردنیان و شۆرینیان و وشککردنەوەیان بە وشککەرەوە و بردنیان بۆ ناو کۆشکەکە بە زنجیرەکانی ملیانەوە، کاتێکک کە پادشای نیپاڵی لە سووچێکدا دادەنیشت و دەینەڕاند بە توندی زنجیرەکە ڕامەکێشە لە تۆ بەنرخترە.

هەر کە ئیشەکانم تەواو دەکرد لەگەڵ کەدڵز و بەدڵز دەگەڕامەوە، بۆنی دەستەکانم دەکرد.

تەنها شتێک کە بۆنی پێستی سەگی لە دەستی خزمەتچییەکان دەکردەوە، بۆنی پێستی گەورەکانیان بوو.

بەڕێز ئاشۆک لە دەرەوەی ژوورەکەی من ڕا وەستابوو. ڕام کرد بۆ لای و کڕنۆشم بۆی برد. چووە ژوورەوە، دوای کەوتم و هەر کڕنۆشم بۆ دەبرد. چەمایەوە بۆ ئەوەی ڕێگەی لای دەرگاکە بگرێت. دەروازەکە دروست کرابوو بۆ ئەو خزمەتکارانەی کە تووشی  نەخۆشی کەمخۆراکی دەبن، نەک بۆ خاوەنشکۆیەکی باڵابەرزی باشخۆر.

بە گومانەوە سەیری بنمیچەکەی کرد.

گوتی چەند ترسناکە.

تاکو ئەو کاتە تێبینی ئەوەم نەکردبوو کە چۆن بۆیەی بنمیچەکە پارچەی گەورەگەورەی هەڵدابوو. چۆن تۆڕی جاڵجاڵۆکە لە هەموو سووچێکدا بوو.

تاکو ئەو کاتە  زۆر دڵخۆش بووم بەو ژوورە.

لەسەر تەختەخەوەکەی ڕامپرساد دانیشت و بە پەنجەکانی پاڵی پێوە نا بۆ هەستکردن بە ڕادەی ڕەقییەکەی. یەکسەر بە ئیرەییبردنم  بە ڕامپرساد کۆتایی هات. دوایی بە چاوی ئەوەوە سەیری ژوورەکەم دەکرد بە لووتی ئەو بۆنم دەکرد بە پەنجەکانی ئەو تەختەخەوەکەم پاڵ دەنا بۆ ناوەوە.

پێش ئەوە هەستم بە گەورەکەم کردبوو. ئاراستەی سەیرکردنەکەی بۆ دەوروبەری من بوو. بەڵام یەکسەر ئاراستەکەی گۆڕی، هەستی بە تاوانێک دەکرد.

تۆ و ڕامپرساد هەردووکتان ژوورێکی خەوی باشترتان دەدرێتێ و تەختەخەوی جیا و هەندێک شتی تایبەت.

"تکایە ئەوە مەکە گەورەم،  ئەم شوێنە وەکو کۆشک وایە بۆ ئێمە."

ئەمە وای کرد هەستێکی باشتری لا دروست ببێت. سەیرێکی کردم.

تۆ خەڵکی لاکسمانگاری، وا نییە؟

بەڵێ گەورەم، لە لاکسمانگار لە دایک بوومە، بەڵام لەو کاتەوە نەمبینیوە،

لەوێش لە دایک بوویتە؟

بەڵێ گەورەم لەوێ لە دایک بووم و گەورە بووم.

چۆنە؟

پێش ئەوەی وەڵام بدەمەوە گوتی دەبێ زۆر خۆش بێت.

وەکو بەهەشتە گەورەم."

لە سەرەوە بۆ خوارەوە سەیری کردم، لە سەرمەوە تاکو پەنجەکانی پێم، لەو کاتەوەی کە هاتوومەتە ئەم ماڵە بە هەمان شێوە سەیری ئەوم کردووە. چاوەکانی پڕبوون لە سەرسووڕمان.

چۆن دەکرێت دوو مرۆڤی جیاواز بەرهەم بێن لە هەمان خۆڵ و ئاو و تیشکی هەتاو

بەدەم هەستانەوە لەسەر تەختەکە گوتی دەمەوێ ئەمڕۆ بچم بۆ ئەوێ.

"دەمەوێ شوێنی لەدایکبوونم ببینم. تۆ بمبە."

بەڵێ گەورەم!

چوونەوە بۆ ماڵ، بە جلی یەکپۆشەوە. لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیلی لەقلەق و قسەکردن لەگەڵ کوڕەکەی و بووکەکەی!

ئامادەبووم بکەوم بەسەر پێیەکانیدا و ماچیان بکەم.

لەقلەقیش دەیویست لەگەڵماندا بێت. ئەوە وا دەکات کە چوونەژوورەوەیەکی گەورە بێت بۆ من بۆ ناو دێیەکە. بەڵام لە دوا چرکەدا بڕیاری دا بمێنێتەوە بەڕێز ئاشۆک و پینکی خانمم برد بە هۆنداستێکە بەرەو لادێ بۆ لاکسمانگار.

یەکەمجارم بوو هەردووکیان ببەم. پێشتر ڕامپرساد ئەو هەلەی پێ بەخشرابوو.

هێشتا لەگەڵ هۆندا ستێکە ڕا نەهاتبووم. ئۆتۆمۆبیلێکی دەم دەم بوو وەکو مێشکی خاوەنەکەی، هەر وەکو گوتم لە هەموو خوداکان پاڕامەوە کە تووشی هەڵە نەبم.

تاکو نیو کاتژمێر هیچمان نەوت هەندێک جار وەکو شۆفێر هەست بە پاڵەپەستۆی ناو ئۆتۆمبیل بکەیت، پلەی گەرمای ناوەوەت بەرز دەکاتەوە.

ژنەکەی لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا زۆر تووڕە بوو. بە دەنگی، بێدەنگییەکەی شکاند،

ئاشۆک ئێمە بۆچی دەچین بۆ ئەو شوێنە،بۆ ناوەڕاستی شوێنێکی نادیار.

پینکی ئەوە دێی باپیرانمە. حەز ناکەیت بیبینیت؟ لەوێ لە دایک بوومە، بەڵام باوکم دووری خستوومەتەوە لەوێ وەکو کوڕی خۆی.

گیروگرفت هەبوو لەگەڵ گەریلا کۆمۆنیستەکان ئەو کاتە. وام زانی دەتوانی-" لە پڕێکدا پرسیتی" بڕیارت داوە ڕۆژێک بگەڕێیتەوە؟ مەبەستمە بڵێم بۆ نیویۆرک،

نا.نا جارێ نا بەم نزیکانە یەکێکمان دەست دەکەوێت.

ئاشۆک ماوەیەک بێدەنگ بوو. گوێیەکانم بە فراوانی کردبووەوە.

ئەگەر بیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ ئەمریکا پێویستیان بە شۆفێری ژمارە دوو نامێنێت لە ماڵەکەدا.

ژنەکەی هیچی نەوت بەڵام سوێند دەخۆم کە گوێم لە جیرەی ددانەکانی بوو.

بەڕێز ئاشۆک شتێکی نەبوو بۆ گوتن، بیری دەکردەوە. دەستی کرد بە گوتنی گۆرانیی فیلمێک بە قوڕگی دەیگوتەوە، تاکو ژنەکەی گوتی "چ گاڵتەجاڕییەکە" "ئەوە چیبوو؟"

تۆ درۆت کرد دەربارەی گەڕانەوە بۆ ئەمریکا، وا نییە؟

پینکی شۆفێرمان لەگەڵدایە- دوایی هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم.

"ئۆهۆ  چیتە. ئەو تەنها شۆفێرێکە. تۆش دووبارە بابەت دەگۆڕیت!"

بۆنی عەبیر ناو ئۆتۆمۆبیلەکەی پڕ کرد. هەروەها زانیم کە جووڵایەوە و جلەکانی ڕێک خست.

"شۆفێرمان بۆچییە؟ بۆ ناتوانی لێخوڕی وەکو پێشتر پێی ڕا هاتبووی؟"

پینکی ئەوە نییویۆرک بوو. ناتوانی لە هند لێبخوڕی، بەس سەیری ئەو ترافیک لایتە بکە، هیچ کەسێک یاسا جێبەجێ ناکات، خەڵک وەکو شێت ڕا دەکەن و لە شەقام دەپەڕنەوە

سەیر، سەیری ئەوە بکە—"

تراکتۆرێک هاتە خوارەوە لە ڕێگەکە بە دواپلەی بەرزی لێخوڕین.

دیزلی ڕەش لە بۆرییەکانی دەهاتنە دەرەوە. شۆفێرەکە نەیدەزانی کە بە خەتی پێچەوانەدا دەڕوات، منیش تێبینی ئەوەم نەکردبوو.

وای دانێم کە مەبەستت بووە لە سەر ڕێگەی دەستەچەپ لێبخوڕیت، بەڵام تاکو ئەو کاتە کەسێکم نەبینیبوو کە ئەم ڕۆڵە کاری لێ کردبێت.

"تەنها سەیرێکی دیزلەکە بکە کە لە ئۆتۆمۆبیلەکەوە دەردەچێت، پینکی ئەگەر من لێرە لێخوڕم بە تەواوی شێت دەبم."

بە درێژایی ڕووبارەکەدا ڕۆیشتین تاکو کۆتایی هات. ڕێگەی بەرز و نزممان گرتەبەر دواییش بە بازاڕێکی بچووکدا ڕەت بووین، سێ بازاڕ کەمتر یا زیاتری تێدا بوو لە یەک دەچوون. کەرەستەی لەیەکنەچوویان دەفرۆشت وەکو کیرۆسین و بخوور و برنج. هەموو کەسێ لێمان ڕا دەما. بەشێک لە منداڵەکان لەگەڵ ئۆتۆمۆبیلەکەدا ڕایان دەکرد. بەڕێز ئاشۆک دەستی سڵاوی بەرز دەکردەوە بۆیان. هەوڵی دەدا کە پینکی خانیش هەمان شت بکات. منداڵەکان  لەو شوێنە دیار نەمان کە نەدەبوو لەوێ لا بدەن.

گەیشتینە شوێنی خاوەنکارەکان.
خزمەتکارەکان لە بەردەم کۆشکەکەی لەقلەق چاوەڕوان بوون.
هێشتا بە تەواوی ئۆتۆمۆبیلەکەم ڕا نەگرتبوو، بەڕێز ئاشۆک دەرگای ئۆتۆمۆبیلەکەی کردەوە، پێیەکانی بەڕێز ئاشۆکم بەر کەوت
ئەی شازادەی بچووک ئەوە خۆتی لێرە.
لە کۆتاییدا لێرە تۆم بینییەوە. بەرازی کێوی هات بۆ ئەوەی نانی نیوەڕۆ بخوا لەگەڵ بەڕێز ئاشۆک و پینکی خان، هەرچۆنێک بێت ئەو خاڵۆیانە. هەر کە بینیم چووە ناو کۆشکەکەوە بۆ نانخواردن، چوومە ناو چێستخانەکەوە و بە چیشتلێنەرەکانم گوت.
من بەڕێز ئاشۆکم زۆر خۆش دەوێت، ڕێم بدەن با خۆم خزمەتی بکەم بۆ نانی نیوەڕۆ، چێشتلێنەرەکان ڕازی بوون.
بۆ یەکەمجار هەلی ئەوەم بۆ هەڵکەوت لە نزیکەوە بەرازی کێوی ببینم، بەتەمەنتر دیاربوو لەوەی کە من بیرم دێت، هەروەها زیاتر کۆم ببووەوە، بەڵام ددانەکانی هەر وەکو خۆیان بوون، تیژ و کۆتاییەکانی ڕەش ببووەوە.
هەروەها دوو ددانی جیاواز لەملاوە هەڵگەرابوونەوە بۆ دەرەوە.
لە ژووری نانخواردن نانیان دەخوارد، شوێنێکی زۆر نایاب و جوان.
بنمیچێکی بەرز و کرستاڵیکی گەورە،ڕاخراو بە کەلوپەلی گرانبەها و بازنەیی لەسەر مۆدێلی کۆن.
بەڕێز ئاشۆک گوتی، کۆشکێکی کۆنی خۆشە، هەموو شتێکی ئێرە یەکجار جوانە، کریستاڵە کە نەبێت کەمێک لارە.
بەرازی کێوی گوتی، باوکت حەزی لە گڵۆپی کریستاڵە، بیستووتە کە دەیویست یەکێ لێرە لەناو گەرماوەکە دانێت، بە بێگاڵتە!"

کاتێک کە خزمەتکارەکە قاپەکانی هێنا و لەسەر مێزەکەی دانا، بەڕێز ئاشۆک سەیری کرد و گوتی" هیچ شتێکی ڕووەکیتان نییە؟ من گۆشت ناخۆم" بەرازی کێوی گوتی، هەرگیز خاوەنسامانێکم نەبینیوە کە ڕووەکخۆر بێت"

"ئەمە ئاسایی نییە. پێویستت بە گۆشتە بۆ ئەوەی بەهێز بیت، دەمی کردەوە و ددانە خواروخێچەکانی نیشانی دا. بڕوام بە کوشتنی ئاژەڵ نییە، نابێت ئەوە بکرێ.

کەسانێکی ئەمریکی ڕووەکخۆرم دەناسی، ئەوان راست بوون.

پیرەمێردەکە گوتی کوڕەکانم هەڵگری چ بیرکردنەوەیەکی شێتانەن ؟ تۆ ساماندارى. براهیمنەکان ڕووەکین نەک ئێمە." دوای نانخواردنی نیوەڕۆ قاپەکانم شۆری! یارمەتی چێشتلێنەرەکانم دا بۆ چالێنان، چاودێری سەرۆکەکەم دەکرد بۆیە کات بەسەرچوو بۆ ئەوەی ئەندامانی خێزانەکەم ببینم. لە دەرگای پشتەوەی کۆشکەکە دەرچوومە دەرەوە. ئەندامانی خێزانەکەم هەموو هاتبوون بۆ کۆشکەکە، پێش من گەیشتبوون. بە دەوری هۆندا ستێکەوە بوون بە شانازییەوە سەیریان دەکرد. هەرچەندە کە دەترسان دەستی لێ بدەن.

کیشان دەستی بەرز کردەوە لەو کاتەوەی کە دنبادی جێ هێشتبوو نەمبینیبوو. سێ مانگ بوو گەڕابووەوە بۆ ئەوەی لە کێڵگەدا کار بکات.

کڕنۆشم بۆ برد دەستم لە پێیەکانی دا بۆ چەند چرکەیەک بەو جۆرە بووم زیاد لە پێویست بوو.

چونکە دەمزانی ئەو کاتەی کە ڕێی پێ بدەم بڕوات خراپ لێم دەپاڕێتەوە. دوو مانگ دەبێت هیچ پارەیەکم نەناردووە بۆیان. بەدەم دوورخستنەوەی من

له پێیەکانی گوتی له کۆتاییدا خێزانەکەی بیر دەکەوێتەوە؟ ئایا هیچ بیری ئێمەی بووە؟

"بمبورە براکەم."

چەند مانگێکە پارەت نەناردووە بۆمان ڕێکەوتنەکەمانت بیر چووەوە.

بمبورە، بمبورە، بەڵام لە ڕاستیدا تورە نەبوون.

بیرم دێتەوە بۆ یەکەمجار لە گامێشی ئاوی زیاتر سەرنجم دەدا. بەڵام کوسومی پیرێژنی مەکرباز و فێڵباز پێدەکەنی لەگەڵم و دەستی بە قۆڵیدا دەهێنا و دەیگوت ئۆە کە منداڵ بووی دەمم پڕ دەکردی لە شیرینی.

دەیویست ڕوومەتەکانم بگوشێت، نەیدەوێرا دەست بۆ هیج شوێنیکی ترم ببا زۆر لە جلە یەکپۆشەکانم دەترسا.

لە کۆڵیان کردم و بردیانم بۆ ماڵە کۆنەکە. پێت دەڵێم دراوسێکان چاوەڕوان بوون بۆ ئەوەی جلە یەکپۆشەکانم ببینن.

ئەو منداڵانەیان نیشانم دەدا کە دوای بەجێهێشتنی خێزانەکەم لە دایک ببوون زۆرم لێ دەکرا کە ناوچەوانیان ماچ بکەم،

دوای ئەوەی کە ئەوێم بەجێ هێشت، پوورم لەیلا دوو منداڵی ببوو لەیلەی ژنی پاپوسی ئامۆزام منداڵێکی ببوو.خێزانەکە گەورەتر ببووەوە،پێویستییەکانیان زیادی کردبوو. لە لایەن هەموویانەوە سزا دەدرام، چونکە مانگانە پارەم نەناردبوو بۆیان

کوسوم بە مشت دەیدا بەسەر خۆیدا و هاواری دەکرد بۆ دراوسێکانی کوڕەکەم ئیش دەکات و سەرباری ئەوەش زۆرم لێ دەکات کە کار بکەم.

ئەمەیە چارەنووسی پیرێژن لەم وڵاتەدا.

دراوسێکان هاواریان دەکرد "ژنی بۆ بێنە!" ئەوە تەنها ڕێگەیە بۆ ئەوەی کێوییەکی لەو جۆرە ماڵی بکەیت

کوسوم گوتی بەڵێ" ئەوە بیرۆکەیەکی باشە"

زەردەخەنەیەکی گەورەی بۆ کرد و دەستی بە قۆڵیدا دەهێنا

"ئەوە بیرۆکەیەکی باشە"

کیشان دەنگوباسی زۆری لابوو بەڵام لەبەر ئەوەی لە تاریکیدا ژیانیان دەکرد،

هەموو دەنگوباسەکان خراپ بوون.

وەکو هەمیشە سۆشیالیستە مەزنەکە پیاوێکی گەورەی گەندەڵچی بوو.

شەڕی نێوان ناکساڵەتیرۆریستەکان ودەرەبەگەکان تا دەهات خوێناویتر دەبوو، لەو نێوەندەدا کەسانی بچووکی وەکو ئێمە تێوە دەگلان.

هەردوو لا سوپای تایبەتیان هەبوو، دەهاتنە ناوە و ئازاری خەڵکیان دەدا و تەقەیان لەوانە دەکرد کە گومانیان لێیان بوو کە دڵسۆزی لایەکەی تر بن.

پێی گوتم "لێرە ژیان بۆتە دۆزەخ بەڵام ئێمە زۆر دڵخۆشین بەوەی کە تۆ دووری لەم ئاژاوەیە، جلی یەکپۆشت وەرگرتووە و سەرۆکێکی باشت هەیە."

کیشان گۆڕابوو، لاوازتر و ڕەشتاڵەتر ببوو، هەردوو ئێسکەکەی خوار قوڕگی بەرز ببوونەوە بۆ سەر چاڵەکەی سەرووی سینگی، لەپڕێکا وەکو باوکمی لێ هاتبوو.

کوسومم بینی بە زەردەخەنەوە دەستی بە قۆڵەکانیدا دەهێنا و باسی ژنهێنانی منی دەکرد، خۆی نانی نیوەڕۆی بۆ ئامادە کردم، کەوچکێکی گەورە (کاری) خستە ناو قاپەکەمەوە، گوتی تەنها بۆ من مریشکی دروست کردووە. لە کۆتایی ئەمساڵدا زەماوەند ساز دەکەین، باشە؟

یەکێکمان دۆزیوەتەوە بۆت مراوییەکی پڕ و جوانە، کاتی دەستپێکردنی خولی مانگانەیەتی، دەتوانێت بێت بۆ ئێرە. پارچەیەک گۆشتی سوور و ئێسک لە بەردەمما بوو، هەر وەکو ئەوە وا بووکە پارچەیەک گۆشتی لەشی کیشانیان لەناو قاپەکەم دانابێت.

سەیری پارچە گۆشتە سوورە گەورەکەم دەکرد، گۆشت بە کارییەوە، گوتم نەنە کەمێ کاتی زیاترم بدەرێ من ئامادە نیم بۆ ژنهێنان." دەمی داپچڕاند، مەبەستت چییە. جارێ نا؟ ئەوە دەکەی کە داوات لێ دەکەین،

زەردەخەنەیەکی بۆ کرد. ئێستا بخۆ ئازیزم. مریشکم بە تەنها بۆ تۆ لێناوە.

گوتم "نا"

پاڵی بە قاپەکەوە نا بۆ بەردەمم، "بیخۆ. "

هەرچی کەسیماڵەکەبوو وەستابوون و سەیری ناکۆکی ئێمەیان دەکرد.

نەنکم چاوەکانی کز کرد "ئەوە چیتە، براهیمن، دەبخۆ بخۆ."

"نا" بە هەموو هێزم پاڵم بە قاپەکەوە نا بۆ سووچێک و دای بە دیوارەکەدا.

کارییە سوورەکە ڕژایە سەر زەوییەکە. "گوتم ژن ناهێنم!"

ئەوەندە سەری سووڕمابوو نەیتوانی هاواریش بکات. کیشان هەستا بۆ ئەوەی پێش بە چوونە دەرەوەم بگرێت. بەڵام پاڵێکم پێوە نا بۆ ئەولاوە و بە توندی کەوتە سەر زەوی و بێ گوێدان ماڵم بەجێ هێشت.

منداڵەکان لەگەڵمدا ڕایان کردە دەرەوە.

منداڵە بچووکەکان پیس و بێزارکەر بوون، منداڵی ئەم پوور و ئەو پوورم بوون، تەنانەت نەمدەویست هەر بیشیانناسم. نەمدەویست دەست لە قژیان بدەم.

هێواش هێواش پەیامەکەیان وەرگرت و چوونە دواوە.

پەرستگەکەم جێ هێشت، هەروەها بازاڕ و بەرازەکان و ئاوەڕۆکانیش تاکو بە تەنیا گەیشتمە مێرگەکە،قەڵا ڕەشەکە بەرز بەسەر گردەکەوە لە پێشم بوو. لە لێوار ئاوەکە دانیشتم و ددانەکانم جیڕ کردەوە

نەمتوانی بیر لە جەستەی کیشان نەکەمەوە. کە لەوێ دەیانخوارد.

هەمان شتی بەرامبەر دەکەن کە بەرامبەر بە باوکم کردیان. ورگیان هەڵدڕی و بێهێز و بێتاقەت بەجێیان هێشت تاکو تووشی نەخۆشی سیل بوو، لەسەر زەوی نەخۆشخانەیەکی دەوڵەتی مرد.

لەچاوەڕوانی دکتۆرێکدا بوو کە بێت و بیبینێ چۆن خوێنی هەڵدەهێنایەوە بەسەر ئەم دیوار و ئەو دیواردا!

دەنگی شڵپەی ئاو هات. گامێشێکی ئاوی کە بە گوڵی لیلی داپۆشرابوو سەری بەرز کردەوە و تەماشای کرد. باڵندەیەک لەسەر یەک پێ وەستابوو تەماشای دەکردم. بەناو ئاوەکەدا ڕۆیشتم تاکو ئاوەکە بەرز بووەوە بۆ لای ملم، بە مەلەکردن ڕۆیشتم گوڵە لۆتس و لیلیەکانم تێپەڕاند، ئەو بەردانەشم تێپەڕاند کە لە قەڵاکەوە کەوتبوونە خوارەوە.

مەیموونەکان لەسەر لێوارە شکاوەکان کۆببوونەوە بۆ سەیرکردنم، دەستم کرد بە هەڵگژان و سەرکەوتن بەسەر گردەکەدا.

تۆ ئاگاداری خۆشەویستی منیت بۆ شیعر. بە تایبەت چوار شاعیرە ئیسلامەکە کە هەمیشە بە مەزنترین ددانیان پیادا نراوە، ئیقبال یەکێکە لەو چوار شاعیرە بەرزانە کە دە شیعری نایابی نووسیوە، خۆی وەکو شەیتان هێناوەتە پێش چاو. بەرامبەر بە مافەکانی هەستاوەتە سەرپێ، کاتێک کە خودا ویستوویەتی کەڵەگایی بە سەردا بکات.

بەپێی قسەی ئیسلامەکان، شەیتانە.

تەنها جارێک خاوەنی خودا بووە،ئەو کاتەی کە لەگەڵیدا چووە شەڕەوە تاکو بۆ هەمیشە سەربەخۆیی وەرگرت.
لەو کاتەوەی کە شەڕی مێشک هەبوو لەنێوان شەیتان و خودادا، ئەمە ئەوەیە کە ئیقبال نووسیویەتی. بە تەواوی وشەکانی هۆنراوەکەیم بیر نایەتەوە
بەڵام شتێکی لەم جۆرەیە.
خودا دەڵێت: **من بەهێزم و گەورەم، ئێوە دووبارە دەبنەوە خزمەتکارم**
شەیتان دەڵێت: **ها!**
شەیتانییەکانی ئیقبالم بیر دێتەوە هەموو ئەو جارانەی کە لەژێرکریستاڵە کەی خۆمدا پاڵ دەکەوم، بیر لەو وێنە و شێوە ڕەشە بچووکە دەکەمەوە کە بە جلی یەکپۆشی تەڕەوە بە قەڵاکەدا هەڵدەگژێ بۆ دەروازەی قەڵا ڕەشەکە. ئێستا لەوێ وەستاوە، پێیەکی لەسەر لێواری قەڵا ڕەشەکەیە کە دەورە دراوە بە کۆمەڵێ مەیموونی سەرسووڕهێنەر. بەرز لە ئاسمانی شینی خودا،ناولەپی کردووەتەوە بەسەر تەختاییەکانی ژێری. لامانگار پیشانی پیاوێکی بچووک دەدا. کە جۆگەلەیەکی بچووکە لە گەنگە،جگە لەو شتانەی تر کە لەوێیە.
ملێۆنێک لەو گوندانە، بلێۆنێک لەو خەڵکانە، خودا لەم پیاوە بچووکە دەپرسێ:

**ئایا ئەمانە هەموو مەزن نین. ئایا هەموو ئەمانە سەرسووڕهێنەر نین؟ ئەمانە هەموو نایاب نین، ئایا سوپاسگوزار نیت کە ببیتە خزمەتکارم؟**

پاشان ئەم پیاوە بچووکە ڕەشە دەبینم لە جلی تەڕی خاکیدا دەلەرزێ وەکو ئەوەی کە لە تووڕەییدا شێت بووبێت، پێش ئەوەی کە تەسلیم بە خودای خاوەندەسەڵات بێت

ئاماژەی سوپاسی کرد بۆ خولّقاندنی دنیا و ئەم ڕێگە تایبەتە لە جیاتی هەموو ڕێگەیەکی تر. کە لەوانەبوو بخولّقایە، پیاوە بچووکەکە دەبینم لە جلی خاکیدا تف لە خودا دەکات دووبارە و دووبارە،

وەکو بینینی پەروانەکانی پانکەیەک کە دووبارە و دووبارە تیشکی ڕووناکییەکە لەتلەت بکەن.

* * *

دوای نیو کاتژمێر. کاتێک کە بە گردەکەدا دەهاتمە خوارەوە یەکسەر چووم بۆ کۆشکەکەی لەقلەق، بەڕێز ئاشۆک و پینکی خان چاوەڕێم بوون لای هۆنداستێکە

پینکی خان هاواری کرد بە سەرما " لە کوێ بوویت شۆفێر چاوەڕێمان دەکردیت"

بە زەردەخەنەیەکەوە گوتم "بمبورە خانم "

"من زۆر داوای لێبوردن دەکەم"

"دڵت هەبێ پینکی ئەو چووبوو بۆ بینینی خێزانەکەی، دەزانیت خەڵکی تاریکی چەند نزیکن لە خێزانەکانیانەوە."

کوسوم و پوورم  لۆتۆ و هەموو ژنەکان لە لایەکی ڕێگەکە وەستابوون کاتێک کە بە ئۆتۆمۆبیلەکە ڕەت دەبووین. تاسابوون و چاویان زەق ببووەوە لەوەی کە نەگەڕابوومەوە بۆ داوای لێبوردن لێیان، کوسومم بینی زۆر بە ڕقەوە مشتی توند کردبوو بەرامبەرم.

بە توندی پێم نا بە گازی ئۆتۆمۆبیلەکەدا و هەموویانم جێ هێشت.

چووین بۆ گۆڕەپانی بازاڕ، سەیرێکی چایخانەکەم کرد.

مرۆڤە جاڵجاڵۆکەکان لەسەر مێزەکان کاریان دەکرد. عەرەبانچییەکان ڕێک ڕیز ببوون  لە پشتەوە. پاسکیلسوارەکان بە پۆستەری فیلمی ڕۆژانەوە لە لایەکی تری ڕووبارەکەوە دەسووڕانەوە.

ئۆتۆمۆبیلەکەم بەناو سەوزایی و دارەکاندا لێخوڕی  هەروەها بە لای گامێشەکاندا کە لەناو مێرگە قوڕاوییەکاندا بوون. هەروەها بە لای دارە چڕەکان و کێڵگەکان و داری گوێزهند و دارمۆز و نیم و هەنجیر و بنگاڵییەکاندا ڕەت بووین. ڕەت بووین بە لای گیاکێوییەکاندا و لەنێوانیاندا دەموچاوی گامێشەکان دەبینران لەوێ کە پیساییان دەکرد.

کوڕێک بە نیوەڕووتی گامێشێکی لێدەخوڕی لە لایەکی ڕێگەکەوە کە ئێمەی بینی دەستی بەرز کردەوە و هاواری کرد و دڵخۆشی خۆی نیشان دا، منیش دەمویست هاوار بکەم و وەڵامی هاوارەکەی بدەمەوە:

**بەڵێ منیش هەمان هەستم هەیە. هەرگیز ناگەڕێمەوە بۆ ئەوێ!**

دەتوانی ئێستا قسە بکەیت ئاشۆک؟ دەتوانی وەڵامی پرسیارەکانم بدەیتەوە؟ باشە سەیرکە پینکی بە راستی وام دەزانی کە دوو مانگم پێ

دەچێت بەڵام هند زۆر گۆڕاوە. زۆر شتی زیاتر هەیە کە دەتوانم لێرە بیانکەم وەک لە نیویۆرک.

نا وا نییە بە راستی، نا، ئێستا لە هند شتەکان گۆڕاون، ئەم شوێنە لە دە ساڵدا وەکو ئەمریکای لێ دێت. هەروەها ئێرەم پێ خۆشترە.

لێرە کەسانێک هەن خزمەتمان دەکەن، شۆفێرەکانمان، چاودێرەکانمان، ئەوانەی کە دەمانشێلن، کوا لە نیویۆرک کەسێکت بۆ دەدۆزرێتەوە کە پسکیتی شیرین و چات بۆ بێنێت کاتێکک کە هێشتا لەناو پێخەفەکەت پاڵ کەوتوویت. وەکو ئەوەی کە ڕامباهادور بۆ ئێمەی دەکات، خۆت دەزانیت سی ساڵە لەناو خێزانەکەمانە. بە خزمەتکار بانگی دەکەین بەڵام بووە بە بەشێک لە خێزانەکەمان، باوکم ئەم نیپاڵییەی دۆزییەوە بە دنبادا دەسووڕایەوە و دەمانچەیەکیش بە دەستییەوە و دەیگوت..."

لەناکاوێکدا لە قسەکردن کەوت." تێگەیشتی پینکی؟". "چی؟"

بینیت شۆفێرەکە چی کرد؟ دڵم لە لێدان کەوت، نازانم چیم کرد، کردم و بەس.

بەڕێز ئاشۆک داچەمایەوە بۆ پێشەوە و گوتی" شۆفێر تۆ دەستت لەچاوت دا وا نییە؟" "بەڵێ گەورەم"

پینکی نەتبینی پەرستگەکەمان تێپەڕاند.

بەڕێز ئاشۆک ئاماژەی بۆ منارەکە کرد کە لە شێوەی هەرەمی بوو

کە وێنەی ماری پێچاوپێچی ڕەشی لەسەر بوو کاتێک کە جێمان هێشت

"بۆیە شۆفێرەکە..."

دەستی لە شانم دا. ناوت چییە؟ باڵرام

دەستی نایە سەر چاوی وەکو نیشانەیەک بۆ ڕێزگرتن، کەواتە تۆ باڵڕامی.

لادێیییەکان لە تاریکی زۆر پەیوەستن بە ئایینەوە.

لەوە دەچوو بووبمە جێی سەرنجیان دووبارە دوای چرکەیەک پەنجەم خستەوە سەر چاوم. شۆفێر ئەمە لەبەر چی؟ هیچ پەرستگەیەک لەم ناوە نابینم."

ئۆە... بەڕێزم بە لای دارێکدا تێپەڕین کە ڕێزی هەیە لامان منیش ڕێزگرتنی خۆمم پێ ڕاگەیاند.

گوێت لێ بوو؟ ئەمان ڕێزی سرووشت دەگرن، شتێکی جوانە، وا نییە؟

هەردووکیان چاوەکانیان دەکردەوە کە بە لای هەر دارێک یان پەرستگەیەکدا دەڕۆیشتین تەماشای منیان دەکرد کە تا چەند کاردانەوەی هەیە لەسەر بیروباوەڕم، بە دڵنیاییەوە نیشانم دەدا هەر لە دەستپێکردنەوە بە دەستدان لە چاوم و ملم و ئێسکەکانی خوار ملم و هەتا گوێ و گۆی مەمکەکانم.

بڕوایان بەوە هێنا کە من ئاییندارترین خزمەتکاری سەر زەویم (دەبخۆ ڕامپرساد !)

ڕێگەکەمان بۆ دنباد بەربەست کرابوو. لەسەر ڕێگەکە ئۆتۆمۆبیلێکی بارهەڵگر وەستابوو، پڕبوو لە پیاو شریتی سووریان بەستبوو بە سەریانەوە و هاواریان دەکرد و هوتافیان دەدا.

هەستن دژ بە ساماندارەکان! پاڵپشتی سۆشیالیستە مەزنەکان بن.

خاوەنسامانەکان وەدەرنێن! هەر لەو کاتەدا ئۆتۆمۆبیلێکی تر تێپەڕی. پیاوەکانی ناوی شریتی سەوزیان بەستبوو بە سەریانەوە هاواریان دەکرد بەسەر ئۆتۆمبیلەکەی تردا. خەریک بوو شەڕ دەست پێ بکات.

پینکی خان بە دەنگێکی بەرز پرسیتی چی لە ئارادایە؟  گوتی ئارامبە هەموو شتەکە ئەوەیە کە کاتی هەڵبژاردنە.

بۆ ئەوەی باسی ئەو هەموو هەرایەی ناو ئۆتۆمۆبیلەکەت بۆ بکەم کە بۆچی بوو دەبێ باسی دیموکراتییەتت بە تەواوی بۆ بکەم.

شتێک کە من ئاگادارم، ئێوەی چینی زۆر پێی ئاشنا نین،

بەڵام ئەوەیە دەبێ چاوەڕێی سبەینێ بکەی، ئەی خاوەنشکۆ.

٢:٤٤ ی بەیانییە.

ئەم کاتە کاتی شکستخواردووەکانە، ئەوانەی خویان بە مادده هۆشبەرەکانەوە گرتووە و خاوەنکارەکان کە بڕبڕەپشتی بانگەلۆرن.

**چوارەم بەیانی**

بۆ نووسینگەی...

چیتر پێویستمان بەم ڕەسمیاتە نییە وا نییە بەڕێز جیاباو؟

ئێستا یەکتر دەناسین و کاتیشمان نییە، بەڕێز سەرۆکوەزیران.

ئەمڕۆ دانیشتنەکەمان کورت دەبێت- گوێم لە پرۆگرامێکی ڕادیۆ دەگرت دەربارەی پیاوێک بە ناوی کاسترۆوە  ساماندارەکانی وەدەر نا لە وڵاتەکەی و خەڵکی ئازاد کرد.

حەزم لە گوێگرتنە لەو پرۆگرامانەی کە باسی پیاوی مەزن  دەکات.

دەمویست زیاتر بزانم دەربارەی ئەو کاسترۆیە. بەڵام لەبەر تۆ ڕادیۆکەم کوژاندەوە

هەر لەو شوێنەوە دەست پێ دەکەمەوە کە وەستاین.

ئۆە دیموکراتی!

بەڕێز سەرۆکوەزیران ئەو نامیلکە بچووکەی کە سەرۆکوەزیران دەیکاتە دیاریت بە دڵنیاییەوە  بەشێکی گەورەی تێدایە لەسەر مەزنی دیموکراتییەت لە هند.

ئەو دیمەنە ئیلهامبەخشەی ملیارێک لە مرۆڤ کە بەشداری لە هەڵبژاردن دەکەن بۆ ئەوەی بڕیارِی داهاتوویان بدەن، بە ئازادی تەواوەوە مافی بەشداریکردنی تەواویان هەیە.

 پیاوە پێستزەرد و لاوازەکان سەرەڕای سەرکەوتنتان لە بواری ئاوەڕۆ و ئاوی پاکی خواردنەوەی تەندروست و مەدالیای ئاڵتوونیی ئۆڵۆمپی، هێشتا خاوەنی دیموکراتی نین. کەسانێکی سیاسی ڕاشکاوانە دەیانگوت  ئەوەیە هۆی سەرکەوتنی هندییەکان بەسەرتاندا: لەوانەیە ئاوەڕۆمان نەبێت، ئاوی خواردنەوەمان نەبێت مەدالیای ئاڵتوونیی ئۆڵەمپیمان نەبێت بەڵام بە دڵنیاییەوە خاوەنی دیموکراتین.

ئەگەر من وڵاتم بنیات بنایە پێش هەموو شتێک بۆڕی ئاوەڕۆم دادەنا دوای ئەوەش دیموکراتی دواییش دەچووم  نامیلکە و پەیکەری گاندیم پێشکەش بە خەڵک دەکرد.

بەڵام من چی دەزانم؟ من تەنها خوێنڕێژێکم!

هیچ کێشەیەکم لەگەڵ دیموکراتییەتدا نییە بەڕێز جیباباو.

من زۆر قەرزاری دیموکراتیم تەنانەت لە مێژووی لەدایکبونیشمدا. لە ڕاستیدا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە خەڵوزم ورد دەکرد و مێزەکانم دەسڕییەوە لە چایخانەکەی لاکسمانگار.

چەپڵەیەک لێدرا لە لای پۆرترێتەکەی گاندییەوە، پیرەمێردی خاوەنی چایخانەکە هاواری کرد بەسەر کرێکارەکاندا، خەریکی هەرچییەکن وازی لێ بێنن و بە ڕێ بکەون بۆ قوتابخانە.

لەوێ پیاوێک بە جلی یەکپۆشەوە لەسەر کورسی مامۆستا دانیشتبوو لەناو پۆلەکەدا. پەڕاوێکی درێژ و پێنووسێکی ڕەشی پێ بوو، دوو پرسیاری لە هەموو کەسێ دەکرد.

"ناو"

"باڵرام حەڵواچی "

"تەمەن"

"نازانم "

"مێژووی لەدایکبوونت نییە؟"

" نەخێر گەورەم دایک و باوکم دیارییان نەکردووە."

تەماشایەکی کردم و گوتی "وا بزانم تۆ هەژدەی، وا بزانم ئەمڕۆ بووی بە هەژدە لەوانەیە بیرت چووبێتەوە وا نییە؟"

کڕنۆشم بۆ برد" ڕاستە گەورەم بیرم چووەتەوە ئەمڕۆ ڕۆژی لەدایکبوونم بوو."

"کوڕی باش"

ئەوەی لە پەڕاوەکەی نووسی و پێی گوتم کە بڕۆم.

دوایی ڕۆژی لەدایکبوونم لە حوکوومەتەوە زانی.

دەبێ هەژدە بم هەموو ئەوانەی کە لە چایخانەکەین دەبێ هەر هەموو هەژدە بین، تەمەنی یاسایی بۆ دەنگدان.

هەڵبژاردن بە ڕێوە چوو، خاوەن چایخانەکە پێشتر ئێمەی فرۆشتبوو، پەنجەمۆری دکانمانی فرۆشتبوو. پەنجەمۆرە مەرەکەباوییەکانی کەسە نەخوێندەوارەکان کە لەسەر پەڕاوەکان نیشانەی دەنگدانیان بوو، لە یەکێک لە کڕیارەکان گوێبیستی ئەوە بووم. ئەوە دەبوو هەڵبژاردنێکی داخراو بێت. نرخێکی باشی دەست کەوت لە لایەن پارتە سۆشیالیستە مەزنەکانەوە بەرامبەر بە فرۆشتنی هەر یەک لە ئێمە.

سۆشیالیستە مەزنەکان بوون بە سەرۆکی "تاریکی" لەم هەڵبژاردنەوە بۆ دە ساڵی تر.

هێمای پارتەکەیان دوو دەست بوو لەناو کەلەپچەیەکی شکاودا، هێمایە بۆ ئەوەی کە خەڵکی هەژار جێگە بە خەڵکی دەوڵەمەند لەق دەکات.

بە ستێنسڵی ڕەش وێنەی لەبەرگیرابووەوە،بەسەر هەموو دیوارە حوکوومییەکانی تاریکییەوە بوو.

بەشێک لە کڕیارانی چایخانەکە دەیانگوت سۆشیالیستی مەزن وەکو پیاوی باش دەستی پێ کرد.

هاتبوو کاری پاککردنەوە بکات بەڵام قوڕی گەنگەی دایک هەڵیمژی. بەشێکی تر دەیانگوت بە پیسی دەستی پێ کرد، هەموو کەسێکیان خەڵەتاند بەڵام دوایی دەرکەوت کە بۆچی بوو. بە هەرحاڵ کەیسەکە هەرچی چۆنێک بوو بێت، کەس ناتوانێت دەسەڵاتیان لێ وەرگرێتەوە.. ئەوان لە تاریکی

ڕۆڵیان دەبینی، هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن دەیانبردەوە، بەڵام ڕۆڵیان بەرەو لاوازبوون چوو.

کۆی نەوەدوسێ کەیسی تاوان دەبینی لە نێوانیاندا کوشتن، دەستدرێژی سێکسی، دزی گەورە، چەک ڕفاندن، گەوادی و زۆری تر وەکو تاوانی بچووک دژ بە سۆشیالیستە مەزنەکان و سەرۆکەکەیان لە حاڵی حازردا.

کاتێک کە دادوەر بڕیارێ دەربکات لە تاریکی، ئاسان نییە ئیدانەی بکەیت.

سێ تاوان ڕاگەیاندرا ئێستا سێ لە وەزیرەکان لە بەندیخانەن بەڵام هەر وەزیرن! سۆشیالیستی مەزن بۆخۆی گوتی کە یەک بلیۆن ڕووپێ ی لە تاریکی دزیوە و ڕەوانەی ژمارە بانکییەکەی کردووە لە وڵاتێکی بچووکی جوانی ئەورووپی پڕلە بەشەری سپی و پارەی ڕەش.

ڕۆژی هەڵبژاردن دانرا و لە ڕادیۆ بڵاو کرایەوە.

گەرم و تای هەڵبژاردن دیسان بڵاو بووەوە ئەمانە سێ پەتای سەرەکیی ئەم وڵاتەن بەڕێزم: تایفۆئید و کۆلێرا و تای هەڵبژاردن. ئەمەی دواییینیان خراپترینیانە، وا لە خەڵک دەکات شتێک بڵێت و بڵێتەوە کە پێویست بە گوتن ناکات. لەوە دەچوو کە دوژمنی گەورە سۆشیالیستەکان لەم هەڵبژاردنەدا بەهێزتر بن وەک لەوەی پێشوو. نامیلکەیان دەردەکرد و دەچوونە ناو پاس و ئۆتۆمۆبیلە بارهەڵگرەکانەوە بە مایکرۆفۆن ڕایاندەگەیاند کە هەرەسیان پێ دەهێنن، ڕووباری گەنگە ڕا دەماڵن و ئەوانەی کە لە تاریکیدا دەژین دەرباز دەبن بەرەو ڕووناکی.

لە چایخانەکە قسەلۆکی ڕەق زیادی دەکرد. خەڵکی ئەوێ بەدەم چا تێکدانەوە مشتومڕیان لەسەر هەمان شت بوو دووبارە و دووبارە. ئایا

ئەمجارە بە دەستی دەهێنن؟ ئایا هەرەس بە گەورە سۆشیالیستەکان دەهێنن؟ سەرکەوتن بە دەست دێنن لە هەڵبژاردندا؟

ئایا پارەی تەواویان کۆ کردووەتەوە بۆ خۆیان، بەرتیلی تەواویان داوە بە پیاوانی پۆلیس، پەنجەمۆری تەواویان کڕیوە بۆ خۆیان. وەکو مشتومڕی خەسێنراوەکان دەربارەی هونەری خۆشەویستی، دەنگدەرەکان مشتومڕیان بوو لە سەر هەڵبژاردن لە لاکسمانگار.

بەیانییەکیان پۆلیسێکم بینی بە فڵچەیەکی سوور دروشمی لەسەر دیواری پەرستگەکە دەنووسی.

ئایا شەقامی باش و ئاوی پاک و نەخۆشخانەی باشتان دەوێت؟

کەواتە دەنگ بدەن بە گەورە سۆشیالیستەکان!

چەندان ساڵ بوو گرێبەستێ لەنێوان خاوەنکارەکان و سۆشیالیستە مەزنەکاندا هەبوو، هەرچی کەسێک کە لە گوندەکەدا بوو، بەوەی دەزانی بەڵام ئەمساڵ شتێکی هەڵە هەبوو لە گرێبەستەکەدا هەرچوار ئاژەڵەکە پەیوەست بوون بە یەکەوە پارتێکیان بۆ خۆیان دامەزران لە خوار هوتافەکەوە کە پۆلیسەکە نووسیویەتی،نوسرابوو:

سۆشیالیستە پێشکەوتوخوازەکانی سەراپای هندستان

( کۆمەڵەی لینینییەکان)

ئەوە ناوی پارتی خاوەنکارەکان بوو. چەند هەفتەیەک بەر لە هەڵبژاردن ئۆتۆمۆبیلە بارهەڵگرەکان سەر و خواری شەقامەکانی لاکسمانگاریان پیس کرد.

پڕبوو لە کوڕی گەنج، مایکرۆفۆنیان بە دەستەوە" هەستنە سەرپێ بەرامبەر بە ساماندارەکان!"

ڤیجەی، شۆفێری ئۆتۆمۆبیلی بارهەڵگر، هەمیشە لەسەر یەکێک لەو ئۆتۆمۆبیلە بارهەڵگرانە بوو، ئیشە کۆنەکەی جێ هێشتبوو پەیوەست ببوو بە سیاسەتەوە، ڤیجەی ئاوها بوو. هەرچی جارێ بتبینیایە شتێکی باشتری دەکرد، بۆخۆی سیاسییانە لە دایک ببوو. شریتێکی سووری دەبەست بە ناوچەوانییەوە، بۆ ئەوەی وا نیشان دا کە یەکێکە لە لایەنگرانی گەورە سۆشیالیستەکان. هەموو بەیانییەک لە بەردەم چایخانەکە وتاری دەخوێندەوە. ساماندارەکان ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکانیان پڕ دەکرد لە لایەنگرانی خۆیان و دەیانهێنان بۆ تۆڵەسەندنەوە، لەناو ئەو ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرانە پیاوەکان هاواریان دەکرد:

" شەقامەکان! ئاو! نەخۆشخانەکان! دەنگ مەدەن بە گەورە سۆشیالیستەکان!"

هەفتەیەک بەر لە هەڵبژاردن هەردوو لا وازیان هێنا لە ناردنی ئۆتۆمۆبیلە بارهەڵگرەکان. کاتێک کە مێزەکانم پاک دەکردەوە گوێبیستی ئەوە دەبووم کە چی ڕووی دابوو.

ئاژەڵەکان خەڵەتاندنەکانیان سەری گرت. سۆشیالیستە مەزنەکان ڕازی بوون کە گرێبەستێکیان لەگەڵدا بکەن.

ڤیجەی کرنۆشی بۆ لەقلەق برد و دەستی لە پێی دا لە بەردەم چایخانەکە و لە بەردەم کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵک. لەوە دەچوو کە هەرچی ململانێیەک کە هەیانبووە پینە کرابێت، لەقلەق بە سەرۆکی لقێک لە پارتی سۆشیالیستە مەزنەکان ناو برا لەلاکسمانگار، ڤیجەییش وەکو جێگری.

قەشەی هندۆسییەکان ئاهەنگی گێڕا بە نوێژکردنی تایبەت بۆ بە سەرکەوتن گەیشتنی سۆشیالیستە مەزنەکان. لە بەردەم پەرستگەکە گۆشتی مەڕ و بریانی دابەش کرا لەناو قاپی کەغەزین.ئێوارەکەشی خواردنەوەی سەرخۆشکەری نایاسایی  ئەدرا بە هەموو کەسێک بە خۆڕایی.

بۆ بەیانییەکەی پیاوانی پۆلیس تەپوتۆزێکی زۆریان هێنا و هاتن بۆ ناو لادێکە، یەکێک لە پیاوانی پۆلیس  لەناو بازاڕ زانیاریی هەڵبژاردنەکەی خوێندەوە.

هەرچییەک کرا لەپێناو بەرژەوەندی ئێمەدا، کرا. دوژمنی گەورە سۆشیالیستەکان هەوڵ دەدەن هەڵبژاردن لە ئێمەی هەژار بدزن و دوورمان بخەنەوە لە هێز و دەسەڵات و گەڕانەوەی کۆت و زنجیر بۆ دەستەکانمان کە گەورە سۆشیالیستەکان لایان بردبوو، ئایا ئێمە لەوە تێدەگەین؟  دواییش پیاوانی پۆلیس ئەوێیان بەجێ هێشت بە هەوری لە تۆزوخۆڵەوە.

شەوێکیان باوکم پێی گوتم " هەمیشە هەر وا بووە"

دوانزە هەڵبژاردنم بینیوە، پینجی گشتی، پێنجی دەوڵەتی، دووی ناوخۆیی، هەر دوانزە جارەکە کەسێکی تر چووە دەنگی بۆم داوە.

بیستوومە کەسانی تری لە هندستانەکەی تر خۆیان دەنگ بۆخۆیان دەدەن، ئەمە زیادەڕۆیی نییە؟

لە ڕۆژی دەنگداندا پیاوێک شێت بوو.

هەموو جارێک ئەمە ڕوو دەدا. لە هەموو هەڵبژاردنێک لە تاریکی،
 یەکێک لە برادەرەکانی باوکم تاکو ئەو کاتە پشتگوێ خرابوو.

پیاوێکی بچووک و لاواز و ڕەنگ تۆخ و تاریک بوو، دەوری گیرابوو بە کۆمەڵیک عەرەبانچی، یەکێک لەوانە باوکم بوو. هەوڵیان دەدا کە قایلی

بکەن خۆی دەنگ بۆ خۆی بدا، بەبێ ئەوەی بڕوای تەواویشی بەوە هەبێت، پێشتر بینیبوویان شتی لەو جۆرە ڕووی دابوو بەڵام ئەمجارەیان نەیاندەتوانی متمانەی بەدەست بێنن. جارناجار تەنانەت لە شوێنیکی وەکو لاکسمانگار تیشکێک لە ڕووناکی خۆرەکە ئەو نێوەندەی دەبڕی. ئەو هەموو پۆستەر و وتار و هوتافانەی سەر دیوارەکان لەوانەیە بچنە ناو میشکی مرۆڤەوە.

خۆی وا ناساند کە هاونیشتمانییەکی دیموکراسییە لە هند و دەیەوێت دەنگەکەی بژمێردرێ. عەرەبانچییەکە ئەوەی بە دەست هێنا، دانی بەوەدا نا کە خۆی لە تاریکی ڕزگار کرد، (ئەوەی ویستی بە دەستی هێنا).

یەکسەر دەستی کرد بە ڕۆیشتن بەرەو ژووری دەنگدان لەناو قوتابخانەکە هاواری کرد دەبوو هەستمە سەرپێ بۆ دەوڵەمەندەکان، وا نییە؟..."ئەوە نییە کە هەمیشە پێمانی دەڵێن و دەڵێنەوە؟"

کاتێک کە گەیشتە ئەوێ لایەنگرێکی سۆشیالیستە مەزنەکان تۆماری دەنگەکانی لە دەرەوە دانابوو لەسەر تەختەیەکی ڕەش

٢٣٤١دەنگ تۆمار کرابوو. هەموو کەسێ دەنگی دابوو بە سۆشیالیستە مەزنەکان. ڤیجەی شۆفێری ئۆتۆمۆبیلە بارهەڵگرەکە لەسەر پەیژەکە وەستابوو. بە چەکوش سمبولی سۆشیالیستە مەزنەکانی دادەکوتی لەسەر دیوارەکە (سمبولی دوو دەست کۆت و زنجیریان شکاندبوو)

هوتافی سەر لافیتەکە دەیگوت:

**پیرۆزبایی لە سۆشیالیستە مەزنەکان دەکەین**

**بۆ سەرکەوتنی یەکجاری لە لاکسمانگار!**

ڤیجەی هەر کە عەرەبانچییەکەی بینی، چەکوش و بزمار و لافیتەکەی بەردایەوە.
ئەوە تۆ چی دەکەیت لێرە؟
هاواری کردەوە دەنگ دەدەم، ئەمڕۆ هەڵبژاردن نییە؟
دڵنیا نیم لەوەی دواتر چی ڕووی دا، هەرچەندە چەند پێیەک دوور بووم،لە پشتیانەوە کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵک کۆ ببوونەوە بۆ ئەوەی لە دوورەوە سەیری بکەن. بەڵام کاتێک پۆلیس هێرشی هێنا بۆمان،ئاوڕمان دایەوە و هەموو ڕامان کرد، نەمانبینی چییان لەو پیاوە ئازا و شێتە کرد.
ڕۆژی دواتر لەو بارەوە بیستم.
خۆم خەریک کردبوو کە گوایە پەڵەی سەر مێزەکە دەسڕم.
ڤیجەی و پۆلیسێک، پیاوە عەرەبانچییەکەیان دابوو بە زەویدا، دەستیان کردبوو بە لێدانی بە دارەکانی دەستیان لێیان دابوو. فڕێیان دابوو، هەر جارەی یەکێکیان بەر شەقی دابوو، ڤیجەی لێی دابوو، پۆلیسەکەش سەری پان کردبووەوە، دیسان دووبارە ڤیجەی لێی دابوو دوای ماوەیەک گیانی لە بەرگری کەوتبوو. بەردەوام ببوون  لە پانکردنەوەی سەری تاکو پانیان کردبووەوە بە زەویەکەوە.
ئەگەر بۆ ساتێک بگەڕێمەوە بۆ پۆستەری داواکراو خاوەنشکۆ، هیچ لاریم لەوە نابێت کە پێم بڵێن تاوانبار، ئەوە حەقیقەتە من گوناهبارم، لە مرۆڤایەتی کەوتووم. لە لایەن پۆلیسەوە بە بکوژ ناوزەد دەکرێم!
چ گاڵتەجاڕییەکە!
لە سەردانیت بۆ هندستان ئەم یادەوەرییە بچووکەت دەدەمێ بۆ ئەوەی لای خۆت بیهێڵیتەوە.

باڵرام حەڵواچی  پیاوێکی شاراوە، هەڵاتوو، شوێنی ژیانی نادیار لای پۆلیس، ئەمە ڕاستە؟ ها!
پۆلیس بە تەواوی دەزانێ لە کوێ بمدۆزێتەوە.
لە ژووره بچووکەکانی دەنگداندا دەمدۆزنەوە کە دڵسۆزانە دەنگ دەدەم لە هەڵبژاردندا.

لە ژووره بچووکەکانی دەنگدان لە قوتابخانەی لاکسمانگار لە ناوچەی گایە.

هەر وەکو لە هەموو هەڵبژاردنە گشتییەکاندا لە ویلایەتەکان و هەڵبژاردنی ناوخۆ کردوومە لەو کاتەوەی کە پێم ناوەتە ناو هەژدە ساڵییەوە.،من بەوەفاترین دەنگدەری هندیم، تاکو ئێستاش ناو ژووره بچووکەکانی دەنگدانم نەبینەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە بەم زووانە دەنگدان کۆتایی دێت لە دنباد. ژیان بەردەوامە لەناو دیوارە بەرزەکانی ماڵەکەی لەقلەق.

کە پێیەکانی داگرتە ناو ئاوە گەرمەکەوە، هەناسەیەکی هەڵکێشا،

یارییەکانی کریکت و ڕیشە  هەر بەردەوام بوون لە دەوری.
ئەمەکدارانە هەردوو سەگە پۆمەرینییەکانم شۆری و پاکیانم کردەوە.
ڕۆژێکیان دەموچاوێکی ناسراو دەرکەوت لە دەرگاکەوە، ڤیجەی شۆفێری پاس لە لاکسمانگار.
ئەمجارەیان پاڵەوانی منداڵیم یەکپۆشێکی تازەی لەبەر بوو سەرتاپا سپی پۆشیبوو. کڵاوی سپی نەهرۆی لە سەر نابوو.

موستیلەی ئاڵتوونی پتەوی کردبووە هەشت پەنجەی دەستییەوە!

خزمەتگوزاری گشتی باش بوون بۆی. لای دەرگاکە وەستابووم و چاوەڕێم

دەکرد. لەقلەق بۆخۆی هاتە دەرەوە بۆ بینینی ڤیجەی. کڕنوشی بۆ برد.

ساماندار کڕنۆش بۆ کوڕی بەرازەوان دەبات، سەمەرەی دیموکراتییە!

دوو ڕۆژ دوای ئەوە گەورە سۆشیالیستێک هات بۆ ماڵەکەی، هەموو ئەندامانی ماڵەکە ماندوو بوون بە میوانەوە.

بەڕێز ئاشۆک لای دەرگاکە وەستابوو بە گوڵێکی بازنەیی ملوانکەی یاسمینەوە چاوەڕێی دەکرد لە تەنیشت براکەی و باوکی.

ئۆتۆمۆبیلێک گەیشتە بەردەرگاکە، دەرگاکە کرایەوە دەموچاوێ دەرکەوت کە ملێۆنێ جار بۆهەڵبژاردن پۆستەرەکەیم بینیبوو لەو کاتەوەی کە کوڕێکی هەرزەکار بووم، دوو ڕوومەتی هەڵتۆقاوم بینی، قژێکی سپی لە شێوەی درک، گوارەی ئاڵتوونی پتەو.

ڤیجەی شریتە سورەکەی بەستبوو بە ناوچەوانییەوە، ئاڵایەکی هەڵگرتبوو هێمای کۆت و زنجیرە شکاوەکەی لەسەر بوو، هاواری دەکرد بژی گەورە سۆشیالیستەکان.

پیاوە مەزنەکە هەردوو ناولەپی دەستی بەرامبەر یەک داناو،کڕنوشی برد بۆ هەموو ئەوانەی کە لە دەوری بوون. هەمان دەموچاوی سیاسی و گەورەکانی هندی هەبوو. ئەو دەموچاوە ئاشتیخواز بوو پێی دەگوت تۆش لە بەڵا بە دوور دەبیت ئەگەر دوای زانستەکانی ئەو خاوەن دەموچاوە بکەویت.

هەر ئەو دەموچاوە دەتوانێت شتێکت بۆ دیاری بکات. کەمێ لە شێوەی دەموچاوی بگۆڕێت دەزانرێ کە ئەوە پێچەوانەی ئاشتییە وە دەتوانێت چارەنووست دیاری بکات.

بەڕێز ئاشۆک گوڵە بازنەییە ملوانکەکەی لە ملی پیاوە کەتەوزلەکە کرد کە لە ملی گامێش دەچوو.

لەقلەق گوتی ئەمە کوڕمە تازە لە ئەمریکا گەڕاوەتەوە. گەورە سۆشیالیستەکە ڕوومەتی بەڕێز ئاشۆکی گوشی، باشە پێویستمان بە کوڕی زیاترە کە بگەڕێنەوە و هندستانێکی یەکجار بەهێز بنیات بنێن.

دوایی چوونە ژوورەوە هەموو دەرگا و پەنجەرەکانیان داخست. دوای ماوەیەک گەورە سۆشیالیستێک بە دوای ئەودا دەرچووە دەرەوە بۆ حەوشەکە، بە دوای ئەودا پیرەمێردێک دواییش مۆنگۆس. دوابەدوای ئەویش بەڕێز ئاشۆک.

هەوڵم دا گوێم لێیان بێت، خۆم وا دەرخست کە زەوی دەماڵم، هێواش هێواش نزیک بوومەوە. دەمتوانی گوێم لێیان بێت. گەورە سۆشیالیستەکە هات، تەپ تەپ دەستی دا بە شانمدا پرسیتی

کوڕم ناوت چییە؟

دوایی گوتی خاوەنکارەکانت دەیانەوێت بێزارم بکەن  باڵرام تۆ دەڵێی چی؟

بەڕێز ئاشۆک بە سەرسووڕمانەوە سەیری کرد.  لەقلەق زۆری لە خۆی کرد پێبکەنێت.

"ملیۆن و نیوێک زۆرە بەڕێز پێمان خۆشە گرێبەستێکمان لەگەڵدا ببەستن" سۆشیالیستە مەزنەکە دەستی ناڕازیبوونی خۆی جووڵاندەوە لە بەرامبەر داواکەیان.

ئێوە لێرە دزییەکی باش دەکەن لە کانە حوکومییەکان و بە خۆڕایی خەڵووز دەبەن، ئێوە ئەمە دەکەن چونکە من لێتان گەڕاوم کە بیکەن، کاتێک کە ئێوەم بینی خاوەنسامانێکی بچووکی  لادێیی بوون.

هێناتانم بۆ ئێره، کردتانم بەو کەسەی ئێستا کە هەن. سوێند بە خودا سەرپێچی بکەن دەگەڕێنەوە بۆ ئەو  لادێییە. گوتم ملیۆن و نیوێکی لەعنەتی واتە ملیۆنێک و....

دەبوو بیبرێنێتەوە بەدەم پان جوینەوە و دەمپڕبوون و هاتنەخوارەوەی ئاوی سوور لە دەمییەوە  ئاماژەی ئەوەی کرد کە قاپێکی قووڵی بۆ بێنم. بە پەلە چووم بۆ ناو هۆنداستێکە بۆ ئەوەی قاپی تفتێکردنەکەی بۆ بێنم.

کە بە قاپەکەوە گەڕامەوە بە ساردییەوە ئاوڕێکی لە مانگوس دایەوە و گوتی کوڕم قاپەکەم بۆ ناگریت؟

مانگوس نەیویست بجووڵێت، گەورە سۆشیالیستەکە قاپەکەی لە دەستم وەرگرت و بۆی گرت.

بیبە کوڕم، مانگوس بردی، گەورە سۆشیالیستەکە سێ جار تفی تێ کرد.

مانگوس دەستەکانی دەلەرزین دەموچاوی لە تەریقیدا ڕەش هەڵگەڕا.

گەورە سۆشیالیستەکە بەدەم دەمسڕینەوە  گوتی سوپاس کوڕم ڕووی وەرگێڕا بۆ لای من و ناوچەوانی خوراند، ئێستا من لە کوێم؟

بەو جۆرە بوو، ئەوە لایەنێکی باشی گەورە سۆشیالیستەکەبوو.

ئەو سووکایەتی بە هەموو گەورەکانمان  دەکات، بۆیە بەردەوام  دەنگی پێ دەدەینەوە.

ئەو شەوە دیسان بە بیانووی  حەوشەگسکدانەوە نزیک بوومەوە لە لەقلەق و کوڕەکانی لەسەر کورسی دانیشتبوون و قسەیان دەکرد، پەرداخەکانیان بە دەستیانەوە پڕ لە خواردنەوەیەکی زەرد.

پیرەمێردەکە سەری بادا و گوتی:

"پێویستمان پێیەتی ناتوانین ئەوە بکەین، مووکێش."

" بابه من پێت دەڵێم، ئیتر پێویستمان پێی نییه، دەتوانین یەکسەر بچین بۆ دەلهی، ئێستا لەوێ خەڵک دەناسین."

"بابه من هاوڕام لەگەڵ مووکێش، نابێ لێگەڕێین لەوه زیاتر بەو جۆره هەڵسوکەوتمان لەگەڵ بکات، وەکو ئەوەی که ئێمه کۆیلەی ئەو بین."

"بێدەنگبه ئاشۆک. لێمانگەڕێ با من و مووکێش گفتوگۆ له سەر ئەوه بکەین."

دوو جار زیاتر حەوشەکەم گسک دا و گوێم گرت. دوایی دەستم کرد به توندکردنەوەی پەتی تۆڕی ڕیشەکەی پنکی خان و توانیم نزیکتر ببمەوه لێیان.

بەڵام چاوه گوماناوییەکانی نیپاڵی وەدەری نام "برۆ له ژوورەکەت دانیشه تاکو ئەو کاتەی سەرۆکەکەت بانگت دەکات."

"باشه"

ڕامبەهادور لێم ڕا ما بۆیه گوتم "زۆر باشه بەڕێز."

(خزمەتکارەکان تووشی سەرسووڕمان دەبن، کاتێک که له لایەن خزمەتکارێکی ترەوه به بەڕێز بانگ بکرێن)

بۆ ڕۆژی دواتر کاتێک که پەدلز و کەدلزم وشک دەکردەوه به وشککەرەوه دوای ئەوەی که به شامپۆ شوشتبوویانم ڕامباهادور هات و گوتی" هەرگیز دەلهیت بینیوه؟"

سەرم جووڵاند.

"هەفتەیەکی تر بەڕێز ئاشۆک و پنکی خان دەچن بۆ دەلهی بۆ سێ مانگ."

چەمامەوە سەر ئەژنۆ و ڕووی وشککەرەوەکەم کردە پێیەکانی کەدڵ، وام دەرخست کە گوێی نادەمێ، زۆر ئاسایی پرسیم، " بۆ؟"

نیپاڵی هەردوو شانی هەڵتەکاند. کێ دەزانێت؟ئێمە خزمەتکارین و بەس. شتێکی دەزانی.

"تەنها شۆفێرێک دەبەن، ئەو شۆفێرە مانگی سی هەزار ڕووپێ وەردەگرێت، لە دەلهی دەیدەنێ.

وشککەرەوەکە لە دەستم کەوتە خوارێ.

بە ڕاستە؟" سی هەزار ڕووپێ ؟

"بەڵێ."

"گەورەم من دەبەن؟"

هەستام و لێی پاڕامەوە، " دەتوانی وا بکەیت من ببەن؟"

بە گاڵتەپێکردنەوە و بەدەم ئەمدیووئەودیوکردنی پارە ئاسنەکەی ناو دەستییەوە و بەسەر لێوە نیپاڵییەکەیەوە گوتی "ڕامپرساد دەبەن،""

مەگەر...."

"مەگەر؟"

لەگەڵ تەقەتەقکردن بە پارە ئاسنینەکانی ناو دەستییەوە

پێنج هەزار ڕووپێ بۆ ئەوەی بە لەقلەق بلێی من ئەو پیاوەم کە دەبێت ببرێم بۆ دەلهی.

"پێنج هەزار-ئەوەنە پارە لە کوێ بێنم ؟خێزانەکەم هەموو مووچەکەم لێ وەردەگرن!"

"ئۆو، کەواتە لەو حاڵەتەدا ئەو کەسە ڕامپرساد دەبێت."

ئاماژەی بۆ کەدلّز و پەدلّز کرد و گوتی "لەو بڕوایەدام تا لە ژیاندا مابیت هەر دەبێ سەگەکان پاک بکەیتەوە."

هەستام هەردوو کونە لووتم دەسووتانەوە

هیشتا هەر دنیا تاریک بوو

ڕامپرساد بە ئاگابوو لەسەر پێخەفەکەی دانیشتبوو.

لەسەر تەختەدارێک پیازی ورد دەکرد، گوێم لێبوو تەق تەق تەق دەنگی چەقۆکە دەهات کە لە تەختەکەی دەدا.

ئەم پیازە نهێنییەکی هەیە.

کاتێک ئەو خەریکی پیازوردکردن بوو من هەر بە ئاگابووم.

لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا تێبینی چ شتێکی ڕامپرسادم کردبوو؟

یەک شت،بۆنی هەناسەی پیس بوو، تەنانەت پینکی خانیش گلەیی دەکرد.

لەناکاو وازی لە نانخواردن هێنا لەگەڵماندا. لە ناوەوە و لە دەرەوەش.

تەنانەت یەکشەمانیش کە مریشک هەبوو. ڕامپرساد ڕەتی کردەوە کە لەگەل ئێمە نان بخوات. دەی گوت نانم خواردووە یان تێرم.

بەردەوام بوو لەسەر پیازوردکردن، بەردەوام بووم لە چاودێریکردنی. بیرۆکە لە سەر بیرۆکەم دادەنا، چاوەڕێم دەکرد، دەستی بە ڕۆیشتن کرد بۆ لای دەرگای دەرەوە.

لەگفتوگۆکردنم لەگەڵ چێشتلێنەرەکە بۆم دەرکەوت ڕامپرساد هەموو ئێوارەیەک لە یەک کاتی دیاریکراودا دەچێتە دەرەوەی ماڵ. دوور بە دوور دوای کەوتم. چووە شوێنێک کە هەرگیز پێشتر نەمبینیبوو چەند کۆڵانێکی تێپەڕاند. لە شوێنێک لە دەرەوە ئاوڕێکی دایەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی کە کەس بە دوایەوە نییە. پەلەپەلی بوو لە ڕۆیشتن.

لە بەردەم باڵەخانەیەکی  دوونهۆم وەستا کە دیوارەکانی بە تۆڕی ئاسن دەورە درابوو، کرابوو بە دوو بەشەوە. ڕیزێک بۆڕی ڕەش لە دیوارەکەوە هاتبوونە دەرەوە لە خوار تۆڕە ئاسنەکەوە. لە بەردەم بۆڕییەکدا چەمییەوە، دەموچاوی  شۆری، غڵغڵەی کرد و تفاندییەوە، نەعلەکانی داکەند.
نەعل و پێڵاوەکان ریز کرابوون لەناو بەشە چوارگۆشەکە ئەویش نەعلەکانی لەوێ داناو چووە ناو کۆشکەکەوە و دەرگاکەی داخست.

دام بە ناوچەوانی خۆمدا.

چەند گەمژەبووم! ڕەمەزانە بە درێژایی ڕۆژ ناتوانن بخۆن و بخۆنەوە، گەڕامەوە بۆ ماڵەوە نیپاڵیم بینی لای دەرگاکە وەستابوو، چوکڵی دەهێنا بە ددانەکانیدا. لە داری نیم کردبوویەوە. زۆربەی کەسە هەژارەکانی وڵاتەکەم بەو چوکڵە دانیان پاک دەکەنەوە،

بەڕێز سەرۆکوەزیران.
"فیلمێکم بینی"
"لەعنەتی"

فیلمێکی باشبوو. سەمایەکی زۆری تێدابوو، پاڵەوانی فیلمەکە موسڵمانبوو ناوی محەمەد محەمەد بوو."

" کات بە فیرۆ مەدە کورە، ئەگەر ئیشت نییە برۆ ئۆتۆمبیلەکە پاک بکەوە."

ئەو محەمەد محەمەدە کەسێکی هەژاربوو، ڕاستگۆ و موسڵمانێکی ئیشکەربوو، بەڵام شتێکی لە ماڵی شەیتان دەویست.

لایەنگری لە خاوەنسامانێک دەکرد کە موسڵمانی خۆش نەدەویست، تەنها بۆ ئەوەی کارێکی چنگ بکەوێت و نانی خێزانە برسییەکەی بدات.
ناوی ڕامپرسادی لە خۆی ناوە و دەڵێت هندۆسم.

چوکڵەکە لە دەم نیپاڵی کەوتە خوارەوە.

دەزانیت چۆن توانیی لەو دۆخە دەرچێت و رزگاری بێت؟ نیپاڵی چاودێری ماڵەکە بوو

متمانەی سەرۆکەکەی بە دەست هێنابوو بە هەموو جۆرێک.

دڵنیابوو لە ڕابردووی ڕامپرساد لەو کێشمەکێشەدا.

پێش ئەوەی ڕا بکات تەکنیکییانە یەخەیم گرت.

لە دژایەتیکردنی ڕەوشی خزمەتکار ئەوەی کە لەسەر تۆیە بیکەی ئەوەیە ئاماژە بکە و دەریخە و بڵێ "بردمەوە".

بەڵام ئەگەر بتەوێت ئەم شتانە بکەیت دەبێت بە شێوەیەک هەر بیکەیت، ڕاستە؟

بۆیە منیش زللەیەکم لێ دا.

لەوە بە دوا بووم بە خزمەتکاری ژمارە یەک لە ماڵەکەدا.

ڕام کردەوە بۆ لای مزگەوتەکە، دەبێ ئێستا لە نوێژ بووبێتنەوە و ڕامپرساد یان محەمەد یان ناوە ڕاستییەکەی هەرچیییەک بووبێت. لە مزگەوتەکە هاتە دەرەوە لە پەنجەرەکەوە پێڵاوەکانی برد و دای بەسەر زەوییەکەدا و پێیەکانی برد و پێیەکانی خستە ناوی و دەستی کرد بە ڕۆیشتن.

بینیمی، چاوێکم لێ تروووکاند زانیتی کە یارییەکە دەستی پێ کردووە.

ئەوەی کە ویستم بە چەند وشەیەک بە ئەنجامم گەیاند و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە.

نیپاڵی لە پشت شیشە ڕەشەکانەوە سەیری دەکردم، زنجیری کلیلەکانم لێ وەرگرت و خستمە گیرفانمەوە.

قەمیسەکەیم گرت"هەندێک پسکیت و چام بۆ بێنە جلە یەکپۆشەکانیشتم دەویێ ئەوەی خۆم کۆن بووە.

ئەو شەوە لەسەر تەختەخەو نووستم. بۆ بەیانییەکەی یەکێ هاتە ژوورەوە شۆفێری ژمارە یەکی پێشوو بوو. بێ ئەوەی وشەیەک بڵێ دەستی کرد بە خۆکۆکردنەوە. هەموو شتەکانی لەناو کارتۆنێکی بچووک جێی بووەوە.
بیرم دەکردەوە کە چ *ژیانێکی ناخۆشی بە سەر برد.ناوی خۆی و ئایینی خۆی شاردووەتەوە،*

*هەر بۆ ئەوەی کە ئیشێکی شۆفێری دەست بکەوێت، هەروەها شۆفێرێکی باشە ئەوە قسەی لەسەر نییە.* هەمیشە لە من باشتر بوو.، بەشێکم دەیویست ئا لێرەدا هەستم و داوای لێبوردنی  لێ بکەم و بڵێم برۆ ببە بە شۆفێرێک لە دەلهی.
هەرگیز شتێکت نەکردووە کە ئازاربەخش بووبێت بۆ من، بمبورە براکەم سوورِام بە لایەکەی تردا و هەوایەکم بەردا و خەوتمەوە.
کاتێک کە هەستام ئەو ڕۆیشتبوو. وێنەی خوداکانی هەموو لە دوای خۆی جێ هێشتبوو. هاویشتمە ناو جانتایەکەوە، هەرگیز نازانی کەی پێویستت پێیان دەبێت.
ئێوارەکەی نیپاڵی بە دەموچاوێکی زەردەخەناوییەوە هات بۆ لام، هەمان زەردەخەنەی دروستکراوی نیشانی لەقلەقیش دا، بە درێژایی ڕۆژ لەبەر ئەوەی ڕامپرساد ڕۆیشتووە و بەبێ هیچ وشەیەک خزمەتکارییەکەی بە جێ هێشتووە،

دەبمە شۆفێری بەڕێز ئاشۆک و پینکی خان بۆ دەلهی، بەشەخسی و زۆرلەخۆکردن، خۆی پێشنیاری ناوی منی دەکرد لای لەقلەق. چوومەوە سەر تەختەخەوەکەم، ئێستا هەموو شتێ هی منە. بای باڵی خۆم دا لەسەر تەختەخەوەکەوە و گوتم زۆر باشە ئێستا ئەو تۆڕی جاڵجاڵۆکانەی ژێر میچەکە پاککەوە، نایکەی؟ سەیری کردم و هیچی نەوت چوو گسک بێنێت، هاوارم کرد.

"بەڕێز!".

لەوە بە دوا هەموو بەیانییەک چای گەرمی نیپاڵی و پسکیتی شیرین لەسەر سینی پۆرسیلین بوو.

ئەو یەکشەممەیە کیشان هات بۆ لای دەرگاکە دەنگوباسەکانمی بیست. وام زانی سەرزەنشتم دەکات کە بەو جۆرە لەناکاو جێیانم هێشت لە لادێکە.

بەڵام یەکجار دڵخۆش بوو، چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک.

یەکێک لە خێزانەکەی لە تاریکی دەردەچێت و دەچێت بۆ نیودەلهی.

وەکو ئەوەی کە هەمیشە دایکم دەیگوت و دەیزانی تۆ هەر سەردەکەویت، ئەوەی دەتەوێت هەر بە دەستی دەهێنیت"

دوو ڕۆژ دوای ئەوە شۆفێری بەڕێز ئاشۆک و مۆنگوس و پینکی خانم کرد بۆ دەلهی بە هۆندا ستێکە.

دۆزینەوەی ڕێگەکە گران نەبوو، دەبوو دوای پاسەکان بکەوم.

بە درێژایی ڕێگەکە هەموو پاس و جێب بوو. هەستت دەکرد ئێستا دەتەقنەوە لەبەر گەشتیاری زۆر و شتومەکی ناوی، خەڵکێکی زۆر خۆیان هەڵواسیبوو بە دەرگاکاندا، تەنانەت سەری پاسەکانیش.

هەموو لە تاریکییەوە دەچوون بۆ نیودەلهی، وات هەست دەکرد کە هەموو دنیا کۆچ دەکات.

هەرچی جارێ بە لای ئەو پاسانەدا تیپەڕ دەبووین واقم وڕ دەما، خۆزگەم دەخواست کە بمتوانیایە جامەکەم داگرم و هاوار بکەم بە سەریانا و بڵێم، من دەچم بۆ نیو دەلهی، بە سەیارەیەکی بچووکی فیێنک. من دڵنیام کە ئەو وشانە لە چاوەکانمدا دەخوێننەوە.

نزیکی نیوەڕۆ بەڕێز ئاشۆک دای بەسەر شانمدا. یەکسەر زانیم چی دەوێت، هەر وەکو چۆن سەگ لە خاوەنەکەی تێدەگات کە چی دەوێت.

ئۆتۆمۆبیلەکەم ڕاگرت و چوومە لای دەستەچەپ. ئەویش هاتە لای دەستەڕاست بە جۆرێک بەر یەک کەوتین هەستم بە ریشی کرد کە بە دەموچاوما هات. وەکو فلْچەی تەراش کە هەموو بەیانییەک بە کاری دێنم، کۆلْۆنی پێستی ئەو، کۆلْۆنی بۆن میوەی خۆش لووتی پڕ کردم. بەلاَم ئارەقی منی خزمەتکار بەر دەموچاوی کەوت ئەو بووە شۆفێر و منیش سەرنشین.

ئۆتۆمۆبیلەکەی خستە کار

مۆنگوس هەموو کاتەکە هەر ڕۆژنامەی دەخوێندەوە بینیتی کە چی ڕووی دا.

گوتی "وا مەکە ئاشۆک"

مانگوس بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی کۆن بوو دەیزانی هەڵە و ڕاست لە یەکتر جیا بکاتەوە.

بەڕێز ئاشۆک گوتی ڕاست دەکەیت، ئەوە هەستێکی نامۆیە. ئۆتۆمۆبیلەکە وەستا، دیسان ئەمبەر و ئەوبەرمان کرد جارێکی تر جێگۆڕکێمان کرد، دیسانەوە بووم بە شۆفێر و خزمەتکار

بەڕێز ئاشۆک بوو بە سەرنشین و سەرۆک.

شەو بە درەنگەوە گەیشتینە دەلهی.

هێشتا کاتژمێر سێ نەبوو، دەتوانم کەمێ زیاتر بەردەوام بم. بەڵام دەمەوێت لێرەدا بوەستم. چونکە لێرە بە دواوە دەبێت چیرۆکێکی تازەت بۆ باس بکەم.

بەڕێز سەرۆکوەزیران لەوانەیە یەکەمجار وەکو گەنجێک کە دەرگای ئۆتۆمۆبیلەکەت کردبێتەوە و سەیری هەموو ئەو شتانەت کردبێت کە تیایەتی، بیرت دێت کە وایەرە ڕەنگاوڕەنگەکان ئاڵابوون بە یەکەوە. لەملاولای مەکینەکەوە. کارتۆنە ڕەشەکە پڕبوو لە سەرقەباخی زەردوبۆری نامۆ کە هەڵم و ڕۆن و گریسی لێوە دەردەچوو لە هەموو لایەکەوە. بیرتە هەموو شتەکان سیحراوی دیار بوون. کاتێک کە دەچمە سەر ئەو بەشەی چیرۆکی ژیانم لە نیودەلهی هەمان هەستم هەیە. ئەگەر لێم بپرسی بۆت باس دەکەم کە چۆن ڕووداوێک بەستراوە بە یەکێکی ترەوە جووڵەی بەهێز ئەوی تر بێهێز دەکات. چۆن بیرکردنەوەم لە سەرۆکەکەم دەگۆڕم لە بیرکردنەوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر. پێت دەڵێم من بۆخۆشم لەم شتانە تێناگەم. ناتوانم لەوە دڵنیا بم کە ئەوەی بۆت دەگێڕمەوە چیرۆکە، ئەوە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە، ناتوانم بە تەواوی لەوە دڵنیا ببم کە بۆچی بەڕێز ئاشۆک مرد. بۆ من باشترە کە لێرەدا بوەستم.

کاتێک کە نیوەشەو یەکتر دەبینینەوە، بیرم بێنەوە کە کەمێ کرستاڵەکە بەرز بکەمەوە. لێرەوە چیرۆکەکە تاریکتر دەبێت.

# شەوی چوارەم

دەبێ کەمێک زیاتر دەربارەی ئەم کرستاڵە بدوێم.

بۆ نا؟ ئیتر هیچ کەس و کارێکم نییە، ئەوەی کە هەمە کرستاڵەکەیە.لێرە لە نووسینگەکەم کرستاڵێکم هەیە لەسەر سەرم هەروەها دوو دانەم هەیە لەناو ئەپارتمانەکەم لە ڕاجمەهاڵ ڤێلاس فەیسی دووەم. یەکێکیان لە ژووری وێنەکێشان هەروەها یەکێکی بچووک لەناو گەرماوەکە لەوانەیە تاکە گەرماو بێت لە بانگەلۆر کە کرستاڵی تێدا بێت.

ڕۆژێکیان هەموو کرستاڵەکانم بینی بەسترابوون بە لقێکی داری بانیانەوە لە نزیک باخی لاڵپاگ کوڕێکی لادێکە دەیفرۆشت، هەر هەمووم لە یەک جێگە کڕی. پارەم دا بە چەند برادەرێک کە گاو عەرەبانەیان پێ بوو بردیانەوە بۆماڵەوە بۆم، بە بانگەلۆردا ڕۆیشتین من و برادەرەکان و چوار کرستاڵ لەناو لمۆزینێک کە بە هێزی گا دەچوو بە ڕێوە.

بینینی کرستاڵ دڵخۆشم دەکات. بۆ نا؟ پیاوێکی ئازادم، با هەموو ئەو کرستاڵانە بکڕم کە دەمەوێت. تەنها لەبەر یەک شت. مارمێلکەکان دوور دەخاتەوە لەم ژوورە. ئەوە ڕاستە بەڕێز.

مارمێلکە حەزی بە ڕووناکی نییە. هەر کە کرستاڵەکە دەبینن دوور دەکەونەوە.

تێناگەم بۆچی خەڵکانی تر کرستاڵ ناکڕن و لە هەموو شوێنێکی دابنێن، خەڵکی ئازاد، نرخی ئازادی نازانن.

هەندێک جار لەناو ئەپارتمانەکەم هەردوو کرستاڵەکە هەڵدەکەم و پاڵ دەکەوم لە ناوەڕاست ئەو هەموو ڕووناکییە دەست دەکەم بە پێکەنین.

پیاوێکی شاراوە لەگەڵ ئەوەشدا دەوری دراوە بە کرستاڵ. لێرەدا من نهێنی ڕاکردنێکی سەرکەوتوو ئاشکرا دەکەم.

پۆلیس لە تاریکیدا بە دوامدا دەگەڕێت بەڵام من لەڕووناکیدا خۆم شاردووەتەوە، لە بانگەلۆر!

لە نێوەندی زۆر بەکارهێنانی کرستاڵدا بابەتێکی ناپەسەند هەیە، ئەویش ئەوەیە کە شتێکت بیر دەچێت، هەموو ئەوەی کە لە سەرتە بیکەیت ئەوەیە تەماشاکردنی پارچە شوشە بریسکەدارەکانە لەژێر میچەکەدا. لە ماوەی پێنج خولەکدا هەموو ئەوەت بیر دێتەوە کە دەتویست بێتەوە بیرت.

سەیرکە، بیرم چووبووەوە کە دوێنی شەو گەیشتبووینە کوێ، بۆیە دەبێت بۆ چەند ساتێک بچمەوە سەر کرستاڵەکە، تۆم سەرقاڵ کرد، بەڵام بیرم کەوتەوە کە لە کوێ بووین.

دەلهی. گەیشتینە دەلهی لە گێڕانەوەی باسەکەی دوێنی شەودا.

پایتەختی نیشتمانە پرشنگدارەکەمان، شوێنی پەرلەمان و سەرۆککۆمار، هەموو وەزیر و سەرۆکوەزیرانە، جێگای شانازیکردنە بە پلانە شارستانییەتەکەمانەوە. خەزێنەی کۆمارەکەمانە.

ئاوهای پێ دەڵێن، بهێڵە با شۆفێرەکان ڕاستییەکانت پێ بڵێن، ڕاستییەکەی دەلهی شارێکی شێتە.

سەیرکە، دەوڵەمەندەکان لە خانووە کۆڵۆنیاڵەکاندا دەژین وەکو کۆڵۆنیاڵی دەفنس یان کایلاشی مەزن یان ڤاسانتکونج، هەروەهاماڵەکانی ناو کۆڵۆنیاڵەکان پیت و ژمارەیان لەسەرە، بەڵام ئەم پیت و ژمارانە بە یاسایەکی لۆجیکی ناسراودا ناڕۆن. بۆ نموونە لە ئەلفوبێی ئینگلیزیدا دوای پیتی ئا  پیتی بێ دێت.

بەڵام لە کۆڵۆنیاڵی ماڵێک بە ٢٣١ ئا  ناوی لێ دەنرێت ماڵی دوای ئەوە بە ٣٧٨ئێف.

جارێکیان پینکی خان داوای لێ کردم که بیبه‌م بۆ کایلاشی گه‌وره ٢٣١ئێف به دوای ماڵه‌کاندا گه‌ڕام تاکو گه‌یشتمه ٢٠٠ئی وام هه‌ست ده‌کرد که خه‌ریکه بگه‌ین.
بلۆکی ئی به ته‌واوی دیار نه‌ما ماڵی دوای ئه‌وه شتێکی وه‌کو ئی بوو.
پینکی خان ده‌ستی به هاوار کرد
پێم گوتی ئه‌م لادێییه مه‌هێنه.
شتێکی تریش. هه‌موو شه‌قامێک له ده‌لهی ناوی هه‌یه، وه‌کو شه‌قامی ئۆرانگه‌زیب، شه‌قامی هه‌مایۆن یان
ئارکبیشۆپ، شه‌قامی ماکاریۆز، هیچ که‌سێک له سه‌رۆک یان خزمه‌تکاره‌کان ناوی شه‌قامه‌کان نازانن. له که‌سێک بپرسیت" شه‌قامی نیکۆلای کۆپه‌رنیکه‌س مارج له کوێیه؟" له‌وانه‌یه هه‌موو ژیانی له نیکۆلای کۆپه‌رنیکه‌س مارج به سه‌ر بردبێت، ده‌می ده‌کاته‌وه و ده‌ڵێت چی ؟ یان ئه‌گه‌ر هیچیشی لێ نه‌زانێت پێت ده‌ڵێت"ڕاست برۆ و به لای چه‌پدا لاده".
هه‌موو ڕێگه‌کان له یه‌ک ده‌چن، هه‌موویان ده‌سووڕێنه‌وه به ده‌وری بازنه‌یه‌کی خڕی گیادا، له‌وێ پیاوه‌کان ده‌خه‌ون یان نان ده‌خۆن یان یاری کارت ده‌که‌ن.
چوار ڕێگه‌ی تریش له بازنه‌گیاییه‌که‌وه ده‌رده‌چن دوای ئه‌وه ده‌چن بۆڕێگه‌یه‌کی تری بازنه‌ی گیایی، بازنه‌یه‌کی گیایی ترت دێته ڕێ که له‌وێ پیاوه‌کان خه‌وتوون یان یاری کارت ده‌که‌ن، دوای ئه‌وه چوار ڕێگه‌ی تر دێت له‌وێ ئه‌وه‌ستیت بزری و بزری و بزری له‌ناو ده‌لهی.

له دەلهی هەزاران کەس لە کەناری شەقامەکاندا ژیان بە ڕێ دەکەن. لەشی لاواز و دەموچاوی پیسیان پێت دەڵێت کە ئەوانیش لە تاریکییەوە هاتوون. لەژێر پردە گەورەکان و ڕێگە قەرەباڵخەکان وەکو ئاژەڵ ژیان بە سەر دەبەن، ئاگر دەکەنەوە و خۆیان دەشۆن و ڕشک لە قژیان دەردەهێنن، ئۆتۆمۆبیلەکان بە لایاندا تێدەپەڕن و بێزاریان دەکەن، ئەو کەسە بێخانەولانانە کێشەی تایبەتن بۆ شۆفێرەکان، هەرگیز چاوەڕێی ترافیکی سوور ناکەن، دەردەپەڕن بێ گوێدانە ئەوەی کە چی ڕوو دەدات.

هەرچی جارێک کە برێک ئەگرم بۆئەوەی خۆمیان لێ لادەم. خۆم ئەدەم بە یەکێ لە ئۆتۆمۆبیلەکاندا، هاوار لە سەرنشینەکانەوە بەرز دەبێتەوە

بەڵام لێت دەپرسم کێ دەلهی بەم شێوە شێتانەیە دروست کردووە؟

چ کەسێکی بەتوانا، بەرپرس بووە لەوەی کە وا بکات باڵەخانەی ئێف دوای باڵەخانەی ئا بێت،وە خانووی ژمارە٦٩ دوای خانووی ژمارە١٢ بێت.

کێن ئەوانەی سەرقاڵی ئاهەنگ و خواردنەوەی ئینگلیزین و سەگە پۆمیرانییەکانیان بە شامپۆ دەشۆن و دەیانبەن بۆ پیاسە و ناوێکیشیان لە شەقامەکان ناوە کە کەس ناتوانێتت بیری بکەوێتەوە.

شۆفێر دیسان ونبوویت؟

دیسان بە سەریا مەچۆ."

ئاشۆک بۆچی هەمیشە بەرگری لێ دەکەیت؟

شتی لەوە کاریگەرترمان نییە باسی بکەین؟ بۆچی دەبێ هەمیشە باسی ئەم شۆفێرە بکەین. زۆر باشە، با باسی شتێکی تر بکەین، پێش هەموو شتێک با باسی ژنەکەت بکەین، کاردانەوە توڕەئامێزەکانی.

ڕاستی تۆ پێت وایە ئەوە گرنگتر بێت لە باجدان بە حوکوومەت، هەمیشە لێت دەپرسم کە دەبێت چی بکەین بۆ ئەمە؟ تۆش هەمیشە بابەت دەگۆڕیت وا بیردەکەمەوە کە ئەمە شێتییە.

چەندیان لێمان دەوێ؟ پێم گوتی کە ئەوە بابەتێکی سیاسییە، پاڵەپەستۆمان دەخەنە سەر، چونکە باوکمان دەیەوێت خۆی دوور بخاتەوە لە گەورە سۆشیالیستەکان. نازانم بۆچی خۆی تێوەگلاند لەگەڵ ئەو شەیتانەدا چووە ناو سیاسەتەوە، چووە ناو سیاسەتەوە چونکە دەبوو وا بکات،

ئاشۆک هیچ هەڵبژاردنێکی ترت نییە لە تاریکی، مەترسە دەتوانین مامەڵە لەگەڵ ئەم باجەدا بکەین. ئەمە هندە نەک ئەمریکا. لێرە هەمیشە ڕێگەیەک هەیە بۆ دەربازبوون. پێم گوتی لێرە کەسێک هەیە کە کارمان بۆ دەکات، ڕەمەنەتان چارەسەرکەرێکی باشە.

ڕەمەنەتان کەسێکی گەمژە و ناپەسەندە

پێویستمان بە پارێزەرێکی تازەی باج هەیە، مووکێش !

پێویستە بچین بۆ ڕۆژنامەکان و پێیان بڵێین کە دەستدرێژیمان کراوەتە سەر لە لایەن سیاسییەکانەوە!"

مۆنگوس دەنگی بەرز کردەوە و گوتی"گوێ بگرە" تۆ تازە لە ئەمریکا گەڕاویتەوە، تەنانەت ئەو پیاوە کە ئۆتۆمۆبیلەکەمان لێدەخوڕێت لە تۆ شارەزاترە دەربارە هندستان، چارەسەرکەرێکمان دەوێت. ئەو چاوپێکەوتنمان بۆ ڕێک بخات لەگەڵ ئەو وەزیرەی کە پێویستمانە.

بەو جۆرە کارەکان بە ڕێوە دەچێت لە دەلهی.

مۆنگوس خۆی چەمانەوە بۆ پێشەوە و دەستی لەسەر شانم دانا "دیسان ون بوویت؟" لەو بڕوایەدای کە ئەمجارە ڕێگەی ماڵەوە بدۆزیتەوە بێ ئەوەی دەرزەنێ جار ون بیت.

هەناسەیەکی هەڵکێشاو چووە دواوە بۆ جێگەکەی خۆی.

"نەدەبوو بمانهێنایە بۆ ئێرە، هیوایەکی لێ بە دی ناکرێت. ڕامبهادور بە تەواوی هەڵە بوو لە تێگەیشتنی بەرامبەر ئەم کوڕە ئاشۆک."

" بۆ چرکەیەک سەر هەڵبڕە لەسەر تەلەفۆنەکەت، بە پینکیت گوتووە کە بە یەکجاری دەمێنیتەوە؟"

"هممم. بەڵێ "

"شاژن چی گوت؟"

"وای پێ مەڵێ ئەو براژنتە مووکێش، ئەو لە گورگۆن دڵخۆش دەبێت، چونکە خەڵکی ئەمریکی زۆر تێدایە."

بیرکردنەوەکانی بەڕێز ئاشۆک زیرەکانەیە، دەساڵ لەمەوبەر دەیانگوت هیچ شتێک لە گۆرگۆن نییە، گامێش و جوتیاری قەڵەوی بەنجابی نەبێت. ئەمڕۆ مۆدرنترن لە دەلهی.

ئەمریکان ئێکسپرێس و مایکرۆسۆفت و هەموو کۆمپانیا ئەمریکییە گەورەکان نووسینگەیان هەیە لەوێ. شەقامی سەرەکی پڕە لە بازاڕ، هەر بازاڕێک لە ناوەوە سینەمایەکی تێدایە! کە وا بێت ئەگەر پینکی خان بیری ئەمریکای بکردایە ئەوە باشترین شوێن بوو کە بتبردایە بۆی.

مۆنگوس گوتی سەیرکە ئەم گێلە چی کرد دیسان ون بوو، دەستی درێژ کرد و دای بە کەللە سەرمدا لای ئاوەکەوە دەستەچەپ بگرە ئەی بێمێشک!

نازانی لێرەوە چۆن بچیتەوە بۆماڵەوە؟ داوای لێبوردنم کرد. بەڵام دەنگێک لە پشتمەوە گوتی قەیناکە باڵڕام بەس بمانگەیەنە ماڵەوە.
سەیرکە-دیسان بەرگری لێ دەکات"
"بەس خۆت بخەرە جێی ئەو مووکێش. دەبینی دەلهی چەند سەرلێشێواوی و ئاڵۆزییە، بۆ من وەکو ئەوە وایە کە بۆ یەکەمجار گەیشتمە نیویۆرک."
مانگۆس قسەکانی گۆڕی بۆ ئینگلیزی. تێنەگەیشتم چی گوت، بەڵام بەڕێز ئاشۆک بە هندی وەڵامی دایەوە. پینکیش هەمان بیرکردنەوەی هەیە. ئەوە تەنها شتە کە تۆ و ئەو هاوڕا بن لەسەری. بەڵام من وای نابینم، نازانین کێ کێیە لە هند. ئەتوانین متمانە بەم کوڕە بکەین خەڵکی وڵاتەکەی خۆمانە.
لەو کاتەدا سەیری ئاوێنەکەم کرد. چاوەکانی بەڕێز ئاشۆکم بینی سەیری منیان دەکرد. هەستێکی چاوەڕوان نەکراوم دەبینی تیایدا. دڵنەرمی.
"چەندت دەدەنێ مشکی لادێیی؟"
"ئەوەندەی کە پێم خۆش بێت."
"ناتەوێ پێم بڵێی ئەی مشکی لادێیی؟ کوڕی باش، خزمەتکاری دڵسۆزی هەمیشەیی، حەزت لە دەلهییە؟"
"بەڵێ"
"ها! درۆم لەگەڵ مەکە ئەی خوشکلەعنەتی، دەزانم تۆ بە تەواوی ون بووی دەبێت ڕقت لێ بێت!" ویستی دەستی لە سەرم دانێت خۆم سووڕاند، نەخۆشیی گەڕیی پێستی هەبوو، ڕەنگی لێوەکانی گۆڕابوو بۆ پەمەییەکی تۆخ، لە ناوەڕاست، دەموچاوێکی ڕەشی تۆخ. باشترە باسی ئەو نەخۆشی پێستە بکەم کە زۆر خەڵکی هەژاری گرتووەتەوە لە وڵاتەکەمان، نازانم بۆچی ئێوەی گرتووەتەوە. بەڵام کاتێک کە ڕەنگی پێستتان دەگۆڕن لە قاوەییەوە

بۆ پەمەیی، نۆ لە دەی شوێنی پەمەیی لەسەر لووت و ڕوومەتی گەنج بە جێ دێڵێت، وەکو ئەستێرەیەکی تەقیو لەسەر دەموچاویان، سەرقۆڵیان سوور و پەمەیی هەڵدەگەڕێت، وەکو ئەوەی کە یەکێک بە ئاوی کوڵاو سووتاندبێتی. جاری وا هەیە ڕەنگی گیانیان بە تەواوی دەگۆڕێت کە بە لایاندا تێدەپەڕیت هەست دەکەیت کە ئەمریکین! دەوەستی بۆ ئەوەی سەیریان بکەیت دەتەوێت بچیتە پێشەوە و دەستیان لێ بدەیت. دوایی بۆت دەردەکەوێت کە بەشێکن لە ئێمە، بەو هەلومەرجە ترسناکەی حاڵەتی ئەم شۆفێرە، لەو شوێنەی کە ڕەنگی پەمەیی، لێوی تێک داوە هیچی تر.

لە موهەریجی ناو سێرکەکان دەچوو کە لێوی بۆیە کرابێت.

بە تەماشاکردنی دەموچاوی، هەناوم تێک دەچوو. لەگەڵ ئەوەشدا لەناو شۆفێرەکاندا ئەو تەنها کەس بوو کە ڕەفتاری باشبوو لەگەڵم. بۆیە لەگەڵیدا مامەوە.

ئێمە دەرزەنێک شۆفێر بووین چاوەڕێی سەرۆکەکانمان بووین لە دەرەوەی بازاڕەکە تاکو لە شتومەککڕین ببنەوە. بە دڵنیاییەوە بە هیچ جۆرێک مۆڵەتی چوونەژوورەوەمان نەبوو بۆ ناو بازاڕەکە. هیچ کەسێک ئەم شتانەی بە ئێمە نەوتبوو. لە کەناری گەراجەکەوە بە ئەڵقەیی دەوەستاین و جگەرەمان دەکێشا و گفتوگۆمان دەکرد. هەر جارەی یەکێکمان وەکو فڕۆکەی جێت بە خێرایی پانمان لە دەممان دەهاویشتە دەرەوە..

بەو پێیەی کە ئەویش خەڵکی تاریکی بوو، بە دڵنیاییەوە ڕەچەڵەکی منی یەکسەر دەزانی.

شۆفێرە لێووەرەماوییەکە وانەیەکی دامێ کە چۆن لە دەلهی ژیان بە سەر بەرم و دڵنیایی لەوە کرد کە نەچمە سەر بنمیچی پاسێک و نەگەڕێمەوە بۆ

تاریکی.
سەرەکیترین شت کە بیزانی لە دەلهی ئەوەیە، شەقامەکان باشن و خەڵکەکەی خراپ. پۆلیس بە تەواوی گەندەڵە، ئەگەر بتبینن بەبێ بەستنی پشتوێنی ناو ئۆتۆمۆبیل، دەبێ سەد ڕووپێ  بەرتیلیان بدەیتێ.
سەرۆکەکانمان باش نین، کاتی چوونی ئەوان بۆ ئاهەنگی درەنگی شەوان، دۆزەخی ئێمەیە.
لەناو ئۆتۆمبێل دەخەویت، مێشوولە بە زیندوویی کەوڵت دەکات. ئەگەر مێشوولەی مەلاریا بێت ئەوە بۆ دوو هەفتە وڕێنە دەکەیت، خۆ ئەگەر مێشوولەی دەنگو بێت ئەوە زۆر قووڵترە، بە دڵنیاییەوە دەمریت.
کاتژمێر دووی بەیانی دێتەوە بۆ لات و لە پەنجەرەکەت دەدات و هاوار دەکات بە سەرتا، بۆنێکی قورسی بیرەی لێ دێت بە درێژایی ڕێگەکە هەوا بەر دەدات.
مانگی کانوونی دووەم ئاووهەوا زۆر سارد دەبێت. ئەگەر بزانیت بۆ ئاهەنگە درەنگەکانی شەو دەچێت، بەتانییەک لەگەڵ خۆت ببە بۆ ئەوەی لەناو ئۆتۆمۆبیل خۆتی پێ دابپۆشیت لە میشوولەش بە دوور بیت.
بێزار دەبیت لە دانیشتنی ناو ئۆتۆمۆبیل و چاوەڕێی گەڕانەوەی لە ئاهەنگ، شۆفێرێک دەناسم بە هۆی چاوەڕێکردنەوە شێت بوو. پێویستت بە شتێک دەبێت بیخوێنیتەوە، دەتوانیت بخوێنیتەوە، دەتوانیت؟ باشە. ئەمە باشترین شتە بیخوێنیتەوە لەناو ئۆتۆمبێل. گۆڤارێکی دامێ بەرگێکی سەرنجڕاکێشی پێوەبوو، ژنێک بە دەرپێیەکی کورتەوە لەسەر پێخەفەکەی پاڵ کەوتبوو، لە سێبەری پیاوێک دەترسا.

تاوانی هەفتە
نرخی ٥٠،٤ ڕووپێ
چیرۆکێکی تەواو ڕاستەقینەیە
جەستەی باش هەرگیز ون نابێت
تاوانی کوشتن، دەستدرێژی بۆ سەر جەستە، تۆڵە.
ئێستا پێویستە بە تەواوی پێت بڵێم کە ئەو گۆڤارە چییە، تاوانی هەفتە، لەبەر ئەوەی بە دڵنیاییەوە سەرۆکوەزیرانمان هیچی دەربارەی ئەمە پێ نەوتوویت. ئەو گۆڤارە لای هەموو گۆڤارفرۆشەکانی شار دەفرۆشرا. هەمیشە لە گۆڤارە هەرزانەکان بووە، خوێنەری زۆرە لەنێوەندی خزمەتچییەکان، تەنانەت چێشتلێنەر و چاودێریکەری منداڵ و باخەوان و شۆفێریش، جیاوازییەکی نییە. هەموو هەفتەیەک کە ئەم گۆڤارە دەردەچێت بە بەرگێکەوە کە وێنەی ژنێکی لەسەرە، دەترسێت لەوەی کە بکوژرێ. هەندێک لە شۆفێرەکان ئەم گۆڤارەیان دەکڕی و ڕەوانەیان دەکرد بۆ شۆفێرەکانی تری دەوروبەریان.
لەم زانیارییانە مەترسە  سەرۆکی بەڕێز، پێویست بە عەرەقی ساردی مووروونائاسا ناکات لەسەر ناوچەوانی زەردت. هەر لەبەر ئەوەی کە شۆفێرەکان و چێشتلێنەرەکانی دەلهی تاوانی هەفتە دەخوێننەوە، مانای ئەوە نییە کە هەموو بیانەوێت ملی سەرۆکەکەیان لێ بکەنەوە، کە بە دڵنیاییەوە  حەز بەوە دەکەن.
بە دڵنیاییەوە بلیارێک خزمەتکار بە نهێنی بیر لەوە دەکەنەوە کە سەرۆکەکانیان هەڵواسن و بیانخنکێنن، بۆیە حوکوومەتی هند لەسەر

شەقامەکان ئەم گۆڤارە دەفرۆشێت، تەنها چوار ڕووپیێ و نیوە، تەنانەت هەژارانیش دەتوانن بیکڕن.

لە گۆڤارەکەدا دەبینیت، تاوانبار بە مێشک نیگەرانە و لایەنی سێکسی ئاڵۆز و سەرلێشێواوە. خوێنەران خۆزگەی ئەوە دەخوازن کە وەکو ئەوانە نەبن.

هەمیشە لە کۆتاییدا لە لایەن ئەفسەری پۆلیسی دڵسۆز و کۆڵنەدەرەوە ( ها! ) دەستبەسەر دەکرێت، یان شێت دەبێت و بە چەرچەفێک خۆی هەڵدەواسێت دوای ئەوەی کە نامەیەکی پڕ لە سۆز بۆ دایکی یان بۆ مامۆستای سەرەتاییەکەی دەنوسێت. یان دەگیرێت و لێی دەدرێت و ماندوو دەکرێت، دواییش لە لایەن برای ئەو ژنەوە دەکوژرێت کە ئەوەی ویستوویەتی پێی کردووە.

کەواتە ئەگەر شۆفێرەکەت سەرقاڵ بوو بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی تاوانی هەفتە، ئارامبە، مەترسییەکی نییە بۆ تۆ.

کاتێک کە شۆفێرەکانت دەست دەکەن بە خوێندنەوە دەربارەی گاندی و بودا کاتی ئەوەیە کە میز بکەیت بە خۆتدا. بەڕێز جیاباو دوای ئەوەی لێو گەڕەکە گۆڤارەکەی دادەخست و فڕێی دەدایە ناو دانیشتنی بازنەیی شۆفێرەکانەوە، ڕاپسکان دەستی پێ دەکرد، وەکو ئەوەی کە کۆمەڵێک سەگ پەلەپەلیان بێت پڕیدەن بە ئێسکدا.

باوێشکی دا و سەیرێکی منی کرد.

"سەرۆکەکەت چی دەکات بۆ ئەوەی بژێت، مشکی لادێیی؟"

"نازانم"

"ئەمە لەبەر دڵسۆزیتە یان گەمژەییت، مشکی لادێیی؟ خەڵکی کوێیە؟"

" دنباد."

"واتە ئەویش لەناو کاری خەڵووزدایە. لەوانەیە بەرتیل بدات بە وەزیرەکان، کاری ناو خەڵووز گەندەڵییە، دیسان باوێشکی دا، شۆفێری پیاوێکی خەڵووزفرۆش بووم. کارێکی خراپە، خراپ. بەڵام سەرۆکە تازەکەم کاری ستیل دەکات. وا لەو پیاوانە دەکات کە کاری خەڵووز دەکەن بۆ ئەوەی پاک و پیرۆز بن. لە کوێ دەژێت؟"

ناوی کۆشکەکە و ئەپارتمانەکەمانم پێی گوت.

"سەرۆکەکەشم لەوێ دەژێت! دراوسێین!"

یەکسەر هاتە لامەوە بێ ئەوەی جووڵەیەک بکات و بچێتەوە دواوە، قێزەوەن بوو، ئەوەنەی کە پێم کرا خۆمم لێ دوور خستەوە.

"مشکی لادێیی ئایا سەرۆکەکەت سەیری دەوروپشتی خۆی دەکات و دەچپێنێت بە گوێتدا و دەڵێت هیچت پێویستە؟"

"مەبەستت چییە؟"

"ئایا سەرۆکەکەت حەز بە واینی بیانی دەکات؟ برادەریکم هەیە لە سەفارەتی بیانی، شۆفێرە، پەیوەندی پێیانەوە هەیە. تۆ لە فڕاندنی واینی بیانی دەزانی لە سەفارە؟"

سەرم بادا.

"فڕاندن ئەمەیە ئەی مشکی لادێیی. واینی بیانی لەدەلهی زۆر گرانە بە بۆنەی باجەوە، بەڵام سەفارەکان بە خۆڕایی دەستیان دەکەوێت. دەبێ واینی خۆیان بخۆنەوە، بەڵام لە بازاڕی ڕەشدا دەیفرۆشن. دەتوانم شتی تریش بە دەست بێنم، ئایا تۆپی گۆڵفی دەوێت؟ کەسانێکم هەیە لە قونسوڵخانەی ئەمریکی، پێمی دەفرۆشن.

پێویستی بە ژن هەیە؟ دەتوانم ئەوەش پەیدا بکەم، ئەگەر ئارەزووی هەیە

بۆ کوڕیش،کێشە نییە."

"سەرۆکەکەم ئەم شتانە ناکات، ئەو پیاوێکی باشە."

لێوە وەرەماوییەکانی بە زەردەخەنەوە کرانەوە" هەموویان هەر وا نین؟"

بە فیکە ئاوازی چەند گۆرانییەکی هندی دەرئەکرد.

یەکێ لە شۆفێرەکان دەستی کرد بە خوێندنەوەی چیرۆکی ناو گۆڤارەکە بە دەنگی بەرز،

سووڕامەوە بۆ لای شۆفێرە لێووەرەماوییەکە و گوتم، "پرسیارێکم لێت هەیە."

"باشە بپرسە. خۆت دەزانیت هەرچیت بوێت بۆتی دەکەم. مشکی لادێیی."

"ئەو باڵەخانەیە. ئەوەی کە پێی دەڵێن بازاڕ، ئەوەیان کە پۆستەری ژنانی تیادا هەڵدەواسن، ئەوە بۆ شتومەک کڕینە، ڕاستە؟ "

"ڕاستە."

"ئەی ئەوەیان؟" ئاماژەم بۆ باڵەخانە شووشە بریسکەدارەکە کرد لە لای چەپمانەوە بوو.

"ئەوەش بازاڕە؟ هیچ پۆستەرێکی ژنان نابینم کە هەڵواسرابێت."

"ئەوە بازاڕ نییە مشکی لادێیی، ئەوە نووسینگەی باڵەخانەیە، لەوێوە تەلەفۆن دەکەن بۆ ئەمریکا."

"چ جۆرە تەلەفۆن کردنێک؟"

"نازانم ، کچی سەرۆکەکەشم لە یەکێ لەو باڵەخانانە کار دەکات. کاتژمێر هەشت لەوێ دایدەنێم، دووی بەیانی دەگەڕێتەوە. دەزانم پارەیەکی زۆر زۆری دەست دەکەوێت لەو باڵەخانەیە، چونکە بە درێژایی ڕۆژ سەرفی دەکات لە بازاڕەکان. لێوپەمەییەکە خۆی لێ نزیک خستمەوە، تەنها چەند سانتیمەترێ

لێمەوە دوور بوو، بەینی خۆمان بێت وا بزانم شتێکی نامۆیە. شەوان بە درەنگەوە کچان دەچنە ناو ئەو باڵەخانەیەوە. بەیانی بە پارەیەکی نەخدی زۆرەوە دێنە دەرەوە."

چاوێکی لێم ترووکاند "چیتر مشکی لادێیی؟ تۆ کەسێکی دەتەوێت هەموو شتێک بزانیت."

ئاماژەم بۆ کچێک کرد کە لە بازاڕەکە دەهاتە دەرەوە.

"چییەتی مشکی لادێیی؟ حەزت لەوەیە؟"

هەستم بە شەرمەزاری کرد.

گوتم پێم بڵێ "ئایا کچانی شارییش ژێربالْیان و ڕانیان تووکنە وەکو ژنانی لادێیی ئێمە؟"

دوای نیو کاتژمێر بەڕیز مووکێش و بەڕێز ئاشۆک و پینکی خان بە خۆیان و کیسەکانیانەوە لە بازارەکە هاتنە دەرەوە. ڕام کردە پێشەوە کیسەکانم لە دەستیان وەرگرت و خستمنە پشت ئۆتۆمۆبیلەکەوە، دامخست و خۆم هەڵدایە پێشەوە بۆ شوێنی شۆفێر لەناو هۆندا ستێکە، گەیاندیانمە ماڵە تازەکەیان کە لە سیانزەهەمین نهۆم بوو. ئەپارتمانی باڵەخانەیەکی زەبەلاح بوو.باڵەخانەکە ناوی بورجی بەکنگامی بی بوو، نزیک بوو لە باڵەخانەیەکی گەورەی ترەوە کە لە لایەن هەمان کۆمپانیای خانووەوە دروست کرابوو. بورجی بەکنگامی باڵەخانەی ئەی بوو، دوابەدوای ئەوەیش ونزرمانەری باڵەخانەی ئەی بوو.

ئەپارتمانی وا لە باڵەخانەی ئاوهادا بوون، هەموو بریسکەدار و نوێ و ناوی ئینگلیزی بە گەورەیی، ئەوەندەی کە چاو بڕ بکات هۆڵی چاوەڕێی

گەورەی تێدا بوو، ئەلەڤەیتەرەکەی ناو هۆڵی چاوەڕێ هەموومانی بردە سەرەوە بۆ نهۆمی سیانزەهەم.

من بۆخۆم حەزم بە ئەپارتمان نەبوو، هەموو شوێنەکە بە قەبارەی چێشتخانەیەکی دنباد بوو. ئەپارتمانەکە قەنەفەی نەرمی سپی و جوانی تێدا بوو لەسەر قەنەفەکانەوە دوو وێنەی کەدلْز و پەدلْزیان بە دیوارەکەدا هەڵواسیبوو. لەقلەق مۆڵەتی هاتنیانی نەدابوو لەگەڵ ئێمە بێن بۆ شار. نەمدەتوانی ڕاوەستم و سەیری ئەو خوڵقاوانە بکەم، تەنانەت لەناو وێنەشدا. بە دریژایی کات چاوم لە فەرشەکە بوو.

لەناو ژوورەکە بووم،ئەوەش سوودێکی تری هەبوو بۆ من توانیم وەکو خزمەتکارێکی متمانەپێکراو بم.

"باڵڕام لە هەرچی شوێنێ کە پێت خۆشە جانتاکان دانێ."

مۆنگۆس گوتی " نا، لەوێی دانێ ڕێک لای مێزەکەوە."

دوای ئەوەی کە کیسەکانم دانا، چووم بۆ چێشتخانەکە بۆ ئەوەی بزانم هیچ پێویستییەکیان بە پاککردنەوە هەیە، خزمەتکارێکی لێ بوو تەنها ئاگاداری ئەپارتمانەکەی دەکرد. بەڵام پیسوپۆخڵ بوو. وەکو گوتم شۆفێریان نەبوو. تەنها خزمەتکارەکە بوو جارجارە شۆفێریی دەکرد. دەمزانی بێ ئەوەی پێم بگوترێ دەبوو ئاگاداری ئەپارتمانەکەیش بم. هەرچی ئیشی پاککردنەوە هەبوو کردم و لە نزیک دەرگاکە چاوەڕێم دەکرد. تاکو بەڕێز مووکیش گوتی "ئێستا دەتوانی بڕۆیت و هەشتی بەیانی ئامادەبە، نابێت خەریکی ئیشی لابەلا بیت. هەر لەبەر ئەوەی کە لەناو شاریت، تێگەیشتیت؟"

بە ئەلەڤەیتەرەکە چوومە خوارەوە و چوومە دەرەوەی کۆشکەکە، بە پێپلیکانەکاندا چوومە خوارەوە بۆ ژێر زەوییەکە بۆ شوێنی خزمەتچییەکان،

نازانم له وڵاتی ئێوەدا باڵەخانەکان چۆن نەخشەسازی بۆ دەکرێت. بەڵام له هند له هەر ئەپارتمانێک، هەر ماڵێک، هەر ئوتێلێک بەشی خزمەتچی تیا دروست دەکرێت. جاری وایە له پشتەوە، هەندێک جاریش (هەر وەکو بورجی باکینگام، کۆشکی بی) لەژێر زەویدایە.

هەموو شۆفێرەکان و چێشتلێنەرەکان و خزمەتچیی ئەپارتمانەکە دەتوانن لەوێ پشوو بدەن و بخەون و چاوەڕێ بکەن، کاتێک کە سەرۆکەکانمان پێویستییان پێمان بێت، زەنگی کارەبایی دەست بە لێدان دەکات و له شوێنەکەمان بە پەلە دەچین بزانین له تەنیشت ئەپارتمانی ژمارە چەندەوە لایتی سوور هەڵبووە، لەوێ خزمەتچییان دەوێت له سەرەوە. ئەو کاتەی کە گەیشتمە ئەوێ خزمەتچییەکان هاتوهاواریان بوو. شۆفێرە دەمولێو پەمەییەکە لەگەڵیان دانیشتبوو. بە دەنگی بەرز دەیلووراند.

ئەو پرسیارەی پێیان وتبوو کە من لێم پرسیبوو. نەیاندەتوانی واز له پێڕابواردنم بێنن.

هەر یەکێک لەوان دەهاتە لامەوە و پەنجەکانی دەخستە ناو قژم و دەیدا بە پشتمدا و دەیگوت"گەمژەی لادێیی"

خزمەتکار پێویستی بەوەیە ئازاری خزمەتچییەکانی تر بدات. ئەوە کارێکە ڕاهاتووین له سەری، هەر وەکو چۆن سەگە ئەڵسەیشنەکان ڕاهاتوون پەلاماری نامۆکان بدەن، ئێمە پەلاماری کەسانی ناسیاو دەدەین.

لەو کاتەوە بڕیارمدا ئەو شتانەی کە بیری لێ دەکەمەوە لای کەس نەیدرکێنم له دەلهی. بە تایبەتی لای خزمەتچییەکانی تر.

بە درێژایی ئەو ئێوارەیە هەر گاڵتەیان پێ دەکردم، تەنانەت شەویش کە دەچووین بۆ نووستن.

شتێک له دەموچاومدا دەیشڵەژاندن، نازانم لووتم. ددانەکانم، تەنانەت گاڵتەیان بە جلە یەکپۆشەکانیشم دەکرد.
لە شار شۆفێرەکان جلی یەکپۆش لەبەر ناکەن.دەیانگوت بەو جلانەوە لە مەیموون دەچم. دوای ئەوە گۆڕیم بۆ قەمیس و پانتۆڵێکی پیسی وەکو خۆیان، بەڵام گاڵتەپێکردن بە درێژایی شەو هەر بەردەوام بوو.
بۆ بەیانییەکەی پیاوێکم بینی ئەو ناوەی پاک دەکردەوە، لێم پرسی ئەگەر شوێنێک نییە کە پیاو بتوانێت بە تەنها بێت؟ گوتی ژوورێکی بەتاڵ هەیە لەو لایە، بەڵام کەس نایەوێت " کێ دەیەوێت بە تەنها بژێت؟" ژوورەکە ترسناک بوو. زەوییەکە تەواو نەکرابوو، دیوارەکان بە پلاستەری هەرزان داپۆشرابوون.
شوێندەست دیار بوو لەسەر پلاستەرەکە، تەختەخەوێکی بچووک و باریکی لێ بوو، من جێم دەبووەوە لەسەری، توولێکی لەسەر بوو بۆ مێشووله.
شەوی دووەم لە هۆڵی نووستن نەخەوتم، چوومە ژوورەکە، زەوییەکەم گسک دا توولی مێشوولەکەم توند کردەوە و بە چوار بزمار بە دیوارەکەدا و خەوتم، نیوەشەو تێگەیشتم کە بۆچی توولی مێشوولەکە لەوێ بە جێ ماوە، دەنگەدەنگێ هەڵیساندم، دیوارەکە بە سیسرک داپۆشرابوو. دەهاتن بۆ خواردنی کانزا و بەرد و پلاستەر، دەنگی جوینیان ژاوەژاوی نابووەوە، ئاریالەکانی سەر سەربان دەجووڵانەوە لە هەموو لایەکی دیوارەکان. هەندێک لەو سیسرکانە لەسەر توولەکە نیشتبوونەوە لە ناوەوە دەیانم بینی، لەشێکی تۆخیان هەبوو لەسەر توولێکی سپی، فایبەری ناو تولەکەم قەد کرد و یەکێکیانم پان کردەوە، سیسرکەکانی تر هەستیان بەوە نەدەکرد، بەردەوام بوون لە نیشتنەوە لەسەر توولەکە و پان دەکرانەوە. لەوانەیە هەرچی

کەسێک لە شار بژێت، هێواش و گەمژە بێت وەکو ئەمانە. بیرم دەکردەوە زەردەخەنە گرتمی و خەوتم. کاتێک کە چووم بۆ سەرئاوی گشتی هەموو گاڵتەیان پێ دەکردم و دەیانگوت شەوێکی باشت هەبوو؟
ژوورەکەم پڕبوو لە سیسرک، بەڵام هی خۆم بوو، کەسی لێ نەبوو گاڵتەم پێ بکات، یەک شتی خراپ بوو، دەنگی زەنگە کارەباییەکەی پێ نەدەگەیشت، بەڵام وەکو لە دواییدا بۆم دەرکەوت ئەوەش بەسوود بوو. بۆ بەیانییەکەی چاوەڕێی نۆبەی خۆم بووم بۆ ئەوەی بچم بۆ سەرئاو و دواییش بۆ دەستشۆرگەکە، دواییش بۆ گەرماوەکە،بە پێپلیکانەکاندا سەر کەوتم، پاڵم بە دەرگاکەوە نا چووم بۆ گەراج کە هۆنداستێکەی لێ ڕا گیرابوو. دەبوو ناوە و دەرەوەی هۆنداستێکی بە پارچە پەڕۆیەکی نەرم و تەڕ بسڕمەوە و بخوورِ دابنێم لای پەیکەرە بچووکەکەی لاکشمی خودا، خودای سەروەت و سامان. کە لەسەر دەزگای پێوەری ناو ئۆتۆمۆبیلەکە دانرابوو. ئەوەش لە دوو لاوە سوودی هەبوو. سوودێکی ئەوەبوو کە مێشوولەکانی قەڵاچۆ دەکرد کە بە شەو خۆیان دەخزاندە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەوە. هەروەها ناوەوەی بۆندار دەکرد بە بۆنی ئارۆمای ئایینی، بە جوانی شوێنەکەم سڕییەوە، سەرکوشنەکان چەرم بوون. پارچە چەرمەکەم هەڵگرت و لەسەر زەوییەکە ڕامخست و تۆزوخۆڵەکانم پاککردەوە لەسەری. سێ وێنەی موگناتیسیی کاڵی[8] خودای دایک لەوێ بوو لەسەر دەزگای پێوەرەکە بوو، لەوێم دانا، دوای ئەوەی وێنە موگناتیسییە چەسپەکەی ڕامپرسادم فڕێ دا.

٨کاڵی لە هندۆسدا خودای پەیوەستە بەمردن و لەناوچوونە. و

هەروەها بووکەڵەدارینەیەک کە زمانی لە دەمی دەرهێنابووە دەرەوە بە زنجیر هەڵواسرابوو بە پشت ئاوێنەکەوە. گوایە بەختهێنەرە،لەقلەق حەزی بە بینینی ئەکرد. کاتێک کە ئۆتۆمۆبیلەکەم لێدەخوڕی، ئەمسەروئەوسەری دەکرد. دام بە دەمیدا و دواییش پاک سڕیمەوە، دڵنیابوونم کرد لە هەبوونی پاکەتی کلینکس لە پشتەوەی ئۆتۆمۆبیلەکە.وەکو شتیکی بەنرخ نەخشێنرابوو. هی خێزانە دەوڵەمەندەکانە، هەرچەندە بە مقەبا دروست کرابوو. دەبوو دڵنیایی لەوە بکەم کە کلینکسی تازەی تێدایە. هەرچی جارێک کە دەچووینە دەرەوە پینکی خان دەرزەنێک کلینکسی بە کار دەهێنا، دەیگوت پیسی دەلهی لەوەدا نییە. هەموو کلینکسە بەکارهێنراوەکانی لە تەنیشت پاکەتەکە بەجێ دەهێشت. دەبوو هەڵیانگرم و فڕێیان بدەم. دەنگی زەنگە کارەباییەکە هات، لەناو گەراجەکە. دەنگەکە لە مایکرۆفۆنەوە بوو. گوتی شۆفێر باڵرام تکایە لە دەرگای سەرەکیی بەکنگام کۆشکی بی ئامادەبە بە ئۆتۆمۆبیلەکەوە. بە ئۆتۆمۆبیلە هۆندا ستێکە ڕۆیشتم و بەرزاییەکەم تێپەڕاند، هاتمە دەرەوە بۆ بینینی ڕووناکی خۆری بەیانی.

هەردوو براکە قاتی جوانیان لەبەر کردبوو لای دەرگای کۆشکەکە وەستابوون،بەدەم گفتوگۆکردنەوە هاتنە ژوورەوە. مانگوس گوتی،" باڵڕام لێخوڕە بۆ بارەگای سەرەکیی کۆنگرەی پارتی. ئەو ڕۆژە چووین بۆ ئەوێ. هیوادارم کە بیرت بێتەوە، ئەمجارە ون نەبیت."

بەڕێزم ئەمڕۆ بێهیواتان ناکەم. ئەو کاتەبوو کە دەلهی زۆر قەرەباڵخ بوو. ئۆتۆمۆبیل، سکوتەر، ماتۆڕ، عەرەبانە، تاکسی ڕەش هەموو پەلەیان بوو بۆ

ئەوەی ڕێگەی دەربازبوون بدۆزنەوە. هەواکەی زۆر پیسبوو. پیاوە ماتۆڕسوارەکان و ئەوانەی کە سکوتەریان لێدەخوڕی دەموچاویان پێچابوو، هەرچی جارێک کە لەترافیکی سوور بوەستبای، کۆمەڵێ پیاوت دەبینی، بە چاوێلکەی ڕەش و دەمامکەوە، دەتگوت ئەو بەیانییە هەرچی خەڵکی شارە ڕژاونەتە بانک. هۆیەکی باش بوو بۆ دانانی دەمامک، دەڵێن هەوای دەلهی زۆر پیسە و دەساڵ لە تەمەنی مرۆڤ کەم دەکاتەوە.

بە دڵنیاییەوە ئەوانەی کە لەناو ئۆتۆمۆبیلن هەوای دەرەوە هەڵنامژن، هەوای فێنک و پاکی ئێرکۆندشنەری ناو ئۆتۆمۆبیل هەڵدەمژن.

ئۆتۆمۆبیلی ساماندارەکان وەکو هێلکەیەکی تۆخ بەسەر شەقامەکانی دەلهیدا دەڕۆن.

جارناجارێکک هێلکەیەک دەشکێ و دەکرێتەوە لە پەنجەرە کراوەکانەوە دەستی ژنەکان دێنە دەرەوە بە بازنگی ئاڵتوونەوە بۆ ئەوەی بوتڵێکی بەتاڵی ئاو لە پەنجەرەکەوە فڕێ بدەنە سەر شەقام. هێلکە تۆخە تایبەتەکەم دەبرد بۆ ناو شار،لە لای چەپمەوە لووتکەی ماڵەکەی سەرۆکم دەبینی، ئەوشوێنەی کە هەموو کارە گرنگەکانی تیا ئەنجام دەدرا کە تایبەت بوو بە وڵاتەوە. کاتێک هەوا بە تەواوی پیس دەبێت، کۆشکەکان بە تەواوی لە شەقام ون دەبن. بەڵام ئەمڕۆ جوان دیارن. بە دە خولەک گەیشتمە بارەگای کۆنگرەی پارتی. ئەو شوێنەی بە ئاسانی دەدۆزرایەوە،چونکە هەمیشە دوو یان سێ بڵاوکراوەی گەورەی لێ بوو، وێنەی دەموچاوی سۆنیا گاندی لەسەر بوو.

ئۆتۆمۆبیلەکەم ڕاگرت و بە پەلە دەرچووم، دەرگاکانم بۆ بەڕێز ئاشۆک و مۆنگوس کردەوە، بەڕێز ئاشۆک بەدەم دابەزینەوە گوتی  باشە دوای نیو کاتژمێری تر بگەڕێوە .

تووشی  شڵەژانی کردم، لە دنباد هەرگیز پێیان نەدەگوتم کەی دەگەڕێنەوە .
بە ڕاستی بێمانا بوو، دەکرا دوو- سێ کاتژمێریان پێ بچێتت تاکو بگەڕێنەوە بەڵام ئەوە جۆرێک بوو لە میهرەبانی لەبەر ئەوەی لە دەلهی بووین.

کۆمەڵێک جوتیار هاتن بۆ بنکەکە، مۆڵەتیان پێ نەدرا بچنە ژوورەوە  بە دەنگی بەرز هاتوهاواریان بوو.ئەوێیان جێ یهێشت.

ئۆتۆمۆبیلێکی ڤان هات کە پەیوەندی بە تەلەفزیۆنەوە هەبوو دەستی کرد بە هۆڕنلێدان، یەکسەر کردیانە ژوورەوە .

 بەدەم باوێشکدانەوە لە بووکەڵە دارینە ڕەشەکەم دا،دەستی بە هاتوچۆ کرد  ,لەگەڵیدا سەرم دەسووڕاند لەملا بۆ ئەولا .

سەیری وێنە گەورەکەی سۆنیا گاندیم کرد دەستێکی بەرز کردبووەوە  لە پۆستەرەکەدا وەکو ئەوەی کە بۆ من بیجووڵێنێت. منیش دەستم جووڵانەوە بۆی. بەدەم باوێشکدانەوە چاوەکانم نووقاند و لار بوومەوە لە شوێنی خۆم بە چاوێکی کراوەوە سەیری چەسپە موگناتیسییەکەی کاڵی خودام دەکرد، خودا ژنێکی دڕندەی ڕەش و لاواز بوو، شمشێرێک و کەللەسەرێکی بە دەستەوە بوو.

بیرم کردەوە  کە وێنە موگناتیسییەکە بگۆڕم زۆر لە نەنکم دەچوو، دوو کاتژمێر دواتر براکان گەڕانەوە بۆ ناو ئۆتۆمۆبیلەکە. باڵڕام دەچین بۆ باڵەخانەی سەرۆک لەسەر بەرزاییەکە، تۆ ئەو شوێنە دەزانیت؟ بەڵێ گەورەم بینیومە."

پێشتر زۆربەی شوێنە بەناوبانگەکانی دەلهیم بینیوە، کۆشکی پەرلەمانی جانتار و مانتار، کوتوب. بەڵام هێشتا نەچوومە بۆ گرنگترینیان، پێم پێدا نا بەرەو ڕایزیناهڵ سەرکەوتمە سەر بەرزاییەکە، جارناجارێک دەبوو بوەستین، چاودێرەکە دەستی دەهێنایە دەرەوە و دەیویست دڵنیا بێت لەوەی کێ لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەدایە، دوای ئەوە لە بەردەم باڵەخانەیەکی گەورە وەستا، لە دەوروبەری خانووی پەرلەمان. باڵڕام لەناو ئۆتۆمۆبیلەکە چاوەڕێبە پاش سی چرکەی تر دەگەڕێمەوە. لەنیو کاتژمێری یەکەمدا دەترسام لە ئۆتۆمۆبیلەکە بێمە دەرەوە، دەرگاکەم کردەوە و هاتمە دەرەوە، سەیرێکی دەوروبەرم کرد.

لە شوێنێک لەناو ئەو منارانەی کە لە دەورم بوون. پیاوە گەورەکانی ئەم وڵاتە، سەرۆکوەزیران، سەرۆکەکان، وەزیرە لووتکەکان و بیرۆکراتەکان.

هەموو گفتوگۆیان دەکرد و بە نووسین دەریان دەکرد. مۆریان لە لاپەڕەکە دەدا.یەکێکیان دەیگوت پێنجسەد ملێۆن ڕووپێ بۆ ئەو بەستەرە، یەکێکی تر دەیگوت باشە دوای ئەوە هێرش بکەرە سەر پاکستان!.

حەزم دەکرد ڕا بکەم و هاوار بکەم"باڵڕامیش لێرەیە. باڵڕامیش لێرەیە!"

گەڕامەوە بۆ ناو ئۆتۆمۆبیلەکە بۆ ئەوەی دڵنیا بم لەوەی کە هیچ شتێکی گەمژانەم نەکردووە تاکو بگیرێم.

تاریک دادەهات کاتێک ئەو دوو برایە لە باڵەخانەکە هاتنە دەرەوە، پیاوێکی قەڵەو لەگەڵیاندا هاتە دەرەوە، ماوەیەک لەگەڵیان گفتۆگۆی کرد لای ئۆتۆمۆبیلەکەو دەستی نایە ناو دەستیان و دەستی ماڵئاوایی جووڵاند.

بەڕێز ئاشۆک مڕومۆچ و ڕەشهەڵگەڕاو بوو کە هاتە ناوەوە. مۆنگۆس داوای لێ کردم کە بیانگەیەنمە ماڵەوە. "بێ ئەوەی هەڵەکان دووبارە بکەیتەوە،

تێگەیشتی؟"

"بەڵێ بەڕێز "

بە بێدەنگی دانیشتنەکەیان سەرسام بووم.

ئەگەر یەکسەر بچوومایە بۆ ناو ماڵەکەی سەرۆک و جامی ئۆتۆمۆبیلەکەم دابگرتایە و بە دەنگی بەرز هاوارم بکردایە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لەسەر ڕێگە بوون.

" سەیری ئەوە بکەن"

"چی؟

"ئەو پەیکەرە."

سەیری دەرەوەم کرد. بۆ ئەوەی ئەو پەیکەرە برۆنزییە گەورەیە ببینم کە کۆمەڵێک پیاو بوون، پەیکەرێکی ناسراوە لە دەلهی بە دڵنیاییەوە دەیبینیت.مەهاتما گاندی بە خۆی و گۆچانەکەیەوە لە پێشیانەوەیە، لە پشتیشەوە خەڵکی هند لە تاریکییەوە بەرەو ڕووناکی دەچن. مانگوس چاوەکانی خێل کرد و سەیرێکی پەیکەرەکەی کرد.

"چییەتی؟ پێشتر بینیومە."

"ئێمە بە ئۆتۆمۆبیل بە لای گاندیدا تێپەڕین، دوای ئەوەی کە بەرتیل دەدەین بە وەزیر.

ئەمە گاڵتەجارییە، وا نییە."

مانگوس گوتی "ئێستا وەکو ژنەکەتیت. حەز بە جوێن ناکەم. بەشێک نییە لە خوو و ڕەوشتی ئێمە" بەڵام بەڕێز ئاشۆک دەموچاوی سوورهەڵگەڕاو بێدەنگ بوو. سیستەمی سیاسیی ئێمە گاڵتەجارییە. هەر کاتێکیش پێم خۆش بێت ئەوە دڵێم."

" ئاشۆک بارەکە ئاڵۆز بووە لە هند. ئەمە ئەمریکا نییە. تکایە ئاگات لە بڕیارەکانت بێت."

---

قەرەباڵخییەکی ترسناک هەبوو لە شەقامی گۆرگۆن. هەر پێنج چرکە جارێک ترافیک لایتەکە دەلەرایەوە. هەنگاوێکمان دەنا و هیواخوداز بووین کە بگۆڕێت. دوایی گڵۆپە سوورەکانی ئۆتۆمۆبیلەکانی پێش من پرتەپرتیان دەکرد. دیسان گیر دەبووین جارناجارێک هۆڕنێک لێ دەدرا. هۆڕنی جۆراوجۆر هەر یەکە و بە ئاوازێ.

هۆڕن بەردەوام بوو، لە دەنگی گویلکێک دەچوو کە لە دایکی جیا کرابێتەوە،ئاووهەوا پڕببوو لە دووکەڵ. تاڵی شین لە بەردەم ئۆتۆمۆبیلەکان دەدرەوشایەوە. چڕی دووکەڵەکە لە زیادبوندا بوو، بەو ڕادەیەی کە توانای بەرزبوونەوە و بڵاوبوونەوەی نەبوو. بەڵام بە ئاسۆیی بڵاو دەبووەوە، لەسەرخۆ و بریسکەدار تەمێکی لە دەوروبەرمان دروست کردبوو، شقارتەکان هەر دادەگیرسێنران، عەرەبانچییەکان جگەرەکانیان دادەگیرساند، پیسیی توتنیشیان زیاد دەکرد بەسەر پیسی پترۆڵەوە.

پیاوێک لە بەردەممان وەستا بەعەرەبانەیەکەوە، گایەک ڕایدەکێشا، لەناو عەرەبانەکەی کۆمەڵێک قوتووی بەتاڵی (ڕۆنی مەکینە)ی ئۆتۆمۆبیلی بار کردبوو بە بەرزایی ١٥ پێ بە حەبل بەستبووی. گای بێچارە ئەو بارە قورسەی ڕادەکێشا و ئەو هەوایەی هەڵدەمژی! عەرەبانچییەک لە نزیک منەوە دەستی بە کۆکینێکی بەهێز کرد، ڕووی کردە ئەولاوە و سێ جار لە سەر یەک تفی کرد، بەشێک لە تفەکەی بوو بە پەڵە بەسەر

ئۆتۆمۆبیلە (هۆنداستێکەوە) سەیریم کرد و مشتم بەرز کردەوە، چاوەکانی

داخست و هەردوو ناولەپی دەستی بەرانبەر یەک داناو داوای لێبوردنی کرد .بەڕێز ئاشۆک سەیری عەرەبانچییەکەی کرد و گوتی وەکو ئەوە وایە کە لە کۆنسێرتی تفکردن بین. لەو بڕوایەدا بووم  ئەگەر تۆش لە دەرەوە بوویتایە و ئەو هەوا ترشەت هەڵبمژییایە وەکو ئەوان تفت دەکرد. دیسان ئۆتۆمۆبیلەکان جوولان. تەنها سێ فیتمان بە دەست هێنا. گلۆپە سورەکان دەستیان کردەوە بە پرتەپرت، دیسانەوە هەموو شتێک وەستا. لە چین دەرزەنێکک ڕێگەی ئەڵقەییان بە دەست هێناوە. لێرە خاوەن یەکێکین، پێت سەیرنەبێت کە قەرەباڵخی لێ دەکەوێتەوە، هیچ شتێک پلانبۆدانراو نییە. چۆن دەگەین بە چینییەکاندا (هەر بەو بۆنەیەوە بەڕێز جیاباو دەرزەنێکک ڕێگەی ئەڵقەیی ؟ سەیرە، جێگەی سەرسووڕمانە). ڕووناکییە کزەکەی گلۆپەکان لەمبەر و ئەوبەری شەقامەکە، شەوقیان دەدایەوە.

لە بەردەم ئەو گلۆپە پرتەقاڵییە بزڕکاوە دەمتوانی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بچووک و لاواز ببینم، بە چیچکانەوە دانیشتبوون و چاوەڕێی پاس بوون، بۆ ئەوەی بیانبات بۆ شوێنێک. ئەوانیش کە شوێنێکیان نییە بۆی بچن، دۆشەکێک لەسەر شۆستەکە ڕادەخەن و لەوێ دەخەون. ئەو زۆڵە هەژارانەش کە لە تاریکییەوە هاتبوون بۆ ئەوەی لە ڕووناکی شتێ بە دەست بهێنن، بەڵام هێشتا هەر لە تاریکیدا بوون. سەدان لەوانە لەسەر شۆستەکان لە لایەکی ترافیک لایتەکەوە دادەنیشتن، ئەو قەرەباڵخی و گیرخواردنە هیچ کاریگەرییەکی نییە بۆ سەریان. ئایا هیچ ئاگایەکیان لەو قەرەباڵخییە هەبوو؟ لە دوو شاری لێکدابڕاو دەچووین لە ناوەوە و دەرەوەی هێلکە تاریکەکە. دەمزانی کە لەناو شارێکی ڕاستەقینەم، بەڵام ئەگەر باوکم لە ژیاندا بووایە لەسەر ئەو شۆستەیە دادەنیشت و هەندێ برنجی دەکوڵاند بۆ ئێوارە و

دواییش خۆی ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی لەژێر گڵۆپەکانی سەر شەقامەکە پاڵ بکەوێت و بخەوێت. دوای کاتژمێرێک خەمخواردن بە دەست پرتەپرتی ترافیکلایتەوە ئینجا گەیشتینە ماڵەوە لە بانگام بی، بەڵام خەم هەر کۆتایی نەهات.

مانگوس لە ئۆتۆمۆبیلەکەی هاتە خوارەوە و دەستی لە گیرفانی دا و بە شڵەژاوییەوە تەماشای کردم و گوتی ڕووپێیەکم لێ ون بووە.

پەنجەی ئاماژەی بۆ درێژ کردم و گوتی "داچەمەوە بۆ ناو ئۆتۆمۆبیلەکە و بگەڕێ." داچەمیمەوە سەرئەژنۆ وەکو سەگ، نێوان فەرشەکانی ژێرپێ دەگەڕام، ئەو هەموو گەڕانە بۆ تەنها ڕووپێیەک.

"نییە یانی چیی؟ وا نەزانیت کە لە شاریت ئیتر دەتوانیت دزیم لێ بکەیتت. ئەو ڕووپێیەم هەر دەوێت

" مووکێش ئێمە هەر ئێستا نیو ملیۆن ڕووپێمان دا بە بەرتیل، ئێستا بۆ تەنها ڕووپێیەک قورسایی دەخەیتە سەر ئەم پیاوە. با بچینە سەرەوە هەندێ وێسکی بخۆینەوە."

" بەو جۆرە خزمەتکارەکان گەندەڵ دەکەیت،لە یەک ڕووپێوە دەست پێ دەکات، شێوازە ئەمریکییەکەت مەهێنە بۆ ئێرە."

ئەو ڕۆپێیە چی لێ هات؟ تاکو ئەمڕۆش ئەوە لای من نادیارە بەڕێز سەرۆکوەزیران.

لە کۆتاییدا ڕووپێیەکی کانزاییم لە گیرفانی قەمیسەکەم بەردایە خوارەوە بۆ ناو ئۆتۆمۆبیلەکە و هەڵمگرتەوە و دام بە مانگوس، فەرموو بەڕێز."بمبوورە ئەوندە درێژەی کێشا بۆ ئەوەی بیدۆزمەوە." دڵخۆشییەکی منداڵانە کەوتە سەر دەموچاوە تۆخەکەی. ڕووپێ کانزاییەکەی خستە ناو دەستی و

ددانەکان خۆی مژی وەکو ئەوەی کە باشترین شت ڕووی دابێت لەو ڕۆژەدا.
بە ئەلەڤەیتەر چوومە سەرەوە لەگەڵ براکاندا، بۆ ئەوەی ئەگەر کارێ هەبێت بە ئەنجامی بگەیەنم لە ئەپارتمانەکەدا.
پینکی خان لەسەر قەنەفەکە بوو، سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد. هەر کە گەیشتینە ئەوێ گوتی "نانم خواردووە" تەلەفزیۆنەکەی کوژاندەوە و چووە ژوورەکەی تر. مۆنگوس گوتی نەیویست نانی ئێوارە بخوات، کەواتە دەبێت بەڕێز ئاشۆک بە تەنها نانی ئێوارە بخوات لەسەر مێزەکە. داوای لێ کردم کە هەندێ سەوزەی ناو بەفرگرەکەی بۆ گەرم بکەمەوە. چووم بۆ چێشتخانەکە بۆ ئەوەی ئەو کارە جێبەجێ بکەم، سەیرێکی پشتەوەم کرد. بینیم خەریک بوو فرمێسکەکانی بێنە خوارەوە. کاتێک کە شۆفێریت، هەرگیز وێنەکە بە تەواوی نابینیت تەنها ڕووناکییەک، باسی پچڕپچڕ، پاشان سەرۆک دێتە سەر بەشە چارەنووسسازەکە هەر وەکو هەمیشە ڕوو دەدات. کەسێکی دواکەوتوو لە جێبێکی سپیدا خەریکە لێت بدات. تۆ دەتەوێت ئۆتۆمۆبیلەکە بە لایە پێچەوانەکەدا ببەیت لەسەر شەقامەکە، ئۆتۆمۆبیلەکە بە لایەکی تردا دەبەی و لێی ڕا دەمێنیت بە بێدەنگی لەعنەتبووی دەکەیت، کاتێک کە دەگەڕێیتەوە بۆ ئەوەی گوێ بگریتەوە لە قسەکان، قسەوباسەکان گۆڕاون. هەرگیز نازانی ڕستەکانیان بە چی کۆتایی هات.
دەمزانی شتێک هەیە، بەڵام نەمدەزانی کە بابەتەکە ئەوەندە خراپ دەبێت تاکو ئەو بەیانییەی کە بەڕێز ئاشۆک پێی گوتم "باڵرام ئەمڕۆ بەڕێز مووکێش دەگەیەنیتە وێستگەی شەمەندەفەرەکە."
"بەڵێ بەڕێز."
دوودڵ بووم، دەمویست لێی بپرسم، تەنها ئەو؟

مانای ئەوەیە کە ئەو بە یەکجاری دەگەڕێتەوە. ئایا ئەوە مانای ئەوەیە کە ڕزگاری بوو لە پینکی خان و دەرگاپێوەدانەکانی بە توندی.
کاتژمێر شەش بە ئۆتۆمۆبیلەکەوە لای دەرگای چوونەژوورەوە چاوەڕێ بووم. هەردوو براکەم برد بۆ وێستگەی شەمەندەفەرەکە، پینکی نەهات.
جانتاکەی مۆنگوسم برد بۆ شوێنی جانتاکان لەناو شەمەندەفەرەکە، دوایی چووم دۆسەی پێچراوەم کڕی بۆی کە هەمیشە حەز بە خواردنی دەکات لەناو شەمەندەفەر، کاغەزەکەم لێ کردەوە و پەتاتەکانم دەرهێنا و فڕێم دایە سەر سکەی شەمەندەفەرەکە، چونکە بە خواردنی پەتاتە تووشی گازات دەبێت، ئەویش حەز بەوە ناکات. خزمەتچییەکان شارەزای کۆئەندامی هەرسی گەورەکانیان دەبن لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی، لە سەرەوە بۆ خوارەوە.
مانگوس پێی گوتم " چاوەڕێبە ڕێنوێنیم هەیە بۆت". لە گۆشەیەکی عەرەبانەی شەمەندەفەرەکە بە چینچکانەوە دانیشتم "باڵڕام، ئیتر تۆ لە تاریکی نیت".
"بەڵێ گەورەم "
"لە دەلهی یاسایەک هەیە."
"بەڵێ گەورەم. "
"دەزانی ئەو پەیکەرە بڕۆنزییانەی نەهرۆ و گاندی کە لە هەموو شوێنێک هەیە؟پۆلیس کامیرەی لەناو چاویان داناوە بۆ ئەوەی چاودێریی ئۆتۆمۆبیلی پێ بکات. هەرچی شتێک بکەیت دەیبینن، تێگەیشتیت؟"
"بەڵێ گەورەم."
دوای ئەوە برۆکانی بەرز کردەوە وەکو ئەوەی کە بڵێت دەتەوێت چی لەوە زیاتر بڵێـم.

"کاتێک کە هەر خۆت لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەی ئێرکۆندشنەرەکە بکوژێنەوە."
"کاتێک کە هەر خۆتی مۆسیقاش لێ مەدە."
"بەڵێ گەورەم. "
"لە کۆتایی هەموو رۆژێکدا پێویستە ئاگادارمان بکەیتەوە لە پێوەری کیلۆمەترەکەی، بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە ئۆتۆمۆبیلەکە بۆ خۆت بە کار ناهێنیت".
"بەڵێ گەورەم."
مۆنگۆس رووی کردە لای بەڕێز ئاشۆکەوە و دەستی دا لە قۆڵی،" ئەمە بە هەند وەرگرە، برام ئاشۆک.
کە من دەڕۆم دەبێت ئاگات لە کاری شۆفێرەکان بێت."
بەڵام بەڕێز ئاشۆک یاری بە مۆبایلەکەی دەکرد. داینا و گوتی "شۆفێرەکە ڕاستگۆیە خەڵکی لاکسمانگارە. کە چووم بۆ ئەوێ چاوم بە خێزانەکەی کەوت". ئینجا چووەوە بۆ لای مۆبایلەکەی.
مۆنگۆس گوتی "بەم جۆرە قسە مەکە گاڵتەت پێ نەیەت". بەڵام ئەو گوێی بە قسەی براکەی نەدا، بەردەوام بوو لە سەر لێدانی دوگمەی مۆبایلەکەی.
دەقەیەک، لەگەڵ برادەرێک قسە دەکەم لە نیویۆرک."
شۆفێرەکان حەز دەکەن ئەوە بڵێن کە هەندێک لە پیاوان لە جۆری گێڕی یەکەمن لە ئۆتۆمۆبیلدا.
بەڕێز ئاشۆک پیاوێک بوو لە جۆری گێڕی یەکەمی کلاسیکی. حەزی لەوە بوو دەست پێ بکات، بەڵام بۆ ماوەیەکی درێژ هیچ شتێک سەرنجی ڕانەدەکێشا.
تەماشاییم دەکرد، دوو شتم بۆ دەرکەوت، هەر یەکە لەوانەیش تووشی سەرسووڕمانی کردبووم،یەکەمیان دەتوانی بە مۆبایل پەیوەندی بکەیت بە

نیویۆرکەوە تەنها بە لێدانی دوگمەکانی.

سەرسوورهێنەرەکانی زانستی مۆدێرن هەمیشە جێگەی سەرسوورمانە بۆ من! دووەمیان بۆم دەرکەوت کە ئەو پیاوە بالآبەرزە ناوشانپانە قۆزە پیاوێکی رۆشنبیری بیانییە. لە چەند چرکەیەکدا دەبێ بە تاکە سەرۆکم. کاتێک کە فیقەیەکی درێژ لێ دەدا و شەمەندەفەرەکە بەرەو دنباد ملی دەنێت. بێهێز و بێ یارمەتی و بێئەقڵ بە هیچ جۆرێک پارێزگاری لەو غەریزە باوانە نەکرابوو، کە لە خوێنی ساماندارەکاندا هاتوچۆ دەکەن.

*ئەگەر بگەڕایتایەوە بۆ لاکسمانگار بە بەرخ بانگمان دەکردیت.*

مانگوس چەقەنەیەکی لێ دا "بۆچی وەکو کەر پێدەکەنیت؟"

خەریک بوو بکەوم، داوای لێبوردنم لێ کرد.

ئەو ئێوارەیە کاتژمێر هەشت بەڕێز ئاشۆک پەیامی بۆ ناردم بە خزمەتکارێکی تردا. "بالڕام نیو کاتژمیری تر ئامادەبە من و پینکی خان دەچینە دەرەوە."

هەردووکیان چلوپێنچ دەقە دواتر هاتنە خوارەوە، سوێند دەخۆم لەو کاتەوەی کە مانگوس ئەوێی جێ هێشت تەنوورەکان کورتتر ببوونەوە. کە لە پشتەوە دانیشت دەمتوانی نیوەی مەمکەکانی ببینم کە لەژێر جلەکانییەوە دەردەکەوتن، کاتێک کە سەیری ئاوێنەکەم دەکرد.

ئەوە دەیخستمە حاڵەتێکی خراپەوە، تەنها لەبەر شتێک دەیورووژاندم، ئەوەش ئاساییە بۆ گەنجێکی تەندروستی وەکو من. لە لایەکی ترەوە وەکو دەزانیت سەرۆک و خانمەکەی وەکو دایک و باوک وان بۆم چۆن دەبێت خانمەکەی بمورووژێنێت؟

بە سادەیی ویستم لەوەبەدواوە ئاوێنەی پشتەوە پشتگوێ بخەم، ئەگەر تووشی پێکدادانی ئۆتۆمۆبیل بوومایە نەدەبوو بە هەڵەی من دابنرێت.

بەڕێز سەرۆکوەزیران لەوانەیە کاتێک کە ئۆتۆمۆبیلت لێخۆڕیبێت لە ترافیکێکی قەرەباڵخدا بە ئۆتۆمۆبیلەکەتەوە وەستا بیت و جامی ئۆتۆمۆبیلەکەت داگرتبێت و هەستت بە گەرمی دووکەڵێکی هەناسەلێبڕاوی ئۆتۆمۆبیلە بارهەڵگرەکانی تەنیشتت کردبێت. ئاگاداربە بەڕێز سەرۆکوەزیران ئێستا ئەو دووکەڵی دیزلەی کە هەناسە دەبڕێت لە بەردەم لووتدایە.

هەرچی جارێک کە بەو تەنوورە ڕەشە کورتەوە دێت دەموروژێنێت، دەنووکم گەورەتر دەبێت ڕقم هەڵدەستێت کە ئەو جلانە لەبەر دەکات، زیاتر ڕقم لە دەنووکیشم دەبێتەوە کە بەو جۆرەی بە سەر دێت.

---

لەکۆتایی مانگدا سەرکەوتمە سەرەوە بۆ ئەپارتمانەکە، بە تەنها لەسەر قەنەفەکە دانیشتبوو لەژێر وێنەی سەگە پۆمەرەنانەکە

"بەڕێزم؟"

"هممم چی ڕوی داوە باڵڕام"

"بوومە مانگێک"

"مەبەستت چییە؟"

"کرێکەم بەڕێز..."

"ئۆو بەڵێ. سێ هەزار وا نییە؟"

جزدانەکەی دەرهێنا پڕبوو لە پارە،سێ هەزار ڕووپێی دەرهێنا و لەسەر مێزەکەی دانا. هەڵمگرت و کڕنۆشم بۆ برد.

ئەو شتەی کە براکەی دەیگوت ئەمیشی گرتەوە، چونکە گوتی

"بەشێکی دەنێریت بۆماڵەوە، وا نییە؟"

"هەمووی بەڕێزم،تەنها ئەوەندە نەبێت کە لێرە پێویستم دەبێت بۆ خواردن و خواردنەوە، بەشەکەی تری هەمووی دەڕوات بۆ ماڵەوە."

"باش دەکەیت باڵڕام. خێزانی باش شتێکی باشە."

کاتژمێر دەی ئەو شەوە چووم بۆ بازاڕی سەرسووچی منارەکەی بانگام بی.

دوا دووکان بوو لەو بازەڕەدا، لافیتەیەک هەڵواسرابوو بە پیتی گەورەی هندی لێی نوسرابوو:

***دووکانی خواردنەوەی ئینگلیزی خواردنەوەی بیانی دروستکراوی هندی لێرە دەفرۆشرێت***

ئاسایی ئێواران شەڕی ناوخۆ بوو لە دووکانی خواردنەوە فرۆشەکان، پیاوەکانیان پاڵیان دەنا و خۆیان ماندوو دەکرد، لای کاونتەرەکە بە هەموو دەنگیان هاواریان دەکرد و دەستیان درێژ دەکرد. کوڕەکانی پشت کاونتەرەکە یەک وشە تێنەدەگەیشتن لەوەی کە دەگوترا. لێیان تێکەڵ دەبوو کە کێ داوای چی کردووە، ئەوەش شەڕ و هەرای زیاتری دەنایەوە.

لەناو ئەو قەرەباڵخییەدا پاڵم ناو چووم مشتێکم دا بە کاونتەرەکەدا و هاوارم کرد. هەرزانترین جۆری ویسکی، یەکسەر، ئەگەر نا، کەسێک بریندار دەبێت، سوێند دەخۆم!"

چارەکەسەعاتیکی برد بۆ ئەوەی بوتڵێکم دەست بکەوێت. خستمە ناو بلووزەکەمەوە، شوێنێکی ترم نەبوو کە لە ناویدا بیشارمەوە، گەڕامەوە بۆ باکنگام.

---

"باڵڕام پشووت دا"

"بمبورە خانم"

"بالڕام چۆنی؟ لەوە دەچێت نەخۆش بیت؟ "

"بەڵێ خانم. سەرم دەیەشێت، شەوی ڕابردوو باش نەنووستووم"

"ئێستا چایەکمان بۆ لێنە، هیوادارم خواردن لێنانەکەت باشتر بێت لە ئۆتۆمۆبیل لێخوڕینەکەت.

بیستوومە کە تۆ حەڵواچیت، خێزانەکەت چێشتلێنەرن دەتوانیت چای زەنجەبیلی تایبەت ئامادە بکەیت؟"

"بەڵێ خانم"

"باشە لێینێ."

دەمزانی پینکی خان چی دەوێت، بەڵام هیچ نەبێت مەمکەکانی داپۆشرابوون. ڕزگارم بوو.

کتلێکەم ئامادە کرد، دەستم کرد بە ئامادەکردنی چا، هەر کە ئاوەکە دەستی بە کوڵان کرد، چێشتخانەکە پڕ بوو لە بۆن. لە پێش دەرگاکەوە سەیری دەکردم.

هێشتا هەر سەرم دەیەشا بە هۆی ویسکییەکەی دوێنێ شەوەوە، بە درێژایی بەیانییەکەی هەر دەنکە زیرەم دەجوویی، بۆ ئەوەی کەس هەست بە بۆنی شەرابە مەستکەرەکە نەکات لە هەناسەمدا.

بەڵام هێشتا هەر دوودڵ بووم، بۆیە دوور کەوتمەوە لێێ.

پارچەیەک زەنجەبیلم شۆرییەوە لە بەردەم بۆڕییەکە.

پینکی هاواری کرد" ئەوە چی دەکەیت؟"

"زەنجەبیلەکە دەشۆمەوە خانم."

"ئەوە دەستی ڕاستت بە کار دەهێنیت. دەستی چەپت چی دەکات؟"

"خانم؟"

سەرم داخست.

"بەس گونت بخورێنە بە دەستی چەپت!"

"توورە مەبە خانم وا ناکەم"

بەڵام بێسوود بوو، وازی لە هاوارکردن نەهێنا.

"تۆ زۆر پیسی، سەیری خۆت بکە، ددانەکانت، جلەکانت پانی سوور لەسەر هەموو جلەکانتە.

پەڵەی سوور بەسەر قەمیسەکەتەوەیە، قێزەونە!برۆ دەرەوە، چێشتخانەکەت پیس کرووە،پاکی بکەوە و برۆ دەرەوە."

پارچە زەنجەبیلەکەم دانایەوە لەناو ساردکەرەوەکە و ئاوکوڵێنەرەکەم کوژاندەوە و چوومە خوارەوە.

چوومە بەردەم ئاوێنە گشتییەکە و دەمم کردەوە،ددانەکانم سوور و کۆتاییەکانی ڕەش بوون.، بۆگەن ببوون، تێک چووبوون، لەبەر جوینی پان.

دەمم شۆری، بەڵام لێوەکانم هەر سوور بوون.

پینکی ڕاستی کرد، ئەو پانەی کە چەندان ساڵ بوو جوێبووم وەکو باوکم و کیشان و هەموو ئەو کەسانەی تر کە دەیانناسم، دانەکانمی ڕەنگ کردبوو، پووکەکانمی بۆگەن کردبوو.

بۆ ئێوارەی داهاتوو بەڕێز ئاشۆک و پینکی خان لە دەروازەکە هاتنە خوارەوە، شەڕیان بوو.

بەدەم شەڕەوە چوونە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەوە، هۆندا ستێکەم لێخوڕی لە بانگامەوە بەرەو بورجی بی بۆ ناو ڕێگە سەرەکییەکە.

کاتێک کە بێدەنگییان لێ کرد، لێیانم پرسی، " بەڕێز دەچن بۆ مۆل؟"

پینکی پێکەنینێکی بەرز و کورتماوەی کرد.

پێشبینی ئەوەم لە پینکی دەکرد نەک لە ئاشۆک. بەڵام ئەویش خۆی خستە پاڵی "مۆڵ نەک مۆل"

ئاشۆک گوتی "دووبارەی بکەوە"

دیسانەوە گوتم مۆل.

ئاشۆک هەر داوای لێ دەکردم کە دووبارەی بکەمەوە، هەر جارێک کە دەمگوت، بە گاڵتەپێکردنەوە قاقایان لێ دەدا.

لە کۆتاییدا دەستی یەکتریان گرت،گێلێتییەکەم بە باشە کەوتەوە هیچ نەبێت دڵخۆش بووم بەوە.

لە ئۆتۆمۆبیلەکە هاتنە دەرەوە، دەرگایان بە توندی پێوە دا و چوون بۆ بازاڕەکە.

هەر کە نزیک بوونەوە چاودێرەکە سڵاوی لێ کردن. دەرگا شووشەکە بۆخۆی کرایەوە هەردووکیانی هەڵلووشی.

لە ئۆتۆمۆبیلەکە دانەبەزیم، ئەوە یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆم بۆ ئەوەی باشتر تەرکیز بکەم.

چاوەکانم داخست

مول

نا ئەوە نەبوو

مۆول

مالا

"مشکی لادێیی دابەزە لە ئۆتۆمۆبیلەکە و وەرە بۆ ئێرە!"

گرووپێکی گەورەی شۆفێر بە بازنەیی دانیشتبوون لە گەراجی مۆڵەکە، یەکێکیان دەستی کرد بە هاوار بە سەرمدا. گۆڤارێکی بە دەستەوە بوو

دەیجووڵانەوە. شۆفێرە لێووەرەماوییەکە بوو، زەردەخەنەیەکی گەورەم بۆ کرد و چووم بۆ لای.

پرسیتی

"هیچ پرسیاری ترت هەیە دەربارەی ژیانی ناوشار مشکی  لادێییی؟"

دەنگی پێکەنین بە دەوروبەریدا دەرپەڕی.

دەستێکی لە سەرم دانا و چپاندی "بیرت لەوە کردەوە کە پێم گوتی ئەی کێکی شیرین."

"سەرۆکەکەت پێویستی بە هیچ نییە؟ کوڕ، کچ، تۆپی گۆڵف جۆری ئەمریکی، تۆپی گۆلفی باش"

شۆفێرێکی تر گوتی"ئێستا ئەو هەموو شتەی بۆ مەخەرە بازاڕەوە، ئەمەیان کەوتبووە سەرچۆک جۆلانەی بە زنجیری کلیلەکەی دەکرد، کە بە کلیلی ئۆتۆمۆبیلەکەی سەرۆکەکەیەوە بوو، وەکو ئەوەی کە یاری پێ بکات، " لادێییەکی پێنەگەیووە، هێشتا مادەیەکی خاوە.لێگەڕێ با جارێ ژیانی شار گەندەڵی  بکات."

گۆڤاری  تاوانی هەفتەی پێ بوو.

بە دەنکگی بەرز دەستی کرد بە خوێندنەوەی. لە چپەچپ کەوتن.

هەموو شۆفێرەکان نزیک کەوتنەوە.

"شەوێکی باراناوی بوو، ڤیشاڵ لە ناو پێخەفەکەی پاڵ کەوتبوو. هەناسەی، بۆنی کحولی لێ دەهات، لە پەنجەرەکەوە چاوی دەگێڕا، ژنە دراوسێکەیان گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. خەریکی داکەنینی جلەکانی بوو.

پیاوە لێووەرەماوییەکە هاواری کرد،"سەیری ئەوێ بکەن، ئەمڕۆش دەقەومێت"

شۆفێره گۆڤاربەدەستەکە بێزار بوو لەو تێکەولێکانە، بەردەوام بوو لە سەر خوێندنەوە، بەڵام ئەوانی تر هەستانە سەرپێ و سەیری لای بازاڕەکەیان دەکرد.

ئەوەی کە ڕووی دا بەڕێز سەرۆکوەزیران، یەکێک بوو لەو پێکدادانە باوەی ڕۆژانی ڕابردووی بازاڕەکان، بەزۆری لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەبێتەوە.

لەژێر ناونیشانی"ئایا شوێن نییە بۆخەڵکی هەژار لە بازاڕەکانی نیودەلهی؟"

دەرگا شووشەکە کرایەوە، بەڵام ئەو پیاوەی کە ویستی بچێتتە ژوورەوە، نەیتوانی،

چاودێری لای دەرگاکە ڕایگرت، بە گۆچانەکەی ئاماژەی بۆ پێی پیاوەکە کرد و سەری بادا.

پیاوەکە ساندڵی لەپێ بوو، شۆفێرەکانی تریش هەموو ساندڵمان لەپێ بوو.

بەڵام ئەوانەی کە ڕێگەیان پێ دەدرا بچنە ناو بازاڕەکەوە هەموو پێڵاوی ساندڵیان لەپێ بوو.

لەجیاتی گەڕانەوە و دوورکەوتنەوە، هەر وەکو نۆ لە دەیان کردیان، پیاوێک کە ساندڵی لەپێ بوو بە ڕویدا تەقییەوە و زۆر بە توندی هاواری کرد، وەکو فاونتن تف لە دەمی دەردەپەڕی، ئایا منیش مرۆڤ نیم؟"

ئەژنۆکانی دەلەرزین، یەکێ لە شۆفێرەکان فیکەیەکی لێدا، ئەو پیاوەی کە لە دەرەوەی باڵەخانەکە گسکی دەدا گسکەکەی داناو تەماشایەکی کرد.

پیاوی لای دەرگاکە بۆ چرکەیەک لەوە دەچوو کە لە چاودێرەکە بدات، دوایی سووڕایەوە و ڕێگەی ڕۆیشتنی گرت.

یەکێ لە شۆفێرەکان گوتی" ئەو پیاوە دوو گونی هەیە، ئەگەر هەموومان وەکو ئەو بووینایە، دەمانتوانی سەرۆکایەتی بکەیتن لە هندستان، پێڵاوەکانیشیان بۆ دەسڕینەوە."

شۆفێرەکان  گەڕانەوە بۆ ناو بازنەکەیان، خوێندنەوەی گۆڤار دەستی پێ کردەوە.

سەیری کلیلەکانم دەکرد لەناو زنجیرەکەدا دەسووڕانەوە، سەیری ئەو دووکەڵەم دەکرد کە لە جگەرەکانەوە بەرز دەبوونەوە، سەیری "پان"م دەکرد کە بە بازنەیی زەوییەکەی سوور کردبوو.

خراپترین لایەنی بوون بە شۆفێر ئەوەیە کە چەند کاتژمێرت هەیە بۆ خۆت کاتێک کە چاوەڕێی خاوەنکارەکەت دەکەیت، دەتوانیت ئەو کاتە بە چەنەبازی و خورانی گەڵوگون و ڕانەوە خۆت خەریک بکەیتت.

دەتوانیت گۆڤارەکانی تاوانی دەستدرێژی سێکسی بخوێنیتەوە، دەتوانیت خووی شۆفێرییەکەت پەرە پێ بدەیت، ئەوە جۆرێکە لە یۆگا.

بە خستنی پەنجە بۆ ناو لووتت لێگەڕێ مێشکت بەتاڵ بێت بۆ چەند کاتژمێرێک (دەبێ ناوی بنێن شۆفێری بێزار)، دەتوانیت بوتڵێ خواردنەوەی هندی بخزێنیتە ئۆتۆمۆبیلەکەوە، زۆربەی شۆفێرە ڕاستگۆکان تووشی مەستی  دەکات.

بەڵام کە شۆفێرەکان کاتی دەستبەتاڵییان وەکو هەلێک دەبینن.

کاتێک کە شۆفێرەکان دەستبەتاڵی شک ببەن و وەکو هەلێک بە کاری بێنن بۆ بیرکردنەوە، دوای ئەوە خراپترین بەشی کارەکەیان دەبێتە باشترین.

ئەو ئێوارەیە کاتێک کە بە تۆتۆمۆبیل دەگەڕاینەوە بۆ ئەپارتمانەکە، لە ئاوێنەکەوە سەیری بەڕێز ئاشۆکم کرد. تیشێرتێکی لەبەردا بوو. تیشێرتێک

بوو کە هەرگیز لە بازاڕدا هەڵینابژێرم بۆ کڕین. سپی سادە بوو لە ناوەڕاستدا نەخشێکی بچووکی تێدا بوو. بەڵام من شتی پڕڕەنگم دەکڕی، پڕلە وشە و وێنە.

شەوێکیان دوای ئەوەی کە بەڕێز ئاشۆک و پینکی خان چوونە سەرەوە،چوومە دەرەوە بۆ بازاڕە ناوخۆییەکە، پیاوەکان بەچینچکانەوە دانیشتبوون لەژێر ڕووناکی گڵۆپە زەردە ڕووتەکان بە سەبەتەی پڕ لە بازنگی بریقەدارەوە، بازنگی ستیل، یاری، ملپێچ، پێنووس، زنجیری کلیل.

برادەرێکم دۆزییەوە تیشێرتی دەفرۆشت.

هەرچی تیشێرتێکی نیشانم دەدا هەر دەمگوت "نا" تاکو یەکێکی سپیم دۆزییەوە یەک وشەی بچووکی ئینگلیزی لە ناوەڕاستیدا نووسرابوو. دوایی ڕۆیشتم بە دوای پیاوێکدا بگەڕێم بۆ ئەوەی پێڵاوێکی ڕەشی لێ بکڕم. ئەو شەوە یەکەم هەویری ددانم کڕی، لەو پیاوەم کڕی کە هەمیشە پانم لێ دەکڕی. لە لاوە کاری لابردنی کاریگەریی پانی دەکرد بە هەویری ددان. سپیکەرەوەی شاکتی بە خەڵوز و مێخەک بۆ پاککردنەوەی ددانەکان بەڕووپێیەک و پانزە بەیز!

بە پەنجەم ددانەکانم شۆری. تێبینی دەستی چەپی خۆمم دەکرد کە چی دەکرد.

بەرز دەبووەوە بۆ لای ڕانم بێ ئەوەی بە خۆم بزانم وەکو چۆن مارمێلکە هەڵدەگژێ بە دیواردا بۆ سەرەوە، خەریک بوو بڕووشێت، چاوەڕێم کرد ئەو چرکەیەی کە دەجووڵا بە دەستی ڕاستم قەوارەم گرت. بە پەنجەگەورە و دۆشاومژە پێستێکی ئەستوورم لێ کردەوە زۆر بەئازار بوو. هەروەها چرکەیەکی تەواو گرتم، کاتێک کە بەرم دا، نیشانەیەکی سووری جێ هێشت

لەناو دەستم لەمەودوا ئەمە سزای خورانەکەت دەبێت.
کەفی شیری هەویری ددان دەستی بە هاتنەخوارەوە کرد لە هەردوو لای لێوەکانمەوە، تفاندمەوە.
فڵچەپیاهێنان فڵچەپیاهێنان تفاندنەوە فڵچەپیاهێنان فڵچەپیاهێنان تفاندنەوە
بۆچی باوکم هەرگیز پێی نەگوتم کە ڕانم نەخورێنم، بۆچی باوکم هەرگیز فێری نەکردم کە ددانم بشۆم بە کەفی شیری، بۆچی وەکو ئاژەڵ گەورەی کردم. بۆچی دەبێ هەموو هەژارێک لەنێوەندی پیسی و ناشیرینی بژێت.
فڵچەپیاهێنان فڵچەپیاهێنان تفاندنەوە فڵچەپیاهێنان فڵچەپیاهێنان تفاندنەوە
مەگەر تەنها پیاو بتوانێت ڕابردووی بە ئاسانی بتفێنێتەوە.

ڕۆژی دوایی پینکی خانمم دەبرد بۆ بازاڕ هەستم بە پارچە پەموویەک کرد لەناو پێڵاوەکەم.
ئەو ڕۆیشت و بە توندی دەرگاکەی داخست، دە خولەک چاوەڕێم کرد. لەناو ئۆتۆمۆبیلەکە خۆم گۆڕی.
بە تیشێرتە تازەکەمەوە چووم بۆ لای دەروازەی بازاڕەکە، بەڵام هەر کە چاودێرەکەم بە دیی کرد سووڕامەوە و گەڕامەوە بۆ لای هۆندا ستێکە.
چوومە ناو ئۆتۆمۆبیلەکە و سێ جار لە بووکەڵە دارینکەم دا. دەستم لە زمانە سوورەکەی خودا (کاڵی) یە دارینەکە دا بۆ گەیشتن بە مەرام و نیازەکانم. ئەمجارەیان چوومە دەرگای پشتەوە، دڵنیا بووم لەوەی کە چاودێری بەردەرگاکە پێم دەڵێ، نەخێر تۆ بۆت نییە بچیتە ژوورەوە، سەرەڕای ئەوەی کە جووتێ پێڵاوی ڕەشم لەپێ بوو لەگەڵ تیشێرتێکی سپی تەنها وشەیەکی ئینگلیزی لەسەر بوو، تاکو دواسات دڵنیا بووم کە دەگیرێم

و دەردەکرێم و لێم دەدرێت و سوکایەتیم پێ دەکرێت. سەرەڕای ئەوەی کە لەناو بازاڕەکە هاتوچۆم دەکرد، دڵنیا بووم لەوەی کە یەکێ پێم دەڵێت هێی ئەو پیاوە بە کرێ شۆفێری دەکات، ئەوە چی دەکات لێرە؟ چاودێری یەکپۆش لە بەرگی خۆڵەمێشی لە هەموو نهۆمەکاندا هەبوو، لەوە دەچوو هەموویان سەیری من بکەن. یەکەم ئەزموونی هەڵاتن بوو لە ژیانم.

لە بۆنی ئەو عەترەی کە لە هەوادا بوو، لەو ڕووناکییە ئاڵتوونییە و ئەو هەوا ساردەی کە لە ئێرکۆندشنەکانەوە دەهاتنە دەرەوە بەهۆش هاتمەوە.

ئەو کەسانەی کە بە تیشیرت و پانتۆڵی جینسەوە بوون بە نامۆییوە تەماشایان دەکردم.

ئەلەڤەیتەرەکەم بینی دەچووە سەرەوە و دەهاتە خوارەوە، هەر دەتگوت لە شوشەیەکی خاو دروست کراوە. دووکانم بینی دیوارەکانی شووشە بوون.

وێنەی گەورەی ژن و پیاوە ئەورووپییە قۆز و جوانەکانم دەبینی هەڵواسرابوون بەسەر دیوارەکاندا.

ئای ئەگەر ئێستا شۆفێرەکانی تر دەمبینن!

چوونەدەرەوە ئاڵۆزبوو وەکو هاتنەژوورەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چاودێرەکان یەک وشەیان پێ نەگوتم. چوومەوە بۆ گەراجەکە و چوومە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەوە.

جلە ئاساییەکانم لەبەر کرد. بلووزە پڕپەنگەکەم لەبەر کرد. تیشێرتە سادەکەم کە هی پیاوە دەوڵەمەندەکانە خستمە ناو جلەکانی تر لە نزیک پێم.

بە ڕاکردن دەرچوومە دەرەوە بۆ لای شۆفێرەکانی تر کە دانیشتبوون، کەس هەستی بە چوونەژوورەوە و هاتنەدەرەوەم نەکردبوو. زۆر سەرقاڵ بوون بە

شتی ترەوە، یەکێ لە شۆفێرەکان وا ڕا هاتبوو هەمیشە زنجیری کلیلەکانی با بدات. مۆبایلێکی پێ بوو زۆری لێ کردم کە سەیری بکەم.

"بەم شتە پەیوەندی دەکەی بە ژنەکەتەوە؟"

"تۆ شێتی، ناتوانی بەمە قسە لەگەڵ هیچ کەسێک بکەیتت، ئەمە تەلەفۆنی یەکلایەنەیە!."

"کەواتە سوودی تەلەفۆنێ چییە کە نەتوانیت بە کاری بهێنیت بۆ پەیوەندیکردن بە خێزانەکەتەوە."

" بۆ ئەوەیە سەرۆکەکەم پەیوەندیم پێوە بکات و ڕێگەکانم پێ بڵێت کە چۆن بچم هەڵیبگرم. بۆ هەرچی شوێنێ بچم دەبێت لەناو گیرفانم بێت."

تەلەفۆنەکەی لێ وەرگرتمەوە و پاک سڕییەوە و خستییەوە ناو گیرفانی.

تاکو ئەم ئێوارەیە، پلەوپایەی لەناو شۆفێرەکاندا نزم بوو، سەرۆکەکەی ئۆتۆمۆبیلێکی بچووکی مارۆتی سوزوکی زینی هەبوو. ئەمڕۆ بەدڵی خۆی با ئەدا بە سەریاندا. شۆفێرەکان دەستاودەستیان بە مۆبایلەکەی دەکرد و سەیریان دەکرد، وەکو چۆن مەیموون سەیری شتێکی بریقەدار دەکات، بۆنی ئەمۆنیا بڵاو بووەوە، یەکێکیان لەو نزیکانە میزی دەکرد.لێووەرەماوییەکە لە سووچێکەوە تەماشای دەکردم. گوتی مشکی لادێیی،" تۆ لە کەسێک دەچیت کە بیەوێت شتێک بڵێت"

سەرم با دا.

بە ڕۆژ قەرەباڵخی , خراپ لە زیادبووندا بوو، لەوە دەچوو هەموو ئێوارەیەک ئۆتۆمۆبیل زیاد بکات. قەرەباڵخی لە زیادبووندا بوو، باری پینکی خانیش بەرەو خراپی دەڕۆیشت. ئێوارەیەکیان دەڕۆیشتین بەرەو ڕێگەی ئێم جی بۆ گورگان.

پینکی خان لە توانایدا نەما، دەستی کرد بە هاوار. "ئاشۆک بۆ ناتوانین بگەڕێینەوە؟" سەیری ئەم گیرخواردنە نەعلەتییە بکە لە ترافیک، ڕۆژنارۆژێک بەم جۆرەیە.

" تکایە دووبارە دەست پێ مەکەوە"

"بۆ نا، ئاشۆک تۆ بەڵێنت پێ دام کە تەنها بۆ سێ مانگ لە دەلهی بین، هەندێک ئیشی ئەوراقمان هەیە تەواوی دەکەین و دەگەڕێینەوە. "

"بەڵام من وا بیر دەکەمەوە کە تۆ تەنها بۆ ئەوە هاتووی کە کار بۆ کێشەکانی داهاتی باج بکەیت.

بە درێژایی ئەم ماوەیە تۆ درۆت لەگەڵ کردووم؟"

ئەوەی کە لە نێوانیاندا ڕووی دا هەڵەی ئاشۆک نەبوو، تەنانەت دەتوانم بچمە بەر دادگا و ددانی پێدا بنێم. مێردێکی باش بوو، هەمیشە پلانەکانی بۆ ئەوە بوو پینکی خان دڵخۆش بکات. هەر بۆ نمونە لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا، جلوبەرگی مەهاراجی دامێ کە لەبەری بکەم لەگەڵ کڵاوی سوور و چاوێلکەی ڕەش. بەو جلوبەرگانەوە خواردنم پێشکەشیان کرد.

باسی خواردنی ئاساییماڵەوە ناکەم. بەڵکو ئەو خواردنە بۆگەنانەی کە لەناو پاکەتی کاغەزیدایە، هەموو دەوڵەمەندەکانی شێت کردووە.

کە پینکی بینیمی بەو جلوبەرگانەوە، پێکەنی و پێکەنی، داچەمیمەوە لە بەردەمی بەو پاکەتە کاغەزییانەوە، خزمەتیانم کرد. بەڕێز ئاشۆک داوای لێ کردم کە لە بەردەم وێنەی کەدڵ و پەدڵ بووەستم و چاوەڕێ بم.

پینکی گوتی ئاشۆک گوێ بگرە، "باڵڕام، ئەمە چییە ئێمە دەیخۆین ؟" زانیم ئەوە تەڵەیە. بەڵام چیم لە دەست دێت بیکەم؟ وەڵامی هەردووکیانم دایەوە، هەردووکیان تەقینەوە بە پێکەنین.

باڵرام جارێکی تر بیڵێرەوە. دیسانەوە پێکەنین،" ئەوە پیجا نییە، پیتزایە، بە تەواوی بیڵێ."

"ڕاوەستن. ئێوەیش بەتەواوی نایڵێن پیتی ت هەیە لە نێوان پی-زا،"

" ئاشۆک ئینگلیزییەکەم ڕاست مەکەوە سەیری پاکەتەکە بکە تی تیا نییە."

کاتێک کە لەوێ وەستابووم ئەبوو هەناسەم بگرم، چاوەڕێ بووم تاکو تەواو بن، خواردنەکە بۆنی زۆر خراپ بوو.

"پیتزاکەی زۆر خراپ لەت کرد، تێناگەم چۆن لە خێزانی چێشتلێنەرەوە هاتووە."

"تۆ چێشتلێنانت بیر چووەتەوە. تکایە ئەم برادەرە لە کار دەرمەکە، ئەم ڕاستگۆترینیانە."

کە تەواو بوون، خواردنەکانم کڕاند کە بە قاپەکانەوە بوو، ئینجا شۆریم. دەمتوانی شەقامی سەرەکی گۆرگۆن ببینم لە پەنجەرەی چێشتخانەکەوە، بازاڕەکە سەراسەر ڕووناکی بوو. لەوسەری ڕێگەکە بازاڕێکی نوێ کرابووەوە. ئۆتۆمۆبیلەکان لە دەروازەکە جمەیان دەهات. پەردەی پەنجەرەکەم دادایەوە و گەڕامەوە سەر قاپشۆرین.

"پیجا" "پزجا" "زپجا" "پزجا"

بە ناولەپی دەستم ناو قاپشۆرەکەم سڕییەوە و گڵۆپەکانم کوژاندەوە، هەردووکیان چوون بۆ ژووری خەو، گوێم لە هاوار بوو لە ژوورەوە، لەسەر پەنجەی پێیەکانم چووم بۆ لای دەرگا داخراوەکە. گوێم نا بە دەرگاکەوە .دەنگی هاواری هەردووکیان دەهات، بە دوای دەنگ و هاوارەکەدا

چووم، گوێم نا بە دەرگاکەوە. هەردووکیان ئاشت بوونەوە دوای ئەو هاتوهاوارە.

کاتی ئەوەیە بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگریت، ئەی بەرخی لەدایکبوو لە شێری خاوەنسامان. دەرگاکەم بە دوای خۆمدا داخست و بە ئەلەڤەیتەرەکە چوومە خوارەوە.

دوای نیو کاتژمێر خەریک بوو خەوم لێ بکەوێت، یەکێ لە خزمەتکارەکان بە هاوارکردن هات، زەنگی لێ دا و بانگی منی دەکرد،پانتۆڵەکەم لەپێ کرد.

دیسان دەستەکانم شۆری و شۆری لە بۆرپیە گشتییەکە. ئۆتۆمۆبیلەکەم لێخوڕی بۆ بەردەم دەروازەی کۆشکەکە.

"بمانبە بۆ شار"

"بەڵێ بەڕێز بۆ کوێی شار؟"

"پینکی دەتەوێت بۆ کوێ بچیت؟"

یەک وشەی نەوت "باڵڕام، بمانبە بۆ کونۆت."

کاتێک کە ئۆتۆمۆبیلەکەم لێدەخوڕی، هیچکام لەو ژن و مێردە قسەیەکیان نەکرد. هێشتا هەر جلوبەرگە مهاراجەکەم لەبەر بوو. بەڕێز ئاشۆک دەرزەنێکک جار سەیری پینکی خانی کرد.

بە دەنگێکی زل گوتی "تۆ ڕاست دەکەیت پینکی"

مەبەستم ئەوە نەبوو کە بەرنگارت ببمەوە لەوەی کە وتت، بەڵام پێم گوتی کە تەنها شتێکی هەڵە هەیە لەم شوێنە، ئەو یاسا لەعنەتییەمان هەیە کە پێی دەڵێن پەرلەمانتاری دیموکراتی، ئەگینا هەر وەکو وڵاتی چین دەبووین.

"ئاشۆک تکایە سەرم دێشێت"

"ئەمشەو شەوێکی خۆش بەسەردەبەین لە چێشتخانەی TGI [٩] پێت خۆش دەبێت."

کاتێک کە گەیشتینە کۆنۆت لە بەردەم ڕووناکی-گڵۆپێکی گەورەی سوور ڕایگرتم.

" بالڕام لێرە چاوەڕێمان بکە دوای بیست خولەک دەگەڕێینەوە."

یەک کاتژمێریان پێ چوو. هێشتا هەر لەناو ئۆتۆمۆبیلەکە بووم سەیری ڕووناکی کونۆتم دەکرد. دەرزەنێک جار لە بووکەڵەدارینەکەم دا. سەیری خودا کاڵی موگناتیسەکەم کرد بە زمانە سوورە درێژەکەی کەللەسەرەکەوە. زمانم لێ دەرهێنا و باوێشکم دا.

نیوەشەو بە باشی بە سەر چوو زۆر ساردبوو.

بۆ ئەوەی کاتەکەم بە سەر بەرم، حەزم دەکرد مۆسیقا لێ بدەم بەڵام بە دڵنیاییەوە مۆنگۆس ئەوەی قەدەغە کردبوو.

دەرگای ئۆتۆمۆبیلەکەم کردەوە، بۆنێکی تیژ دەهات لە هەوادا، شۆفێرەکانی تر بۆخۆیان ئاگریان کردبووەوە و پارچەپلاستیکیان دەهاویشتە ناوی، دەوڵەمەندەکانی دەلهی بۆ ئەوەی ژیانی زستانیان بە سەر بەرن، هیتەری ئەلکترۆنی یان گازیان هەیە، یاخود دار دەخەنە ناو ئاگردانەکانیانەوە. لە کاتێکدا کە بێخانەولانەکان و خزمەتکارەکان و چاودێرەکانی شەوان و شۆفێرەکان بیانەوێت و نەیانەوێت دەبێت لە دەرەوە کات بە سەر بەرن لە زستاندا. بۆ ئەوەی خۆیان گەرم بکەنەوە ئەو شتانەیان دەسووتاند کە لە سەر زەوی دەیاندۆزینەوە. باشترین شت کە بیخەنە ناو ئاگرەوە کتێبی خاوەنکارەکان و سیلۆفان بوو کە بۆ پێچانی میوە و سەوزە بە کار دەهێنرا.

---

TGI ٩ کورتکراوەی Thank God it's Friday واتە سوپاس بۆ خوا ڕۆژی هەینی یە. ناوی چێشتخانەیەکی بەناوبانگی ئەمریکیە.

لەناو ئاگرەکە دەتوایەوە و دەگۆڕا بۆ ئاگرێکی ڕوون، تەنها کێشەیەک ئەوەبوو لە کاتی سووتاندا دووکەڵێکی سپی لێ دەردەچوو، ناوهەناوی ڕەش دەکردەوە، پیاوە لێووەرەماوییەکە بوو کیسە سلۆفانەکانی دەرخواردی ئاگرەکە دەدا. بە دەستە بەتاڵەکەی سڵاوی لێ کردم.

"مشکی لادێیی لێرە دامەنیشە بە تەنها. دەتباتەوە بۆ بیرکردنەوەی خراپ!"

گەرماییەکە زۆر بەتین بوو.

بەڵام نا، دەمم ختووکەی دەهات کاتێک کە نزیک دەکەوتمەوە لێیان، داوای پانم دەکرد.

" تەماشای ئەو لەخۆدەرچوونە، ئەمڕۆ جلوبەرگی ماهاراجی لەبەر کردووە! وەرە بۆ لامان "ماهاراج" ی باکنگام!"

بەڵام دووربووم لە گەرمییەکەوە، دووربووم لە لەخۆڕازیبوون،

بە پیاسە بەرەو ڕێگەی کنۆت ڕۆیشتم بۆنی قوڕە بەخەڵوزبووەکە بە هەوادا بڵاو ببووەوە.

لە هەموو لایەکی دەلهی چاکسازیی ڕێگەوبان دەبینرا. هەیکەلی شوشە بەرز کرابووەوە بۆ ئەوەی بیکەنە بازاڕ و نووسینگە. کۆنکریتی گەورەگەورەیان ڕیز کردبوو.

پردی نوێ و ڕێڕەوی نوێ دروست دەکران.

چاڵی گەورە هەڵدەکەنرا بۆ دروستکردنی کۆشکی نوێ بۆ ماڵە دەوڵەمەندەکان، لێرەش لەناو دڵی کونۆت، تەنانەت لە نیوەشەویشدا لەژێر ڕووناکی گڵۆپەکاندا کار هەر بەردەوام بوو. گوێم لە دەنگی دەزگاکان بوو چاڵی زەبەلاحیان هەڵدەکەند.

بیستم ئەم کارە بۆ دروستکردنی سکەی شەمەندەفەری ژێر زەوییە لە دەلهی. ئەو چاڵانە بە جۆرێک گەورە بوون. لە کانە خەڵوزەکان دەچوون کە لە دنباد بینیومە. پیاوێکی تریش. لەگەڵ مندا سەیری چاڵەکانی دەکرد، پیاوێک کە ڕێکوپێک خۆی گۆڕیبوو قەمیس و بۆینباخی بەستبوو لەگەڵ پانتۆڵێک. هەردوو خەتی ئوتووەکەی بە جوانی لەسەر بوو.

ئاسایی پیاوی لەو جۆرە لەگەڵ من قسە ناکات، بەڵام جلوبەرگە ماهاراجەکەم سەری لێ تێک دا.

"پێنج ساڵی تر ئەم شارە وەکو (دوبە)ی لێ دێت، وا نییە؟"

بە شێوەیەکی هاوچەرخانە

"گوتم پێنج؟"

"لە دوو ساڵدا!"

"سەیری ئەو کرێنە زەردە بکە مانستەرە."

مانستەرێک لەسەر چاڵەکە دانیشتبوو بە دەمێکی گەورەی ئاسنەوە، قوڕێکی زۆر هەڵدەگرێت و بەتاڵی دەکاتەوە. وەکو داهێنەرێک دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت.

پیاوەکان کڵاوی ئاسن بەسەر سەریانەوە بوو، بە بازنەیی بە دەوری مەکینەکەدا دەڕۆیشتن.

زۆر لە مشک گەورەتر دیار نەبوون، تەنانەت لە شەوانی زستاندا عەرەق قەمیسەکانیانی دەنووساند بە جەستەی ڕەشی بریقەداریانەوە، کاتێک کە گەڕامەوە بۆ لای ئۆتۆمۆبیلەکە، سەرمابوو، شۆفێرەکانی تر هەموو ئەوێیان بە جێ هێشتبوو، هیچ ئاماژەیەک لە سەرۆکەکەمەوە نەبوو، چاوەکانم داخست و ویستم بیرم بکەوێتەوە کە ئێوارە چیم خوارد، کارییەکی خۆش و تیژ، پارچە گۆشتی تۆخ و ئاودار، قاپێکی گەورە لە ڕۆنی سووری گرەیڤی.

بەتام بوو.
لێدانی پەنجەرەکە بە ئاگای هێنام.
دەرپەڕیمە دەرەوە و دەرگاکەم کردەوە بۆیان، هەردووکیان دڵخۆش بوون، بۆنی شەرابی ئینگلیزییان لێ دەهات، یاخود هەر شەرابێکی تر کە هێشتا تاقیم نەکردبووەوە لای بازرگانەکانی شەراب.
پێت دەڵێم، هەر دەتگوت ئاژەڵن کاتێک کە شۆفێریم دەکردن بۆ دەرەوەی کۆنات.
ئاشۆک دەستی دەهێنا بە ڕانیدا لە سەرەوە بۆ خوارەوە، پینکی پێدەکەنی. چرکەیەک لە ئاوێنەکەوە تەماشام کرد، لەگەڵ ئاشۆکدا سەرنجمان یەکانگیر بوو. لە منداڵێک دەچووم کە بە دزییەوە لە کونی دەرگای ژووری خەوەوە سەیری دایک و باوکی بکات. دڵم دەستی بە لێدان کرد و عەرەقم کرد.
پێشبینی ئەوەم دەکرد کە یەخەم بگرێت و فڕێم بداتە سەرزەوییەکە و بە پێڵاوەکانی پانم بکاتەوە هەر وەکو باوکی بەرامبەر بە ماسیگرەکانی دەیکرد لە لاکسمانگار.
بەڵام هەر وەکو بۆم باسکردیت ئەم پیاوە جیاواز بوو، توانای ئەوەی هەبوو کە لە باوکی باشتر دەرچێت.
بە پینکی خانی گوت، وەکو دەزانیت ئێمە بە تەنها نین، پینکی یەکسەر مۆن بووەوە و ڕووی خۆی وەرگێڕا.
پێنج خولەک بە بێدەنگی تێپەڕی، خۆی دا بەسەر مندا، بۆنی بۆگەنی شەرابی ئینگلیزی لێ دەهات "سوکانەکەم بدەرێ."
"نا پینکی نا، تۆ سەرخۆشی لێی گەڕێ" "چ گاڵتەجاڕییەکی بێمانایە، لە هند هەموو کەسێک بە سەرخۆشی ئۆتۆمۆبیل لێدەخوڕن، بەڵام تۆ لێم ناگەڕێیت لێخوڕم، ئاە کە پێم ناخۆشە." بە توندی لە جێگەکەی دانیشتەوە.

باڵڕام لە بیرت بێت هەرگیز هاوسەرگیری نەکەیت.
"ئەرێ ئەوە لای ترافیک لایتەکە وەستا؟ باڵڕام بۆ وەستای؟ هەر لێخوڕە!"
"ئەوە ئاماژەی هاتوچۆیە پینکی، لێیگەڕێ با بوەستێت"
"داوات لێ دەکەم، ڕێز لە یاسای هاتوچۆ بگریت"
"باڵڕام داوات لێ دەکەم لێخوڕی! لێخورە!" ئەمجارەیان بەتەواوی تووشی شڵەژان بووم پێنچ فیت بە ئۆتۆمۆبیلەکە چوومە پێشەوە بۆ بەردەم خەتە سپییەکەو وەستام.
بەڕێز ئاشۆک گوتی "بینیت چی کرد؟ ئەوە زیرەکی بوو"
"بەڵێ ئاشۆک، زیرەکێکی لەعنەتییە."
کاتژمێری لای ترافیک لایتە سوورەکە ئاماژەی ئەوەی دەکرد کە ٣٠ چرکەی ماوە بۆ ئەوەی ترافیک لایتەکە بگۆڕێت بۆ سەوز، کاتێک کە چاوەڕێی کاتم دەکرد لە لای دەستەڕاستمەوە بودا گەورەکە دەرکەوت، منداڵێکی سواڵکەر هات بۆ لای هۆنداستێکە، دوو پەیکەری بودای بە دەستەوە بوو.
لە دەلهی هەموو شەوێک لە لێواری شەقامەکان سواڵکەرەکان شتێکیان پێیە بۆ فرۆشتن، پەرتووک، پەیکەر، یان چیلەکی لەپاکەتخراو، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک مێشکم لەبارێکی خراپدا بوو.
زۆرتر لەوەی کە دەبوو لە پەیکەرەکەی بودا ڕا بمێنم.
ئەمە شتێک بوو لە نیو چرکەدا ڕووی دا، پینکی بینیمی
پینکی گوتی باڵڕام ئەو پەیکەرەی لا بەنرخە، ئاشۆک بە هێواشی پێکەنی
"بە دڵنیاییەوە، ئەو لەبواری هونەردا بەئاگایە.
پینکی جامی ئۆتۆمۆبیلەکەی داگرت و بە منداڵە سواڵکەرەکەی وت "با ببینین"

هەرگیز ناتوانی کوڕ و کچە سواڵکەرەکان لە یەکتر جیا بکەیتتەوە
پەیکەرەکەی بودای درێژ کرد بۆ ناو هۆنداکە،
شۆفێر پەیکەر ناکرێت چەند زیاتر داوای لێبوردنیان لێ بکەیتت ئەوان زیاتر لەسەری دەڕۆن.
ترافیک لایتەکە گۆڕا بۆ سەوز، هەرچەندێک کە لە توانامدا بوو ئەوندە خێرا پەیکەرەکەی بودام جێ هێشت
پینکی شانمی گرت، باڵڕام ئۆتۆمۆبیلەکە ڕاگرە.
سەیری بەڕێز ئاشۆکم کرد، هیچی نەوت.
ئۆتۆمۆبیلەکەم ڕاگرت"
باڵڕام دابەزە، جێت دەهێڵین، لەگەڵ بودا شەو بە سەر بەرە.
ماهاراج و بودا ئەمشەو بەیەکەوە دەبن.
پینکی چووە شوێنی شۆفێر، ئۆتۆمۆبیلەکەی هەڵکرد و لێیخوڕی، لە کاتێکدا بەڕێز ئاشۆک پێکەنی و دەستی ماڵئاوایی بۆم جووڵاندەوە. ئەگەر سەرخۆش نەبووایە، هەرگیز ڕێگەی نەدەدا کە بەو جۆرە مامەڵەم لەگەڵ بکات. من دڵنیام لەوە.
هەمیشە خەڵک چاوەڕێی هەلێکن لێی، ئەگەر تەنها من و ئەو بووینایە لەناو ئۆتۆمۆبیلەکە، هیچ شتێکی خراپ ڕووی نەدەدا لە لایەن هیچ یەکێک لە ئێمەوە.
ترافیکێک شەقامەکەی دوولەت کردبوو. دارەکان و ڕووەکەکان لە دوورگەکە ڕوێنرابوون.
لەژێر دارێک دانیشتم، شەقامێکی مردووبوو، دوو ئۆتۆمۆبیل یەک لە دوای یەک تێپەڕین، لایتەکانی پێشەوەیان شەوقی دابووەوە. وەکو لقی ئەو

دارانەی کە لە نزیک دەریاچەکانەوە دەڕوێن. دەبێت چەند هەزار شتی جوانی لەم جۆرە ببینی لە دەلهی، ئەگەر بواری ئەوەت هەبێت بچیت بۆ هەموو ئەو شوێنانەی کە دەتەوێت و تەماشای هەموو ئەو شتانە بکەیتت کە دەخوازیت.
ئۆتۆمۆبیلەکە یەکڕاست بەرەو ڕووی من دەهات، هۆڕنی لێ دەدا و لایتەکانی پێشەوەی پرتەپرتیان بوو.
هۆنداستێکە بە پێچەوانەوە سووڕایەوە، سووڕانەوەیەکی نایاسایی، ئەگەر پانی بکردمایەتەوە،ئەوە یەکڕاست لە بەردەم من سزا دەدرا. پینکی خانم بینی لە پشت سوکانەکەوە پێدەکەنی و دەیقیژان، بەڕێز ئاشۆکیش لە تەنیشتییەوە بە زەردەخەنەوە. ئایا هیچ نیشانەیەکی نیگەرانی بە ناوچەوانییەوە بوو، ئایا دەستەکانیت بینی بە توندی سوکانەکە بگرێ و بیسووڕێنێ بۆ ئەوەی ئۆتۆمۆبیلەکە لێم نەدات.
حەزم دەکرد وا بووایە.
ئۆتۆمۆبیلەکە بە دووری نیو فوت لە بەردەمم وەستا، لەگەڵ بۆنی لاستیکی سووتاو دامابووم، تایەی ئۆتۆمۆبیلەکەم چەن ئازاری کێشا بە دەست ئەو ژنەوە.
پینکی خان دەرگای ئۆتۆمۆبیلەکەی کردەوە و دەموچاوە زەردەخەناوییەکەی دەرپەڕاندە دەرەوە.
"لەو بڕوایەدا بووی کە بە جێت بهێڵم بەڕێز ماهاراجا؟
" نا خانم"
"تۆ نیگەران نیت وا نییە؟"
"نا بە هیچ جۆرێک." دوایی ئەمەشم بۆ زیاد کرد، بۆ ئەوەی زیاتر بڕوا بکات، "خاوەنکار وەکو دایک و باوک وان، چۆن لێیان نیگەران دەبم." لە

پشتەوە دانیشتم، دیسانەوە سووڕانەوەیەکی پێچەوانەیان کرد لە ناوەڕاست شەقامەکە.

دوایی زۆر بە پەلە و یەک لە دوای یەک لە ترافیکە سوورەکانی دەدا، هەرابوو، لە یەکتریان دەدا، قاقایان لێ دەدا، هەرچییەکم بکردایە بێسوود بوو، لە دواوە تەماشای ئەو نمایشەم دەکرد.کاتێکم زانی شتێکی ڕەش بازی دایە سەر ڕێگەکەمان، لێمان دا و پانمان کردەوە، بە تایەی ئۆتۆمۆبیلەکە بە سەریدا هاتین.

لە ڕێگەی ئەو پانکردنەوەیەوە کە تایەکان بە تەواوی کردیان، دەنگێک نەهات، کاتێک کە ئۆتۆمۆبیلەکە وەستا دەنگی وەڕینێک و هاوارێکمان نەبیست، یەکسەر زانیم چی بە سەر ئەو شتە هات کە لێمان دا.

پینکی زۆر سەرخۆش بوو نەیدەتوانی پێ بە برێکدا بنێت، تاکو دەکەوتە خۆی بۆ ئەوەی برێک بگرێت دووسەد- سێسەد یارد دوور دەکەوتینەوە.

کاتێک بە تەواوی وەستاین، لە ناوەڕاست شەقامەکەدا بووین، دەستی هەر لەسەر سوکانەکە بوو دەمی کرابووەوە.

بەڕێز ئاشۆک لێی پرسیم "سەگ؟ سەگ بوو، وا نییە؟"

سەرم با دا، شەقامەکە زۆر تاریک بوو شتەکەش بارستاییەکی ڕەشی گەورە بوو، دوور بوو،

لە پشتمانەوە بە تەواوی دیار نەبوو. هیچ ئۆتۆمۆبیلێکی ترمان نەبینی، هیچ کەسێک لەوێ نەبوو. بە هێواشی هەردوو دەستی لەسەر سوکانەکە هەڵگرت و هەردوو گوێی خۆی پێ گرت.

"سەگ نەبوو! نا—"

بەبێ ئەوەی یەک وشە بدرکێنین.

من و بەڕێز ئاشۆک وەکو یەک گرووپ نمایشمان کرد.

ئاشۆک دەستی نایە سەر دەمی پینکی و لە جێی شۆفێر ڕایکێشایە دەرەوە، بە پەلە لە دواوە لا چووم، هەردووکمان بەیەکەوە دەرگاکانمان داخست.

کلیلەکەم سووڕاند بە پەلە ئۆتۆمۆبیلەکەم لێخوڕی، گەڕاینەوە بۆ گورگون، لە نیوەی ڕێگە بێدەنگ بوو بەڵام هەر کە نزیک بووینەوە لە ئەپارتمانەکە دەستی پێ کردەوە و گوتی "دەبێ بگەڕێینەوە"

"شێت مەبە پینکی، دوای چەند چرکەیەک باڵڕام دەمانگەیەنێتە ئەپارتمانەکە، هەموو شتێک تەواو بوو."

پینکی به دەنگێکی زۆر نەرم گوتی ئاشۆک "لە شتێکمان دا، دەبێ ئەو شتە ببەین بۆ نەخۆشخانە"

"نا"

دیسان دەمی کرایەوە. یەک چرکەی مابوو هاوار بکات پێش ئەوەی دەست پێ بکاتەوە، بەڕێز ئاشۆک چووە لایەوە و دەستی خستە سەر دەمی، دەستی برد بۆ پاکەتە کلینکسەکە، هەنێ کلینکسی پەستانە ناو دەمییەوە هەر کە هەوڵی دا بیتفێنێتەوە، ئاشۆک ملپێچەکەی ملی توند کردەوە بەسەر دەموپلیدا سەری خستە سەر باوەشی و توند گرتی.

کە گەڕاینەوە بۆ ئەپارتمانەکە، ئاشۆک بە ملپێچەکەی کە هێشتا هەر بە دەوری دەمییەوە بوو، پەلکێشی کرد بۆ ناو ئەلەڤەیتەرەکە.سەتڵێ ئاوم هێنا ئۆتۆمۆبیلەکەم شۆری و سڕیمەوە، هەرچی خوێنێکی پێوە بوو کڕاندم و هەرچی پارچە گۆشتێکی پێوە بوو لێم کردەوە. کەمێ گۆشت و خوێن بەسەر تایەکانەوە بوو. کاتێک کە ئاشۆک هات چوارەم جارم بوو کە تایەی ئۆتۆمۆبیلەکەم دەشۆری

"باشە؟"

پارچەپەڕۆیەکی سەوزی خوێناویم نیشانی دا کە بە تایەکەوە نووسابوو. کە دەمکڕاند  شتیکی زبر لەنیوان پەنجەکانم بوو. "گوتم بەڕێز ئەم پارچەپەڕۆ سەوزە لە شتە هەرزانبەهاکانە کە دەیکەنە بەر منداڵ،" "لەو بڕوایەدای کە منداڵ... "نەیتوانی وشەیەک بڵێت.

"بەڕێز هیچ دەنگی نەهات، بە هیچ جۆرێک. هەروەها لاشەکە بۆ تۆزێکیش جووڵەیەکی لێوە نەهات. "

"خودایە، باڵڕام ئێستا چی بکەین؟چی"

دەستی دا بە ئەژنۆیدا،

"ئەو منداڵانە چی دەکەن، کاتژمێر  یەکی بەیانی بە دەلهیدا هاتوچۆ دەکەن، بەبێ ئەوەی کەسێ ئاگای لێیان بێت؟"

کاتێک کە ئەمەی گوت چاوەکانی ئاگریان لێ دەبووەوە.

"ئاە، ئەو یەکێک بوو لەو کەسانە"

"بەڕێز بە بۆچوونی من ئەوە یەکێک بوو لەوانەی کە لە ژێرپردەکان ژیان بە سەر دەبەن."

"لەو حاڵەتەدا، بڵێی کەسێک بگەڕێت بە دوایدا ؟"

"لەو بڕوایەدا نیم بەڕێز، خۆت دەزانیت ئەو کەسانەی تاریکی چۆنن هەشت، نۆ، دە منداڵیان هەیە، جاری وایە ناوی منداڵەکانی خۆیان نازانن. ئەگەر تەنانەت  دایک و باوکیشی خەڵکی "دەلهی" بن، ئەگەر بشزانن ئەمشەو چی لێ هاتووە ناچن بۆ پۆلیس." دەستێکی نایە سەر شانم، هەر وەکو چۆن شەو خستیە سەر شانی پینکی، دواییش پەنجەیەکی خستە سەر لێوەکانی خۆی.

سەرم لەقاند "بە دڵنیاییەوە بەڕێز "
"بڕۆ بخەوە – شەوێکی سەختبوو بۆ تۆ و پینکی خان. "
جلوبەرگە ماهاراجەکەم داکەنی و چووم بخەوم، زۆر ماندووبووم.
بەڵام زەردەخەنەیەکی گەورە لەسەر لێوەکانم بوو وەکو کەسێک کە بەرپرسیارێتییەکی بە جێ گەیاندبێت بۆ خاوەنکارەکەی لە چرکە زۆر سەختەکانیدا.
بۆ ڕۆژی دوایی. هەر وەکو هەمیشە کوشنەکانی ئۆتۆمۆبیلەکەم دەسڕییەوە، دەموچاوی خودایە بووکەڵەدارینەکەم سڕییەوە، بخورەکەم هەڵکرد لە ناوەوەم دانا بۆ ئەوەی کوشنەکان بۆنی پیرۆزییان لێ بێت و بۆنیان خۆش بێت.
جارێکی تر تایەکانم شۆری بۆ دڵنیایی لەوەی کە هیچ پەڵەیەکی خوێنم بیر نەچووبێت.
شەو کاتێک کە گەرامەوە بۆ ژوورەکەم چاوەڕێ بووم. بۆ ئێوارە یەکێک لە شۆفێرەکان پەیامێکی بۆم هێنا لە ژووری چاوەڕێکردن داوا کرابووم بەبێ ئۆتۆمۆبیل.
مۆنگوس لەوێ چاوەڕێم بوو. نازانم چۆن وا بە پەلە خۆی گەیاندبووە دەلهی، دەبێ ئۆتۆمۆبیلێکی بە کرێ گرتبێت و بە درێژایی شەو لێی خوڕیبێت، زەردەخەنەیەکی گەورەی کرد و دەستی هێنا بە شانمدا.
بە ئەلەڤەیتەر چووینە سەرەوە بۆ ئەپارتمانەکە. لەسەر مێزەکە دانیشت و گوتی دانیشە، دانیشە پشوو بدە باڵڕام، تۆ بەشێکی لە خێزانەکە. شانازیم بە خۆمەوە کرد.
لەسەر زەوییەکە کرۆچکەم کرد وەکو سەگ، دڵخۆش بووم چاوەڕێی بووم

جارێکی تریش پێم بڵێتەوە.

جگەرەی دەکێشا، پێشتر هەرگیز نەمبینیبوو، جگەرە بکێشێت، چاوەکانی کز کرد و سەیری کردم.

ئێستا گرنگە تۆ لێرە بمێنێتەوە لە باکنگام، چاوەڕێ بیت بۆ چەند ڕۆژێک، نەچیت بۆ هیچ شوێنێک، تەنانەت بۆ تاوەری ئەی. هەروەها یەک وشە بە کەس نەڵێیت دەربارەی ئەوەی ڕووی دا."

بەڵێ بەڕێز

بەدەم جگەرەکێشانەوە کەمێک سەیری کردم، دیسانەوە گوتی "باڵڕام تۆ بەشێکی لە خێزانەکە"

بەڵێ بەڕێز

ئێستا برۆ خوارەوە بۆ لای خزمەتچییەکان لەوێ چاوەڕێبە، کاتژمێرێ بە سەر چوو دیسانەوە لە سەرەوە بانگ کرام، ئەمجارەیان پیاوێک بە پاڵتۆیەکی ڕەشەوە لەسەر مێزی نانخواردنەکە دانیشتبوو لە نزیک مۆنگۆسەوە سەیری پارچە کاغەزێکی دەکرد، بە بێدەنگی بە لێوەکانی دەیخوێندەوە کە سوور بوو بوو بە ڕووەکی پان.

بەڕێز ئاشۆک لەسەر تەلەفۆن بوو لە ژوورەکەی، لە دەرگاداخراوەکەوە گوێم لە دەنگی بوو، دەرگای ژوورەکەی پینکی خانیش داخرابوو.

هەموو ماڵەکە بە مانگوس سپێردرابوو.

"دانیشە باڵڕام پشوو بدە"

بەڵێ بەڕێز

بە چینچکانەوە دانیشتم و خۆم نائارام دەرخست

مانگوس پرسیتی "باڵڕام هەندێک پارەت ناوێت؟"

"نەخێر بەڕێز"
بە زەردەخەنەوە گوتی "شەرم مەکە باڵڕام تۆ پان دەجووی، وا نییە؟"
ڕووی وەرگێڕا بۆ لای پیاوە پاڵتۆڕەشەکە، "تکایە شتێکی بدەرێ با بیجووێ."
پیاوە پاڵتۆڕەشەکە پانێکی سەوزی لە پاکەتەکە هەڵگرت.
ناولەپم ئاوەڵا کرد، بەریدایەوە ناو لەپم.
"بیخە دەمتەوە باڵڕام، بۆ تۆیە"
"بەڵێ بەڕێز. زۆر باشە. دەجووڕێت، سوپاست دەکەم."
پیاوە قاتڕەشەکە قسەی دەکرد، ئاوە سوورکە بە دەمیدا دەهاتە خوارەوە.
گوتی" با لەسەرخۆ و بە ڕوونی بچینە سەر هەموو بابەتەکە."
"زۆر باشە."
"دادوەر ئاگای لێ دەبێت، ئەگەر یەکێک لە پیاوەکانی خۆتان بەو کارە هەستێت، پێویست بە دڵەڕاوکێ ناکات."
"پیاوێکی ئێمە ئەوە دەکات، کە دەبێت بیکات، بێگومان ئەو بەشێکە لە خێزانەکە و کوڕێکی باشە."
"کوڕێکی باشە."
"باشە باشە."
پیاوە پاڵتۆڕەشەکە سەیرێکی کردم و پارچە کاغەزێکی دەرهێنا
"برادەر دەتوانیت ئەمە بخوێنیتەوە؟"
"بەڵێ گەورەم"
کاغەزەکەم لە دەستی وەرگرت و دەستم کرد بە خوێندنەوەی.
بۆ ئەو کەسەی کە گرنگی ئەم بابەتەی لە ئەستۆیە
١-باڵڕام حەڵواچی  کوڕی ڤیکرام حەڵواچی، لە گوندی لاکسمانگار نزیک

گایە، بە تەواوی ئازادی و ویست و ئارەزووەوە ئەم ڕاپۆرتە دەدەم.
کاتێک کە ئۆتۆمۆبیلم لێدەخوڕی، لە کەسێکی نەناسراو و بێناونیشان یان کەسانێک یان شتێکم دا. لە شەوی ٢٣ ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ. ترسام و زۆرم لە خۆم نەکرد بەرامبەر ئەو کەسە بریندارە کە بیبەم بۆ نزیکترین نەخۆشخانە یان چارەسەری کتوپڕ لە کاتی ڕووداوەکەدا، تەنهابووم لەناو ئۆتۆمۆبیلەکە، کەسی ترم لەگەڵ نەبوو، تەنها خۆم بەرپرسیارم لە بەرامبەر هەموو ئەوەی کە ڕووی دا.
سوێند بە ئەلماکهی خودا دەخۆم کە خۆم ئەم بابەتەم نووسیوە، بەبێ هەڕەشە و فشاری هیچ کەسێک.
واژۆ و پەنجەمۆری.
باڵڕام حەڵواچی.
ئێستا ئەم بابەتەم نووسی بە گەواهی ئەم کەسانە.
کوسوم حەڵواچی لە گوندی لاکسمانگار
ناوچەی گایە
پارێزەر چامانداس ڤارمە لە دادگای باڵای دەلهی.

مانگوس بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە خۆشەویستییەوە،
"نەنکت، ناوی چییە؟"
"...."
"گوێم لەوە نەبوو"
"م....."
"بەڵێ هەر ئەوەندە. کوسوم. لێمخوڕی بۆ لاکسمانگار-ڕێگەکەی خراپە،وا نییە؟- خۆم هەموو شتێکم بۆ باس کرد، ژنێکی بێدەنگ و ئارامە، دەستێکی بە قۆڵیدا هێنا، زەردەخەنەیەکی گەورەی کرد.

گوتی، زانیم ڕاستییەکان دەڵێت. زۆر شانازی بەو کارەوە  دەکات کە کردووتە، ڕازی بوو کە ببێتە گەواهیدەری ئەو سەرلێشێواوییەت. ئەوە پەنجەمۆرەکەیەتی لەسەر لاپەڕەکە.

باڵڕام ڕاست لە خوار ئەو شوێنەوەیە کە واژۆی دەکەیت. "

پیاوە پاڵتۆڕەشەکە گوتی ئەگەر نەخوێنەوارە دەتوانێت "ئاوها بکات" پەنجەی خۆی بەرز کردەوە.

"ئەو خوێنەوارە. نەنکی پێی گوتم کە ئەو یەکەم کەسە لە خێزانەکەیان کەبنووسێت و بخوێنێتەوە. گوتی باڵڕام تۆ هەمیشە کوڕێکی زیرەک بوویتە."

سەیرێکی کاغەزەکەم کرد، خۆم وا دەرخست کە جارێکی تر دەیخوێنمەوە، لەناو دەستمدا دەلەرزی.

ئەوەی ئێستا بۆتی باس  دەکەم کە ڕۆژانە  چی بەسەر شۆفێرەکانی دەلهی دێت، بڕوا ناکەیت، لەو بڕوایەدای کە ئەمانە دروستکراوی خۆم بن، بەڕێز جیاباو؟

کاتێک کە دێی بۆ دەلهی ئەم چیرۆکەی کە بۆتم گێڕایەوە بیگێرەوە بۆ کەسێکی پلەناوەڕاست لە شارەکە. پێی بڵێ کە ئەم چیرۆکە نامۆ و دڕندانە و چاوەڕواننەکراوەت لە شۆفێرێکەوە بیست کە تاوانبار کرابوو بە کوشتنێک کە خاوەنکارەکەی پێی هەستابوو.

بڕوانە ڕەنگی هەڵبزڕکاوی هاوڕێ پلەناوەڕاستەکەت.

بزانە چۆن تف لە قوڕگی وشک دەبێت.

چۆن ڕووی وەردەگێڕێت بۆ لای پەنجەرەکە و چۆن یەکسەر بابەت دەگۆڕێت.

پشت شیشی بەندیخانەکانی دەلهی پڕن لەو شۆفێرانەی کە تاوانی خاوەنکارە پلەناوەندییەکانیان گرتۆتە ئەستۆ.

لادێکەمان جێ هێشت بەڵام خاوەنکارەکان هێشتا هەر خاوەنی ڕوح و

جەستەمانن.

بەڵێ ئەوە ڕاستە، ئێمە هەموو لە مەزنترین دیموکراتییەتدا دەژین.

چ گاڵتەجاڕییەکە.

ئایا خێزانی شۆفێرەکان مان ناگرن؟ ئەوان دوورن لێوەی.

شانازی بەوەوە دەکەن کە باڵرامی کوڕیان بەرپرسیارێتییەکی گرتە ئەستۆ، وەکو سەگ بەوەفا بوو، خزمەتکارێکی بێوێنە بوو.

دادپەروەرەکان نابینن کە ئەمە دانپیانانێکی بەزۆرە، بەڵام ئەوانیش لەو نێوەندەدان.

بەرتیلەکانیان وەردەگرن و تێکەولێکەکانی بابەتەکە پشتگوێ دەخەن. ژیان بەردەوامە بۆ هەموو کەس بۆ شۆفێرەکان نەبێت.

بەڕێز جیاباو، ئەمە هەمووی بوو بۆ ئەمشەو، هێشتا کاتژمێر سێ نەبووە، بەڵام دەبێ لێرەدا کۆتایی پێ بێنم بەڕێز، تەنانەت بیرکردنەوەیەک لێی تووڕە و نیگەرانم دەکات، دوور نییە هەر ئێستا کە چوومە دەرەوە خاوەنسامانێک سەر ببڕم.

# شەوی پێنجەم

بەڕێز جیاباو

بەڕێزم

هەر کە هاتیت بۆ ئێرە پێت دەڵێن ئێمەی هندی هەموو شتێکمان داهێناوە.
لە ئینتەرنێتەوە تاکو هێلکەی کولاو و تا کەشتی ئاسمانی، پێش ئەوەی بەریتانییەکان لێمان بدزن.

قسەیەکی بێمانایە. مەزنترین شتێ کە لەم وڵاتەوە دەرچووبێت لە دەهەزار ساڵی مێژوودا، لەقەفەزخستنی کەڵەشێرە.

بچۆ بۆ دەلهی کۆن لە پشت مزگەوتی جەمەوە، لەوێ سەیرکە چۆن لە بازاڕەکانیاندا مریشک ڕادەگرن.

سەدان مریشکی هەڵبزڕکاو و کەڵەشێری ڕەنگگەش، بەزۆر پەستێنراونەتە ناو قەفەزی وایەرەوە، توند وەکو کرم.دەنووک لە یەکتر دەدەن و جیقنە بە یەکتردا دەکەن.ملیان دریژ دەکەنەوە بۆ ئەوەی هەناسە بدەن، بۆنی بۆگەنییەکی زۆر دێت لەناو قەفەزەکانەوە.

قەسابێکی گەنج گۆشتی مریشکە تازەسەربڕاوەکان کە هێشتا خوێنە ڕەشەکەیان پێوەیە دەخاتە سەر مێزێکی تەختە، کەڵەشێرەکان لە سەرەوە بۆنی خوێن دەکەن و سەیری لاشەی براکانیان دەکەن کە لە دەوروبەریان فڕێ دراون. دەزانن کە نۆبەی ئەوانیش دێت، بەڵام پێویست بە هەوڵدان ناکات بۆ دەربازبوون.

لەم وڵاتەدا هەمان شت بەسەر مرۆڤەکانیشدا دێت.

ئێواران تەماشای شەقامەکانی دەلهی بکە. درەنگ یان زوو پیاوێک دەبینیت پاسکیلێکی پێیە عەرەبانەیەک ڕادەکێشێت بەسەر
شەقامەکاندا.تەختەخەوێکی گەورە یان مێزێکی گەورەی پێوە بەستووە،

هەموو رۆژێک ئەو شتانە دەگەیەنێتە ماڵەکان.، بەو پیاوە دەڵێن حەماڵ.

تەختەخەوێک پێنج هەزار رووپێیە، لەوانەشە شەش هەزار بێ، کورسییەکان و مێزی قاوەشی بخەیتە سەر لەوانەیە دە هەزار یان پانزە هەزاربێت.

پیاوێک دێت بە پاسکیل و عەرەبانەوە ئەم تەختەخەوت بۆ دەهێنێت لەگەڵ کورسییەکان. ئەو پیاوە هەژارە هەموو مانگێ پێنجسەد رووپێی دەست دەکەوێت.

ئەو هەموو تەختەی ناوماڵەت بۆ دەهێنێت، تۆ پارەی کاشی دەدەیتێ، وردەیەکی زۆر، بە بارستایی بەرد.

دەیخاتە ناو گیرفانی یان ناو بلووزەکەی یان دەرپێکورتەکەی. کۆی دەکاتەوە بۆ خاوەنکارەکەی و دەیداتێ.

هەموو ڕۆژێک لە شەقامەکانی دەلهی بەشێک لە شۆفێرەکان ئۆتۆمۆبیلی بەتاڵ لێدەخورن، جانتای سەفەریی ڕەشیش لە سەر کوشنەکانی پشتەوە دادەنێن. لەناو ئەو جانتا ڕەشانەدا ملیۆنێ یان دوو ملیۆن ڕووپێ هەیە. زۆر لەوە زیاترە کە شۆفێر گوێبیستی دەبێت لە ژیانیدا، ئەگەر ئەو پارەیە ببات، دەتوانێت بچێتت بۆ ئەمریکا و ئوستراليا و هەرشوێنێکی تر و ژیانێکی نوێ دەست پێ بکاتەوە، دەتوانێتت بچێتە ناو ئوتێلی پێنج ئەستیرەوە.

خەو دەبینێت بەو ژیانەوە، بەڵام تەنها لە دەرەوە دەیبینێت، دەتوانێتت خێزانەکەی ببات بۆ گۆئا و ئینگڵتەرا.

هێشتا هەر دەیبات بۆ ئەو شوێنەی کە خاوەنکارەکەی دەیەوێت. لەشوێنی مەبەست دایدەنێت و هەرگیز دەست بە ڕووپێیەکەوە نادات.

بۆ؟

ئایا لەبەر ئەوەیە هندییەکان ڕاستگۆترین کەسن وەکو لە نامیلکەکانی سەرۆکوەزیران ئاگادار کراوینەتەوە؟ نەخێر چونکە ٩ ,٩٩ ی ئێمە کەوتووینەتە ناو قەفەزی کەڵەشێرەوە وەکو ئەو هەژارانەی ناو قەفەزی بازاڕەکان.

قەفەزی کەڵەشێر هەموو کاتێک بەو پارە کەمانە وە کارناکات.

شۆفێرەکەت بە رووپێیەک و دووانی کانزایی تاقی مەکەوە، لەوانەیە بە باشی ئەو برە پارەیە بدزێت. بەڵام ملیۆنێ دۆلار لە بەردەم خزمەتکارەکەت جێ بهێڵە دەست لە سەنتێکی نادات.

تاقی بکەوە و جانتایەکی ڕەش بە ملیۆنێ دۆلارەوە جێ بهێڵە لەناو تاکسی.

شۆفێری تاکسییەکە تەلەفۆنێ بۆ پۆلیس دەکات و لە کۆتایی ئەو ڕۆژەدا پارەکە دەگەڕێتەوە. لە لای منەوە مسۆگەری بکە.

لەوانەیە پۆلیس پارەکەت بداتەوە یان نا،ئەوە چیرۆکێکی تر دەبێت بەڕێزا! لەم وڵاتەدا خاوەنکارەکان متمانەیان بە خزمەتکارەکانیان هەیە لە ئەڵماسیشدا! ئەوە ڕاستییەکە.

هەموو ئێوارەیەک لە سورات لەناو شەمەندەفەر گەورەترین بزنسی ئەڵماسبڕین و پۆڵیشکردن بە ڕێوە دەچێت. خزمەتکاری بازرگانەکان جانتای پڕ لە ئەڵماسی بڕاو هەڵدەگرن، دەبێ بیدەنە کەسێ لە مەمبای.

بۆ خزمەتکارەکان ئەو جانتا پڕ لە ئەڵماسە نابەن؟

ئەوان گاندی نین، ئەوان مرۆڤێکن وەکو من و تۆ، بەڵام لە قەفەزی کەڵەشێردان،

دەستپاکی خزمەتکارەکان بنچینەی ئابووری هندستانە.

باشترین قەفەزی کەڵەشێری هندی. ئایا لە چینیش شتی واتان هەیە؟

گومانم لەوە هەیە بەڕێز جیاباو.
یان پێویستتان بە پارتی کۆمۆنیست نییە کە دەستدرێژی بکاتە سەر خەڵک و بۆ شەوەکەشی پۆلیسی نهێنی هێرش بکەنە سەر ماڵەکانیان و بیانخەنە بەندیخانەوە وەکو بیستوومە لەوێ وا دەکەن. لێرە لە هند دکتاتۆرییەت و پۆلیسی نهێنی نییە، چونکە قەفەزی کەڵەشێرمان هەیە.
لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەرگیز نەبووە، کەم خاوەنی زۆر بێت، بەرێز جیاباو پیاوانی دەستپڕ لەم وڵاتەدا ٩ ,٩٩% مەشقپێکراون، ئەو هێز و بەهرە و زیرەکییە بە هەموو جۆرێک بۆ خزمەتێکی هەمیشەیی و بێ کۆتاییە.
خزمەتێکی بەهێز،تەنانەت کلیلی ئازادی ئەو خزمەتکارە دەخەیتە ناو لەپی دەستی، فرێی دەداتەوە بۆت و لەعنەتبووت دەکات.
دەبێ بۆ خۆت بێیت و ببینی و بڕوا بکەیتت.
هەموو ڕۆژێک لەگەڵ تاریکوڕوونی بەیانیاندا، بە ملیۆنان کەس لە خەو هەڵدەستن و لەناو پاسە پیس و قەرەباڵخەکاندا ڕا دەوەستن.، لای ماڵی سەرۆکە ساماندارەکانیان دادەبەزن، زەوی پاک دەکەنەوە، قاپ دەشۆن، باخچەکانیان بۆ چاک دەکەن و خواردن دەدەنە منداڵەکانیان و پێیەکانیان دەشێلن، هەموو ئەمانە بەرامبەر بە کرێیەکی کەم.
هەرگیز ئیرەیی بە دەوڵەمەنەکانی ئەمریکا و ئینگلاند نابەم بەڕێز جیاباو.
لەوێ خزمەتکاریان نییە، تەنانەت دەستیان بەوە نەکردووە تێبگەن ژیانی باش چییە.
ئێستا بیرمەندێکی وەکو جەنابت بەڕێز جیاباو دەبێ دوو پرسیار بکات، بۆ قەفەزی کەڵەشێر کاری خۆی دەکات؟ چۆن بە ملیۆنان ژن و پیاو بە کاریگەرییەوە دەکەونە داویەوە.

دووەمیان، ئایا پیاوێک دەتوانێتت ئەو قەفەزە بشکێنێت. چی دەبێت ئەگەر ڕۆژێک بۆ نموونە شۆفێرێک پارەی خاوەنکارەکەی بدزێت و ڕا بکات؟ ژیانی چۆن دەبێت. بەڕێز وەڵامی هەردووکی دەدەمەوە.

وەڵامی پرسیاری یەکەم ئەوەیە شانازی و پرشنگداری نەتەوەکەمان هەڵقووڵاوی خۆشەویستی قوربانییەکانمانە. بێشک ئەو بابەتە بوارێکی فراوانی هەیە لەو نامیلکانەی کە سەرۆکوەزیران پێشکەشی دەکات. خێزانی هندی هۆی لەداونان و لەقەفەزنانی ئێمەیە.

وەڵامی پرسیاری دووەم تەنها ئەوەیە، ئەو پیاوەی کە ئامادەیە خێزانەکەی تێک بشکێنرێت، ڕاو بکرێت لێی بدرێت بە زیندویی بسووتێنرێت لە لایەن خاوەنکارەکەیەوە. دەتوانێتت قەفەز بشکێنێت. ئەمەیە ویستی مرۆڤێکی ئاسایی و زاڵ بەسەر سرووشتدا.

لە ڕاستیدا ئەمە پڵنگێکی سپی دەوێت. تۆ گوێ لە چیرۆکی خاوەنکارێکی کۆمەڵایەتی دەگریت بەڕێز.

با بگەڕێینەوە سەر چیرۆکەکەم.

لە باخچەی ئاژەڵانی نێونەتەوەیی نییودەلهی هێمایەک هەیە نزیک قەفەزی پڵنگی سپی، دەڵێت بێنە بەرچاوت کە لەناو قەفەزدا بیت. کاتێک کە ئەو هێمایەم بینی وام زانی بەبێ هیچ کێشەیەک دەتوانم ئەمە بکەم.

بە درێژایی هەموو ڕۆژەکە لە ژوورە پیسەکەم بووم، هەردوو ئەژنۆم نووساندبوو بە سنگمەوە لەناو توولی مێشوولەکە دەترسام لەو ژوورە دەربچمە دەرەوە.

کەس داوای شۆفێریی لێ نەکردم، کەس نەهات بۆ بینینم، کۆتایی ژیانم بوو. دەبوو بەند بکرێم بە هۆی تاوانی کوشتنێکەوە کە من نەمکردبوو.

تاوانبار کرابووم، بۆ جارێکیش ڕاکردن بە مێشکمدا نەدەهات.، جارێکیش بە بیرما نەدەهات کە ڕاستی بە دادوەر بڵێم، کەوتبوومە داوی قەفەزی کەڵەشێرەوە.

دەبێ بەندیخانە لە چی بچێتت؟ ئەوە تەنها شت بوو کە بیرم لێ دەکردەوە، دوای چ ستراتیجێ بکەوم بۆ دەربازبوون لەو پیاوە تووکن و پیسانەی کە لەوێ چاوم پێیان دەکەوێت.

بیری چیرۆکێکی تاوانی هەفتەم کەوتەوە، پیاوێک نێردرابوو بۆ بەندیخانە، خۆی وا دەردەخست کە گوایە نەخۆشی ئەیدزی هەیە. بۆ ئەوەی کەس دەستدرێژی سێکسی نەکاتە سەر، ئەگەر کۆپییەکی ئەو گۆڤارەم پێ بووایە دەمتوانی هەموو شتەکانی ئەو وەکو خۆی کۆپیی بکەمەوە.

بەڵام ئەگەر بمگوتایە توشی نەخۆشی ئەیدز بووم لەوانەبوو، وا بزانن کە من دەستدرێژیکەری سێکسی فەرمیم و زیاتر دەستدریژی بکەنە سەرم.

کەوتبوومە داوەوە.

لەنێوان کونە بچووکەکانی توولی مێشوولەکەوە سەیری ئەو شوێندەستانەم دەکرد کە بەو پلاستەرە سپییانەوە بوو کە درابوو لە دیواری ژوورەکە.

لێوگەڕەکە هات بۆ بەردەم دەرگای ژوورەکەم

"مشکی لادێیی!".

خاوەنکارەکەت وەکو شێت زەنگ لێ دەدات.

سەرم لەسەر سەرینەکە دانا.

هاتە ژوورەوە دەموچاوە ڕەشەکەی و لێوە پەمەییەکانی خستە سەر توولی مێشوولەکە"مشکی لادێیی نەخۆشیت؟"

تایفۆتە؟ کۆلێراتە؟ گرانەتاتە؟

سەری نەخێرم با دا "من باشم"

"باشە ئەمە دەبیستم"

بە زەردەخەنەیەکی گەورە بەسەر لێوە نەخۆشەکانییەوە ڕۆیشت، چوومە سەرەوە وەکو چوونی پیاوێک بەرەو پەتی سێدارە.

بە پێپلیکانەکاندا چوومە سەرەوە بۆ ئەپارتمانەکە.

دواییش بە ئەلەڤەیتەر چووم بۆ نهۆمی دەیەم.

مۆنگوس دەرگاکەی کردەوە. ئەمجارەیان زەردەخەنەی لەسەر دەموچاو نەبوو. بە هیچ جۆرێک دیار نەبوو کە چ پلانێکی هەیە بۆم.

زۆرت پێ چوو، باوکم لێرەیە چەند وشەیەکی هەیە بۆ ئەوەی پێتی بڵێت، دڵم کەوتە پەلەپەل، لەقلەق لەوێیە ڕزگارم دەکات.

کەسێکی بێکەڵک نەبوو وەکو کوڕەکانی. خاوەنکارێک بوو لە شێوەی کۆن، دەیزانی دەبێ خزمەتکارەکانی بپارێزێت. لەسەر قەنەفەکە بوو پێیە زەردەوەبووەکانی ڕاکێشابوو.

هەر کە منی بینی زەردەخەنەیەک کەوتە سەر دەموچاوی، وام زانی ژیانمی ڕزگار کردووە بۆیە پێدەکەنێت. بەڵام ئەو پیرەمێردە خاوەنکارە بە هیچ جۆرێک بیری لە من نەکردەوە.

بە داخەوە بیری لە کۆمەڵێ شت دەکردەوە کە لە ژیانی من گرنگتر نەبوو،" ئاە باڵڕام پێیەکانم پێویستیان بە شێلانێکی باش هەیە.سەفەرێکی دووروودرێژ بوو بە شەمەندەفەر."

دەستەکانم کەوتنە لەرزین هەر کە خستمنە ناو ئاوە گەرمەکەوە لەناو گەرماوەکەدا. ئاوەکە بە ژێر سەتڵەکەدا بڵاو بووەوە بەسەر ڕانمدا، کاتێک سەیری خوارەوەم کرد خەریک بوو دەزوویەکی میز بە سەریدا دەهات.

چرکەیەک دوای ئەوە زەردەخەنەیەک کەوتە سەر دەموچاوم، هاتم بۆ ئەو شوێنەی کە لەقلەق دانیشتبوو، ئاوە گەرمەکەم لە نزیکی دانا.

"بەڕێز پێت بخەرە ناوی"

چاوەکانی نووقاند و لێوەکانی لە یەک جیاکردەوە و گوتی  ئاە، دەستی کرد بە ناڵەناڵ

ناڵەنەڵەکەی وای لێ کردم کە بەهێزتر بیشێلم، کە گیانم دەهات و دەچوو، سەرم دەیدا لە ئەژنۆکانی.

مانگوس و بەڕێز ئاشۆک لە بەردەم تەلەفزیۆنەکە دانیشتبوون و بە یەکەوە یاری کۆمپیوتەریان دەکرد.

دەرگای ژووری خەوەکە کرایەوە. پینکی خان هاتە دەرەوە، ئارایشی نەکردبوو، دەموچاوی ناڕێکبوو پێستی ژێرچاوی ڕەش و ناوچەوانی خەت خەت. هەر کە بینیمی دەموچاوی گرژ بوو.

"خەڵکینە  بە شۆفێرەکەتان گوت؟"

لەقلەق هیچی نەوت. بەڕێز ئاشۆک و مانگوس بەردەوام بوون لە یاری

"هیچ کەسێک پێی گوت؟ چ گاڵتەجاڕییەکە ئەمە کەی دەچێتە بەندیخانەوە!"

بەڕێز ئاشۆک گوتی دەبێ پێی بڵێین. سەیری براکەی کرد کە چاوی هەر لەسەر سکرینی تەلەفزیۆنەکە بوو.

مانگوس گوتی "باشە"

بەڕێز ئاشۆک سووڕا بۆ لای من

پەیوەندیمان بە پۆلیسەوە کردووە، پێمان گوتراوە کە هیچ کەسێک ڕاپۆرتی ئەو پێکدادانەی نەداوەتە پۆلیس،

کە وا بێت باڵڕام پێویستمان بە یارمەتی تۆ نییە.

هەستم بە ئاسوودەیی کرد، سەتڵە ئاوە گەرمەکە بە دەستمەوە ڕژا. ئاستەم بوو سەتڵەکە ڕاست بکەمەوە.

لەقلەق چاوەکانی کردەوە و کێشای بە سەرمدا و چاوەکانی نووقاندەوە.

کە پینکی خان ئەمەی بینی، دەموچاوی گۆڕا، ڕای کرد بۆ ژوورەکەی و زرمەی لە دەرگاکە هەستان، پێوەی دا.

(بەڕێز جیاباو، کێ لەو بڕوایەدا بوو کە لەنێو هەموو ئەو خێزانەدا، ژنە تەنوورەکورتەکە خاوەن ویژدان دەرچێت) لەقلەق بینیتی کە چووە ژوورەکەی خۆی، گوتی "ئەو ژنە شێت بووە، دەیەوێت خێزانی منداڵەکە بدۆزێتەوە و قەرەبوویان بکاتەوە، وەکو ئەوەی کە ئێمە هەموو بکوژ بین،سەیرێکی بەڕێز ئاشۆکی کرد.

پێویستە ئەو ژنە کۆنترۆل بکەیت کوڕم، بەو ڕێگەیەی کە لە لادێ دەیکەین."

بە هێواشی کێشای بە سەرمدا و گوتی "ئاوەکە سارد بووەوە"

سێ ڕۆژ بوو هەموو بەیانییەک پێیەکانیم دەشێلا. بەیانییەکیان مۆنگوس سکی کەمێ ئازاری هەبوو، داوای لێ کردم کە بیبەم بۆ ماکس کە یەکێکە لە نەخۆشخانە تایبەتە باشەکانی دەلهی.

لە دەرەوە وەستام و سەیرم دەکرد، مانگوس و پیاوێکی پیر چوونە ناو کۆشکە  شوشەییە گەورە و جوانەکەوە.

دکتۆرەکان دەچوونە ژوورەوە و دەهاتنە دەرەوە.  بە ڕۆبە سپییە درێژەکانیانەوە و سەماعەکانیان لە گیرفانیان بوو. لە دەرەوە سەیرێکی خێرام کرد،شوێنی چاوەڕێکردنی نەخۆشخانەکە پاک بوو وەکو ناو ئوتێلە پێنج ئەستێرەکان.

ڕۆژی دوای چوونم بۆ نەخۆشخانەکە، لەقلەق و مانگوسم برد بۆ وێستگەی شەمەندەفەرەکە، ژەمێکی سووکم کڕی بۆیان کە داوایان کرد بۆ ڕێگەی سەفەرەکەیان بۆماڵەوە.

چاوەڕێ بووم شەمەندەفەرەکە بڕوات. پاشان ئۆتۆمۆبیلەکەم گەڕاندە ماڵەوە و سڕیمەوە.

چووم بۆ پەرستگەی هانومان بۆ ئەوەی نوێژ بکەم و سوپاسگوزار بم.

گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم، لەژێر توولی مێشوولەکە کە گوتم، خەریک بوو لە ماندوێتیدا دەمردم

کاتێک بە ئاگا هاتم یەکێک لە ژوورەکەم وەستابوو، گڵۆپەکەی هەڵدەکرد و دەیکوژانەوە. پینکی خان بوو.

"ئامادەبە بۆ ئەوەی بە ئۆتۆمۆبیل بمبەیت."

"بەڵێ خانم"، چاوەکانم هەڵئەگڵۆفی، گوتم کاتژمێر چەندە؟

پەنجەی خستە سەر لێوەکانی شششششش

قەمیسەکەم لەبەر کرد،ئۆتۆمۆبیلەکەم دەرکرد لێمخوڕی بۆ بەردەم باڵەخانەکە. جانتایەکی بە دەستەوە بوو، کاتژمێر دووی دوای نیوەشەو بوو.

پرسیم "بۆ کوێ؟"

پرسیم "ئەی سەرۆک نایەت؟"

"لێخوڕە و بەس"

لێمخوڕی بۆ فڕۆکەخانە، هیچ پرسیارێکم نەکرد.

کاتێک کە لە فڕۆکەخانە دابەزی زەرفێکی قاوەیی خستە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەوە.

دەرگاکەی بە توندی داخست و ڕۆیشت.

خاوەنشكۆ، بەو جۆرە هاوسەرگیریی خاوەنكارەكەم كۆتایی هات.
شۆفێرەكانی تر تەكنیكیان هەیە بۆ درێژەپێدانی هاوسەرێتیی سەرۆكەكانیان.
یەكێكیان پێی گوتم كە شەڕەكەیان بەرەو خراپی بڕوات، خێراتر لێدەخوڕێت بۆ ئەوەی خێراتر بگەنە ماڵەوە. كاتێكیش لە ڕۆمانسییەتدا بن، هێواشی دەكاتەوە، كاتێك كە هاوار دەكەن بەسەر یەكدا،پرسیار دەكات بۆ كوێ بچین.كاتێك ماچ دەكەن دەنگی مۆسیقا بەرز دەكات.
هەست دەكەم بەشێك لە بەرپرسیارێتی دەكەوێتە سەرشانی من،كاتێك كە من شۆفێریان بووم هاوسەرگیریان هەڵوەشایەوە.
بۆ بەیانییەكەی بەڕێز ئاشۆك بانگی كردم بۆ ئەپارتمانەكە.
هەر كە لە دەرگام دا،یەخەی قەمیسەكەی توند گرتم و ڕایكێشامە ژوورەوە، وا یەخەی كراسەكەمی گرتبوو، خەریك بوو دەیخنكاندم.
گوتی" بۆچی یەكسەر بە ئاگات نەهێنام؟"
بەڕێز...ئەو گوتی...ئەو گوتی...ئەو گوتی
ڕایكێشام و پاڵی پێوە نام بۆ باڵكۆنی ئەپارتمانەكە، دوای هەموو ئەوانە هێشتا هەر خاوەندارێتی لەودا نەمرد.
بۆ لێتخوڕی بۆ ئەوێ، خوشك گایراو.
سەرم سووڕاند لە پشتمەوە هەموو منارە بریسكەدارەكان و بازاڕەكانی گوراگونم بینی.
بەدەم پاڵپێوەنانی بەهێزتر بۆلای باڵكۆنییەكە و سەر و سینگم بۆ لێوارەكەی
"ویستت ناوبانگی خێزانەكەم بڕوشێنی؟"
ئەگەر یەك تۆزی تر پاڵی بنامایە بە ڕاستی دەكەوتمە مەترسییەوە،

دەکەوتمە خوارەوە، هەردوو قاچم جووت کرد و کێشام بە سینگیدا.

گەڕایەوە بۆ دواوە لە دەرگا شوشەکەی دا کە لەنێوان ماڵەکە و باڵکۆنییەکە بوو. بەرامبەر دەرگا شوشەکە دانیشت.

هەردووکمان هەناسەبڕکێمان بوو.

هاوارم کرد، بەڕێز ناتوانی لۆمەی من بکەیتت."هەرگیز نەمبیستووە ژنێک مێردەکەی لەبەر باشە جێ بهێڵێت.

مەبەستمە بڵێم بەڵێ لە تەلەفزیۆن نەک لە ژیانی ڕاستەقینەدا.تەنها ئەوەم کرد کە داوای لێ کردبووم بیکەم."

قەلەڕەشێک لەسەر باڵکۆنییەکە نیشتەوە و قیڕاندی، هەردووکمان سووڕاین و سەیری یەکترمان کرد.

شێتییەکە بەری دا، دەموچاوی خستە ناو هەردوو لەپی دەستییەوە و هەناسەی حەسرەتی هەڵکێشا

ڕام کردە خوارەوە بۆ ژوورەکەم. چوومە ناو تووڵی مێشوولەکە و لەسەر تەختەخەوەکەم دانیشتم.تاکو دەم ژمارد بۆدڵنیابوون لەوەی کە دوام نەکەوتووە، دوایی دەستم برد بۆ ژێر تەختەخەوەکە، زەرفە قاوەییەکەم دەرهێنا و دووبارە کردمەوە.

پڕبوو لە سەد ڕووپێیی، چلوحەوت دانە لەوە.

زەرفەکەم خستەوە ژێر تەختەخەوەکەم.

کەسێ بەرەو ژوورەکەم دەهات، چوار لە شۆفێرەکان هاتنە ژوورەوە.

دەورەیان دام، هەموو شتێکمان پێ بڵێ مشکی لادێیی. چیتان پێ بڵێم؟

لەم شوێنە شتی نهێنی نییە، بەشەو ئەو ژنەت برد بۆ شوێنێک و بە تەنها گەڕایتەوە. ئایا ئاشۆکی بە جێ هێشت ؟" نازانم باسی چی دەکەن"

"دەزانین شەڕیان بوو ئەی مشکی  لادێیی. تۆ بەشەو ئەوت برد بۆ شوێنێک. فرۆکەخانە؟ ئەو ئێرەی جێ هێشت وا نییە؟ ؟ئەوە جیابوونەوەیە. ئەمرۆ هەموو پیاوێکی دەوڵەمەند لە ژنەکەی جیا دەبێتەوە. ئەم پیاوە دەوڵەمەندانە...... سەری با دا، لێوەکانی گرژ کردەوە. پووکە سوورە بۆگەنە خوارەکانی دەرکەوتن کە بە پان سور ببوون. گورگی پیس، ڕێز نییە بۆ خودا و هاوسەرگیری و خێزان و...هیچی تر...."

"پینکی چووە دەرەوە بۆ ئەوەی هەندێک هەوای پاک هەڵبمژێ و هێنامەوە، ئەو دەرگاوانە کوێر ببوو..."

"بۆ هەمیشە بە وەفاداری بمێنەوە، خزمەتکاری وەکو تۆیان بۆ نادۆزرێتەوە."

بە درێژایی ڕۆژ چاوەڕێی زەنگ بووم. بەڵام لێی نەدا. دوای نیوەڕۆ چووم بۆ نهۆمی سیانزەهەم، زەنگم لێدا و چاوەڕێ بووم، ئاشۆک دەرگای کردەوە، چاوەکانی سوور بوون.

چییە؟

هیچ بەڕێز هاتووم نانی نیوەڕۆ ئامادە بکەم.. پێویست ناکات.

وام زانی داوای لێبوردن دەکات. چونکە  خەریک بوو بمکوژێت. بەڵام هیچی لەو بارەوە نەوت.

بەڕێز دەبێت بخۆیت، برسی بیت بۆ تەندروستیت باش نییە

تکایە بەڕێز

ڕێگەی دام بچمە ژوورەوە.

تازە پینکی ڕۆیشت، دەمزانی ئەرکی من بوو کە وەکو ژن بم بۆی، دەبوو دڵنیا بم لەوەی کە بە باشی دەخوا و دەخەوێت و لاواز نابێت. نانی نیوەڕۆم ئامادە کرد.خزمەتیم کرد. لە پاککردنەوە بوومەوە، چوومە خوارەوە،

چاوەڕێی زەنگم دەکرد. کاتژمێر هەشت دیسان بە ئەلەڤەیتەر چوومە سەرەوە. گوێم نا بە دیوارەکەوە.
گوێم گرت.
هیچ دەنگێ نەبوو هیچ
زەنگم لێ دا. وەڵام نەبوو. دەمزانی کە ناتوانێت بێتە دەرەوە، من شۆفێریم.
بەبێ من دەتوانێت بۆ کوێ بچێت؟
دەرگا کرابووەوە. چوومە ژوورەوە.
لەژێر وێنەی هەردوو سەگە پۆمەڕانیانەکەی ناو چوارچێوەکە پاڵ کەوتبوو، چاوەکانی نووقاندبوو. بوتڵێک لەسەر مێزە ماهۆگنییەکەی بەردەمی بوو.
بۆنی شوشەکەم کرد. ویسکی بوو. نزیکەی هەمووی خواردبووەوە، نامە سەرمەوە، ئەوەی مابوو تەواوم کرد.
گوتم بەڕێز
هەڵنەستا
پاڵم پێوە نا. زللەم لە دەموچاوی دا، لێوەکانی لیستەوە و ددانەکانی مژی.
لە هەستاندا بوو، زللەی دووەمم لێ دا، بە هەرحاڵ.
زەمەن شەرەفی بەخشیوە بە ترادسیۆنی خزمەتکارەکان، بدەنە بنا گوێی سەرۆکەکەیاندا لە کاتی نووستندا. وەکو بازدانە بەسەر سەرینەکاندا کاتێک کە خاوەنکار لەوێ نییە.
یان میزکردن بەسەر ڕووەکەکاندا، ئازاردان و شەقتێهەڵدانی سەگەکان خۆشییەکی بەریئانە دەبەخشێت بە خزمەتکارەکان.
پەلکێشم کرد بۆ ژووری خەوەکەی، بەتانییەکەم پیادا دا، گڵۆپەکانم کوژاندەوە و چوومە دەرەوە.

لەوە دەچوو ئەو شەوە کاری شۆفێری نەبێت.
ملم نا بۆ دووکانی خواردنەوەی ئینگلیزی. هێشتا هەر لووتم پڕبوو بە ویسکییەکەی بەڕێز ئاشۆک.
لە شەوی داهاتوودا هەمان شت دووبارە بووەوە.
سێیەم شەو سەرخۆشبوو بەڵام نەخەوتبوو. گوتی بە ئۆتۆمۆبیل بمبە بۆ شوێنێک بە ئارەزووی خۆت،
بۆ بازاڕ، ئوتێل، بۆ هەر شوێنێک."
گەڕانم و گەڕانم بە بازاڕە بریسکەدارەکان و ئوتێلەکانی گورگۆندا، لە کوشنی پشتەوە دانیشتبوو بۆ جارێکیش نقەی لێوە نەهات تەنانەت بە تەلەفۆنیش.
کاتێک کە ژیانی سەرۆک لە پەشێویدا دەبێت، هەمان حاڵەتە بۆ خزمەتکارەکەشی.
وام هەست دەکرد کە بێزار دەبێت لە دەلهی. بڵێی بگەڕێتەوە بۆ دنباد؟ بڵێی دوای ئەوە چی بەسەر من بێت؟!
ئازارێک لە ناخ و دەروونمدا بوو، خەریک بوو هەر لە جێگەکەی خۆم بیکەم بە خۆمدا.
گوتی"ئۆتۆمۆبیلەکە ڕاگرە"
دەرگای ئۆتۆمۆبیلەکەی کردەوە، دەستی لەسەر ورگی دانا و چەمایەوە، ڕشایەوە سەر زەوییەکە، بە دەستم دەمیم سڕی، یارمەتیم دا تاکو لە لایەکی شەقامەکە دانیشێت. قەرەباڵخی و ژاوەژاو بوو، پشتیم شێلا.
"بەڕێز تۆ زۆر زۆر دەخۆیتەوە"
باڵرام پیاو بۆچی دەخواتەوە؟

نازانم گەورەم.
به دڵنیاییەوە   سرووشتییه له خێڵی ئێوەدا نییه
باڵڕام، با پێت بڵێم
پیاو دەخواتەوە چونكه ماندووه له ژیان.
لەو بڕوایەدام كه خێڵ و ئایین گرنگییان نەماوه له دنیای ئەمڕۆدا. باوكم پێی گوتم هاوسەرگیری لەگەڵ مەكە، ئەو لەوانی تر...من...
بەڕێز ئاشۆك ڕووی وەرگێڕا، دەستم هێنا به پشتیدا، لەو بڕوایەدا بووم كه جارێكی تریش بڕشێتەوە، بەڵام تەواو بوو.
"باڵڕام جار وایه سەرم سوور دەمێنێت، سەرم سوور دەمێنێت لەوەی  له پێناوی چیدا دەژێین، به ڕاستی سەرم سوور دەمێنێت، ژیان له پێناوی چیدا؟
 دڵم پەلەپەلی دەكرد.
كێ سێهەزار ڕووپێ  و نیوم دەداتێ له مانگێكدا.
"دەبێت بڕوات به خودا هەبێت بەڕێز، دەبێت بەردەوام بیت.نەنكم دەڵێ ئەگەر بڕوات به خودا هەبێت كاری باشت دێته ڕێ"
بەدەم گریانەوە" ئەوە ڕاسته، ڕاست، دەبێت بڕوا بكەیتن"
"جارێكیان پیاوێك ئیمانی به خودا نەما، دەزانی چی به سەر هات؟"
"چی؟"
"یەكسەر گامێشەكەی مردار بووەوە.بەڵێ بەڕێز به ڕاستی ڕووی دا. بۆ ڕۆژی دوایی گوتی خودایه بمبووره بڕوام پێته، بڵێ چی ڕووی دا؟ گامێشەكەی زیندوو بووەوە، چۆنت بۆ باس دەكەم، وا بوو."
دیسان پێكەنی

چیرۆکێکی ترم بۆ گێڕایەوە، ئەمەیان وای کرد زیاتر پێبکەنێت.
قەت پەیوەندی خاوەنکار و خزمەتچییەکەی بەم جۆرە بووە؟
زۆر بێتوانا ون ببوو، خەریک بوو دڵم دەتوایەوە، هەرچەند تووڕەش بووم، چونکە ئەو ئێوارەیە ویستیان تاوانەکەی پینکی بەسەر مندا بێنن، کە تاوانی ئەو بوو. بەڕێز ئاشۆک نەیدەزانی چی بکات، بە تەواوی لێیان خۆش بووم.
باسی حیکمەتی لادێکەمانم بۆ کرد. نیوەی ئەو شتانەی کە نەنکم باسی دەکرد دەمگێڕایەوە، نیوەشی دروستکراوی خۆم بوو. هەر سەری با دەدا.
ئەو نمایشەی کە دەتخاتە سەر ڕێگەیەک کە بەرەو باگاڤاد گیتات دەڕوات.
مێژووی شۆفێرێکی بەناوبانگە.
وەکو کرشنە[١٠] دەمفەلسەفاند، کاتێک کە کرشنەی گەورەمان عەرەبانەکەی ڕا دەگرت و باسی مردن و ژیانی بۆ سەرنشینەکانی دەکرد.گاڵتەم دەکرد، تەنانەت گۆرانیشم دەگوت، هەموو ئەمانە بۆ ئەوەی بەڕێز ئاشۆک باشتر بێت.
بیرم دەکردەوە ئەگەر جارێکی تر بڕشێتەوە دەست بە پشتیدا بهێنم.تۆ ئەی دڵتەنگی خۆشەویستی گەورە
دەستم درێژ کرد ڕشانەوەکەی سەر دەمیم سڕی، بە وشەی نەرم ئارامم کردەوە. کە دەمبینی بەو جۆرە ئازار دەچێژێت دڵم دەگوشرا.
بەڵام هەر کە دوودڵییە ڕاستییەکەم بەرامبەری کۆتایی هات
بەرژەوەندییەکانی خۆم دەستی پێ کرد. کە دەتوانم بڵێم، هیچ خزمەتکارێک

١٠کرشنە کەسایەتیەکی هندی بووە نزیک لە خواوە، کەسێکی مێژووییە ٥٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر لەسەر زەوی دەرکەوتوە، ١٢٥ ساڵ ژیاوە، چالاکیەکانی بێوێنە بوونە.

نییە بتوانێت ئەوەی کە لە ناخی دایە دەربیبڕێت.
ئایا ڕقمان لە گەورەکانمانە و خۆمان وا دەردەخەین کە خۆشمان دەوێن، یان خۆشمان دەوێن و خۆمان وا دەردەخەین کە ڕقمان لێیانە؟
ئێمە خۆمان ناخۆشیمان دروست کردووە بۆ خۆمان، بەو قەفەزانەی کە تێیدا بەندین.
بۆ ڕۆژی دوایی چووم بۆ پەرستگەی سەر ڕێگەی گورگۆن، رووپێیەکم دانا لە بەردەم دوو گوێدرێژی ئیلاهی، پاڕامەوە بۆ ئەوەی کە پینکی خان و بەڕێز ئاشۆک پێک بێنەوە و ژیانێکی درێژ و خۆشیان هەبێت لە دەلهی.

---

هەفتەیەک بەو جۆرە تێپەڕی، مانگوس لە دنباد گەڕایەوە، من و بەڕێز ئاشۆک پێکەوە چووین بۆ وێستگە بۆ ئەوەی بیهێنینەوە، هەر لەگەڵ گەیشتنی ئەو هەموو شتێک گۆڕا.
ئەو هاوڕێیەتییە خۆشەویستییە نزیکەی لەنێوان من و بەڕێز ئاشۆکدا هەبوو کۆتایی هات.
بوومەوە بە شۆفێرەکەی جاران و بووم بە گوێڕایەڵێک و هیچی تر.
"دوێنێ لەگەڵ پینکی قسەم کرد، نایەتەوە بۆ هند. دایک و باوکی دڵخۆشن بەو بڕیارەی کە داویەتی.
تەنها ڕێگەیەک هەیە کە کۆتایی بەوە بێنێت."
"ئاشۆک خەمت نەبێت و گوێ مەدەرێ. ئیتر پەیوەندی پێوە مەکە. خۆم خەمی لێ دەخۆم لە دەنبادەوە.
ئەگەر هەرپشێوییەکی نایەوە لەبارەی داواکردنی پارەکانتەوە، ئەو کاتە

بابەتەکە لێگەڕێ بۆ خۆم، دەبینی چۆن بەرزی دەکەمەوە و دایدەگرم."

"مەسەلەکە پارە نییە مووکێش. من خەمی.... دەزانم، دەزانم"

مۆنگوس دەستی لەسەر شانی ئاشۆک دانا هەر وەکو چۆن زۆر جار کیشان دەستی لەسەر شانم دادەنا.

بەلای گەڕەکی هەژاراندا تێپەڕبووین، یەکێکە لەو زنجیرە چادرە کاتییانەی کە کرێکارانی چاکسازی لە ناویدا دەژیان.

مۆنگوس باسی شتێکی دەکرد. بەڵام بەڕێز ئاشۆک بێئاگا بوو سەیری دەرەوەی دەکرد لە پەنجەرەکەوە.

چاوم بە دوای چاویەوە بوو. تارمایی هەژارەکانم بینی لە نزیک یەکترەوە بوون لەناو چادرەکان.

دەتوانیت تێبینی ئەوە بکەیت کە خێزانێکی تەواو لە ژن و مێرد و منداڵ کۆ بوونەتەوە و بە دەوری تەباخێکدا لەناو چادرێکدا، بە لامپایەکی زەرد ڕووناکییان کردبووەوە.

خۆشەویستییەکی دیار لە نێوانیاندا بوو، بە زەقی درکم بەوە کردبوو کە بەڕێز ئاشۆک بیری لە چی دەکردەوە. دەستی بەرز کردەوە چاوەڕوانی ئەوە بووم کە دەست لە من بدات، بەڵام خستییە سەر شانی مانگوس.

"نکۆڵی لەوە ناکەم، کاتێک کە لە ئەمریکا بووم وام دەزانی خێزان بارە. نکۆڵی لەوە ناکەم کاتێک کە تۆ و باوکم هەوڵتان دەدا لەگەڵ پینکی زەماوەند نەکەم چونکە هندۆس نەبوو. تووڕە و توند بووم، نکۆڵی لەوە ناکەم.بەڵام پیاو بەبێ خێزان هیچ نییە، بە هەموو مانایەک هیچ نییە، هیچم نییە جگە لەم شۆفێرە کە پێنج شەوە لە بەردەممدایە.لە کۆتاییدا تەنها

کەسێ کە هەمبێت و لەگەڵمدا بێت، تۆیت"
لەگەڵیان چوومە سەرەوە بۆ ئەپارتمانەکە، مانگوس داوای لێ کردم کە ژەمێکی خواردنیان بۆ ئامادە بکەم،
داڵ و چاپاتیم ئامادە کرد لەگەڵ قاپێک بامێ و دام نا بۆیان و دواییش قاپەکانم شۆری.
لە کاتی نانخواردنی ئێوارەدا مانگوس گوتی،
"ئاشۆک ئەگەر هەست بە دڵتەنگی دەکەیت بۆچی یۆگا و تیاڕامان تاقی ناکەیتەوە."
مامۆستایەکی باش هەیە لە تەلەفزیۆن هەموو بەیانییەک بەرنامەی یۆگای هەیە.
چاوەکانی داخست و هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە هێواشی هەناسەی دایەوە "ئوووم."
کە لە چێشتخانەکە هاتمە دەرەوە دەستەکانم بەملاولای پانتۆڵەکەم سڕی، مانگوس گوتی"ڕاوەستە".
پارچە کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێنا و هەندێک ئەمدەست و ئەودەستی پێ کرد و بە پێکەنینێکەوە وەکو ئەوەی کە پاداشتێکی هەبێت بۆم، "نامەیەکت بۆ هاتووە لە نەنکتەوە. ناوی چییە؟"
بە پەنجە ئەستوورەکانی دەستی کرد بە کردنەوەی نامەکە.
"بەڕێز کوسوم "
"ژنێکی جیاوازە" دەستی بە قۆڵیدا هێنا لە سەرەوە بۆ خوارەوە.
گوتم، "بەڕێز زەحمەت مەکێشە. خوینەواریم هەیە"

نامەکەی کردەوە و دەستی کرد بە خوێندنەوەی بە دەنگی بەرز.
بەڕێز ئاشۆک بە ئینگلیزی قسەیەکی کرد، وا بزانم وای گوت
"ئایا مافی ئەوەی نییە نامەی خۆی بخوێنێتەوە؟" براکەی بە ئینگلیزی وەڵامی دایەوە، دیسانەوە بەبێ تێگەیشتن لە ماناکەی وا بزانم گوتی "ئەو گوێ بە شتی وا نادات، هەستی تایبەتییەتی نییە، لە لادێکان ژووری جیایان نییە هەموو بە یەکەوە پاڵ دەکەون و هەر وایش گان دەکەن، بڕوام پێ بکە گوێ نادەنێ".
سووڕامەوە بۆ لای ڕووناکییەکە، کە لە پشتییەوە بوو دەستی کرد بە خوێندنەوەی:
"کوڕە ئازیزەکەم ئەم نامەیە لە لایەن بەڕێز کرشنەوە نووسراوە، مامۆستای قوتابخانەکە، بە خۆشەویستی ناوە خوازراوەکەتەوە ( پڵنگی سپی) بە بیریدا دێیتەوە .لێرە ژیان سەخت بووە، باران باریوە، دەتوانیت داوای بڕێک پارە بکەیت لە خاوەنکارەکەت بۆ خێزانەکەت؟ بیرت ببێت ئەو پارەیە بنێریت بۆ ماڵەوە."
مۆنگوس نامەکەی دانا
"ئەمە هەموو ئەو شتانەیە کە خزمەتچی دەیەوێت. پارە،پارە،پارە، بە خزمەتکار ناو دەبرێن بەڵام خوێنی ژیانت دەمژن. وا نییە؟"
دەستی کرد بە تەواوکردنی خوێندنەوەی نامەکە:
بە کیشانی براتم گوت "ئێستا کاتێتی" ژنی هێنا، هێنای.
تۆ، بە تۆ ناڵێم. تۆ جیاوازی لە هەموو ئەوانی تر.تۆ قووڵیت، وەکو دایکت، تۆ هەر وا بوویت تەنانەت کاتێک کە منداڵ بوویت، کاتێک کە نزیک مێرگەکە

ڕا دەوەستایت و تەماشای قەڵا ڕەشەکەت دەکرد. بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە دەمت دەکردەوە. بۆیە پێت نالّیم ژن بێنە، بەلاّم ئاماژە بە خۆشی ژیانی هاوسەرێتی دەکەم. بۆ کۆمەڵگەکەمان باشە.هەرچی کاتێک زەماوەند هەبێت، باران زۆر دەبارێت لە لادێکە.

گامێشەکان قەڵەوتر دەبن، شیری زیاتر دەدەن. ئەمە حەقیقەتێکی دیارە، ئێمە شانازیت پێوە دەکەین کە لە شاریت.بەلاّم تەنها بیر لە خۆت مەکەوە. بیر لە ئێمەیش بکەوە. دەبێ سەرمان لێ بدەیت و مریشکی بەکاری بخۆیت. نەنکی خۆشەویستت کوسوم."

مۆنگوس خەریک بوو نامەکەم بداتێ، بەلاّم بەڕێز ئاشۆک لێی وەرگرت و دیسان خوێندییەوە.

پێش ئەوەی نامەکە فڕێ بداتە سەر مێزەکە بۆ ئەوەی بیگرمەوە، گوتی ئەو لادێییانە جاری وایە زۆر کاریگەر باسی خۆیان دەکەن، نامەکەی بەسەر مێزەکەدا فڕێ دا بۆ ئەوەی بیگرمەوە.

بەیانییەکەی مۆنگوسم برد بۆ وێستگەی شەمەندەفەر. ژەمە سووکەکەم هێنا بۆی کە حەزی لێبوو.

"دۆسە".

دیسانەوە پێش ئەوەی بیدەمێ پەتاتەکانم فڕێ دا. دابەزیمە سەر شۆستەکە و چاوەڕێم کرد. هەر لە جێگەکەی خۆی "دۆسە"کەی بە لەزەتەوە خوارد. لە ژێرەوە مشکێک پەتاتە فڕێدراوەکانی دادەخرماند.

لێمخوڕی بۆ ئەپارتمانەکە بە ئەلەڤەیتەر چووم بۆ نهۆمی سیانزەهەم. دەرگاکە کرابووەوە.

که بینیم چی دەگوزەرێت لە هۆڵی دانیشتنەکە، هاوارم کرد "بەڕێز ئەمە شێتییە!".

پێی لەناو سەتڵێکی پلاستیک دانابوو، بۆخۆی دەیشێلا، هاوارم کرد و بەدەم دەستبردن بۆ پێیەکانی "دەبوو بە من بڵێیت بۆت بشێلم". هاواری کرد"نا" گوتم، بەڵێ بەڕێز دەبێت... ئەگەر بهێڵم بۆخۆت ئەم کارە بکەیت دەبێتە لادانی من لە بەرپرسیارێتی، بەزۆر دەستم خستە ناو سەتڵە ئاوە پیسەکە و پێیەکانیم گوشی"نا!

بەڕێز ئاشۆک شەقێکی لە سەتڵەکە دا، ئاو بڵاو بووەوە بەسەر زەوییەکەدا"ئێوە خەڵکێکی چەند بێمێشکن" ئاماژەی بۆ دەرگاکە کرد و گوتی "بۆ دەرەوە! دەتوانیت ڕۆژی پێنج خولەک بە تەنها جێم بێڵیت. دەتوانیت ئەمە بکەیت؟"

دەبوو ئەو ئێوارەیە دووبارە بیبەمەوە بۆ بازاڕ، دوای ئەوەی لە ئۆتۆمۆبیلەکە دابەزی، من لەناو ئۆتۆمۆبیلەکە مامەوە، تێکەڵ بە شۆفێرەکانی تر نەبووم. تەنانەت شەویش.

کاری بینا و چاکسازی بەردەوامە لە گورگۆن، ڕووناکییە گەورەکان دەدرەوشانەوە لە منارەکە. تۆزوخۆڵ بەرز دەبووەوە لە چاڵەکان.

پیاوەکان و ئاژەڵەکان دەلەرزین لەبەر بێخەوی و ماندوێتی و زڕخەوی، دەسووڕانەوە و دەسووڕانەوە، بەردی کۆنکریتیان هەڵدەگرت.

پیاوێک لە لایەکی کاری چاکسازییەکەوە پێش گوێدرێژێک کەوتبوو، سەرپشتێکی سووری نابووە سەری، لەسەر سەرپشتەکەوە دوو قاپی گەورەی ئاسنی پڕ لە بەردی لە سەر دانابوو. لە دوای ئەو گوێدرێژەوە،

دووگوێدرێژی بچووکتر دەڕۆیشتن، هەمان ڕەنگ بوون، ئەوانیش قاپی گەورەی پڕ لە بەردیان لێ بار کرابوو. ئەو گوێدرێژە بچووکانە هێواشتر دەڕۆیشتن، ئەو گوێدرێژەی کە پێشیان کەوتبوو جارجار دەوەستا و ئاوڕێکی لێیان دەدایەوە. بە شێوەیەک کە هەستت دەکرد دایکیانە، یەکسەر زانیم تووشی چ کێشەیەک بوومە.

نەمدەویست گوێ بە ویستەکانی کوسوم بدەم، تێگەیشتم بۆچی ئەو نامەیەی لە ڕێگەی (مۆنگوس)ەوە بۆ ناردووم، ئەگەر دەست بنێم بە ڕوویدا، فیکە لێ دەدا بە ڕوومدا، بە بەڕیز ئاشۆک دەڵێت کە من پارە بۆماڵەوە نانێرم..

بەڕێز، ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ هیچ کچێکدا نەخەوتووم، پاڵەپەستۆم لە سەر دروست بووە.

دەبێ کچێکی زۆر گەنج بێت، حەڤدە یان هەژدە، دەزانی کچ لەو تەمەنەدا تامی چی دەدات؟ شووتی.

کاتێک کە بە پەردەی کچێنییەوەن هەرچی نەخۆشییەکی جەستەیی و ئەقڵی هەیە چاکی دەکەنەوە،، ئەوە حەقیقەتێکی دیارە. هەروەها مارەیییەک کە کوسوم لە خێزانی کچەکەی دەویست، ئەو هەموو ئاڵتوونی عەیار بیست وچوارە، ئەو هەموو پارە نەخدە، تازانەی بانک، دەمتوانی هیچ نەبێت هەنێکی هەڵگرم بۆ خۆم.

هەموو ئەم شتانە مشتومڕبوون لە بەرژەوەندی هاوسەرگیریدا، بەڵام لە لایەکی ترەوە وەکو ئەو گوێدرێژەم لێ دێت. ئەگەر منداڵ هەبێت، دەبێت فێریان کەم وەکو خۆم ببنە کەر، باری بەرد هەڵگرن بۆ ساماندارەکان.

دەستم لەسەر سوکانەکە دانا و پەنجەکانم توند کرد. بە جۆرێک پەلەم

دەکرد وەکو ئەوەی کە دەست بنێم بە پێیەکانی بەڕێز ئاشۆکدا، ئەو کاتەی کە دەمبینی تەنانەت ئەگەر داواشی لێ نەکردمایا،نازانم بۆچی وام دەزانی دەبێت لە پێیەکانی نزیک ببمەوە و دەستیان لێ بدەم و بییان شێلم.وا بکەم هەست بە ئاسوودەیی بکات، بۆ؟

چونکە وا پەروەردە کرابووم کە خزمەتچی بم. ئەو پەروەردەیە وەکو چەکوشێک بوو بۆ بۆ سەر کەللەسەرم. بزمار لە دوای بزمار ڕۆ دەچووە ناو خوێنمەوە. هەر وەکو چۆن ژەهری دەستکرد دەڕژێتە ناو ڕووباری گەنگەی دایکەوە. دەهاتە پێش چاوم کە پێیە هەڵبزڕکاوەکانی توورِ دەدرێنە ناو ئاگرەوە.

گوتم "نا"

پێم ڕاکێشا لەسەر کوشنەکە بۆ ئاستی لووتوس

یەک لەسەر یەک گوتم" ئۆم".

نازانم ئەو ئێوارەیە چەندێک دانیشتم، بە چاوداخراوی و چوارمشقی وەکو بودا، بەڵام قاقا و دەنگەدەنگ چاویان پێ کردمەوە.

هەموو شۆفێرەکان دەورەیان دابووم. یەکێکیان نینۆکی دەهێنا بەسەر جامەکەدا، یەکێکیان بینیمی لەناو ئۆتۆمۆبیلە داخراوەکە وەکو لووتس. دەمیان کردبووەوە، سەیریان دەکردم وەکو ئەوەی کە شتێک بم لە باخچەی ئاژەڵان. یەکسەر باری لووتسەکەم گۆڕی، زەردەخەنەیەکی گەورەم کرد و بەهێز دەرپەڕیمە دەرەوە لە ئۆتۆمۆبیلەکە.

چپەچپم بوو" هەوڵم دەدا ڕاهێنانی یۆگا تاقی بکەمەوە. کە هەمیشە لە سەرشاشەی تەلەفزیۆن نیشانی دەدا. وا نییە؟

قەفەزی کەڵەشێر کاری خۆی دەکرد، خزمەتچییەکان ڕێگرییان لە بەردەم خزمەتچییەکانی تر دروست دەکرد کە داهێنەر و خاوەن تاقیکردنەوە و پیاوی ئیش بوون. ئەوە ڕاستییەکی دڵتەنگکەرە بەڕێز سەرۆکوەزیران.
قەفەزەکان لە ناوەوە چاودێری دەکران.
بەڕێز سەرۆکوەزیران داوای لێبوردن دەکەم، زەنگی تەلەفۆنەکەم لێی دا، پاش خولەکێک و دەگەڕێمەوە لات.
بە داخەوە دەبێت بۆ ماوەیەک ئەم چیرۆکە ڕا بگرم، کات ١:٣٢ ی پاش نیوەشەوە. بەڵام دەبێت پشوویەک بدەم، کارێکی کتوپڕم بۆ هاتووەتە پێش، بڕوا بکە دەگەڕێمەوە.

# شەشەم بەیانی

بمبووره،ئەی خاوەنشکۆ بۆ ئەو دابڕانە دووردرێژە.
ئێستا ٦:٢٠ یە، پێنج کاتژمێرە ڕۆیشتووم، بەدبەختانە ڕووداوێک هەڕەشە
لە ناوبانگی گرێبەندی کۆمپانیای ناوەندی دەکات، کە لەگەڵیاندا کار
دەکەم.
ڕووداوێکی تا بڵێیت ترسناک، لەم ڕووداوەدا پیاوێک ژیانی لە دەست دا.
(نا، بە هەڵە تێمەگە، نەمتوانی لەگەڵ مردنەکەیدا هیچ شتێک بکەم.بەڵام
دوایی باسی دەکەم).
ئێستا یەک چرکە بە یارمەتیت، پانکەکە هەڵدەکەم، ئێستا من هەر عەرەق
دەکەم بەڕێز، لێم گەڕێ با لەسەر زەوییەکە دانیشم و سەیری پانکەکە بکەم
کە چۆن تیشکی ڕووناکییەکان دەبڕێت.
ئەوەی کە ماوە بیگێڕمەوە،
بە گشتی چیرۆکێکی دڵتەنگکەرە، باسی چۆنییەتی گەندەڵبوونمە لە
کەسێکی شیرین و بێگوناهی لادێیی شێتەوە بۆ کورێکی شاری پڕ لە
ناپاکی و نوقمی ناو بێتوانایی و شەڕانگێزی.
ئەم هەموو گۆڕانکارییانە لە مندا، چونکە سەرەتا لە بەڕێز ئاشۆکدا ڕووی دا.
لە ئەمریکا گەڕایەوە پیاوێکی بێگوناه بوو بەڵام ژیانی دەلهی ڕاپێچی ناو
گەندەڵی کرد.
لە کاتێکدا سەرۆکی هۆنداستی بەرەو گەندەڵبوون بچێت، ئیتر چۆن
شۆفێرەکانی بێگوناه دەمێننەوە.
بەڕێز وام زانی بەڕێز ئاشۆک دەناسم، بەڵام ئەو گریمانەیە بەشێکە لە هەر
خزمەتچییەک.
لەو کاتەوەی کە براکەی جێی هێشت، گۆڕا، دەستی کرد بە لەبەرکردنی

قەمیسێکی ڕەشی دوگمەکراوە لەسەرەوە و گوڕینی ئەو بۆنەی کە لە خۆی دەدا.

"بۆ بازاڕ بەڕێز؟"

"بەڵێ"

"کام بازاڕ بەڕێز؟ ئەوەی کە پینکی خان ڕاهاتبوو بچێت بۆی؟"

بەڵام بەڕێز ئاشۆک گوێی نەدا کە مەبەستم چییە. لە دوگمەی مۆبایلەکەی دەدا.

"بازاڕی سەحارە، باڵڕام"

ئەوە  ئەوەیە کە خانم حەزی لێبوو بچێت بۆی بەڕێز"

"ئەوندە باسی خانم مەکە"

لە دەرەوەی مۆڵەکە دانیشتم  سەرم لەوە سووڕ مابوو کە بڵێی چی بکات لەوێ. لە نهۆمی سەرەوە، گڵۆپی سوور پرتەپرتی بوو، هەڵدەبوو و دەکوژایەوە، وای بۆ دەچووم  کە دیسکۆ بێت، ژن و پیاوی گەنج لە دەرەوەی مۆڵەکە ڕیز ببوون، چاوەڕێ بوون کە بچنە سەرەوە بۆ لای گڵۆپە سوورەکە، هەڵدەلەرزیم لە ترسی ئەوەی کە کچانی شار چییان لەبەردابوو.

"بەڕێز دەگەڕێیتەوە بۆ بانگام؟"

"جارێ نا. بمبەوە بۆ ئوتێل شیراتۆن."

ئەو شەوە کە بەناو شاردا لێمدەخوڕی، تێبینی شتێکی جیاوازم کرد لە دەلهی.

پێشتر هەرگیز چاوم بەو ژمارەیە لە ژنی ڕازاوە و جوان و بریسکەدار نەکەوتبوو، کە لە لایەکی شەقامەکە بوەستن و هەرگیز ئەو ژمارەیە لە

پیاویشم نەبینیبوو کە ئۆتۆمۆبیلەکانیان ڕا بگرن و لە ناوەڕاستی قەرەباڵخییەکە سەودای نرخ بکەن لەگەڵ ئەو ژنانەدا.

چاوەکانم نووقاند و سەرم با دا، ئەمشەو چیت بە سەر دێت؟ لەو کاتەدا شتێک ڕووی دا، سەرسووڕمانەکەمی ڕوون کردەوە، بەڵام زۆر جێگەی شەرمەزاری بوو بۆ من و بەڕێز ئاشۆک.

لە بەردەم ترافیک لایتەکە ئۆتۆمۆبیلەکەم  را گرت

کچێک دەستی بە پەڕینەوە کرد، تیشێرتێکی تەسکی لەبەردا بوو

مەمکەکانی هەڵبەزودابەزیان بوو وەکو ئەوەی کە سێ کیلۆ باینجان بێت و لە کیسەیەکدا بێت،

چاوێکم بە ئاوێنەی پشەوەدا گێڕا، چاوەکانی بەڕێز ئاشۆکیش بەرزونزم دەبوونەوە.

بیرم  کردەوە، ئەها! ئەی کەتنکەر، گرتمیت

چاوەکانی دەبریسکانەوە، هەمان بیرکردنەوەی هەبوو

ئەها! گرتمیت ئەی کەتنکەر!

یەکترمان گرت.

بەڕێز جیاباو پێشتر کەس بەو ئاوێنە لاکێشەییە بچووکەی ناو ئۆتۆمۆبیلەکەی  نەزانیبوو کە چەند جێی شەرمە جارناجارێک سەرۆک و شۆفێرەکەی لەوێ چاویان یەکانگیر دەبێت.

وەکو ئەوەی  کە دەرگای ژووری خۆگۆڕین بکرێتەوە و لەناکاو هەردووکیان بە ڕووتی یەکتر ببینن، شەرمەزار بووم، سوپاس بۆ خودا بەزەیی پیام هاتەوە، ترافیک بوو بە سەوز، پێم پیا نا.

ئەو شەوە سوێندم خوارد کە سەیری ئاوێنەی پشتەوە نەکەم

ئێستا دەزانم  بۆچی شار ئەوندە جیاواز دیارە و بۆچی تووشی ورووژان دەبم کاتێک کە ئۆتۆمۆبیل لێدەخورم.

هەرچۆنێک بێت سەرۆک و شۆفێر ببوون  بە جەستەیەک لەو شەوەدا.

دەربازبوونێکی باش بوو کە ئۆتۆمۆبیلەکەم لێخوری بۆ دەروازەی ئوتێلی مەوریا شیراتۆن، رزگار بووم لەو سەفەرە پر لە ئازارە.

ئێستا دەلهی پرە لە ئوتێلی زەبەلاح و رێگەی بازنەیی و زێرابی چێنراو کە لەوانەیە تەنها لە کەناری بەیجیندا هەبێت. بەڵام لە جوانی و ئاسوودەییدا دەلهی دووەمینە و هیچی تر. شیراتۆنمان هەیە، ئیمپریاڵ، تاج پاڵاس، تاج مەنسینگ، ئوبیرۆی، ئینتەرسەنتنیاڵ. زۆری تریش.

ئێستا ناوەوە و دەرەوەی ئوتێلە پێنج ئەستێرەکانی  بانگەلور شارەزام، هەزاران روپێم سەرف کردووە  لە چێشتخانەکانیان بە خواردنی کەبابی مریشک و بەرخ و مانگا.  هەڵبژاردنی رووتەکانی نەتەوە جیاوازەکان لە بازارەکانیاندا، بەڵام پێنج ئەستێرەکانی دەلهی شتێکی نامۆن بۆ من، چوومە بۆ هەموویان، بەڵام هەرگیز لە دەرگای پێشەوە بەولاتر نا.

رێگەمان پێ نەدراوە ئەوە بکەین. هەمیشە چاودێرێکی قەڵەو لە پێشەوە لای دەرگاشوشەکە بووە، پیاوێکی ریش و سمیڵ تاشراو.

تەپلەیەکی سووری سێرکی ناشیرینی لە سەر دەکرد. خۆی بەلاوە گرنگ بوو. چونکە گەشتیارە ئەمریکییەکان حەزیان دەکرد وێنەی لەگەڵ بگرن.

ئەگەر شۆفێرێکی  ببینیایە لە نزیک ئوتێلەکەوە بە تورەییەوە سەیری دەکرد و پەنجەی رادەوەشاند وەکو مامۆستای قوتابخانە.

ئەوەیە قەدەری شۆفێرەکان.

هەموو خزمەتچییەکانی تر وایان دەزانی  دەتوانێت سەرۆکایەتی ئێمە بکات.

لە ئوتێلە پێنج ئەستێرەکاندا یاسایەکی توند هەبوو بۆ ئەو شۆفێرانەی کە ئوتۆمۆبیلەکانیان ڕادەگرت، کاتێک کە سەرۆکەکانیان لە ژوورەوە دەبوون.

جار هەبوو لە خوارەوە لای گەراجی ئۆتۆمۆبیلەکان ڕایاندەگرتی. جاری واش هەبوو لە پشتەوە. جار هەبوو لە سەرەوە، لە پێشەوە، نزیک دارەکان دادەنیشتی و کاتژمێرێک، دوو کاتژمێر. سێ کاتژمێر، چوارکاتژمێر، چاوەڕێت دەکرد. باوێشکت دەدا و هیچت نەدەکرد تاکو چاودێری دەرگاکە کە کابرایەکی تەپلەلەسەر بە مایکرۆفۆن دەیقیڕاند و دەیگوت :فلانە شۆفێر بە ئۆتۆمۆبیلەکەوە وەرە بۆ لای دەرگا شوشەکە، سەرۆکەکەت چاوەڕێت دەکات.

شۆفێرەکان لە گەراجەکانی نزیک ئوتێلەکە چاوەڕێیان  دەکرد.

کلیلەکانی دەستیان ئەمدیو و ئەودیو دەکرد، بەدەم قسەکردنەوە پانیان دەجوی بە بازنەیی گازی ئەمۆنیایان بەردەدا، وەکو مەیموون  بە چینچکانەوە خۆیان کۆم دەکردەوە و قسەیان دەکرد.

شۆفێرە لێوگەڕەکە بە جیا دانیشتبوو، نوقمی ناو گۆڤارەکە ببوو، لە بەرگی ئەو هەفتەیەدا وێنەی ژنێک بوو بە ڕووتی لەسەر تەختەخەوێک پاڵ کەوتبوو. خۆشەویستەکەی لە نزیکییەوە وەستابوو چەقۆیەکی بەرز کردبووەوە بۆ سەر سەری.

تاوانی هەفتە

٥٠ ,٤ ڕووپێ

چیرۆکی ڕاستەقینە دەگرێتە خۆ
خۆشەویستی، ئیغتیساب، تۆڵە
بەدەم هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکەوە لێی پرسیم
"مشکی  لادێیی بیرت لەوە کردەوە کە پێم گوتی؟دەربارەی هێنانی شتێک لە کونسوڵخانەی ئەمریکی کە سەرۆکەکەت حەزی لێیەتی. حەشیشە، کچ، تۆپی گۆڵف"
"ئەو لەو جۆرانە نییە"
لێوپەمەییەکە بزەیەکی بۆ کرد.
"دەتەوێ نهێنییەک بزانیت؟
سەرۆکەکەم حەزی لە ئەکتەری ناو فیلمەکانە دەیانبا بۆ ئوتێلی جانگپوورا کە هێمایەکی ورشەداری T لەسەرە،لەوێ لەگەڵیان ڕادەبویرێت"
ناوی سێ ئەکتەری بەناوبانگێ هێنا کە سەرۆکەکەی لەگەڵیاندا ڕایبواردبوو.
"بەڵام سەرەڕای ئەوانەیش هەر باش دیار بوو. پێت دەڵێم تەنها من دەزانم سەرۆکەکان چۆنن، بڕوا بکە هەموو وەکو یەکن، ڕۆژێک دێ بڕوام پێ دەکەیت.ئێستا وەرە چیرۆکێکمان لەگەڵدا بخوێنەرەوە."
بە بێدەنگی دەستمان کرد بەخوێندنەوە.
دوای چیرۆکی تاوانی سێیەم چوومە ئەولاوە بۆ ئەوەی بە دارەکاندا هەڵگژێم و گازەکانم بەردەم ئەویش لەگەڵمدا هات. میزەکەمان لە پەلکی  دارەکان دەدا کە چەند ئینجێکمان نێوان بوو.
"پرسیارێکم هەیە"

"دیسان دەربارەی کچانی شار"

"نا. دەربارەی ئەوەی کە چی بەسەر شۆفێرە پیرەکان دێت"

"چییی؟"

"مەبەستم ئەوەیە لە ئێستاوە بۆ چەند ساڵێکی تر چیم بە سەر دێت؟ ئایا پارەیەکی وام بۆ کۆ دەکرێتەوە کە خانوویەکی پێ بکڕم و بزنسی خۆم بکەمەوە؟"

گوتی "شۆفێر تاکو تەمەنی پەنجا بۆ پەنجاوپێنج ساڵی باشە، دوایی چاویان بەرەو کزبوون دەچێت. تووڕ دەدرێنە دەرەوە. لە ئێستاوە بۆ سی ساڵی تر مشکی لادێیی، ئەگەر لە ئێستاوە پاشەکەوت بکەیت، پارەیەکی تەواوت دەبێت بۆ کڕینی خانوویەکی بچووک لە گەڕەکی هەژاران.

ئەگەر تۆزێکیش وریا بیت و تۆزێک زیاتر پەیدا بکەیت. بەشی ئەوە دەکات کە کوڕەکەت بنێریتە قوتابخانەیەکی باش و فێری ئینگلیزی ببێت. دەتوانێت بچێتە زانکۆ. ئەوە باشترین سیناریۆیە، لە باشترین باردا خانوویەک لە گەڕەکی هەژاران و کوڕێک لە کۆلێج. لە لایەکی ترەوە لەوانەیە لە ئاوی پیسەوە تووشی نەخۆشی تایفۆئید ببیت یان سەرۆکەکەت وەدەرت بنێت بەبێ هۆ. یان تووشی ڕووداوێ بیت کەیسی سیناریۆی خراپ."

هێشتا هەر خەریکی میزکردن بووم، دەستێکی نایە سەرشانم

"شتێک هەیە کە دەمویست لێتی بپرسم مشکی لادێیی، ئایا تۆ باشیت "

لابەلا سەیرێکم کرد. "من باشم، بۆ دەپرسیت؟"

"بە داوای لێبوردنەوە ئەمەت پێ دەڵێم، بەڵام هەندێک لە شۆفێرەکان بە ئاشکرا باست دەکەن کە بە تەنها لەناو ئۆتۆمۆبیلی سەرۆکەکەت دادەنیشیت و هەمیشە لەگەڵ خۆت قسە دەکەیت. دەزانی پێویستت بە چییە؟ ژنێک.

گەڕەکی هەژارانی پشت بازاڕەکەت بینیوە، خراپ نین. جوان و داماون، هەندێک لە ئێمە هەفتەی  جارێک دەچینە ئەوێ. تۆش دەتوانیت بێیت".
"شۆفێر باڵڕام تۆ لە کوێیت؟ " بانگەوازبوو لە مایکرۆفۆنی دەروازەی ئوتێلەکە.
بەڕێز تەپلەلەسەر بە مایکرۆفۆنەکەی دەستییەوە و بە هەموو لەخۆباییبوونێکەوە دەیقیڕاند: "شۆفێر باڵڕام یەکسەر و بێ دواکەوتن سەرۆکەکەت تۆی دەوێت."
زنجیری پانتۆڵەکەم داخست و ڕام کرد، پەنجە تەڕەکانم بە پشتی پانتۆڵەکەم سڕی، کاتێک کە ئۆتۆمۆبیلەکەم هێنا بۆ دەروازەکە، بەڕێز ئاشۆک دەستی بە ناوقەدی کچێکی چاوخێلوخوارەوە بوو، دەڕۆیشتنە ڕێوە. بیانییەکی پێستزەردی نیپاڵی، تەنانەت لە کەسان و خزمی خۆشی نەبوو. بۆنی کورسییەکانی کرد کە پۆڵیشم کردبوون، هەڵبەزییەوە لەسەریان. بەڕێز ئاشۆک دەستەکانی خستە سەر شانە ڕووتەکانی. چاوم وەرگێڕا لەسەر ئاوێنەکە.
هەرگیز لەگەڵ ناپاکیدا نیم لەناو ئۆتۆمۆبیل بەرێز جیاباو.
بەڵام دەمتوانی عەترە تێکەڵاوەکەیان بۆن بکەم، دەمزانی لە پشتمەوە چی دەگوزەرێت.
لەو بڕوایەدا بووم کە داوام لێ بکات بیگەیەنمەماڵەوە. بەڵام نا.
کەرنەڤاڵی خۆشی هەر بەردەوام و بەردەوام بوو، دەیویست بچێت بۆ پیڤی ئاڕ سەیکت. ئێستا پی ڤی ئاڕ سەیکت نمایشگای سیەنەمایە لەیەک کاتدا دە تا دوانزەیەک نمایش دەکرێت، بینینی هەرفیلمێک زیاتر لە سەدوپەنجا ڕووپێی تێ دەچێت، بەڵێ. ئەوە ڕاستە. سەدوپەنجا ڕووپێ. نەک هەرئەوە.

شوێنێکی زۆرت هەیە بۆ بیرەخواردنەوە و سەماکردن. هەڵبژاردنی کچ. ئەمە شتێکی بچووکی ئەمریکایە لە هندستان.

دوا بە دوای بازاڕی بریسکەدار دووەم پی ڤی ئاڕ دەستی پێ کرد.

لە دەلهی هەموو بازاڕێکی گەورە دووبازاڕە لە یەکدا. هەمیشە ئاوێنەیەکی بچووکە لە بازاڕی ڕاستی، کەوتووەتە لایەکەوە. ئەم بازاڕە بۆ خزمەتچییەکانە. پەڕیمەوە بۆ پی ڤی ئاڕی دووەم. ڕیزێک چیشتخانەی بۆگەن.

تاوەیەکی گەورە بۆ سوورکردنەوەی نان لەناو ڕۆن.

ئەو پیاوانەی کە لە سینەماکە کار دەکەن و ئەوانەی گسکی دەدەن و پاکی دەکەنەوە دێن بۆ ئەوێ بۆ نانخواردن. ماڵی سواڵکەرەکانیش لەوێیە.

چا و پەتاتەی فادام کڕی لەژێر دارهەنجیرێکی بانگاڵی دانیشتم بۆخواردنی.

پیرێژنێکی لاوازی داماو دەستی درێژ کرد، "براکەم سێ ڕووپێم بدەرێ."

"دایە من دەوڵەمەند نیم-بڕۆ بۆ ئەولا و داوا لەوان بکە."

"براکەم."

"وازم لێ بێنە با نانەکەم بخۆم. باشە؟ بە تەنها جێم بهێڵە!"

ژنەکە ڕۆیشت

چەقۆتیژکەرێک هات و ڕێک لای دارەکەی من دانیشت. دوو چەقۆی گرتبوو بە دەستییەوە لەسەر مەکینەکەی دانیشت، مەکینەکەی لەوانە بوو کە بە پێ ئیشی دەکرد. دەستی بە پایدەرلێدان کرد. چەخماخەی دەدایەوە.

چەند ئینجێک لە منەوە دوور بوو.

"براکەم، بۆ دەبێت لێرە ئیش بکەیت. نابینی مرۆڤێک دەیەوێ نانەکەی بخوات؟"

له پایەرلێدان کەوت، چاوەکانیترووکاند.
دیسانەوە چەقۆکانی خستەوە سەر مەکینەکە، وەکو ئەوەی کە گوێی لە وشەیەک نەبووبێت کە پێم گوتووە، پەتاتەکەم فڕێ دایە سەر پێی،
" چەندە بێمێشکن ئێوە؟"
پیرێژنە سواڵکەرەکە لەگەڵ مندا پەڕییەوە بۆ پی ڤی ئاڕەکەی تر چمکێکی کراسە سارییەکەی هەڵکرد، هەناسەیەکی هەڵکێشا و چووەوە سەر ڕۆتینی خۆی.
"خوشکەکەم سێ ڕووپێم بدەرێ لە بەیانییەوە نانم نەخواردووە."
کۆمەڵێکی زۆر لە پەرتووکی کۆن لە ناوەڕاستی بازاڕەکەدا دانرابوو. چوارگۆشەیی ڕێک خرابوون. ناوەکەی بەتاڵ وەکو ئەوەی کە لە زەماوەندەکاندا نەخشی ئاگری لەناو دادەنێن.
پیاوێکی بچووک لە ناوەڕاست چوارگۆشەکەدا لەسەر کۆمەڵێک ڕۆژنامە چوارمشقی دانیشتبوو. وەکو قەشەیەک کە بەرپرسی ئەو نەخشە بێت.
کتێبەکان وەکو موگناتیسێکی گەورە ڕایانکێشام.
بەڵام ئەو پیاوەی کە لەسەر گۆڤارەکان دانیشتبوو هەر کە بینیمی گوتی هەموو پەرتووکەکان ئینگلیزین.
"ئینجا چییە؟"
وەکو ئەوەی بوەڕێت " ئایا ئینگلیزی دەخوێنیتەوە؟."
وەڵامم دایەوە"ئایا ئینگلیزی دەخوێنیتەوە؟ "
پاش ئەو وەڵامەم بۆی، تۆنی دەنگی گۆڕا، لە خزمەتکارەوە بۆ خزمەتکار. دوای ئەوە لە پیاوەوە بۆ پیاو.وەستا و لە سەرەوە تاکو خوار تەماشای کردم.

گوتی "نا" گۆڕیی بۆ زەردەخەنە وەکو ئەوەی کە نرخم بزانێت.
باشە چۆن کتێبەکان دەفرۆشیت بێ ئەوەی ئینگلیزی بزانیت؟
گوتی بە بەرگەکەیدا دەزانم کە هەرکتێبێک چییە.
دەزانم ئەمەیان هەریپۆتەرە، نیشانی دام.
دەزانم ئەمەیان (جەیمس هەیدلّی چیس)ە بەرزی کردەوە." ئەمەیان خەلیل جوبرانە" ئەمەیان ئەدۆلّف هیتلەرە، دەزمندبێگلّی، چێژی سێکس.)
جارێکیان بلّاوکەرەوەکە بەرگی هیتلەری گۆڕیبوو لە هەریپۆتەر دەچوو.
هەفتەیەک دوای ئەوە ژیانم بوو بە دۆزەخ.
هەر دەمەوێت لە دەوری پەرتووک بم،پەرتووکێکم هەبوو "بە ئارەزووی خۆت".
بە دەوری ئەو چوارگۆشە گەورەیەی پەرتووکەوە وەستام
بەڕێز سەرۆکوەزیران وەستان بە دیار پەرتووکەوە تەنانەت ئەگەر بە زمانی بێگانەیش بێت هەست دەکەیت جۆرێک لە کارەبات بۆ دێت. هەر وەکو ئەوەی کە بە دەوری ئەو کچانەوە بیت کە جینسی تەسک دەپۆشن. جگە لەوەی کە مێشکت دەست بە جێبەجێکردنی کارەکانت دەکات.
چوار هەزار و حەوتسەد ڕوپیێ لەناو زەرفێکی قاوەیی لەژێر پێخەفەکەم.
بڕە پارەیەکی نامۆیە، وا نییە؟
نهێنییەک دەبێ لێرەدا بگاتە ئەنجام. با سەیر بکەین. ڕەنگە ویستبێتی پێنج هەزارم بداتێ،دوایی وەکو هەر دەوڵەمەندێک دڵی نەهاتبێ. بیرتە چۆن مانگۆس هێنامیە سەرچۆک بۆ ڕووپێیەکی ئاسن؟ سێسەدی داشکاندووە.
دەوڵەمەند بەو جۆرە بیر ناکاتەوە. ئەی نەفام هەر فێر نەبوویت؟

دەبێت یەکەمجار دە هەزاری دەرکردبێت. دوایی نیوەی کردبێت و نیوەکەی بۆ خۆی هەڵگرتبێتەوە، دوایی سەد ڕووپێی تری دەرکردبێت و سەدی تری دەرکردبێت و سەدی تری دەرکردبێت، ئەوەیە ڕەزیلییەکەیان.

مانای ئەوەیە لە ڕاستیدا دە هەزارت قەرزارن، بەڵام ئەگەر وای زانیبێت دە هەزارت قەرزارە، ئەی دەبێت بە ڕاستی چەندت قەرزاربێت،دە جار زیاتر؟

"نا سەد جار زیاتر"

پیاوە بچووکەکە ڕۆژنامەکەی دانا کە لەولاوە دەیخوێندەوە،

بەناو پەرتووکە کەڵەکەکراوەکاندا گێڕامی. هاواری کرد.

"ئەوە چی دەڵێیت ؟"

"هیچ"

دیسان هاواری کرد.

"هێی ئەوە چی دەکەیت؟"

بازنەیەکی خەیاڵیم هێنا و سەدوهەشتا پلە خولاندمەوە.

"ئاە دەبوو بزانم، شۆفێرەکان پیاوی وریان. زۆر شتی پڕبایەخ دەبیستن. ڕاستە؟"

"لەوانەیە شۆفێرەکانی تر،

من لەناو ئۆتۆمۆبیل کەڕ دەبم."

"دڵنیایت، دڵنیایت، پێم بڵێ. دەبێ ئینگلیزی بزانیت، ئەوەی کە باسی دەکەن بێگومان دەبێت پەیوەند بێت بە خۆتەوە."

"پێم گوتی گوێ ناگرم، چۆن پەیوەست دەبێ پێمەوە؟ "

"ئەم وشەیەی ناو ئەم ڕۆژنامەیە مانای چییە؟ تای- بە-تێ تی."

پێم گوت، زەردەخەنەیەکی کرد و سوپاسگوزار بوو

"کاتێک کە خێزانەکەم لە قوتابخانە دەریانهێنام، دەستم بە ئەلفوبێی ئینگلیزی کرد."
ئەو کەسێکی نیوەبرژاو بوو لە خێڵەکەم
دیسان هاواری کرد "هێیَ دەتەوێت هەندێک بخوێنیتەوە؟"
گۆڤارەکەی بەرز کردەوە، وێنەی ژنێکی ئەمریکی بەسەر بەرگەکەیەوە بوو.
لەو جۆرانە بوو کە کوڕە دەوڵەمەندەکان حەز بە کڕینی دەکەن "شتێکی باشە"
لاپەڕەکانی گۆڤارەکەم هەڵدایەوە، ئەو ڕاستی کرد شتی باشی تێدابوو.
"نرخی ئەم گۆڤارە چەندە؟"
" شەست ڕووپیَ. بڕوا دەکەیت؟ شەست ڕووپیَ بۆ گۆڤاری دەستیدوو، کەسێک هەیە لە بازاڕی خان، گۆڤاری ئینگلتەرایی دەفرۆشێت، نرخەکەی پێنجسەد و هەشت ڕووپێیە! بڕوا دەکەیت؟"
سەرم بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و فیکەیەکم لێدا.
بە دەنگێکی بەرز هەر وەکو ئەوەی کە بۆ خۆم قسە بکەم گوتم،
"ئەوەندە پارەیەی کە هەیانە سەرسووڕهێنەرە، هەر وەکو ئاژەڵیش مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن."
وەکو ئەوەی شتێکم گوتبێت و تووشی ڕاڕایی کردبێت، چونکە دوو جار ڕۆژنامەکەی بەرزونزم کردەوە، دوایی هات کەناری کتێبە کەڵەکەکراوەکان و نیوەی دەموچاوی شاردبووەوە بە گۆڤارەکە، چپەچپێکی کرد.
دەستم نایە لای گوێمەوە و. گوتم "دووبارەی ناکەیتەوە؟"
سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و ئەمجارە بە دەنگێکی تۆزێک بەرزتر"ئەم بارودۆخەی کە ئێستا هەیە تا سەر ناڕوات." چووم بەرەو پەرتووکە

کەڵەکەکراوەکان گوتم "بۆنا؟"

بەسەر پەرتووکەکانەوە بە چپە گوتی "ناکسالێکانت بیستووە؟ سوپایەکی تەواون، چەک و تەقەمەنییان بەدەست هێناوە. ڕۆژ بە ڕۆژ هێزیان لە زیادبووندایە"

"بە ڕاست؟"

"بەس ڕۆژنامەکان بخوێنەوە، دەزانیت چینییەکان دەیانەوێت شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسێنن لە هندستان، بۆمبەکانی چین دەگەنە بورما و بانگلادش،دواییش بۆ کەلکوتا، بەرەو خوار دەڕۆن بۆ خوارووی ئاندرا پرادیش، بەرەو سەرەوە تا تاریکی. ئەگەر کاتی خۆی بێت هەموو هندستان..."

دەستی پان کردەوە.

بەو شێوەیە ماوەیەک قسەمان کرد- پاشان هاوڕێتییەکەمان وەکو هەموو هاوڕێیەتییەکی خزمەتکار لەگەڵ خزمەتکار دەبێت کۆتایی پێ بێت.

کۆمەڵێ منداڵی دەوڵەمەند دەیانویست گۆڤاری ئەمریکی ڕووتیان پیشان بدرێت.

بەڕێز ئاشۆک لە باڕەکە هاتە دەرەوە کچە نیپاڵییەکەی لەگەڵدا بوو.

لە ڕێگەی گەڕانەوەیاندا هەردووکیان بە هەموو دەنگیان قسەیان دەکرد، دواییش دەستیان کرد بە ماچکردن و ڕامووسان.

خودایە لەو پیاوە

خۆ هێشتا بەپێی یاسا هاوسەری ژنێکی ترە.

زۆر پەست بووم، لە چوار ترافیک لایتی سوورم دا، هەر درکیشیان پێ نەکرد.

خەریک بوو لە عەرەبانەیەک بدەم کە گایەک ڕایدەکێشا، قوتووی کیرۆسینی بار کردبوو، بە ناوەڕاستی شەقامەکەدا دەڕۆیشت.
بەڕێز ئاشۆک هاتە دەرەوە دەستی لەناو دەستی ژنەکەدا بوو، هاواری کرد"شەوباش،باڵڕام"
ڕایان کردە ناو ئەپارتمانەکەوە.
هەر جارەی یەکێکیان پەنجەی دەنا بە دوگمەی ئەلەڤەیتەرەکەدا، کاتێک کە چوومە ژوورەکەم ژێرپێخەفەکەم گەڕام. هێشتا هەر ماهاراجەکە و تەپلەکە و چاوێلکە ڕەشەکە هەر لەوێ بوون.
ئۆتۆمۆبیلەکەم برد بۆ دەرەوەی  باڵەخانەکە، وەکو ماهاراج خۆم گۆڕی و چاوێلکە ڕەشەکەم کردە چاوم. خۆشم نەمدەزانی کە بۆ کوێ مل دەنێم. بە دەوری بازاڕەکەدا لێمدەخوڕی، هەرچی جارێک کچێکی جوانم ببینیایە هۆڕنێکم لێ دەدا بۆ خۆی و برادەرەکانی.
مۆسیقایەکم خستەسەر، AC کەشم  خستە سەر ئەوپەڕی پلەی ساردی.
دوایی گەڕامەوە بۆ ناو باڵەخانەکە، ئۆتۆمۆبیلەکەم بردەوە بۆ ناو گەراجەکە، چاوێلکە ڕەشەکەم خستە ناو پاکەتەکەی، چاکەتە کورتەکەم داکەند. بە تف کوشنی هۆنداستێکەم پاک سڕییەوە.

---

بۆ ڕۆژی دوایی نەهاتە خوارەوە  بانگم بکات بۆ ژوورەکەی، بە ئەلەڤەیتەر چوومە سەرەوە لە نزیک دەرگاکەی وەستام. هەستم بە تاوان دەکرد بەرامبەر ئەوەی کە شەوی ڕابردوو کردبووم، سەرم سووڕماوە لەوەی کە بچم ددان بە هەموو شتیکدا بنێم، چەند جارێک دەستم برد بۆ زەنگەکە بەڵام

هەناسەی حەسرەتم هەڵدەکێشا و وازم دەهێنا.

" گۆڕاوم"

"داوای لێبوردن مەکە"

"دوێنێ ئێوارە لە چوار ساڵی هاوسەرگیری، خۆشیم زیاتربوو."

"کە ڕۆیشتی بۆ نیویۆرک، وام زانی ئیتر ناتبینمەوە. بەڵام ئێستا ئەوەتای، ئەوە گرنگترین شتە بۆ من."

لە دەرگاکە دوورکەوتمەوە و دام بە ناوچەوانی خۆمدا.

لەو کاتەدا گوناهەکانم لە زیادبووندا بوون. خۆشەویستە کۆنەکەی بوو نەک کەسێکی تری هەڵبژاردبێت.

بە دڵنیایەوە هەرگیز مەیلی بە لای ڕووت و لەشفرۆشدا ناچێت، هەمیشە ئەوەم دەزانی کە پیاوێکی باشە و پلەی لە من بەرزترە.دام بە ناولەپی دەستی چەپمدا وەکو سزایەک.

دیسان گوێم نا بە دەرگاکەوە، تەلەفۆنەکە دەستی بە لێدان کرد لە ژوورەوە. دوای ماوەیەک لە بێدەنگی گوتی"ئەوە پەدڵە ئەوەش کەدڵە، بیرتە وا نییە؟ هەمیشە دەوەڕن بۆم، فەرموو تەلەفۆنەکە بگرە و گوێ بگرە"

دوای ماوەیەک لە گوێگرتن:" دەنگوباسێکی خراپە؟ لەوە دەچێت نیگەران بیت."

"دەبێت بچم کابینەی وەزیر ببینم، زۆریشم ڕق دەبێتەوە ئەوە بکەم. هەموو پیسن، ئەو ئیشەی کە منی تێدام ئیشێکی خراپە. هیوام بوو ئیشێکی باشتر بکەم،. شتێکی پاک وەکو کاری بەڵێندەری، هەمیشە بەو هیوایەم."

"ئەی بۆ شتێکی تر ناکەیت؟ هەمان شت بوو کە پێیان گوتی هاوسەرگیری

لەگەڵ من نەکەیت، نەتتوانی بڵێی نا."

"ئەوەندە ئاسان نییە ئوما، ئەوانە باوک و برامن."

"سەرم سوورماوە لەوەی کە گۆڕابیت، لەگەڵ یەکەم پەیوەندی لە دنبادەوە گەڕایتەوە بۆ زاتە کۆنەکەی خۆت."

"با ئیتر شەڕ نەکەین، ئێستا بە ئۆتۆمۆبیل دەتنێرمەوە".

"ئۆە نا، من لەگەڵ شۆفێری تۆدا ناگەڕێمەوە، دەزانم چ جۆرێکە، لادێییە، وا دەزانن هەرچی ژنێ شوی نەکردبێت لەشفرۆشە. لەوانەیە بە هۆی چاومەوە وا بزانن کە نیپاڵیم، دەزانی ئەوە چ مانایەکی هەیە لای ئەوان، بۆخۆم دەگەڕێمەوە."

"ئەو کەسێکی باشە، بەشێکە لە خێزانەکە."

"ئاشۆک نابێت متمانەی پێ بکەیت. شۆفێری دەلهی هەموو بۆگەنن، دراگ دەفرۆشن و گەوادی دەکەن،

خودا دەزانێت چی تریش. "

"ئەمەیان نا، نەزانە بەڵام ڕاستگۆیە، دەتگەڕێنێتەوە."

"نا، ئاشۆک بە تاکسی دەڕۆم، ئێوارە پەیوەندیت پێوە دەکەم."

هەستم کرد کە بەرەو دەرگاکە دێت، سووڕام و لەسەر نووکی پێ دوور کەوتمەوە.

وشەیەکی لێوە نەهات تاکو ئێوارە، دوایی هاتە خوارەوە بۆ ئۆتۆمۆبیلەکە، ئەم بانک و ئەو بانکی دەکرد، لە شوێنی شۆفێر دانیشتبووم بە گۆشەی چاو سەیرم دەکرد لە چوار مەکینەی ئۆتۆماتیکی جیاجیا پارەی ڕادەکێشا. دوایی گوتی "باڵرام بچۆ بۆ شار، خانووە گەورەکەی سەر ڕێگەی ئاشۆکا دەزانیت؟ جارێکیان لەگەڵ بەڕێز مووکیش چووین."

"بەڵێ بەڕێز بیرمە، دوو سەگی گەورەی ئاڵستانییەن چاودێرن. زۆر ڕاستە بیرت باشە باڵرام."
کاتێک کە ئۆتۆمۆبیلم لێدەخوڕی لە ئاوێنەی سیخوڕیکردنەکەوە بینیم، بەڕێز ئاشۆک پەنجەی نا بە دوگمەی مۆبایلەکەیدا.
لەوانەیە بە خزمەتچی وەزیر بڵێت کە بە پارەوە دەگاتە ئەوێ.
لە کاتی چوونمان بۆ دەلهی بۆم دەرکەوت کە سەرۆکەکەم خەریکی چییە.
هەر کە گەیشتینە لای ماڵەکەی وەزیر بەڕێز ئاشۆک گوتی
باڵرام بیست خولەکی تر دەگەڕێمەوە.
بە جانتایەکی سوورەوە هەنگاوی نا و زرمەی لە دەرگاکە هەستاند.
چاودێرێک بە خۆی و چەکەکەیەوە دانیشتبوو لەناو کابینەیەکی ئاسن، لەسەر دیوارە سوورەکەی ماڵی وەزیرەوە، بە ئاگاییەوە سەیری منی دەکرد.
هەردوو سەگە ئەڵسانییەکە جارناجارێک دەوەڕین.
کاتی خۆرئاوابوون بوو، باڵندەکانی شارەکە دەستیان بە هەڵفڕین کرد بۆ لانەکانیان.
بەڕێز سەرۆکوەزیران ئێستا دەلهی شارێکی گەورەیە بەڵام شوێنی ئاوەداننەکراوەی زۆرە.
پارکی گەورە،دارستانی پارێزراو، شوێنی وێرانە، لەو شوێنە ئاوەداننەکراوانەوە دەکرێت شتی چاوەڕواننەکراو دەرپەڕێنە دەرەوە.
لە سەیرکردنی دیوارە سوورەکەی سەرۆکوەزیراندا بووم، تاوسێک بەسەر کابینەی چاودێرەکەدا هەڵفڕی.
ملی شینێکی تۆخ بوو، کلکێکی درێژ، لەبەر زەردەپەڕی خۆرئاوابووندا ڕەنگی

گۆڕابوو بۆ ئاڵتوونی، تۆزێکی پێ چوو شەو داهات و دوو سەگ دەستیان بە وەڕین کرد.

دەرگاکە کرایەوە، بەڕێز ئاشۆک لە ماڵەکەی سەرۆکوەزیران هاتە دەرەوە لەگەڵ پیاوێکی قەڵەو، هەمان پیاو بوو کە ئەو ڕۆژە لە ماڵی سەرۆکوەزیران هاتە دەرەوە. وای بۆ دەچووم کە یاریدەدەری وەزیر بێت، لە بەردەم ئۆتۆمۆبیلەکە وەستان و دەستیان بە قسە کرد.

پیاوە قەڵەوەکە دەستی ماڵئاوایی خستە ناو دەستی بەڕێز ئاشۆک، دیاربوو کە پەرۆشی بەجێهێشتنی بوو.

بەڵام ئاخ ئەوەندە ئاسان نەبوو کە لە سیاسییەکان دەرباز بێت، تەنانەت لە یاریدەرەکەشی. لە تۆتۆمبیلەکە دەرچووم، خۆم وا نیشان دا کە سەیری تایەکان دەکەم.

"بەڕێز ئاشۆک دڵ لە دڵ مەدە، وەزیر دڵنیا دەکەمەوە کە سبەینێ پەیوەندی بە باوکتەوە بکات."

"سوپاست دەکەم، یارمەتیدانت جێگەی پێزانینە لای خێزانەکەم."

" دوای ئەمە چی دەکەیت؟"

"هیچ هەر دەگەڕێینەوە بۆ گورگۆن، پیاوێکی گەنجی وەکو تۆ بەم زووە دەچێتەوە بۆ ماڵ؟ دەبا هەندێک کاتی خۆشیشمان هەبێت."

"ئەی نەدەبوو کار لەسەر هەڵبژاردنەکە بکەیت؟ "

"هەڵبژاردن؟ هەموویم کردووە. سەرکەوتنێکی مەزنە. ئەم بەیانییە وەزیر گوتی هاوڕێم، لەوانەیە بتوانرێت هەڵبژاردن لە هند  بە ڕێوە ببرێت نەک بە شێوەی ئەمریکا."

ئاگایان لە مانگرتنەکانی ئاشۆک نەبوو.

"پیاوە قەڵەوەکە خۆی نایە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەوە،هەر ئەوەندە کەوتینە سەر ڕێگاکە، قەڵەوەکە گوتی "ئاشۆک و یسکییەکمان بدەیە"

" لێرە لەناو ئۆتۆمۆبیلەکە؟ هیچم نییە."

پیاوە قەڵەوەکە پێی سەیربوو.

"لە دەلهی هەموو کەسێک لەناو ئوتۆمۆبیلەکەی شەرابی هەیە. ئاشۆک تۆ ئەمەت نەزانیوە؟"

داوای لێ کردم کە بگەڕێمەوە بۆ ماڵەکەی وەزیر. چووە ژوورەوە و بە جووتێ پەرداخ و بوتڵێکەوە گەڕایەوە.

زرمەی لە دەرگاکە هەستاند، هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی "ئێستا ئەم ئۆتۆمۆبیلە پڕپڕە."

بەڕێز ئاشۆک بوتڵەکەی برد، خەریکبوو پەرداخی پیاوە قەڵەوەکە پڕ بکات.

بێزار کەرانە و بە توندی لێوەکانی پێوە نا.

"تۆ نا شێتە، دەبێت شۆفێر شەراب تێ بکات:"

سووڕامەوە و یەکسەر خۆم کرد بە مەیگێڕ. پیاوە قەڵەوەکە گوتی "ئەم شۆفێرە زۆر لێهاتووە.

جاری وایە خواردنەوە دەڕژێنن و پشێوی دەنێنەوە."

"خێڵەکەیان بە یەکجاری خواردنەوەیان قەدەغە کردووە، هەرگیز بیرت بۆ ئەوە نەچووە، وا نییە؟"

سەری بوتڵەکەم توند کردەوە و لە تەنیشت گێرەکە جێم هێشت.

گوێم لە زرنگەی لێدانی پەرداخەکان بوو، لە تەنیشتمەوە دوو دەنگ دەیانگوت بە خۆشی.

یاریدەدەری وەزیر گوتی"با بڕۆین شۆفێر، با بچین بۆ شیراتۆن، لە خواروە و

ئاشۆک، لەژێر زەوییەکە چێشتخانەیەکی خۆشی لێیە، شوێنیکی بێدەنگە، لەوێ هەندێک کاتی خۆشمان دەبێت."

کلیلەکەم سووڕاند و هۆنداستیێ هێلکە تۆخەکەم برد بۆ ناو شەقامەکانی نیودەلهی.

"ئۆتۆمۆبیل کۆشکی پیاوە. نازانم چۆن تۆ شتی وات نەکردووە، هەرگیز هەوڵت بۆ نەداوە لە ئەمریکا-وا نییە؟

"ئەمە هەمووی سوودی بوونتە لە دەلهی کوڕی خۆشەویستم!"

پیاوە قەڵەوەکە دای بەسەر ڕانی بەڕێز ئاشۆکدا، قومێکی لێ دا، گوتی "گوزەرانی تۆ چۆنە ئاشۆک؟ "

"ئاڵوگۆڕی خەڵووز لەم ڕۆژانەدا تەقیوەتەوە، خەڵک وا دەزانن کە تاکە تەکنەلۆژیایە. بەڵام خەڵووز، میدیا گوێ بە خەڵووز نادات، وا نییە؟ چینییەکان شێتانە خەڵووز بە کار دێنن، لە هەموو شوێنێک نرخی بەرەو بەرزی دەچێت. ملیۆنێرەکان لە هەموو لایەکەوە لە دروستبووندان، لە چەپ و ڕاست و سەنتەرەوە."

پیاوە قەڵەوەکە گوتی "بە دڵنیایەوە، بە دڵنیاییەوە."

"کاریگەریی چین" قومێکی لە پەرداخەکە دا.

"بەڵام کوڕی خۆشەویستم ئەمە مەبەستی ئێمە نییە، کاتێک کە دەڵێین گوزەران لە دەلهی."

یاریدەدەری وەزیر زەردەخەنەیەکی بۆ کرد

"ئەوەی پرسیاری بنچینەییە لای من، لەوێ کێ خزمەتت دەکات؟"

ئاماژەی بۆ بەشێک لە لەشی بەڕێز ئاشۆک کرد کە ئەوە کاری ئەو نەبوو ئاماژەی پێ بکات.

"من جیا بوومەتەوە و لە جیابوونەوەی یەکجاریدام."
پیاوە قەڵەوەکە گوتی "بە داخەوە گوێم لەمە دەبێت. هاوسەرگیری دامەزرانێکی باشە لە شار، هەموو شتێک جیا دەبێتەوە، خێزان، هاوسەرگیری، هەموو شتێک."
هەندێک ویسکی تری هەڵقوڕاند و گوتی "ئاشۆک پێم بڵێ لەو بڕوایەدای کە شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسێت لەم وڵاتەدا؟"
"بۆ وا دەڵێیت؟"
"چوار ڕۆژ لەمەوبەر لە دادگا بووم لە گازیئاباد.دادوەرەکە یاسایەکی دەرکرد جێگەی ناپەسەندی یاساناسەکان بوو، زۆر ئاسایی یاساکەیان ڕەت کردەوە. شێت بوون، دادوەرەکەیان پەلکێش کرد و دایانە بەر لێدان.ئەوەی کە ڕووی دا لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو نەکرایەوە. بەڵام بە چاوی خۆم بینیم. ئەگەر خەڵک دەست بکات بە لێدانی دادوەر لە دادگاکەی خۆییدا، داهاتووی وڵاتەکەمان چۆن دەبێت؟"
ساردییەک بەر ملم کەوت، پیاوە قەڵەوەکە بوو پەرداخەکەی لە ملم دا.
" شوفێر پێکێکی تریشمان بۆ تێکە."
"بەڵێ گەورەم"
ئەی خاوەنشکۆ هەرگیز پێشتر ئەم فێڵانەت بینیوە؟ پیاوێک بە یەک دەست سوکانی گرتووە و بە دەستەکەی تری بوتڵە ویسکییەکەی بەرز دەکردەوە تاکو ئاستی شانی و دوایی بەتاڵی دەکردە ناو پەرداخەکەوە.
تەنانەت لە کاتی ڕۆیشتنی ئۆتۆمۆبیلدا، بێ ئەوەی دڵۆپێ بڕژێنێت.
ئەم جۆرە کارانە شۆفێری هندی پێویستە!
تەنها ئەوە نییە کە کاردانەوەیەکی باشی هەبێت، شەوکوێر نەبێت، ئارام

بێت، بەڵکو دەبێت خاوەنی مەیخانەیەکی بەڕێز بێت.

"بەڕێز حەز بە تۆزێکی تر دەکەیت؟"

چاوێکم گێڕا بە چەوری و گۆشتە پیسە چین لەسەر چینەکانی ژێر چەناگەی یاریدەدەری وەزیردا، دوایی چاوێکم گێڕا بۆ ئەوەی دڵنیا بم لەوەی کە لە لێخوڕیندا خۆم بە شتێکدا نەکێشم.

"ئێستا هەندێک شەراب تێکە بۆ سەرۆک"

"نا، من زۆر ناخۆمەوە. بەبێ گاڵتە نامەوێت."

"لاسار مەبە ئاشۆک. داوات لێ دەکەم."

"هەندێک شەراب بۆ سەرۆکەکەت تێکە"

بۆیە دەبوو بسووڕێمەوە و شتێکی سەرسووڕهێنەر بکەم.

دەستێکم لەسەر سوکان بێت و دەستێکم لەسەر بوتڵە ویسکێکە بێت، پیاوە قەڵەوەکە دوای دووەم پێک، بێدەنگ بوو، لێوەکانی سڕییەوە، "دەبێ ژنت زۆر بووبێت کە لە ئەمریکا بوویت؟ مەبەستم ژنی خۆماڵییە"

"نا"

"نا ئەوە یانی چی؟"

"هەمیشە و ئەو هەموو کاتە بەوەفا بووم بۆ پینکی ژنم."

"بەوەفا؟ سەیرە هاوسەرگیرییەکی وەفادارانە بە جیابوونەوە کۆتایی هات."

"هەرگیز ژنی سپیت هەبووە؟"

"پێم گوتی"

خودایە بۆچی هەمیشە کەسە هندییە هەڵەکان لە سنوور لا دەدەن.

"گوێ بگرە،ئێستا یەکێکت دەوێت؟ مێیەکی ئەورووپی؟

"ئێستا؟"

گوتی "ئێستا، مێیەکی ڕووسی کتومت لە ئەکتەرە  ئەمریکییەکان دەچێت"، ناوەکەشی گوت. "دەتەوێت بچیت بۆ لای؟"
"لەشفرۆشە؟"
پیاوە قەڵەوەکە زەردەخەنەیەکی بۆ کرد"برادەرێک.برادەرێکی ئەفسووناوی، دەتەوێت بچیت بۆ لای؟
"نا.سوپاس لەم ماوەیەدا یەکێکم بینییەوە کە دەمێکە دەیناسم."
پیاوە قەڵەوەکە مۆبایلەکەی دەرهێنا و چەند ژمارەیەکی لێ دا، ڕووناکی مۆبایلەکە، ڕووناکییەکی شینی خستە سەر دەموچاوی. "ئێستا لێرەیە. با بچین بیبینین."
"پێت دەڵێم سەرسووڕهێنەرە هەر لە ئەکتەرە  ئەمریکییەکان دەچێت."
سێ هەزارت پێیە؟
"نا، گوێ بگرە من یەکێکم بینیوە-نا من—"
"کێشە نییە ئێستا من پارەکەت بۆ دەدەم تۆ دوایی بمدەرەوە،هەر بیخەرە ناو ئەو زەرفەوە کە دەیدەیتە دەست وەزیر."
دەستی لەسەر دەستی بەڕێز ئاشۆک دانا و چاوی نووقاند، دوایی چەمایەوە بۆ ئەوەی ناونیشانی شوێنەکەم بداتێ.
بە هەموو توانامەوە سەیری بەڕێز ئاشۆکم کرد لە ئاوێنەی پشتەوە لەشفرۆش بۆ کەسانی وەکو منە بەڕێز. دڵنیای کە دەتەوێت؟ خۆزگە بمتوانیبا بە ئاشکرا ئەمەی پێ بڵێم، بەڵام من کێم؟ شۆفێرێک و هیچی تر.

داواکارییەکەم لە بەڕێز ئاشۆک وەرگرت، هیچی نەگوت.
ویسکییەکەی هەڵدەقوڕاند وەکو گەنجێک کە سۆدا بخواتەوە.

لەوانەیە هەر گاڵتە بووبێت یان لە پیاوە قەڵەوەکە ترسابێت و نەیەوێت بڵێت نا.

بەڵام تاکو دەمرم بەرگری لە شەرەفی دەکەم، ئەوان گەندەڵیان کردووە.

پیاوە قەڵەوەکە داوای لێ کردم لێخوڕم بۆ گرەیتەر کایلاش کە یەکێکی ترە لە ماڵە کۆڵۆنیاڵەکانی دەلهی، لەوێ دەژین، بە پەرداخە بەفراوییەکەی لە ملی دام، داوای لێ کردم بسووڕێمەوە و بچم بۆ شوێنەکە.

پایەیەکی مەڕمەڕی سپی گەورە لە پێشەکەی بوو.

بە بارستایی فرێدانی شتومەکی ناپێویست بۆ دەرەوەی ماڵەکە. بۆت دەردەکەوت کە خەڵکی دەوڵەمەند لەوێ دەژین.

پیاوە قەڵەوەکە دەرگای ئۆتۆمۆبیلەکەی کردەوە و بە مۆبایلەکەی قسەی کرد. دوای پێنج خولەک دەرگاکەی بە توندی داخست.

دەستم بە پژمین کرد. ئۆتۆمۆبیلەکە پڕ بوو لەو بۆنەی کە لە خۆی دابوو.

کوڕم، بەسە پژمین لێخوڕە بۆ جەنگپوورە".

بمبوورە بەڕێز

پیاوە قەڵەوەکە زەردخەنەیەکی بۆ کرد، ڕووی وەرگێڕا بۆ لای ئەو کچەی کە هاتە ناو ئۆتۆمۆبیلەکە و گوتی تکایە ئاشۆک بە هەندی قسە بکە لەگەڵ برادەرەکەم. سەیری ئاوێنەی پشتەوەم کرد و تەماشایەکی خێرای کچەکەم کرد، ڕاست بوو لەو ئەکتەرە دەچوو کە لەملاولا بینیبووم، ناوی ئەو ئەکتەرەم نەدەزانی. تاکو ئەو کاتەی کە هاتم بۆ بانگەلور و توانیم ئینتەرنێت بە کار بێنم، لە دوو دانیشتنی خێرادا سەرنجم دا، وێنەکەیم لە گوگڵ بینی و ناویشیم زانی.

کیم باسنجەر، ئەوە ئەو ناوەیە کە پیاوە قەڵەوەکە باسی کرد، ڕاست بوو.
کچەکە کە لەگەڵ پیاوە قەڵەوەکە چووە ژوورەوە، کتومت لە کیم باسنجەر دەچوو! باڵابەرز و جوان بوو. سەرنجڕاکێشترین شت، قژی بوو.. ئاڵتوونی و بریسکەدار بوو!
هەر وەکو ئەوانەی کە پڕوپاگەندە بۆ شامپۆ دەکەن!
بە هندییەکی تەواوەوە گوتی "چۆنی ئاشۆک؟" دەستی دەرهێنا و دەستی بەڕێز ئاشۆکی گرت.
یاریدەدەری وەزیر پێکەنی. هندییەکان بەرەو پێش چوونە، وا نییە؟
"کچەکە بە هندی قسە دەکات"
دای بەسەر ڕانیدا" خۆشەویستم هندییەکەت بەرەو پێشەوە چووە."
بەڕێز ئاشۆک ڕووی وەرگێڕا بۆ پشتەوە بۆ لای پیاوە قەڵەوەکە و بە سەرشانی کچەکەدا. بۆ ئەوەی لەگەڵ پیاوە قەڵەوەکە قسە بکات. "ئەو کچە ڕووسییە؟"
ئاشۆک لە من مەپرسە لە خۆی بپرسە. شەرم مەکە کچەکە برادەرە.
بە دەربڕینێکی هندی گوتی ئۆکرانی"من قوتابیی ئۆکرانیم لە هند"
بیرم کردەوە، دەبێت ئەو شوێنەم لە بیردا بێت، ئۆکرانیا، دەبێ ڕۆژێک بچم بۆ ئەوێ.
پیاوە قەڵەوەکە گوتی ئاشۆک "بەردەوامبە دەست لە قژی بدە، ڕاستییە مەترسە، ئەو برادەرمانە، سەیری بکە زەرەر ناکەیت، دەی ئاشۆک.
خۆشەویستم بە هندی شتێک بە بەڕێز ئاشۆک بڵێ، ئەو هێشتا هەر دەترسێ لێت.
ژنەکە گوتی ئەی پیاوی قۆز مەترسە لێم.

پیاوە قەڵەوەکە پەرداخەکەی لە ملم دا و گوتی لێخورە.

زۆرمان ماوە بۆ جانکپۆرا؟

بەڵێ بەرێز

هەر کە چوویتە ناو شەقامی مزگەوتەکەوە. ئوتێلێک دەبینیت کە نیۆنێکی لەسەرە هێمای پیتی T بمانبە بۆ ئەوێ."

بە دە خولەک گەیاندیانمە ئەوێ، ئوتێلەکەت لێ ون نابێت، هێما گەورەکەی Tترووسکەی دێ وەکو چرای ناو تاریکی. کە پیاوە قەڵەوەکە چووە سەرەوە بۆ لای پرسگەی ئوتێلەکە، ژنە پرچ ئاڵتوونییەکەشی لەگەڵ خۆی برد، لەوێ بەڕێوەبەرەکە بە گەرمی سڵاوی لێ کرد. بەرێز ئاشۆک لە پشتیانەوە دەرۆیشت و سەیری ئەملاولای دەکرد. وەکو کورێکی تاوانباری بچووک کە شتێکی خراپی کردبێت.

نیو کاتژمێر تێپەری لە دەرەوە بووم، تەواوی کاتەکە هەر دەستەکانم لەسەر سوکانی ئۆتۆمۆبیلەکە بوو.

کێشام بە بووکەڵە بچووکەکەدا.

خوازیاری ئەوە بووم دەرپەرێتە دەرەوە و باڵەکانی بدات بە یەکدا و هاوار بکات باڵرام، خەریک بوو تووشی هەڵە ببم، رزگارم بکە، با یەکسەر لێخورین.

دوای کاتژمێرێ بەرێز ئاشۆک بە تەنها لە ئوتێلەکە هاتە دەرەوە، لە نەخۆش دەچوو. گوتی: باڵرام یەکتربینین تەواو. لەسەر کوشنەکە کەوت بە پشتا، با بچینەوە بۆ ماڵەوە.

بەڵێ گەورەم.

کاتێک کە گەراینەوە بۆ گورگۆن دابەزی و بە پەلە ملی نا بەرەو

ئەلەڤەیتەرەکە. ئۆتۆمۆبیلەکەم جێ نەهێشت، دوای پێنج خولەک لێمخوڕی بۆ جانگاپوورا. یەکسەر بۆ ئوتێلەکەی کە گلۆپی T لەسەر بوو.

لە سووچێکدا ئۆتۆمۆبیلەکەم ڕاگرت و سەیری دەرگای ئۆتێلەکەم کرد، دەمویست بێتە دەرەوە.

عەرەبانچییەک بە لامدا تێپەڕی، پیاوێکی بچووک و لاوازی ڕیشن، وا دیار بوو لە ماندوێتیدا خەریک بێت بمرێ.

دەموچاو و پێیەکانی بە پارچەیەک پەڕۆ سڕییەوە.

چوو لە سەرزەوییەکە بخەوێت.

پڕوپاگەندەیەکی سپی لکێنرابوو بە عەرەبانەکەیەوە، لێی نوسرابوو.

ئایا زیادی کێش کێشەی بۆ دروست کردوویت؟

پەیوەندی بکە بە جیمی سنگەوە لە هۆڵی میترۆ GYM 9811799289

وێنەی ئەمریکییەکە بەختهێنەری هۆڵەکە، جومگەیەکی ئاوساوی هەیە، لەسەر هوتافەکەوە زەردەخەنەم بۆ دەکات. پرخەی عەرەبانچییەکە ئەو ناوەی پڕ کردبوو. دەبێت یەکێک هەر بینیبێتمی لە ئوتێلەکەوە.

پاش کەمێک دەرگاکە کرایەوە، پۆلیسێک هاتە دەرەوە، لێم ڕا ما و دەستی کرد بە هەنگاونان.

ئۆتۆمۆبیلەکەم هەڵکرد و بەرەو گۆرگۆن گەڕامەوە.

ئێستا بە شەویش بە دەوری بانگەلوردا لێدەخورم، ئەو هەستەی کە لە دەلهی هەمبوو هەرگیز لێرە نامبێت.

شتێک لە ناخەوە دەمسووتێنێت، لە کاتێکدا شاریش بە هەمان شێوە دەسووتێت.

کاتێک کە لێمدەخوڕی، ئەو شەوە دڵم تاڵاوی لێ دەهات، شاریش بەوەی دەزانی لەژێر تیشکە پرتەقاڵییەکەی گڵۆپە بێهێزە هەڵبزڕکاوەکەدا بڵاو بووەوە بە هەموو لایەکدا..

بە دەلهیم گوت، باسی شەڕی ناوخۆم بۆ بکە.

گوتی باشە

لەوێ لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا گوڵدانێک قڵپ ببووەوە، سێ پیاو بە تەنیشتمەوە دەمیان داپچڕاندبوو. پیاوێکی پیری ڕیشنی تەپلەسپی، پەنجەی ئاماژەی بەرز کردبووەوە و قسەی بۆیان دەکرد.

ئۆتۆمۆبیلەکان بە لایتە بەهێزەکانیانەوە دەیان دا بە تەنیشتیدا، بەڵام وشەکانی نوقمی ناو دەنگەدەنگەکە دەبوو. لە پەیامبەرێک دەچوو لەو ناوەراستی شەقامەدا، ئەوانیش بوون بە سێ ژەنەڕاڵ، گوڵدانە قڵپبووەکەیش هێمای شتێک بوو.

بە دەلهیم گوت

باسی خوێنی شەقامەکانم بۆ بکە..

گوتی باشە

پیاوەکانی تر  بە تەنها و بە کۆمەڵ سەرقاڵی خوێندنەوە و گفتوگۆ بوون بە دەوری ڕووناکی شەقامەکەدا و

لەژێر ڕووناکییە هەڵبزڕکاوەکەی دەلهی، ئەو شەوە سەدان کەسم بینی لەژێر دارەکان، پەرستگەکان، دوو ڕێیانەکان، کورسیی پارکەکان.

چاویان خێڵ ببووەوە بەسەر ڕۆژنامەکاندا، کتێبە پیرۆزەکان، گۆڤارەکان، نامیلکەی پارتە کۆمۆنیستەکان، چییان دەخوێندەوە؟ گفتوگۆیان دەربارەی چی بوو؟

ئەی دوای ئەوە چی؟ کۆتایی دنیا.
لە شارم پرسی، ئەی ئەگەر شەقام خوێناوی بوو، بەڵێنم پێ دەدەیت کە ئەو یەکەم کەس دەبێت بۆ ڕۆیشتن؟ ئەو پیاوە قەڵەوەی کە چەوری ژێر قوڕگی چین لەسەر چینە.
سواڵکەرێکی نیوەڕووت لە لێواری شەقامەکە دانیشتبوو، داپۆشرابوو بە شتی پیس،بە قژێکی کێویی هۆنراوەی درێژەوە وەکو مار، سەیری ناو چاوی کردم:
بەڵێن بدە.
دیواری باڵەخانەی بانگام بەشی B بە پارچەشووشە پەرژین کرابوو، بۆ پاراستنی لە دزەکان.
کاتێک کە ڕووناکییەکە لێی دەدا، دەبریسکایەوە.، دیوارەکە دەگۆڕا بۆ شتێکی کێوی لە شووشەی ڕەنگاوڕەنگ.
کاتێک کە ئۆتۆمۆبیلەکەم لێدەخوڕی بۆ ژوورەوە، چاودێرەکە تەماشای دەکردم، لەناو چاوەکانیدا ڕووپێکانم دەبینی دەبریسکانەوە. لە گەراجەکە لەسەر کوشنی شۆفێری هەستام و چوومە دەرەوە، بە ئاگاوە دەرگاکەم داخست. دەرگای سەرنشینم کردەوە و چوومە ژوورەوە، دەستم درێژ کرد بۆ سەر کوشنە چەرمەکان لەملا بۆ ئەولا، سێ جار وام کرد، دوایی ئەو شتەی کە بۆی دەگەڕام دۆزیمەوە. بردمە لای ڕووناکییەکە، چەند تاڵێک قژی ئاڵتوونی بوو! لەناو کۆمەدییەکەم هەڵمگرتووە تا ئەمڕۆ.

# شەوی شەشەم

خەونی دەوڵەمەند و هەژارەکان هەرگیز یەکتر نابڕن،وا نییە؟
سەیرکە، هەموو خەونی هەژارەکان ئەوەیە کە ئەوەندەیان هەبێت بیخۆن و لە دەوڵەمەندەکان بچن.
ئەی دەوڵەمەندەکان خەون بە چییەوە دەبینن؟
کەمکردنەوەی کێشیان بۆ ئاستی کێشی هەژارەکان.
هەموو ئێوارەیەک خانووەکانی دەوروبەری منارەی باکنگام، باڵەخانەی B وەرزشی لە دەور دەکرا.
پیاوی ورگئاوساو و زل، تەنانەت ژنی ورگئاوساو و زل، بە عەرەقی بازنەیی ژێرباڵیانەوە، ئێواران پیاسەیان دەکرد. دەوڵەمەندەکان ئەو هەموو خواردنەوەیەی ئاهەنگی شەوانی درەنگیان، قەڵەویان دەکات.
پیاسە دەکەن بۆ ئەوەی کێشیان داگرن. مرۆڤ دەبێت لە کوێ پیاسە بکات، لە دەرەوەی ماڵ، لای ڕووبارێک، لەناو پارکەکان، لە دەوری دارستانەکان. بە هەرحاڵ توانای خۆیان نیشان دەدەن بۆ پلانەکانی شار، دەوڵەمەندیی دەلهی ئەم بەشەی گورگۆنی دروست کردووە بەبێ پارک و سەوزایی و یاریگە.
تەنها باڵەخانە و بازاڕ و ئوتێل و باڵەخانەی تر. شۆستەیەک هەبوو، بەڵام بۆ خەڵکی هەژار بوو لەسەری بژین، ئەگەر بتویستبایە پیاسەیەک بکەیت دەبوو بە دەوری باڵەخانە کۆنکریتەکەی خۆتدا بیکەیت.
کاتێک کە دەوڵەمەندە قەڵەوەکان پیاسەیان دەکرد بە دەوری ئەپارتمانەکەدا، خزمەتکارەکانیان لاواز دەکرد-زۆربەیان شۆفێر بوون و لە شوێنی دیاریکراو دەوەستان بە بازنەیی، بوتڵە ئاوی کانزایی و خاولی بە دەستیانەوە.
هەرچی جارێک خولی سووڕانەوەکەیان تەواو بکردایە بە دەوری

باڵەخانەکەدا، لە نزیک خزمەتکارەکانیان دەوەستان و پرپیان دەدایە بوتڵ، پرپیان دەدایە خاولی و دەیانسرپینەوە و دەیانسرپینەوە، دوایی دەچوونەوە بۆ خولی دووەم.

لێوگەرەکە لە سووچێکی ماڵەکاندا وەستابوو بە بوتڵە ئاوێک و خاولی سەرۆکەکەیەوە. هەموو چرکەیەک ئاوڕێکی لێ دەدامەوە و چاوێکی لێ دادەگرتم. پیاوە پۆلاکەی سەرۆکی تاکو دوو هەفتە لەمەوبەر کەچەڵ بوو، ئێستا قژێکی پڕی ڕەشی پێوەیە، هەر بۆ ئەو مەبەستە ئەرکێکی زۆری کێشاو چوو بۆ ئینگلاند.

ئەو ڕۆژانە قژە دەستکردەکەی بابەتی مشتومڕ بوو لەگەڵ مەیموونەکاندا شۆفێرەکانی تر دە ڕووپێیان بۆ لێوگەرەکە دانا، بۆ ئەوەی هەندێک پێی ڕابوێرن، برێکی بەپەلە بگرێت، یاخود ئۆتۆمۆبیلەکە زۆر بە پەلە لێبخورێت. هیچ نەبێت یەک جار قژە دەستکردەکەی سەرۆکەکەی لێ ببێتەوە.

هەموو ئێوارەیەک لە بازنەی مەیموونەکاندا نهێنی سەرۆکەکان دەبووە جێگەی گفتوگۆ و ئاشکرا دەبوو.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەگەر یەکێک لەوان بابەتی هەبووایە بۆ گفتوگۆ، دەیزانی دەبوو لەگەڵ مندا باسی بکات. بەڵام ڕێگە نادەم بجێتە ناو تایبەتمەندێتی ژیانی بەڕێز ئاشۆکەوە.

چەند هەنگاوێک لە لێونەخۆشەکەوە دوور وەستابووم، بوتڵە ئاوە کانزاییەکەی سەرۆکەکەم بە دەستمەوە و خاولییەکی عەرەقاوی بە سەرشانمەوە.

خولەکەی بەڕێز ئاشۆک لە تەواوبووندا بوو. کە لێم نزیک دەکەوتەوە بۆنی عەرەقەکەی دەهات، ئەوە خولی سێیەم بوو بۆ بەڕێز ئاشۆک. بوتڵێکی لێم

وەرگرت، پرژاندی بە دەموچاویدا و دەموچاوی بە خاولییەکە سڕی و خستییەوە سەرشانم، "تەواو بووم باڵرام. خاولییەکە و بوتڵەکەم بۆ بێنە، باشە؟"

گوتم "بەڵێ گەورەم" سەیریم دەکرد کە دەچووە ناو باڵەخانەکەوە هەفتەی جارێک دوو جار پیاسەی دەکرد،

بەڵام دیاربوو ئەوە بەس نەبوو بۆ ئەوەی زاڵ بێت بەسەر هەوەسەکانی شەوانیدا، بینیم ورگێکی تەڕی پفدراو پاڵی بە تیشێرتەکەوە نابوو،ئەو ڕۆژانە چەند قێزەون دیار بوو.

پێش ئەوەی بچینە خوارەوە بۆ گەراجەکە ئاماژەیەکم دا بە لێوگەڕەکە.

دە خولەک دوای ئەوە بۆن عەرەقی پیاوە پۆلاکە هات و گوێم لە دەنگی هەنگاوەکانی بوو. لێوپەمەییەکە دابەزی و بانگیم کرد بۆ لای هۆنداستێکە.

تەنها شوێن بوو کە هەستم بە تەواوی ئارامی دەکرد لێی "چییە مشکی لادێیی ؟" گۆڤارێکی ترت دەوێت؟"

"نا. ئەوە نا شتێکی تر."

بە چینچکانەوە لای تایەی هۆندا ستێکەوە دانیشتم. ئەویش بە چینچکانەوە دانیشت.تاڵە قژە ئاڵتوونییەکانم نیشانی دا، توند ئاڵاندم بە مەچەکمەوە وەکو بازنگ.

تاڵە قژەکانی دەهێنا بە نێوان پەنجەکانیدا، بۆنی کرد و مەچەکمی دانایەوە، چاوێکی ترووکاند "کێشە نییە"

"پێم گوتی سەرۆکەکەت بە بێکەسی دەمێنێتەوە"

قوڕگیم گوشی "باسی نەکەی!" لەژێر دەستم دەرچوو

"تۆ شێتیت؟دەتەوێت بمخنکێنیت."

گەڕامەوە و دەستم کرد بە کڕاندنی خەتی تایەکان
"چینی سەرەوە یان خوارەوە، دەستلێنەدراو،یان دەستلێدراو، هەمووی حیسابی خۆی هەیە."
"گرنگ نییە، تەنها قژی زەرد بێت وەکو پڕوپاگەندەی سەر شامپۆکان"
"هەرزانترینیان دە بۆ دوانزە هەزارە."
"ئەوە یەکجار زۆرە. لە چوار هەزار و حەوتسەد زیاتر نادات."
"شەش هەزار و پێنجسەد. مشکی لادێیی. ئەوە کەمترینە پێستی سپی، دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت."
"باشە"
کەی دەیەوێت، مشکی- لادێیی؟"
"پێم گوتیت لە نزیکترین هەلدا"
"شتێکی تریش-دەمەوێت شتێکی تریش بزانم."
دەموچاوم خستە سەر تایەکە و هەناسەی بۆنی چەرمم دایەوە. بۆ هێزپەیداکردن.
"چەند ڕێگە هەیە بۆ ئەوەی شۆفێر سەرۆکەکەی پێ هەڵخەڵەتێنێت؟".

---

بەڕێز جیاباو من ئاگاداری ئەو ڕێگەیەی پێچانەوەی کتێبی بزنسم بە سێڵۆفۆن، کە دەربارەی کارە ناوەندییە بچووکە لابەلاکانە. لەم پلەیەی چیرۆکەکەدا بۆ ئەوەی ڕزگارت بکەم لە بێزاری، حەز دەکەم بچمە ناو چیرۆکە ناوەندییەکەم و گێڕانەوەی گشتیی پەرەسەندنی کاری مۆدرن و گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی.

**چۆن خاوەنکاری شۆفێر کەمێک پارەی نەخدی چنگ دەکەوێت؟**

١-لە کاتی دیارنەبوونی سەرۆکەکەی دەتوانێت گاز دەربێنێت لە ئۆتۆمۆبیلەکە و بیفرۆشێت.

٢- کاتێک کە خاوەنکارەکەت داوای چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبیلت لێ دەکات، دەتوانیت بچیت بۆ لای فیتەری گەندەڵ،

فیتەرەکە دەتوانێت نرخێکی بەرزی لە سەر دانێت. شۆفێرەکە بەشێکی لێ دەست دەکەوێت.

ئەمە لیستی ناوی هەندێک لە خاوەنکارە فیتەرەکانە کە یارمەتی خاوەنکارە شۆفێرەکان دەدەن.

فیتەرە بەختەوەرەکان  لە لادۆ سیرای نزیک قوتبن

چاککەرەوەی  .R.V لە گرەیتەر کایلاشی بەشی دووەمە. فیتەری نیلۆفەر

لە  DLF لە نهۆمی یەکەمە لە گۆرگۆن.

٣- دەبێت خووی سەرۆکەکەت بزانیت و لە خۆت بپرسیت ئایا سەرۆکەکەم بایەخدەر نییە. ئەگەر وایە چۆن بتوانم  سوود لە کەسی بایەخدەر  وەرگرم.

بۆ نموونە ئەگەر سەرۆکەکەت بوتڵی بەتاڵی خواردنەوەی ئینگلیزی لە دەوری ئۆتۆمۆبیلەکەی جێ هێشت. دەتوانی بیفرۆشیتەوە بە قاچاغچییەکان.

جۆنی بلاک وەکەر باشترین نرخ دەکات لە فرۆشتنەوەدا.

٤- هەر کە بووی بە خاوەنی ئەزموون و بڕوات بە خۆت پەیدا کرد و ئامادە بوویت کە سەرچڵی بکەیت، دەتوانیت ئۆتۆمۆبیلی سەرۆکەکەت بگۆڕیت بۆ تاکسی، بە درێژایی گورگۆنەوە بۆ دەلهی، باشترین شوێنە بۆ ئەمە.

زۆر لە عاشقەکان دێن بۆ بینینی کچە هاورێکانیان لە سەنتەری پەیوەندیکردن.

هەر کە خاوەنکاری شۆفێر دڵنیا بوو لەوەی کە سەرۆکەکەی بەوە نازانێت کە ئۆتۆمۆبیلەکەی لەوێ نییە، هەروەها هیچ کەسێک لە هاوڕێیانی سەرۆکەکەی حەزیان لێ نییە لەسەر شەقام بن لەو کاتەدا. دەتوانێت کاتەکەی بە هاوردن و بردنی ئەو کەسانەوە بە سەر بەرێت کە کرێی دەدەنێ.

---

شەو لەناو توولی مێشوولەکەم پاڵ کەوتم، گلۆپی ژوورەکەم دەسووتا، سیسەرکەکان هەردوو ئاریالەکانی سەر سەریان دەجووڵاند و دەلەرینەوە وەکو ئەوەی کە لە مێشکمدا بجووڵێتەوە. لەسەر پێخەفەکەم پاڵ کەوتم، توانای ئەوەم نەبوو دەستمیان پێ بگەیەنم و دایانپلۆسم، سیسرکێک فڕی، بەسەر سەرمەوە نیشتەوە.

کاتێک کە واژۆی ئەو شتەیان پێ کردیت، دەبوو داوای پارەت بکردایە. پارەیەک بەشی ئەوەی بکردایە کە لەگەڵ بیست کچی سپیی لاوازدا بخەویت.. ئەوەیان فڕی و یەکێکی تر لە هەمان شوێن نیشتەوە.

بیست، دووسەد، سێسەد، هەزار، دەهەزار قژزەردی لەشفرۆش، تەنانەت ئەوندەش بەش ناکات،

لەوە ناچێت بەش بکات.. لە دوو هەفتەی ڕابردوودا کۆمەڵێک شتم کردووە، پێم شەرمە باسیان بکەم،فێڵم لە خاوەنکارەکەم کرد، گازم لە ئۆتۆمۆبیلەکەی ڕاکێشا، ئۆتۆمۆبیلەکەیم برد بۆ لای فیتەری گەندەڵ، پارەیان لێ وەرگرت بۆ کارێک، کە نەکرابوو.

کاتێک کە گەڕامەوە بۆ بانگام B سێ جار نەفەرم لەگەڵ خۆم برد و پارەم لێ وەرگرتن.

نامۆترین شت ئەوە بوو هەرچی جارێک سەیری پارەکەم دەکرد کە بە فێڵ دەستم کەوتبوو. لەجیاتی  تاوان هەستم بە چی کردبێت باشە؟
تورەبوون، هەرچی زیاترم لێ دەدزی، هەستم دەکرد کە چەندی لێ دزیوم.
بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ ئەو لەیەکچوونەی کە پێشتر وەسفی هندییەکانم پێ دەکرد، لە دواجاردا منیش ورگم زل بوو.
ئێوارەی یەکشەممەیەک بەڕێز ئاشۆک پێی گوتم ئەو ڕۆژە پێویستی پێم نییە. دوو پەرداخی گەورە ویسکیم هەڵقوڕاند، بۆ ئەوەی هێز بدەمە بەرخۆم.
چوومەوە بۆ ژووری خزمەتکارەکان، لێوگەڕەکە لەژێر پۆستەری
کچەئەکتەرێکی فیلمەکان دانیشتبوو.
هەرچی کاتێک سەرۆکەکەی لەگەڵ کچەئەکتەرێک کاتی بە سەر ببردایە.
ئەو پۆستەرەکەی بەسەر دیوارەکەدا لە بەرزی هەڵدەواسی-یاری کارتی دەکرد لەگەڵ شۆفێرەکانی تردا.
"باشە، دەتوانیت بڵێی کە چیت دەوێت، بەڵام دەزانم کە ئەو جۆکەرانە لە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردندا نایبەنەوە". سەیری سەرەوەی کرد و بینیمی.
"باشە، سەیرکە کێ لێرەیە، مامۆستای یۆگا هاتووە سەردانێکی بێوێنەمان بکات. بەخێر هاتیت، شەرەفمەندین بەڕێز".
زەردەخەنەیان کرد و ددانەکانیان دەرخست، زەردەخەنەمان بۆ کردن و ددانەکانمان دەرخست.
"باسی هەڵبژاردنەکانمان دەکرد. مشکی  لادێیی. دەزانی ئێرە وەکو تاریکی نییە. هەڵبژاردن یاری پێ ناکرێت، ئەمجارە دەچی بۆ دەنگدان؟
بە پەنجە بانگم کرد،
سەری "نا"ی لەقاند، دوایی مشکی  لادێیی، ئێستا گفتوگۆکردنی هەڵبژاردنم

زۆر پێ خۆشه.
زەرفە قاوەییەکەم شەکاندەوە، یەکسەر کارتەکانی دانا.
زۆرم لێ کرد کە بچینە خوارەوە بۆ گەراج،
هەر لەوێ لە سێبەری هۆنداستێکە پارەکانی ژمارد.
"باشە مشکی لادێیی. ئەمە هەموو پارەکەیە. ئەی کوا سەرۆکەکەت لە کوێیە؟
"من خۆم سەرۆکی خۆمم"
سەرەتا تێنەگەیشت.
دوای ئەوە شەویلاگەی داپچڕا، بە پەلە هاتە پێشەوە و باوەشی پێدا کردم."مشکی لادێیی!"
دیسانەوە باوەشی پێدا کردم."پیاوی خۆمی!" ئەویش خەڵکی تاریکی بوو.
شانازی بەوەوە دەکەیت کاتێک کە دەبینیت کەسێکی وەکو خۆت خواستی هەیە لە هەڵبژاردندا.
بە ئۆتۆمۆبیلە کواڵسەکەی سەرۆکەکەی بردمی بۆ ئوتێل. لە ڕێگە باسی ئەوەی کرد کاتێک سەرۆکەکەی دیار نابێت، کاری تاکسی نافەرمی دەکات.
ئوتێلەکە لە بەشی خواروو بوو. بەشی دووەمی یەکێک بوو لە باشترین بازاڕەکانی دەلهی، لێوگەڕەکە ئۆتۆمۆبیلە کواڵسەکەی کلیل دا، بزەیەکی کرد بۆ دڵنیاکردنەوەم.
لەگەڵم هات بۆ پرستگە.
پیاوێک بە قەمیسێکی سپی و قردێلەیەکی سپی ژێرملییەوە. پەنجەی لەسەر پەڕاوی ئامێری ژماردنەکەی دەجووڵاندەوە، پەنجەی لەسەر پەڕاوەکە ڕاگرت و کەوتە سەیرکردنم، لێوگەڕەکە چپاندی بە گوێیدا و هەندێ شتی ڕوون

کردەوە.

بەڕێوەبەرەکە سەری با دا. "ژنە قژ ئاڵتوونییەکە بۆ ئەوە؟"

دەستەکانی لەسەر مێزەکە دانا و لەسەر نووکی پەنجەکانی پێی وەستا و خۆی داچەمانەوە بۆ ئەوەی بمبینێت.

"بۆ ئەو؟"

لێوگەرەکە بزەیەکی بۆ کرد.

"سەیری ئێرەکە، دەوڵەمەندەکانی دەلهی هەموو ئەو ژنە قژزەردانەیان دەست کەوت کە ویستیان، کێ دەزانێت دوای ئەوە چییان دەوێت؟ ژنی قژسەوزی سەرمانگ؟ ئەمجارە دەوری چینی کرێکار دێت ڕیز ببەستن بۆ ژنی سپی. ئەمە دەبێتە داهاتووی کارەکەت، بەقسەی من بکەو بە باشی مامەڵەی لەگەڵ بکە،".

بەڕێوەبەر ماوەیەک دڵنیا نەبوو لەوە .دوایی پەڕاوی ژمێریارییەکەی بە توندی داخست و دەستی پان کردەوە.

بە پێکەنینەوە گوتی،" پێنجسەد ڕووپێ زیاترم بدەرێ. کرێی زیاد بۆ چینی کرێکار".

"پێم نییە"

"پێنجسەد ڕووپێم بدەرێ، ئەگینا پشتگوێی دەخەم".

سێسەد ڕووپێم دەرهێنا، ئەوندەی کە پێم مابوو. پارەکەی برد و قردێلەکەی ژێرملی ڕێک خستەوە و بە پێپلیکانەکاندا چووە سەرەوە.

لێوگەرەکە دەستی بە شانمدا هێنا و گوتی؛

"بەختێکی باش مشکی لادێیی؟ ئەمە بکە بۆ هەموومان. "

بە پێپلیکانەکاندا چوومە سەرەوە.

ژووری A ١١٤ بەڕێوەبەر وەستابوو گوێی نابوو بە دەرگاکەوە.  بە چپە دەیگوت  "ئەنەستازیا"؟
دووبارە لە دەرگاکەی داو گوێی پێوە نا گوتی "ئەنەستازیا لە ژوورەوەی؟"
پاڵی بە دەرگاکەوە نا، کرایەوە، گڵۆپی کرستاڵ، پەنجەرەیەک، پێخەفێکی سەوز، کچێکی قژزەرد لەسەر پێخەفەکە دانیشتبوو. هەناسەی حەسرەتم هەڵکێشا،چونکە هیچ لە کیم باسنجەر نەدەچوو، نیوەی ئەو جوان نەبوو.
تووشی سەرسووڕمان بووم، بە جۆرێک کە هەرگیز پێشتر وا نەبووم.
چۆن دەوڵەمەندەکان هەمیشە باشترین شتیان دەست دەکەوێت لە ژیاندا، ئەوەی ئێمە دەستمان دەکەوێت بەرماوەی ئەوانە. بەڕێوەبەرەکە هەردوو لەپی دەستی بەرز کردەوە بۆ دەموچاوم، کردییەوە و دایخستەوە، دووبارە کردییەوە.
بیست خولەکی تر ئەمەم بە سەر دێت. مشتی دەوەشاند،دوای ئەوەیش شەقی دەوەشاند.
"بەڵێ"
زرمەی لە دەرگاکە هەستاند و پێوەی دا.
ژنە قژزەردەکە هێشتا هەر سەیری نەدەکردم.
هێزم دایە بەرخۆم، بۆ ئەوەی لە تەنیشتی دانیشم،
گوێم لە لێدانێکی بەهێزی دەرگاکە بوو لە دەرەوە، گوێم لە دەنگی بەڕێوەبەر بوو گوتی کە گوێت لەمە بوو تەواو، تێگەیشتی؟
"بەڵێ!"
نزیکتر بوومەوە لە ژنی سەر تەختەخەوەکە
نە بەرگری لە خۆی کرد و نە هێزیشی دایە بەرخۆی، دەستم لە چەند

تالێکی قژی دا، بە هێواشی ڕامکێشا بۆ ئەوەی سەیرم بکات.
ماندوو دیاربوو، دەوروبەری چاوی شین ببووەوە، لەوە دەچوو کەسێک ڕووشاندبێتی.
زەردەخەنەیەکی گەورەی کرد بۆم.باش دەمزانی ئەوە زەرەخەنەیەکە کە خزمەتچییەکان بۆ سەرۆکەکانی دەکەن.
بە هندی پرسیتی "ناوت چییە؟"
ئەمەشیان-سوێند دەخۆم لە وڵاتەکەی، لە ئۆکرانیا مامۆستای فێرکردنی هندییان هەیە بۆ کچان.
"مونا"
بە زەردەخەنەوە گوتی "لە ڕاستیدا ئەوە ناو نییە، ئەوە یانی کوڕ."
ڕاست دەکەیت، بەڵام ئەوە ناوەکەمە،"
خێزانەکەم ناوێکی تریان لێ نەناوم."
دەستی کرد بە پێکەنینێکی بەرز، پێکەنینێکی زیوین، لەگەڵیدا قژە ئاڵتوونییەکەی هەڵبەزودابەزی دەکرد.
دڵم وەکو ئەسپ لێی دەدا، بۆنی عەترەکەی ڕاست چووە ناو مێشکمەوە دەزانی کاتێک کە منداڵ بووم ناوێکم لێ نرابوو بە زمانی خۆم بە واتای کچ، خێزانەکەم هەمان شتیان بەسەر مندا هێنا!"
گوتم سەیرە، ڕانەکانم گرمۆڵە کرد لەسەر تەختەخەوەکە لە گفتوگۆکردندابووین، پێی گوتم لەم ئوتێلەدا ڕقی لە مێشوولە و بەڕێوەبەرەکەیەتی.
سەرم با دا
ماوەیەک بەو جۆرە گفتوگۆمان کرد، دوایی گوتی "برادەر تۆ خراپ دیار

نیت-زۆر شیرینی،"

پەنجەکانی بەناو قژمدا هێنا

لەو کاتەدا لەسەر تەختەخەوەکەدا خۆم هەڵدا.

"خوشکەکەم تۆ بۆچی لێرەیت؟ ئەگەر خوازیاری ئەم ئوتێلە جێ بیلێت، بۆچی بە جێی ناهێلێت؟ گوێ بە بەرێوەبەر مەدە. من لێرە دەتپارێزم! من باڵرام حەلواچی براتم!"

گوتم بە دڵنیاییەوە ! ژیانم دەخەنە ناو فیلمە هندییەکانەوە.

"حەوت هەزار رووپێی شیرین بۆ بیست خولەک!"

ئەوەبوو کە بە ڕاستی گوتم، خۆم دا بەسەریدا، بە دەستێکم قۆڵیم خستە پشتی سەریەوە. کاتی ئەوە هاتبوو کە دەنووکم بخەمە ناوی، دەستەکەی ترم خستە ناو قژە ئاڵتوونییەکەیەوە.

هاوارم لێ بەرز بووەوە، ئەگەر مارمێلکەیەکیشت نیشانم بدایا، هەر ئەوندە هاوارم دەکرد.

پرسیتی چی بووە مونا؟

لەسەر تەختەخەوەکە بازم دایە خوارەوە و زللەیەکم لێی دا، ئەی خودایە، ئەو بیانیانەش ئەگەر بیانەوێت هاوار دەکەن. ئەگەر ئەو هەموو کاتە بەرێوەبەر لەوێ بوایە و گوێی بە دەرگاکەوە بنایا، پێدەکەنی و دەرگاکەی دەکردەوە و دەهاتە ژوورەوە.

هاوارم کرد بە سەریدا"ئەمە" بەقژ ڕامکێشا

ئەم ڕەنگە ئاڵتوونییە ڕاستی نییە، بێخەکەی ڕەشبوو! هەمووی بۆیە بوو. شانی هەڵتەکاند" بە حەوت هەزار چاوەڕوانی چی دەکەیت؟ قژی ڕاستی چل تا پەنجای تێ دەچێت."

خۆم هەڵدایە سەری، چەناگەیم گرت، پاڵیم نا بۆ لای دیوارەکە.

"پارەکەم دەوێتەوە"

ژنەکە هاوارێکی کرد لە پشتمەوە، ئاوڕێکم لێی دایەوە

ئەوە هەڵەی من بوو، دەبوو هەر لەوێ بەڕێوەبەرەکەم تەواو کردایە.

دوای دە چرکە بە دەموچاوی شین و ڕووشاوەوە لە دەرگای پێشەوە دەرچوومە دەرەوە، دەلەرزیم، دوای من زرمەی لە دەرگاکە هەستاند.

لێوگەڕەکە چاوەڕێی نەکردبووم، دەبوو بە پاس بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە.

بە درێژایی هەموو ئەو کاتە هەر سەری خۆمم دەشێلا، دەستم دەهێنا بە سەرمدا، حەوت هەزار ڕووپیێ ! گریانم دەهات.

دەزانی دەتوانیت چەن گامێش بکڕی بەو پارەیە. هەستم بە پەنجەکانی نەنکم دەکرد کە گوێمی پێ با دەدا.

دواجار دوای کاتژمێرێک لە قەرەباڵخی ڕێگەکە گەڕامەوە بۆ منارەی باکنگام.

لە دەستشۆرگە گشتییەکە برینەکانی سەرم شۆری، دەرزەنێک جار تفم کرد، بۆ ئەوەی هەمووی لەگەڵ هەموو شتەکاندا بچێت بۆ دۆزەخ. پێویستم بەوە بوو.

بە زەحمەت بەرەو ژوورەکەم چووم، شەقێکم لە دەرگاکە دا بۆ ئەوەی بکرێتەوە. تارماییەکم بینی،

یەکێک لەناو توولی مێشوولەکەدا بوو،

"دڵ لە دڵ مەدە باڵڕام، دەزانم خەریکی چی بوویت."

دەنگی پیاوێک، هەر باش بوو دەنگی باپیرم نەبوو. ئەوە یەکەم بیرکردنەوەم بوو.

بەڕێز ئاشۆک سووچێکی توولەکەی لابرد و سەیری کردم.
پێکەنینێک بەسەر دەموچاوییەوە بوو."بە تەواوی دەزانم خەریکی چی بوویت"
بەڕێز؟
بانگم کردیت وەڵامت نەبوو. بۆیە هاتمە خوارەوە
"بەڵام بە تەواوی دەزانم خەریکی چی بوویت...
شۆفێرەکەی تر، لێوگەڕەکە، ئاگاداری کردمەوە."
دڵم کەوتە ترپەترپ و سەرم داگرت بۆ سەرزەوی
گوتی "تۆ لە پەرستگە بوویت، دەپاڕایتەوە و نزات دەکرد بۆ تەندروستیم."
گوتم "بەڵێ گەورەم"، ئارەق بە دەموچاومدا دەهاتە خوارەوە
"ڕاست دەکەیت گەورەم"
بە نەرمی گوتی "وەرە ناو توولەکە". چوومە ناوەوە. لە تەنیشتی دانیشتم
"باڵڕام تۆ لەناو ئەم کونەدا دەژیت. هەرگیز بەوەم نەزانیبوو، داوای لێبوردن دەکەم"
"باشە گەورەم، ڕا هاتووم"
"باڵڕام هەندێک پارەت دەدەمێ، سبەینێ بچۆ بۆ خانوویەکی باشتر، دەستی گرتم و ئەمدیو و ئەودیوی کرد."باڵڕام ئەم هەموو نیشانە سوورە چییە لەناو لەپت؟ لە خۆت داوە؟"

"نەخێر گەورەم... نەخۆشی پێستە، ئێرەشم هەیەتی، پەنای گوێم-سەیری ئەو هەموو پەڵە پەمەییانە؟"
هاتە پێشەوە، لووتم پڕ بوو لە عەترەکەی، بە پەنجەی گوێچکەمی بە نەرمی

نووشتاندەوە و سەیری کرد.

ئەی خودایە، هەرگیز بەمەم نەزانیبوو، هەموو ڕۆژێک لە پشتی تۆوە دادەنیشم و هەرگیز——"

"خەڵکانێکی زۆر ئەم نەخۆشییەیان هەیە. زۆر خەڵکی هەژار"

"بە ڕاستی. بەوەم نەزانیبوو، دەتوانیت چارەسەری بکەیت؟"

"نەخێر گەورەم، نەخۆشی هەژار هەرگیز چارەسەری نییە. نەخۆشی هەوکردنەوەی سییەکان باوکمی کوشت."

"باڵڕام سەدەی بیستویەکە، دەتوانرێت چارەسەری هەموو شتێک بکرێت. تۆ بڕۆ بۆ نەخۆشخانە و چارەسەری بکە. بێڵەکەم بۆ بنێرە. خۆم پارەکەی دەدەم."

گوتم سوپاس بەڕێز

"بەڕێز دەتەوێت بتبەم بۆ شوێنێکی ناوشار؟"

لێوەکانی لێک کردنەوە و دایخستەوە بێ ئەوەی هیچ بڵێت

دوو جار وای کرد. دوایی گوتی:

"باڵڕام ڕێگەی ژیانم هەمووی هەڵەیە. دەزانم. بەڵام جورئەتی گۆڕینیم نییە، بێ گونم "گەورەم ئەوندە بیری لێ مەکەوە. تکایە با بچینە سەرەوە،ئەم شوێنە شوێنی پیاوی وەکو تۆ نییە"

" لێ دەگەڕێم با خەڵک بمچەوسێننەوە، ئەوەی لە ژیانمدا ویستوومە بیکەم هەرگیز نەمکردووە    من...."

سەری خوار کردەوە، سەرتاپای لەشی ماندوو دیار بوو.

گوتم گەورەم دەبێ شتێک بخۆیت، ماندوو دیاریت

پێکەنینێکی گەورەی منداڵانەی پڕ لە متمانەی کرد.

"باڵڕام تۆ هەمیشە خەمی منتە."

"باشە دەمەوێت بخۆم. بەڵام نامەوێت بچم بۆ ئوتێلێکی تر.

باڵڕام بێزارم لە ئوتێل، بمبە بۆ ئەو شوێنەی کە خۆت نانی لێ دەخۆیت"

بەڕێز؟

"بێزارم لەو خواردنەی کە دەیخۆم، بێزارم لەم ژیانە ئێمەی دەوڵەمەند

ڕێگەی خۆمان ون کردووە باڵڕام

دەمەوێت ببمە پیاوێکی سادەی وەکو تۆ"

بەڵێ بەڕێز

چووینە دەرەوە، پێشی کەوتم بۆ ئەوبەرەوە بۆ چایخانەکە"

"داواکە باڵڕام، خواردنێکی باو داوا بکە."

داوای بامێو قەرنابیتو توورو سپێناخ و نیسکم کرد

بەشی خێزانێکی تەواو، یان پیاوێکی دەوڵەمەندی دەکرد.

خواردی و قرقێنەی دایەوە

هەندێکی تری خوارد

ئەم خواردنە سەرسووڕهێنەرە، هەروەها تەنها بیستوپێنج ڕووپێیە! ئێوەیش

باش دەخۆن،

داوای ماستاوم کرد بۆی

هەر کە یەکەم قومی لێ دا. زەردەخەنەیەکی کرد.

"منیش حەز دەکەم ئەو جۆرە خواردنانەی ئێوە بخۆم."

"بەم زووانە وەرەقەی جیابوونەوەکە دێت. پارێزەرەکە وای گوت"

"باشە"

له ئێستاوه دەست بە گەڕان بکەیتن؟

بۆ پارێزەرێکی تر؟"

"نا بۆ کچێکی تر."

"زۆر زووە مووکێش، تەنها سێ مانگ بە سەر ڕۆیشتنەکەیدا تێپەڕیوە."

بەڕێز ئاشۆکم برد بۆ وێستگەی شەمەندەفەر

دیسانەوە مۆنگۆس لە دنبادەوە هاتەوە بۆ شار

هەردووکیانم برد بۆ ئەپارتمانەکە.

باشە. پەلە مەکە، بەڵام پێویستە ژن بهێنیتەوە.

ئەگەر بێ ژن بمێنیتەوە خەڵکی ڕێزت لێ ناگرن

ڕێز لە ئێمە ناگرن کۆمەڵگەی ئێمە ئاوهایە. گوێ لە من بگرە

جاری پێشوو گوێت نەگرت کاتێک کە کچێکت خواست.

لە دەرەوەی خێڵ و ئایینی خۆمان.

تەنانەت ڕازی نەبوویت بەوەی کە مارەیی لە دایک و باوکی وەرگریت،

ئەمجارەیان خۆمان کچێکت بۆ هەڵدەبژێرین.

دەەتوانم بڵێم گوێم لە هیچ نەبوو.

بەڕێز ئاشۆک ددانەکانی جیڕ کردەوە

مۆنگوس گوتی دەتوانم بڵێم سەری گرت

"باشە دوایی قسەی لێ دەکەین، ئێستا ئەمە بگرە، جانتایەکی سووری دایە

دەست براکەی کە لە دنبادەوە هێنابووی لەگەڵ خۆی.

بەڕێز ئاشۆک جانتاکەی کردەوە و سەیرێکی ناوەکەی کرد

یەکسەر مانگوس بە توندی دایخستەوە

"شێت بوویتە؟ لێرە لەناو ئۆتۆمۆبیلەکە مەیکەرەوە، بۆ موکشانە، پیاوە

یاریدەدەرە قەڵەوەکە، دەیناسیت، وا نییە؟"

"بەڵێ دەیناسم ئەی پێشتر پارەمان داوە بەو زۆڵانە"

"وەزیر زیاتری دەوێت، کاتی هەڵبژاردنە. هەرچی جارێک کاتی هەڵبژاردن بێت پارەی نەخدیان دەدەینێ. بە هەردوو لا، بەڵام ئەمجارەیان بە دڵنیاییەوە حوکوومەت دەیباتەوە. ئۆپۆزسیۆنەکان بە تەواوی پەرشوبڵاون هەر دەبێت پارە بدەین بە حوکوومەت، ئەوەیش لە بەرژەوەندی خۆماندا دەبێت. یەکەمجار دێم لەگەڵت، بڕە پارەیەکی زۆرە، بەڵام لەوانەیە وا پێویست بکات کە دووەمجار و سێیەمجاریش بچیت. دوو بیرۆکرات هەن، دەبێت دەمیان چەور بکەیتن، تێگەیشتی؟"

"لەوە دەچێت ئەمە هەموو ئەو شتانە بێت کە دەبێت لە دەلهی بیکەم. لە بانک پارە ڕاکێشم و بیدەم بە بەرتیلدا.

بۆ ئەم شتانە گەڕامەوە بۆ هند؟"

"بە گاڵتەی وەرمەگرە ئەوەشت بیر نەچێت هەموو جارێک داوای جانتاکە بکە،جانتایەکی باشە لە ئیتاڵیا دروست کراوە، پێویست ناکات دیاریی زیاتریان بدەیتێ، تێگەیشتیت؟. ئاە، چ دۆزەخێکە ترافیکێکی لەعنەتی تر."

"باڵڕام دیسان گۆرانی ستنگی بخەسەر، باشترین گۆرانییە بۆ کاتی پاڵەپەستۆی ترافیک"

"ئەم شۆفێرە دەزانێت ستنگ کێیە؟"

"بە دڵنیاییەوە، دەزانێت کە یەکێکە لەو سیدییانەی کە زۆرم حەز لێیە. باڵڕام CD ستنگمان نیشان بدە، سەیرکە، سەیرکە، ستنگ دەناسێت."

سیدییەکەم خستەسەر، دە خولەک بە سەر چوو، ئۆتۆمۆبیلەکە یەک ئینچ نەجوولا،ستنگم گۆڕی بۆ ئانیا[11] و ئانیام گۆڕی بۆ ئێمەنێم، فرۆشیارەکان لە ئۆتۆمۆبیلەکە نزیک دەکەوتنەوە بە سەبەتەیەک پرتەقاڵ و چیلەکەوە لەناو کیسەی پلاستیکیدا یان ڕۆژنامەدا یان ڕۆمانی ئینگلیزی. سواڵکەرەکانیش تاویان دەدا. سواڵکەرێک یەکێکی تری لە کۆڵ نابوو دەڕۆیشت لەم ئۆتۆمۆبیل بۆ ئەوی تر، ئەوەی کە لە سەرشانی نابوو هەردوو ڕانی لە ئەژنۆوە نەمابوو، بە یەکەوە لە ئۆتۆمۆبیلێەکەوە دەچوون بۆ ئەوی تر، کەسە بێ ڕانەکە ناڵەناڵی بوو، ئەوانی تر لە جامەکەیان دەدا و دەیانکڕاند، بێ ئەوەی زۆر بیری لێ بکەمەوە، جامی ئۆتۆمۆبیلەکەم داگرت، ڕووپێیەکم دەرکردە دەرەوە، برادەرە بێ ڕانەکە وەریگرت و دەستی پێزانینی بەرز کردەوە، جامەکەم بەرز کردەوە.

یەکسەر ئەوانەی پشتەوە لە قسەکردن کەوتن، "کێ پێی گوتی وا بکەیت"

گوتم بمبوورە بەڕێز،

"بۆچی ڕووپێیەکت دا بەو سواڵکەرە؟

مۆسیقاکە لابە.

بە ڕاستی ئەو ئێوارەیە دەردیان دامێ

سەرەڕای ئەوەی قسەکانیان تێکەڵاوبوو لە هندی و ئینگلیزی، هەردوو براکە بە هندییەکی سادە قسەیان دەکرد. بە تەواوی لە بەرژەوەندی مندا بوو

پیرەمێردە خوێنرێژەکە گوتی :" ئەی هەرچی جارێک کە دەچین بۆ پەرستگە پارە نادەین؟

هەموو ساڵێک بەخشش دەدەین بە دامەزراوەی سەرەتان. ئەو کارتانە دەکرێم

---

[11] ئانیا و ستینگ و ئیمەنێم سێ گورانی بێژن.

که قوتابیان دەیفرۆشن.
ئەو ڕۆژە لەگەڵ ژمێریارەکەمان قسەم دەکرد، دەیگوت گەورەم پارەت لە بانکدا نییە، هەمووت لە دەست داوە.
دەزانیت لەم وڵاتەدا زەریبە چەند بەرزە؟"
خوێنڕێژە گەنجەکە گوتی "ئەگەر هەموو پارەکانمان بدەین ئەی چی بخۆین."
ئەوەی کە سەرسامی کردبووم ئەوە بوو کە هیچ جیاوازییەک نەبوو لەنێوان هەردووکیاندا. هەردووکیان تۆوی باوکیان بوون. بۆ گەڕانەوە بەرەوماڵەوە، مانگوس چاوی هەر لەسەر ئاوێنەی پشتەوە بوو، بە جۆرێک سەیری دەکرد وەکو ئەوەی کە بۆنی شتێکی گاڵتەئامێزی کردبێت.
کاتێک گەیشتینە باکینگام B گوتی "باڵڕام سەرکەوە بۆ سەرەوە."
"بەڵێ گەورەم"
شانبەشانی یەک وەستاین. دەرگای ئەپارتمانەکەی کردەوە، ئاماژەی بۆ زەوییەکە کرد و گوتی ئیسراحەتی خۆت وەرگرە.
بە چینچکانەوە دانیشتم لەژێر ڕەسمەکەی کەدڵ و پەدڵ، هەردوو دەستم لەنێوان ئەژنۆکانم دانابوو. ئەو لەسەر کورسییەک دانیشت، دەموچاوی لەناو لەپیدا بوو، لێم ڕا ما، برۆکانی گرژ کرد، دەمتوانی بزانم کە چ بیرکردنەوەیەک ڕێک دەخات لە مێشکیدا، لەسەر کورسییەکەی هەستا، هات بۆ ئەو شوێنەی کە بە چینچکانەوە دانیشتبووم، لەسەر یەک ئەژنۆ نزم بۆوە. مشەمشیکی کرد. "هەناسەت بۆنی زیرەی لێ دێت"
"بەڵێ گەورەم"
"خەڵکی ئەوە دەجوون بۆ ئەوەی بۆنی ئەلکهولەکەیانی پێ بشارنەوە. خواردووتەوە؟"

"نەخێر گەورەم لە خێڵەکەی من خواردنەوەی بێهۆشکەر قەدەغەیە"
بەردەوام بوو لەسەر بۆنکردن، نزیکتر کەوتەوە لێم.
هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و لەناو ورگمدا هێشتمەوە و دوایی بەهێز دەرمپەڕاندە دەرەوە ڕاست بۆ دەمووچاوی.
بە ترسەوە تەماشای کردم، "باڵڕام ئەوە قێزەونە"
هەستا و دووهەنگاو چووە دواوە
"ببوورە گەورەم"
"بۆ دەرەوە"
دەرچوومە دەرەوە ئارەقم کردبوو.
ڕۆژی دواتر ئەو و بەڕێز ئاشۆکم بە ئۆتۆمۆبیل برد بۆ چەند ماڵێک لە وەزیر و بیرۆکراتەکان لە نیودەلهی بە جانتای سوورەوە دەهاتنە دەرەوە. دوای ئەوە بردیانم بۆ ئوتێل لەوێ نانی نیوەڕۆیان خوارد، بە ستافی ئوتێلەکەم گوت کە خواردنەکە پەتاتەی تیا نەبێت، دوای ئەوە مۆنگوسم بە ئۆتۆمۆبیل گەیاندە وێستگەی شەمەندەفەر. هەڕەشە و ئاگادارییەکانیم وەرگرت، رادیۆ و A/C ئێرکۆندشنەر و مۆسیقا نییە، بەفیڕۆدانی گاز نییە، شتی تر و تر و تر.
لەسەر شۆستەکە وەستام تەماشام دەکرد، ژەمە سووکەکەی دەخوارد، کاتێک شەمەندەفەرەکە ڕۆیشت دەستم بە سەماکردن و چەپڵەلێدان کرد بە دەوری شۆستەکەدا، دووان لە بێخانەولانەکان سەیریان دەکردم. پێکەنین و ئەوانیش دەستیان بە چەپڵەلێدان کرد. یەکێکیان دەستی کرد بە گوتنی گۆرانی دوا فیلمی هندی، بە یەکەوە لەسەر شۆستەکە دەستمان کرد بە سەما.

بۆ سبەی بەیانی لەناو  ئەپارتمانەکە بووم بەڕێز ئاشۆک ڕاڕا و پەشۆکاو دیار بوو، جانتا سوورەکەی بە دەستمەوە بوو، خەریک بوو بڕوات تەلەفۆنێ بکات. گوتم جانتاکە دەبەمە خوارەوە بەڕێز، لەناو ئۆتۆمۆبیلەکە چاوەڕێ دەبم.

دوودڵ بوو، دوایی جانتاکەی هەڵگرت و بە لایەکەی مندا ڕۆیشت " دوای خولەکێک دەگەمە لات."

دەرگای ئەپارتمانەکەم داخست. چووم بۆ لای ئەلەڤەیتەرەکە، پەنجەم بە دوگمەکەدا نا و چاوەڕیم کرد. جانتایەکی قورس بوو، دەبوو هەر ئەمدەست و ئەودەستی پێ بکەم. ئەلەڤەیتەرەکە گەیشتە نهۆمی چوارەم

سووڕامەوە و لە باڵکۆنی نهۆمی سیانزەهەمەوە تەماشای دیمەنەکانم دەکرد. گلۆپەکان لە بازاڕەکانی گورگۆن دەبریسکانەوە تەنانەت بە ڕۆژیش. هەفتەی ڕابردوو بازاڕێکی تازە کرایەوە،یەکێکی تر لەژێر کارکردندا بوو. شارەکە لە گەشەسەندندا بوو.

ئەلەڤەیتەرەکە خێرا دەچووە سەرەوە، خەریک بوو بگاتە  نهۆمی یانزەهەم. سووڕامەوە و ڕام کرد، شەقێکم لە دەرگاکە دا کە بۆ هەڵاتن بوو لە کاتی ئاگرکەوتنەوەدا. بە پەلە بە دوو پێپلیکانەی تاریکدا چوومە خوارەوە.

جانتاکەم کردەوە.

یەکسەر سەرپێپلیکانەکان پڕ بوو لە ڕووناکی، ئەو جۆرە ڕووناکییە تەنها لە پارەوە دەردەچێت.

دوای بیستوپێنج خولەک بەڕێز ئاشۆک هاتە خوارەوە، پەنجەی بە دوگمەی مۆبایلەکەیدا نا، جانتا سوورەکەی بینی چاوەڕێی دەکرد لەسەر کوشنی دانیشتنەکەی. لەگەڵ پێوەدانی دەرگاکەدا  CDییەکی ڕەنگ زیوینی

بریسکەداری ستنگمی هەڵگرت، گەورەم گۆرانی ستنگت بۆ بخەمەسەر؟
لە کاتی لێخوڕیندا زۆر هەوڵم دا نیگام نەچێتە سەر جانتا سوورەکە، ئازاربەخشبوو بۆ من، وەکو ئەو کاتانە بوو کە پینکی خان بە تەنوورەی کورتەوە دادەنیشت.
لە کاتی ترافیکی سووردا سەیرێکی ئاوێنەی پشتەوەم کرد، سمێڵە پڕەکەمم بینی لەگەڵ شەویلاگەم، دەستم لە ئاوێنەکە دا، گۆشەی وێنەکە گۆڕا.
دوو برۆی درێژی جوانی کەوانەییم بینی لە هەردوو لای جومگەیەکی بەهێزی ناوچەوان، دوو چاوی ڕەش دەبریسکانەوە لەژێر ئەو جومگە توندانەدا، وەکو چاوی پشیلە بوو کە سەیری نێچیرەکەی بکات.
بەردەوامبە سەیری جانتا سوورەکە بکە باڵڕام، ئەوە دزی نییە.
وا نییە؟
سەرم با دا. تەنانەت ئەگەر نیازی دزیشت بووبێت، ئەوە هەر نابێتە دزی.
چۆن؟
سەیری ئەو داهێنراوەم کرد لە ئاوێنەکەدا.
بەڕێز ئاشۆک پارە دەدا بە هەموو سیاسەتمەدارەکانی دەلهی بۆ ئەوەی لێی خۆش بن لەو باجەی کە دەبێت بیدات.
لە کۆتاییدا کێ دەبێتە خاوەنی ئەو باجە؟
کێ؟ خە ڵکی ئاسایی ئەم وڵاتە-تۆ!
چییە باڵرام؟ شتێکت گوت؟"
لە ئاوێنەکەمدا دیسان سمێڵم دەرکەوت،چاوەکانم دیار نەمان. تەنها دەموچاوی خۆم سەیری دەکردم.
"ئەم برادەرەی پێشم بە پەلە لێدەخوڕێت بەڕێزم،مڕاندم"

"ئارامبە باڵڕام تۆ شۆفێرێکی باشیت، مەهێڵە خراپەکان کارت لێ بکەن.
شارەکە بە نهێنی منی دەزانی. بەیانییەکیان ماڵی سەرۆک، بە تەمێکی دووکەڵاوی داپۆشرابوو، لەوە دەچوو لەو ڕۆژەدا حوکوومەت لە دەلهیدا نەمابێت.
پیسییەکی چڕ سەرۆکوەزیران و وەزیرەکان و بیرۆکراتەکانی شاردبووەوە.
پێی گوتم هیچ شتێک لەوانە نابینن کە دەیکەیت، بە دڵنیاییەوە، بە لای دیوارە سوورەکەی پەرلەماندا تێدەپەڕین، چاودێرێک بە چەکێکەوە سەیری دەکردم لە کونی دیوارە سوورەکەوە، هەر کە منی بینی چەکەکەی داگرت.
بۆچی ڕاتگرم؟ ئەگەر لە تواناMدا هەبێت هەمان شت دەکەم.
شەو ژنێک بە جانتایەکی سێلۆفۆنەوە دەڕۆیشت، لەبەر ڕووناکی پێشەوەی ئۆتۆمۆبیلەکە دیاربوو چی لەناو چانتاکەدا بوو، جانتا ڕوونە سێلۆفۆنەکەی سووڕاند. چوار میوەی گەورەی تۆخم بینی لەناو کیسەکەدا بوو، هەر میوەیەکی سەوز دەیگوت کردووتە و تەواو، لەناو دڵتدا بردووتە، پاشان لایتەکە ئەوی تێپەڕاند، سێلۆفۆنەکە گۆڕا بۆ ڕەنگێکی تۆخ، چوار میوە سەوزەکە دیار نەمان.
تەنانەت ڕێگەکەش. هەموو ڕێگە بریسکەدارە نەرمە باشەکانی هند-نهێنی منیان دەزانی.
ڕۆژێکیان لای ترافیک لایتەکە، شۆفێری ئۆتۆمۆبیلەکەی تەنیشتم جامەکەی داگرت و تفی هەڵدایە دەرەوە، پانی دەجوویی،گۆلاوێکی بچووکی سووری تف بە سەرشەقامە گەرمەکەی نیوەڕۆدا بڵاو بووەوە، وەکو شتێکی زیندوو بڵاو دەبووەوە.
دوای چرکەیەک دیسان تفاندییەوە، مێرگی بچووکی دووەمی لەسەر

شەقامەکە دروست کرد. سەیری هەردوو مێرگە بچووکە تفە سوورەکەم کرد.

دوای ئەوە.

| | |
|---|---|
| مێرگی تفی دەستەڕاست لەوە دەچوو کە بڵێت باوکت دەیەوێت ببێ بە پیاو. | گۆلاوی تفی دەستەچەپ لەوە دەچوو کە بڵێت باوکت دەیەوێت پیاوێکی ڕاستگۆ بێت. |
| بەڕێز ئاشۆک وای لێت کرد لۆمەی کوشتنی منداڵەکە بخەیتە سەر خۆت، کە ژنەکەی ئەو کوشتی لەسەر ڕێگاکە. | بەڕێز ئاشۆک لێی نەداوی یان تفی لێ نەکردوویت، وەکو ئەوەی کە خەڵک کردوویانە بەرامبەر بە باوکت. |
| ئەمە بڕێکی زۆر کەمە تۆلە شار دەژیت، چەندێک پاشەکەوت دەکەیت؟ هیچ. | بەڕێز ئاشۆک پارەیەکی باشت دەداتێ،مانگی ٤٠٠٠ ڕووپێ هەقدەستەکەی بۆت کۆ کردبووەوە بێ ئەوەی خۆشت داوای بکەیت. |
| ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە بەڕێز ئاشۆک. هەڕەشە لە خێزانەکەت دەکات، خوێنت دەکوڵێنێت! | بیرت بێت کە گامێش چی بە خزمەتکاری خێزانەکەی کرد، بەڕێز ئاشۆک بە باوکی دەڵێت کە هەمان شت بەسەر خێزانەکەتدا بێنێت ئەگەر تۆ ڕا بکەیت. |

دەموچاوم وەرگێڕا لە مێرگە سوورەکە، سەیری جانتا سوورەکەم کرد لە ناوەڕاست ئاوێنەکەوە دیار بوو. وەکو دڵێکی ئاشکرا لەناو هۆنداستی، ئەو ڕۆژە بەڕێز ئاشۆکم لای ئوتێل ئیمپریال دانا، گوتی باڵڕام بیست خولەکی تر دەگەڕێمەوە. لەجیاتی ئەوەی ئۆتۆمۆبیلەکە لەوێ ڕا بگرم بردم بۆ وێستگەی شەمەندەفەرەکە لە پاهار گەنج کە لە ئوتێلەکەوە دوور نەبوو.

خەڵکی لە سەرزەوی وێستگەکە پاڵ کەوتبوون، سەگەکان بۆنی پاشماوەکانیان دەکرد. هەوا بۆنی بۆگەنی لێ دەهات.

*بەو شێوەیە بوو کە پێشبینیم کردبوو.*

کاتی دەرچوونی شەمەندەفەرەکە هەڵواسرابوو لەسەر تەختەڕەشەکە

بیناراس___جامو___ئامریتسار___مومبای___ڕانچی

بڵێیت کاتی دەرچوونی من کەی بێت، جانتا سوورەکەم بە دەستمەوە بێت و بێم بۆ ئێرە؟

ئەو کاتە بازنە بریسکەدارەکان و ڕووناکییەکی گەش لە تاریکیدا پرتەپرت دەکەن.

وەکو ئەوەی کە وەڵامێک بێت بۆ پرسیارەکەم.

ئەگەر سەردانی هەر وێستگەیەکی شەمەندەفەر بکەیت لە هندستان، دەوەستی و چاوەڕێی شەمەندەفەرەکەت دەکەیت و دەبینیت ڕیزێک مەکینەی نامۆ کە گڵۆپی سووریان پێوەیە، ژمارەیەک تایەی پێوەیە بە بازنەی زەرد دەورە دراوە، ئەوانە بۆ بەختگرتنەوە و خۆکێشانە بەرامبەر بە ڕووپێیەک لە سەرشۆستەی هەموو وێستگەیەکی شەمەندەفەر هەیە لە وڵاتەکەدا.

بەو جۆرە کار دەکەن. جانتاکانیان لە لایەکەوە دادەنێن. لەسەری دەوەستن، ڕووپێیەکی کانزایی تێ دەکەیت، دەست بە کار دەکات، لە ناوەوە تەقەتەق دەکات، گڵۆپەکان شێتانە پرتەپرت دەکەن، دوایی دەنگێکی بەرزی لێوە دێت تکتێکی مقەبای ڕەنگکراو بە ڕەنگی سەوز یان زەرد دەردەپەڕێتە دەرەوە لە مەکینەکە. دەنگەدەنگ و ڕەنگەکە ئارام دەبنەوە، لەسەر ئەو وەرەقەیە بەختت نووسراوە و کێشیشت بە کیلۆگرام.

دوو جۆر لە خەڵک ئەم مەکینانە بە کار دەهێنن، منداڵی دەوڵەمەندەکان، منداڵی هەرزەکاری هەژاران کە تا لە ژیاندا ماون هەر بە منداڵی دەمێننەوە. لای مەکینەکە وەستام وەکو پیاوێکی بێمێشک، شەش مەکینە دەبریسکانەوە بۆم، گڵۆپی سەوز و زەرد، ئاڵتوونی و ڕەش دەسووڕانەوە و دەسووڕانەوە. لەسەر یەکێک لەو مەکینانە وەستام، ڕووپێیەکم کردە قوربانی، پارە کانزاییەکە تەقەی هات، کەوتە دەنگەدەنگ، ڕووناکی زیاتری دەرخست.

تکتێکی هاویشتە دەرەوە

کۆمپانیای لۆنا بۆ کێشان نییودەلهی ٠٥٥ ١١٠

کێشت ٥٩

"ڕێزگرتنی یاسا یەکەم داوای خوداکانە"

تکتە مقەباکەم فڕێدایە سەرزەوی و پێکەنیم. تەنانەت لێرەش لەسەر ئامێری خۆکێشانی وێستگەی شەمەندەفەریش دەیانەوێت بمانخەڵەتێنن.

لێرە لە پێش دەرگای ئازادی پیاوان، پیش ئەوەی شەمەندەفەرەکە بەرەو ژیانێکی نوێ هەنگاو بنێ، پرتەپرتی سووڕانەوەی ئامێرەکە زەنگی دوا ئاگادارکردنەوەیە بۆ کردنە ناو قەفەس.، زەنگی ئاگادارکردنەوەی قەفەز لە لێداندا بوو.

تایەکان دەسووڕانەوە، گڵۆپی سوور پرتەپرتی بوو. کەڵەشێرێک لە قەفەزەکە دەرپەڕی و دەرباز بوو، دەستێکی درێژ ملمی گرت بۆ ناو قەفەزەکە. تکتەکەم هەڵگرتەوە و خوێندمەوە، دڵم دەستی بە لێدانێکی بەپەلە کرد.لە سەرزەوییەکە دانیشتم. بیر بکەوە باڵرام، بیر بکەوە، گامێش چی بە خێزانی خزمەتچییەکەی خۆی کرد.

گوێم لە شەقەی دوو باڵ بوو بە سەرسەرمەوە،کۆترەکان لە سەربانی دەوری وێستگەکە نیشتبوونەوە. دووانیان لە سەربانەکەوە هەڵفڕین و یەکسەر بە دەوری سەرمدا بە هێواشی دەخوولانەوە، سینگی ئەوانی تری ڕادەکێشا و چڕنووکی خوێناوی دووانیانم بینی. دوور نەبوون لێمەوە،ژنێکم بینی لە سەرزەوییەکە پاڵ کەوتبوو بە دوو مەمکی پڕی جوانەوە لەناو بلووزێکی تەسکدا پرخەی دەهات، رویێیەکم بینی لەنیوان شەقی مەمکەکانیدا.

پیت و ڕەنگی ڕووپێکە دیاربوو لەنێوەندی بلووزە چنراوە سەوزە بریسکەدارەکەوە. جانتای نەبوو. ئەوە هەموو شتێکی بوو کە هەیبوو لە دنبادا تەنها ڕووپێیەک لەگەڵ ئەوەشدا سەیرکە، بە دڵنیایەوە پرخەی دەهات بێگوێدانە دنیا.

بۆچی شتەکان بۆ من ئاوها سادە نابنەوە؟

دەنگی هێواشی هەنگاوێ وای لێ کردم کە ئاوڕ بدەمەوە.

سەگێکی ڕەش لە پشتمەوە بە بازنەیی دەسووڕایەوە.پێستیکی پەمەیی وەکو پینەی برینێکی کراوە دەبریسکایەوە لەسەر لای چەپی قنگی، بە دەوری خۆیدا سووڕایەوە هەوڵی دا قەپاڵ لە برینەکەی بگرێت، ددانەکانی نەدەگەیشتن بە برینەکە.

شێت ببوو لەبەر ئازار. بە دەمە لیکاوییەکەی دەیویست هێرش ببات بۆ برینەکەی. هەر بەردەوام بوو لەو سووڕانەوە شێتانەیە. سووڕانەوەیەکی بێسوود، سەیری مەمکە توندەکانی ژنە خەوتووەکەم کرد. لە پشتمەوە دەنگی قەپاڵی سەگەکە هەر بەردەوام و بەردەوام بوو.

ئەو یەکشەممەیە مۆڵەتم لە بەڕێز ئاشۆک وەرگرت، گوتم دەمەوێت بچم بۆ پەرستگە، بە پاس چووم بۆ شار بۆ قوتب، لەوێشەوە بە جێبی تاکسی چووم بۆ شەقامی GB.

بەڕێز سەرۆکی وەزیران، ئەمە بەناوبانگە (بە ئینگلیزی پێی دەڵێن) "ناوچەی گڵۆپی سوور" لە دەلهی. بەسەربردنی کاتژمێریک لەوێ و سڕینەوەی هەرچی بیرکردنەوەیەکی شەیتانانە بوو لە مێشکمدا. کاتێک کە تۆ بەند دەکەی لە بەشی خوارەوەی لەشتدا. دەتبزوێنێ بەرەو کاری شەیتانانە لەو شلەیەی کەلە بەشی سەرەوەی لەشتدایە. ئێمەی خەڵکی تاریکی ئەوە دەزانین ئەوە حەقیقەتە.

کاتژمێر پێنج بوو هێشتا هەر دنیا ڕووناک بوو. بەڵام ژنەکە چاوەڕێی منی دەکرد. هەر وەکو چاوەڕێی هەموو پیاوێکی دەکرد لەو ڕۆژەدا و لە تەواوی کاتەکانیدا.

پێشتر لەم شەقامانە بوومە، هەر وەکو ددانم پێدا نا بۆت، بەڵام ئەمجارە جیاوازە، گوێم لێیان بوو لە سەرەوە. ژنەکان لە پەنجەرە بۆیەکراوەکانی ماڵی لەشفرۆشەکانەوە گاڵتەیان پێ دەکردم و بە داگرتنی پەنجەکەڵەیان بەرەو خوار و نووشتانەوەی چوار پەنجەکەی تر ئاماژەی ئەوەیان دەکرد کە من کەسێکی دۆڕاوم.

ئەمجارەیان خۆم بۆ ڕا نەگیرا کە سەیریان بکەم.

پانچییەکە لەسەر تەختەیەک دانیشتبوو لە دەرەوەی دەرگا شینە نەخشێنراوەکەی ماڵی لەشفرۆشەکان، بە چەقۆ بەهاراتەکانی لە گەڵا تەڕەکان جیا دەکردەوە، کە لە قاپێکی قووڵی ئاو دەریدەهێنا، ئەوە یەکەم هەنگاو بوو بۆ ئامادەکردنی پان. لە شوێنێکی چوارگۆشەی بچووکدا، لە خوار کەپرەکەوە پیاوێکی تر دانیشتبوو شیری دەکوڵاند لەسەر ئاگرێکی شینی تەباخی گاز.

"چیتە؟ سەیری ژنەکە بکە."

گەوادەکە پیاوێکی بچووکی لووتزلی داپۆشراو بە بالووکە بوو.مەچەکی گرتم،" لەوە دەچێت کچی بیانیت پێ هەڵبسوورێت. کچە نیپاڵییەکە ببە، جوان نین؟ سەیریان بکە کوڕم". چەناگەی گرتم.

لەوانەیە وا بزانێت کوڕێکی شەرمنم و ئەوە یەکەمجارم بێت بێم بۆ ئێرە.

زۆری لێ کردم کە سەیری سەرەوە بکەم، نیپاڵییەکان لەوێ بوون.

بە ڕاستی جوان دیار بوون لە پشت پەنجەرەکەوە. پێستێکی زۆر کاڵ و چاوی چینییەکانیان هەیە، کە ئێمەی هندی شێت دەکەن. دەستی گەوادەکەم لابرد لەسەر دەموچاوم.

"کامەیانت دەوێت، بیبە! هەموویان ببە، پیاوێکی تەواو نیت کوڕم؟"

ئاسایی ئەوە بەسبوو بۆ من. ڕام کردە ناو ماڵی لەشفرۆشەکانەوە دەمویست کەسێک بکوژم،بەڵام جاری وایە چەنێک ئاژەڵێتی لە پیاودا هەبێت لەوانەیە باشترین شت بێ لەودا.

هیچ شتێک لەخوار ناوقەدمەوە نەجووڵا، وەکو بەبەغا بوو لەناو قەفەزدا. وەکو ئەوەی ئاژەڵێک سواری ئاژەڵێکی تر ببێت.

پانفرۆشەکە لە جێی خۆیەوە هاواری کرد." پان بجووە، یارمەتیت دەدات،

ئەگەر کێشەی ورووژانت هەبێت"
گەڵایەکی تازە و تەڕی پانی بەرزکردەوە و جووڵاندییەوە، بە دڵۆپەکانی، دەموچاومی ئاوڕشێن کرد.
پیاوە بچووک و لاوازەکە لە خواریانەوە شیری دەکوڵاند. هاواری کرد، "شیری گەرم بخۆ، ئەویش یارمەتیدەرە!" سەیری شیرەکەم کرد دەکوڵا بە مەنجەڵە ستیلەکەدا دەهاتە خوارەوە. پیاوە بچووک و لاوازەکە زەردەخەنەیەکی کرد، بە کەوچکێک شیرەکەی تێک دەدا، دەکوڵا و هەڵدەچوو، دەنگی قووڵپەقووڵپی دەهات.
پانفرۆشەکە سزای خۆی وەرگرت، پاڵێکم پێوە نا، گەڵاکانیم پرشوبڵاو کردەوە و ئاوەکەشیم ڕژاند.
دام بە دەموچاوی کورتە باڵاکەدا، هاواری لێ بەرزبووەوە. گەوادەکان بۆم هاتن، لێیانم دەدا، بەرگریم لە ژیانی خۆم دەکرد.پاڵم دەنان و شەقم دەهاویشت، ڕام کرد و ئەو کۆڵانەم بە جێ هێشت.
دەبێ شتێک بڵێم لەبارەی شەقامی GB ییەوە لە دەلهی کۆن.
بیرت نەچێت بەڕێز سەرۆکوەزیران، دەلهی تەنها پایتەختی یەک وڵات نییە، بەڵکو پایتەختی دوو وڵاتە،  دوو هند، تاریکی و ڕووناکی، هەردووکیان بەناو هینددا دەڕۆن و دەچنە ناو دەلهی. گورگۆن، بەڕێز  ئاشۆک لێی دەژیا. ڕووناک، مۆدرێن لە کۆتایی شارەکەدا و لەم شوێنە، دەلهی کۆن کۆتاییەکەی تریەتی.
پڕە لەو شتانەی کە لە بیری دنیای مۆدێرنەدا نەماون، وەکو عەرەبانە، کۆشکی بەردینی کۆن، موسڵمانەکان.

له یەکشەممەیەکدا، وام بیر دەکردەوە کە  شتێکی تریش هەیە، ئەگەر بەردەوام بیت لە سەر پاڵنان بۆ ناو ئەو قەرەباڵخییە هەمیشەییە، برۆ بە لای ئەو پیاوانەدا  تێپەڕە کە گوێی پیاوەکانی تر پاک دەکەنەوە بە بردنەناوەوەی شیشێکی  ژەنگاوی،بە لای ئەو پیاوانەدا تێپەڕە کە ماسی بچووک دەفرۆشن لەناو شوشەی سەوز دایان دەنێن و پڕی دەکەن لە ئاو و خوێ. تێپەڕە بە لای بازاڕی پێڵاو و بلووزی هەرزاندا، بازاڕێکی گەورەی پەرتووکی دەستی دوو دێت لای دەریای گەنج. لەوانەیە ئەم بازاڕەت بیستبێت بەڕێز، چونکە یەکێکە لە سەرسووڕهێنەرەکانی دنیا. دەیان هەزار پەرتووکی پیس و کەڕوواوی ڕەشهەڵگەڕاو و هەمەجۆر، تەکنەلۆجی، پزیشکی، چێژی سێکس، فەلسەفی، پەروەردەیی و دەوڵەتی بیانی. هەڵدراونەتەوە و کۆمەڵ بوونە بەسەر یەکدا لەسەر شۆستەکە، لە دەروازەی دەلهییەوە تا دەگاتە بازاڕی بەردەم قەڵای سوور، هەندێک لە پەرتووکەکان زۆر کۆنن  کە دەستیان لێ دەدەیت هەڵدەوەرێن. هەندێکی مۆرکە لێی داون. هەندێکیان لەوە دەچوو کە لەناو لافاو یان ئاگر دۆزرابنەوە. زۆربەی دووکانەکانی سەرشۆستەکە داخراون، بەڵام چێشتخانەکان هێشتا هەر کراوەن، بۆنی خواردنی سوورەوەکراو و بۆنی کاغەزی کەڕوواوی تێکەڵ بە یەک دەبن. پانکەی پاککەرەوەی با هێواش هێواش پەڕەی پارچە ژەنگاوییەکان لوول دەدات. بەڵام لە چێشتخانەکەدا وەکو باڵی پەپوولەی گەورە وایە. چوومە ناوەندی پەرتووکەکان و هەواکەییم هەڵمژی وەکو بۆنی بۆگەنی ئۆکسجینیماڵی لەشفرۆشەکانە.

قەرەباڵخییەکی زۆری کڕیاری پەرتووک هەبوو لەسەر پەرتووک شەڕیان بوو لەگەڵ فرۆشیارەکاندا، منیش خۆم بە یەکێک لە کڕیارەکان دانابوو، بەناو

پەرتووکەکاندا بازم دەدا و دەگەڕام، هەڵمدەگرتن و دەمخوێندنەوە، بەم جۆرە، هەڵدانەوە، هەڵدانەوە، هەڵدانەوە. تاکو کتێبفرۆشەکە هاواری کرد.
"دەیکڕی یان بەخۆڕایی دەخوێنیتەوە؟" دامنایەوە و پێم گوت باش نییە.
دەچووم بۆ لای کتێبفرۆشێکی تر، شتێکم هەڵدەگرت لەوانەی کە هەیانبوو هەڵمدەدایەوە و دەدایەوە و دەدایەوە، هەرگیز تاکە ڕووپێیەکم نەدا بە کەسیان، پەرتووکەکانم هەڵدەدایەوە بەخۆڕایی،بە درێژایی ئەو ئێوارەیە یەک بە دوای یەک پەرتووکفرۆشەکانم تالآن دەکرد.
هەندێک لە پەرتووکەکان ئۆردو بوون، زمانی موسڵمانەکان، تەنها هێڵکاری و خاڵ بوو، وەکو ئەوەی کە یەکێک پێی خستبێتە ناو مەرەکەبەوە و بەسەر لاپەڕەکانیدا هێنابێت، بەسەر یەکێک لەو پەرتووکانەدا ڕۆیشتم،
پەرتووکفرۆشەکە گوتی "دەزانیت ئۆردو بخوێنیتەوە؟" پیرێکی موسڵمان بوو دەموچاوێکی ڕەشی تۆخ و ڕیشیکی درێژی سپی ئارەقاوی هەبوو وەکو گیای تەڕبووی پاش باران.
پیم گوت "تۆ دەزانیت ئۆردو بخوێنیتەوە؟"
پەرتووکەکەی کردەوە، قوڕگی پاک کردەوە و خوێندییەوە
"ساڵانێک بوو بۆ کلیل دەگەڕایت" "لەمە تێگەیشتیت؟" برۆکانی گرژ بوونەوە و سەیرێکی کردم.
"بەڵێ مامەی موسڵمان"
"دەمت داخەوە گوێ بگرە درۆزن"
دیسان قوڕگی پاک کردەوە
"ساڵانێک بوو بۆ کلیل دەگەڕایت، بەڵام دەرگا هەمیشە کراوەبوو!"
پەرتووکەکەی داخست" بەمە دەگوترێت، هەڵبەست، ئێستا برۆ ونبە"

پاڕامەوە لێی،تکایە مامەی موسڵمان، من کوڕی عەرەبانچییەکم لە تاریکی، هەرچییەک هەیە دەربارەی هەڵبەست پێمی بڵێ، کێ ئەو هەڵبەستەی نووسیوە؟

سەری لەقاند، بەڵام من هەر بەردەوام بووم لە سەر پیاهەڵدانی، پێم گوت ریشی چەند جوانە، پێستی چەند پاکە.

بە لووتی و دەموچاویدا دیاربوو کە لەو بەرازانە نەبوو کە ئایینی خۆیان گۆڕیبێت، موسڵمانێکی ڕاست بوو، بەسەر بەرماڵێکی ئەفسووناوییەوە بە درێژایی ڕێگە لە مەکەوە هەڵفڕیبوو. بە دڵنیاییەوە خاوەن بڕوا بوو.

هەڵبەستێکی تری خوێندەوە بۆم. هەروەها یەکێکی تر، باسی مێژووی ڕاستەقینەی هەڵبەستی بۆ کردم، کە جۆرێکە لە ڕاز، لای دەسەڵاتدارەکان بە ئەفسوون ناسراوە.

بەڕێز سەرۆکوەزیران، شتێکی نوێ ناڵێم، ئەگەر ئەوە بڵێم، مێژووی جیهان مێژووی دە هەزار ساڵ شەڕی مێشکە لەنێوان دەوڵەمەند و هەژار.هەر لایەک لەوانە دەیویست لایەکەی تر بخەڵەتێنێت، هەر لە سەرەتاکانی ژیانەوە هەر وا بووە.

هەژارەکان لە چەند شەڕێکی کەمدا سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە (پیساییکردنە ناو گوڵدانەوە و شەقهەڵدان لە سەگەکان...هتد) بەڵام بە دڵنیاییەوە دەوڵەمەندەکان سەدان هەزار ساڵ لەمەوبەر لە شەڕدا براوە بوونە. بۆیە دەسەڵاتدارەکان بێبەزەیی بوونە بەرامبەر بە هەژارەکان.

لە هۆنراوەکانیاندا هێمای گوڵ و کچی جوان و شتی لەو جۆرەیان بە جێ هێشتووە. بەڵام کاتێک کە بە ڕاستی تێدەگەیشتن، نهێنییەکانیان ئاشکرا دەکرد. لە دە هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە ڕێگەی بە هەژارترین پیاو دەدا لەسەر

ڕووی زەوی کە کۆتایی بە شەڕی بیری کۆن بهێنێت.

بەهێزترینی ئەو چوار کەسەی کە جەنەڕاڵی هۆنراوەن  ڕۆمی و ئیقبال و میرزا غالیب و یەکێکی تر کە ناوەکەیم پێ گوترابوو بەڵام بیرم چووەتەوە. ئەو شاعیرەی چوارەم کێیە ؟ خەریکە شێتم دەکات، ناوەکەیم نایەتەوە بیر. ئەگەر زانیت ئیمێڵێکم بۆ بنێرە

"مامەی موسڵمان  پرسیارێکی تریشم هەیە."

"لەچی دەچم؟ مامۆستای قوتابخانەکەت؟  بەس پرسیارم لێ بکە."

"ئەمە دوا پرسیارە، بەڵێنت پێ دەدەم، پێم بڵێ مامەی موسڵمان، ئایا دەکرێت پیاو لەناو هۆنراوەدا لە ناو بچێت؟"

"مەبەستت چییە_وەکو لەناوچوون لەناو ئەفسوونی ڕەشدا؟. "

تەماشایەکی کردم،" بەڵێ، لەوانەیە."

" پەرتووکێک هەیە بۆ ئەو مەبەستە، دەتەوێت یەکێک بکڕیت؟"

"نەخێر، بەو جۆرە لە ناو ناچێت. مەبەستم لەوانەیە... لەوانەیە بتوانێت...؟ پەرتووکفرۆشەکە چاوەکانی گرژ کردەوە، دەنکە ئارەقەکانی سەرناوچەوانە ڕەشە گەورەکەی گەورەتر دەبوو. زەردەخەنەیەکم بۆ کرد.

"مامەی موسڵمان، بیرم چوو ئەوە بپرسم"

دوایی بە خۆم گوت، هەرگیز جارێکی تر لەگەڵ ئەم پیاوە پیرە قسە ناکەمەوە. زۆری دەزانی. چاوەکانم دەسووتانەوە و خێل ببوونەوە لە زۆری سەیرکردنی  پەرتووکەکان، دەبوو بەرەو دەروازەی دەلهی هەنگاوم بنایە بۆ ئەوەی پاسێکم دەست بکەوێت.

پیسی پەرتووک لەناو دەممدا بوو. وەکو ئەوەی کە تەپوتۆزێکی  زۆری پەرتووکی کۆنم  قووت دابێت کە لە هەوادا بڵاو ببووەوە. شتێکی سەیر لە

دڵتدا دەترشێت کە کاتێکی  زۆر بە سەر دەبەیت لەگەڵ پەرتووکی کۆندا.
بەڵام لەجیاتی گەڕانەوە بۆ لای پاس. گەشتێکی دوورترم کرد بۆ دەلهی کۆن، نەمدەزانی بۆ کوێ مل دەنێم.
لەو کاتەوەی کە ڕێگەی سەرەکی شەقامی سەرەکیم جێ هێشت، هەموو شتێک ئارام بووەوە.
چەند پیاوێکم بینی لەسەر چەرپایە دانیشتبوون جگەرەیان دەکێشا، بەشێکی تریان لەسەر زەوییەک پاڵ کەوتبوون و نووستبوون.
هەڵۆکان بە سەرماڵەکاندا دەفڕین. با.. بۆنێکی لە گامێشە زلەکەوە بڵاو دەکرەوە و دەیهێنا بۆ دەموچاوم.
هەموو کەسێک دەزانێت کە گۆڕەپانی قەسابەکان هەیە  لە دەلهی کۆن، بەڵام کەم کەس بینیویەتی. یەکێکە لە سەرسووڕهێنەرەکانی شاری کۆن.
ڕیزێک تەویلەی کراوەی لێیە،  لە بەردەم هەر تەویلەیەک گایەک دەوەستێت، قنگیان بەرەو ڕووتە، بە کلکیان  وەکو فلچەی پاککەرەوەی جامی ئۆتۆمۆبیل مێشەکان دوور دەخەنەوە لە خۆیان. پێیەکانیان ڕۆ چووەتە ناو قووڵایی  پیساییەکانیان، لەوێ وەستام بۆنی جەستەیانم دەکرد. هەوای پیسی ترسناکی شار سییەکانمی پیس کردبوو، دەنگی تایەی دار دەهات، گایەکم بینی هات. عەرەبانەیەکی گەورەی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا. هیچ کەسێک لەسەر عەرەبانەکە  دانەنیشتبوو بە قامچییەوە.
گامێشەکە بۆخۆی دەیزانی  بۆ کوێ بچێت، بە ڕێگەکەدا دەهاتە خوارەوە.
لەلاوە وەستابووم، بە تەنیشتمدا تێپەڕی، عەرەبانەکەم بینی پڕبوو لە دەموچاوی گامێشی مردارەوەبوو. دەڵێم دەموچاو، دەبێ بڵێم کەللەسەر.
پێستەکەی لێ داماڵرابوو، تەنها هەندێک پێستی سەرلووتیان نەبێت کە

هێشتا مووەکانی پێوەبوو، وەکو دوابەشی بەرگری و چاونەترسی گامێشی مردوو. بەشەکەی تری نەمابوو، تەنانەت چاوەکانیشیان دەرپەڕیبوو. گامێشە زیندووەکان دەڕۆیشتن بێ ئەوەی کەسێک لێیان بخوڕێت، بارە مردارەوەبووەکانیان ڕادەکێشا بۆ شوێنێک کە دەیانزانی. ماوەیەک لەگەڵ ئەو گیانلەبەرە بێدەسەڵاتانەدا ڕۆیشتم.

سەیری دەموچاوی خەت خەتی گایە مردارەوەبووەکانم دەکرد.

دوای ئەوە شتێکی سەیر ڕووی دا، بەڕێز خاوەنشکۆ

سویند دەخۆم ئەو گامێشەی کە عەرەبانەکەی ڕادەکێشا ڕووی وەرگێڕا بۆ لای من، بە دەنگێک کە نامۆ نەبوو بە دەنگی باوکم، گوتی: "کیشانی برات لێی دەدرێت تاکو دەمرێت. دڵخۆشیت؟ " دەزانم خەیاڵێکە وەکو مۆتەکەی پێش بەئاگاهاتن. دەزانیت خەوە و ناتوانیت جارێ هەستیتەوە.

" پورت لووتوو دەستدرێژی سێکسی کراوەتەسەر و لێی دراوە تاکو مردووە. دڵخۆشی؟ کوسومی نەنکت لێێ دراوە تاکو مردووە. دڵخۆشیت؟"

گامێشەکە سەیری کردم. گوتی" شەرمە"

هەنگاوێکی گەورەی نا بۆ پێشەوە، عەرەبانەیەک تێپەڕی، پڕبوو لە دەموچاوی پێست داماڵراوی مردوو، بۆ من وەکو ئەوە وا بوو کە دەموچاوی خێزانەکەم بێت.

---

بۆ سبەی بەیانی بەڕێز ئاشۆک بە زەردەخەنەوە هاتە خوارەوە بۆ لای ئۆتۆمۆبیلەکە، جانتایەکی سووری بە دەستەوە بوو دەرگاکەی بە توندی داخست.

سەیرێکی بووکەڵەدارەکەم کرد و بە زەحمەت لیکەکەمم قووت دا.

"بەڕێز..."

"چییە باڵڕام؟"

بەڕێز، شتێک هەیە، دەمێکە دەمەوێت پێتی بڵێم. پەنجەکانم لەسەر کلیلەکە لابرد،

سوێند دەخۆم ئامادەبووم دان بە هەموو شتێکدا بنێم.

ئەگەر وشەیەکی ڕاستی پێم بگوتایە، ئەگەر بە ڕێگەیەکی ڕاست دەستی لە شانم بدایا.

بەڵام سەیری منی نەدەکرد، خەریک بوو بە دوگمەی مۆبایلەکەیەوە چک چک چک

پیاوێکی شێتتان هەیە، بیری خوێناوی لە مێشکیدایە.

لە پێشتانەوە دادەنیشێت بە دووری دە ئینچ، بێ ئەوەی پێی بزانرێ و تەنانەت گومانیشی لێ بکرێ،

ج کوێرییەکە خەڵکینە.

دەفەرموو، لەناو کۆشکی شووشەییدا دانیشتوون و شەو لە دوای شەو بە تەلەفۆن قسە دەکەن لەگەڵ ئەمریکا کە هەزاران میل دوورە، بچووکترین ئاگاتان لەوە نییە کە چی بە سەر ئەو پیاوە دێت کە شۆفێرتانە.

"چییە باڵڕام؟"

"دەمەوێت کەللەسەرت پان بکەمەوە گەورەم! هەر ئەوەندە".

چەمایەوە بۆ پێشەوە، لێوەکانی ڕاست هێنا بۆ لای گوێم.

خەریک بوو دەتوامەوە.

"تێدەگەم باڵڕام."

چاوەکانم داخست، قسەم بۆ نەدەکرا.

ڕاسته بەڕێز
دەتەوێت زەماوەند بکەیت."
"...."
"باڵڕام پێویستت بە پارەیە، وا نییە؟"
"نا بەڕێز. پێویستم بەوە نییە"
"ڕاوەستە با جزدانەکەم دەربێنم. تۆ ئەندامێکی باشی خێزانەکەی. هەرگیز داوای پارەی زیاتر ناکەیت، دەزانم شۆفێرەکانی تر هەمیشە داوای پارەی زیاد و تەئمین دەکەن، بەڵام تۆ هەرگیز وشەیەک ناڵێی، تۆ لە مۆدێلی کۆنیت، ئەوەم پێ خۆشە. باڵڕام مەسرەفی زەماوەندەکەت هەمووی لەسەر ئێمە. فەرموو باڵڕام..فەرموو فەرموو "
بینیم هەزار ڕووپێی دەرهێنا، دوایی هەڵیگرتەوە. سەدی دەرهێنا. دایە دەستم.
"وای دانێ کە دەچیت بۆ لاکسمانگار بۆ زەماوەند باڵڕام..."
گوتی "لەوانەیە بێم لەگەڵت، حەزم لەو شوێنەیە، دەتەوێت ئەمجارە بچم بۆ سەر قەڵاکە؟ چەند بە سەر ئەو کاتەدا تێپەڕیوە کە لەوێ بووین باڵڕام،شەش مانگ لەمەوبەر بوو.؟"
"لەوە زیاترە بەڕێز"
بە پەنجەکانم مانگەکانم ژمارد "هەشت مانگ لەمەوبەر بوو."
ئەویش مانگەکانی ژمارد، "تۆ ڕاست دەکەیت." سەد ڕووپێیەکەم قەد کرد و خستمە گیرفانی سەرسینگمەوە. گوتم "سوپاس بۆ ئەمە بەڕێز" کلیلەکەم سووڕاند.

سبەی بەیانی زوو لە بەکینگام بیت لەسەر شەقامەکە پیاسەم دەکرد. وام زانی کۆشکێکی نوێیە، بەڵام بورپییەکەی دڵۆپەی دەکرد. پینەیەکی گەورەی ئاوەڕۆ زەوییەکەی تاریک کردبوو لە دەرەوەی دیواری کۆشکەکە.

سێ سەگی بێلانە تەراپییەکە خەوتبوون. ڕێگەیەکی باشبوو بۆ فێنکبوونەوە، هاوین دەستی پێ کردبوو، تەنانەت شەوەکانیش ناخۆش ببوون، هەر سێ سەگەکە ئیسراحەت دیار بوون، لەسەر نووکی پەنجە چوومە خوارەوە، تەماشام کردن. پەنجەم لەسەر ئاوەڕۆ تاریکەکە دانا، فێنک و دڵرفێن بوو. یەکێ لە سەگەکان بەئاگا هات، باوێشکی دا، هەموو کەڵبەکانی نیشانم دا. لەسەر پێیەکانی وەستا.

سەگێکی تر بە ئاگا هات، مۆڕەکردن دەستی پێ کرد.

زەوییە تەڕەکەیان دەڕنی و ددانەکانیان نیشان دەدا، دەیانویست لە مەملەکەتەکەیان دوور بکەومەوە.

تەسلیمیان بووم. بەرەو مۆڵەکان ملم نا، هیچیان نەکرابوونەوە، لەسەر شۆستەکە دانیشتم، دوای ئەوە نەمدەزانی بۆ کوێ بڕۆم. نیشانەیەکی بچووکی ڕەشم بینی لەسەر شۆستەکە، شوێنپێی ئاژەڵ بوو. ئاژەڵ بەسەر کۆنکریتەکەدا ڕۆیشتبوو، پێش ئەوەی کە تەواو بێت، هەستام و دوای شوێنپێکان کەوتم. ماوەی نێوان نیشانەکان فراوانتر دەبووەوە، ئاژەڵەکان بە پەلە ڕایان کردبوو. منیش پەلەتر دەڕۆیشتم.

شوێنپێی ئاژەڵەکان بە هەموو دەوری بازاڕەکەدا ڕۆیشتبوو تاکو پشتەوە، تاکو کۆتایی شۆستەکە لە دوای ئەوەوە زەوی خۆڵ دەستی پێ کردبوو، شوێنپێیەکانیش دیار نەمابوون. لەوێ دەبوو بوەستم، چونکە پێنج فیت لە پێشمەوە ڕیزێ پیاو بە چینچکانەوە لەسەر زەوییەکە زۆر ڕێک بە ڕیزە

پیساییان دەکرد.
لێونەخۆشەکە باسی ئەم شوێنەی بۆ کردبووم. هەموو ئەو کرێکار و بیناسازانەی کە بازارەکان و کۆشکە زەبەلاحەکانیان دروست کردووە و لەوێ دەژین، خەڵکی دێی تاریکی بوون. حەزیان نەدەکرد خەڵکی دەرەوە بێتە ناویان، جگە لەوانەی کە بۆ ئیشی شەوانە دەهاتن. پیاوەکان لە دەشتاییەکاندا گوویان دەکرد وەک ئەوەی بیانەوێت دیوارێکی بەرگری بۆ خۆدوورخستنەوەیان بە ڕووی کەسە بێڕێزیکەرەکان دروست بکەن.
بایەکە بۆنی پیساییە تازەکەی دەهێنا بە سەرمدا. کونێکم دۆزییەوە لەسەر خەتی پیساییکەرەکان، بەچینچکانەوە بوون وەکو پەیکەری بەرد.
ئەو کەسانەی کە خانوویان بۆ دەوڵەمەندەکان دروست دەکرد. لەناو چادردا کە بە موشەمای شین داپۆشرابوو ژیانیان بە ڕێ دەکرد، بە ئاوی ئاوەڕۆکان لە یەکتر جیا کرابوونەوە. تەنانەت لە لاکسمانگار خراپتربوو، ڕێگەم گرت بەرەو لای شوشە شکاوەکان و وایەر و عامود و گڵۆپە شکاوەکان، بۆنی ئاوەڕۆکە جێی بۆنە پیسەکەی گرتبووەوە. گەڕەکی هەژارنشینەکان بە ئاوەڕۆ کۆتایی هاتبوو، ڕووبارێکی بچووکی ئاوی ڕەش لەسەرخۆ دەڕۆیشت و منی تێپەڕاند. گڵۆپەکان دەبریسکانەوە لەناویدا، بازنەکان بڵاو دەبوونەوە بەسەر ڕوویدا. دوو منداڵ شڵپەشڵپیان بوو لەناو ئاوە ڕەشەکە، سەد ڕووپێی کاغەز بە فڕین هات بۆ ناو ڕووبارەکە، منداڵەکان دەمیان کردبووەوە و تەماشایان دەکرد. دوایی ڕایان کرد بیگرن، پێش ئەوەی نوقم بێت.
منداڵێک گرتی، یەکێکی تر دەستی بە لێدانی کرد. بوو بە شەڕیان و کەوتنە ناو ئاوە ڕەشەکەوە.
چوومەوە ڕیزی گەمژەکان، یەکێکیان تەواو بوو ڕۆیشت، بەڵام یەکێکی تر

جێی ئەوی گرتەوە. لە تەنیشتیانەوە بەچینچکانەوە دانیشتم و پێکەنیم، هەندێکیان چاویان سوورڕاند بە لایەکی تردا. هێشتا هەر مرۆڤ بوون. هەندێکیان بە ئاشکرا تەماشایان دەکردم. وەکو ئەوەی کە شەرم بە لایانەوە هیچ نەبێت. دوایی برادەرێکی لاوازی ڕەشم بینی، پێم پێدەکەنی، شانازی بەوەوە دەکرد کە کردبووی. هەر لەسەر چینچکان بووم، رووم وەرگێڕا بۆ لایان، زەردەخەنەیەکی تا بڵێی فراوانم کرد، ئەویش دەستی بە پێکەنین کرد، منیش دەستم بە پێکەنین کرد، هەموو بە یەکەوە دەستمان کرد بە پێکەنین.

هاوارم کرد" مەسرەفی زەماوەندەکەت لەسەر ئێمە"

ئەویش هاواری کردەوە" مەسرەفی زەماوەندەکەت لەسەر ئێمە"

"باڵرام ژنەکەشت بۆ دەگێین"

"باڵڕام ژنەکەشت بۆ دەگێین"

دەستی کرد بە پێکەنین و پێکەنین بە شێوەیەکی هستریایی.

بەسەر دەموچاویدا کەوت بەسەر زەوییەکەدا، هێشتا هەر پێدەکەنی.

قنگە پیسەکەی نیشانی ئاسمانە پیسەکەی دەلهی دەدا.

کە گەڕامەوە بازاڕەکان دەکرانەوە لە ئاودەستە گشتییەکە دەمووچاوم شۆری و وشکم کردەوە، پاکم کردەوە لە پیسی گەڕەکی هەژاران، ڕۆیشتم بۆ گەراجەکە.

ئیسپانەیەکی ئاسنم دۆزییەوە نیازی دوو کاری بەکردەوەم پێ هەبوو.

بردمەوە بۆ ژوورەکەم.

کوڕێک لە تەنیشت تەختەخەوەکەم چاوەڕێی دەکردم، نامەیەکی لەنێوان ددانەکانیدا گرتبوو، دوگمەی پانتۆڵەکەی ڕێک دەخست. کە گوێی لە من بوو

ئاوڕێکی دایەوە. نامەکە لە دەمی بەربووەوە بۆ سەر زەوی. لە هەمان کاتدا کلیلەکەم لە دەست بەربووەوە.

"ناردیانم بۆ ئێرە، بە پاس و شەمەندەفەر هاتم، لە خەڵکم پرسی و هاتم".

چاوی ترووکاند.

"گوتیان دەبێ تۆ ئاگات لێم بێت و بشمکەیت بە شۆفێر"

"تۆ کێی ئەی لەعنەتی؟"

گوتی "دارامم من کوڕی چوارەمی پوورە لووتۆم. دواجار کە هاتی بۆ لاکسمانگار منت بینی. قەمیسێکی سوورم لەبەردا بوو."

ئاماژەی بۆ تەپڵی سەری کرد و گوتی "ئێرەمت ماچ کرد"

نامەیەکی هەڵگرت و دایە دەستم

*کوڕەزای ئازیزم،*

*زۆر بەسەر چووە لەو کاتەوەی بە سەردان هاتیتەوە بۆ لامان، تەنانەت زیاتریش، کۆی هەمووی "یازدە مانگ و دوو ڕۆژە کە بۆ دواجار پارەت بۆ ناردین.*

*شار ڕوحی گەندەڵ کردوویت، کردووتی بە کەسێکی خۆپەرست، لەخۆبایی و شەڕانگێز بوویتە. هەر لە سەرەتاوە دەمزانی ئەمە ڕوو دەدات، چونکە تۆ کوڕێکی ڕقهەڵگر و بەرزەفڕبوویت. هەر هەلت بۆ ڕەخسابێ لە ئاوێنەوە تەماشای خۆت کرووە و دەمت پان کردووەتەوە. بۆ هەر ئیشیک کە ویستبێتم بیکەیت دەبوو زرینگە لە بنگوێت هەستێنم. تۆ کتومت دایکتی، سرووشتی ئەو وابوو نەک وەکو باوکی سرووشت شیرینت.*

*تاکو ئێستا بە ئارامییەوە ئازارەکانمان هەڵدەگرت، بەڵام بەم جۆرە ناچێتە سەر، دەبێ دیسان پارەمان بۆ بنێریت، ئەگەر نا، بە سەرۆکەکەت دەڵێین. هەروەها بڕیارمان داوە خۆمان زەماوەندەکەت بۆ ڕێک بخەین، ئەگەر نەیەیتەوە بۆ ئێرە، بە پاسدا کچەکەت بۆ دەنێرین. ئەم شتانەی کە پێت دەڵێم هەڕەشە نییە، بەڵکو خۆشەویستییە، پاش هەموو ئەمانە، ئەی من نەنکت نیم؟ ئەی وا ڕا نەهاتبووم کە دەمت پرکەم لە شیرینی؟ هەروەها ئەرکی تۆیە کە ئاگات لە دارام بێت، ئاگادارییە وەکو کوڕی خۆت، ئاگات لە تەندروستیت بێت، ئەوەیش بزانە کە خواردنێکی بەتامی مریشکت بۆ ئامادە دەکەم و لەگەڵ ئەو نامەیەدا کە بۆ سەرۆکەکەتی دەنێرم، پۆستی دەکەم. نەنکی خۆشەویستت کوسوم.*

نامەکەم قەد کرد و خستمە گیرفانمەوە و زللەیەکی بەهێزم لە کوڕەکە دا.

کەوت بەسەر لایەکی تەختەخەوەکەدا، کە کەوت، توولی مێشوولەکەش کەوت بە سەریدا

"گوتم هەستەوە با جارێکی تریش لێت بدەم." ئیسپانەیەکم هەڵگرت بۆ سەرسەری دوایی ئیسپانەکەم دام بە زەویدا.

کوڕەکە دەموچاوی شین هەڵگەڕا، لێوی شەق بوو، خوێنی پیا دەهاتە خوارەوە، هێشتا هەر وشەیەکی نەدەگوت. لەناو توولی مێشوولەکە دانیشتم.

قومم لە بوتڵە ویسکیەکە دەدا، سەیری کوڕەکەم کرد. بەرەو لێواری کارەسات دەبوومەوە.

خەریک بوو سەرۆکەکەم سەر ببڕم، ئەم کوڕە گەیشت و ڕزگاری کردم لە بەجێگەیاندنی تاوانێک و بەسەربردنی ئەو تەمەنەی کە ماومە لە بەندیخانە.

ئەو ئێوارەیە، بە بەڕێز ئاشۆکم ڕاگەیاند کە خێزانەکەم یاریدەدەرێکیان بۆ ناردووم.
کەسێک کە ئاگاداری ئۆتۆمۆبیلەکە بێت.
لەجیاتی ئەوەی کە توورە بێت، چونکە دەبێت ورگێکی تریش پڕ بکات.
هەر وەکو زۆربەی سەرۆکەکان کردوویانە
"کوڕێکی قۆزە لە تۆ دەچێت، دەموچاوی چی لێ هاتووە؟"
ڕووم وەرگێڕا بۆ لای، دارام "پێی بڵێ"
دوو جار چاوی تروکاند، بیری لێ کردەوە
"لە پاس کەوتمە خوارەوە"
"کوڕێکی زیرەکە"
بەڕێز ئاشۆک گوتی "لەمەودوا ئاگاداری خۆتبە."
"زۆر باشە باڵڕام، هاوڕێت بۆ پەیدا بوو."
دارام کوڕێکی بێدەنگ بوو، داوای هیچی لێ نەدەکردم.
لەسەر زەوییەکە دەنووست، کە پێم دەگوت، کارەکانی خۆی دەکرد.
هەستم بە تاوان دەکرد کە ئاوهام لێ کرد، بردم بۆ چایخانە.
"کێ وانە دەڵێتەوە لە قوتابخانەکە دارام؟ ئێستەش هەر بەڕێز کرشنەیە؟".
"بەڵێ خاڵە".
"ئێستاش هەر پارە دەدزێت بۆ جلی یەکپۆش و خواردن؟".
"بەڵێ خاڵە".
""پیاوێکی باشە".
"پێنج ساڵ چووم بۆ قوتابخانە، دوایی نەنە کوسوم گوتی بەسە".
"با بزانین لەو پێنج ساڵەدا فێری چی بوویت؟".

"لێکدانی هەشت دەزانیت؟".

"بەڵێ خاڵە".

"با بزانم".

"یەکجار هەشت دەکاتە هەشت."

ئەوە ئاسانە.دوای ئەوە چی؟.

"دووجار هەشت دەکاتە شانزە".

"بوەستە." بە پەنجەکانم ژماردم بۆ ئەوەی بزانم تەواوە.

"ڕاست بوو."

"باشە بەردەوامبە." لێوگەڕەکە لە نزیکمەوە دانیشت، زەردەخەنەیەکی کرد بۆ دارام

"داوای چا بۆ منیش دەکەیت؟ "

گوتم خۆت داوا بکە.

دەموچاوی دابەیەکدا.

"بەمجۆرە قسەم لەگەڵ دەکەیت، پاڵەوانی چینی کرێکار؟"

دارام بە بێدەنگی تەماشای دەکردین.

بۆیە گوتم"ئەم کوڕە خەڵکی لادێکەمە، لەخێزانەکەمە

ئێستا قسەی لەگەڵ دەکەم"

"سێجار هەشت، بیستوچوار."

لێوگەڕەکە گوتی "بەلامەوە گرنگ نییە ئەو کێیە، چایەکم بۆ داواکە پاڵەوانی چینی کرێکار"

ناولەپی و پێنج پەنجەکەی نزیک خستەوە لە دەموچاوم

مەبەستی بوو، پێنج هەزار ڕۆپیێم دەوێت.

"نیمە."

"چوارجار هەشت "

"سیودوو"

خەتێکی لەسەر ملی کێشا و زەردەخەنەیەکی بۆ کرد. "سەرۆکەکەت هەموو هەواڵێکی پێ دەگات."

"ناوت چییە کورە؟"

"دارام".

"ناوێکی چەندە خۆشە. دەزانیت مانای چییە؟".

" بەڵێ گەورەم."

"خاڵۆت دەزانێ مانای چییە."

گوتم، "دەمت داخە."

کاتی ئەوە هاتبوو کە چایخانەکە پاک بکرێتەوە

یەکێ لە مرۆڤە جاڵجاڵۆکەکان پەڕۆیەکی تەڕی بەردایەوە بۆ سەر زەوییەکە، دەستی بە گانگۆڵە کرد لەگەڵیدا، پاڵی بە ئاوێکی بۆگەنی ڕەنگ مەرەکەباوییەوە دەنا کە لە پێشییەوە مەوجی دابووەوە. تەنانەت مشکەکانیش دەردەپەڕینە دەرەوە لە چایخانەکە.

پریشکی شڵپەی ئاوەکە دادەباری بە سەر ئەوانەدا کە لە نزیکەوە،لەسەر مێزەکە دانیشتبوون.

نایلۆنی بریسکەداری پێچراو، تکتی پاس، پارچەپیاز و گەڵای کۆرنیاڵ و ڕێحانە بەسەر ئاوەکەوە بوو.

گلۆپی شوشە دەبریسکایەوە لەناو ئاوەکە وەکو بەردی بەنرخ دەردەکەوت.

کە ئاوە ڕەشەکە بە تەنیشتمدا تێپەڕی، دەنگێک لە ناخمدا گوتی

"دڵت لەوە ڕەشتر بۆتەوە، مونا"
ئەو شەوە دارام لە دەنگی هاوارم بەئاگا هات و هاتە لای توولەکەوە
"خاڵە چی بووە؟"
"گڵۆپەکە هەڵکە، شێتە! گڵۆپەکە هەڵکە!"
هەڵیکرد
بینیمی لەناو توولەکەدا بەنج بوومە، تەنانەت نەمتوانی ئاماژەش بۆ ئەو شتە بکەم، مارمێلکەیەکی ئەستووری خۆڵەمێشی لە دیوارەکە کەوتە خوارەوە بۆ سەر پێخەفەکەم.
دارام بزەیەک گرتی.
"گاڵتە ناکەم، گێلە دووری بخەرەوە لە پێخەفەکەم."
دەستی برد بۆ ناو توولەکە، مارمێلکەکەی گرت و خستییە ژێر پێی و پانی کردەوە!
"لە شوێنێکی دوور فڕێی بدە، دوور، لە دەرەوەی ژوورەکە، دەرەوەی کۆشکەکە. "
سەرسووڕمانم لە چاوەکانیدا بە دیی دەکرد.
پیاوێکی گەورەی وەکو خاڵم لە مارمێلکە دەترسێت
باشە، بیرم کردەوە کاتێک کە گڵۆپەکە دەکوژێنمەوە،
هەرگیز بیری بۆ ئەوە نەدەچوو کە پلانێکم بە دەستەوە بێت.
پاش کەمێک زەردەخەنەکەم نەما
پلانەکەم چیبوو؟
دەستم بە ئارەقەکردن کرد.
تەماشای شوێندەستە نەناسراوەکانم دەکرد کە بەسەر دیوارە گەچەکەوە

بوو، گوێم لە دەنگی تەپەتەپی گۆچانێک بوو لەسەر کۆنکریتەکە، چاودێری شەوی بانکگام دەسووڕایەوە بە گۆچانێکی درێژەوە، دوای ئەوەی کە دەنگی تەپەتەپ نەما لەناو ژوورەکە، خشەی مارمێلکەکان نەبێ کە بەسەر دیوارەکەوە بوون.

شەوێکی تری گەرمی چرێشاوی بوو،تەنانەت دەبێ قالۆنچەکانیش ئارەقیان کردبێت. بە زەحمەت هەناسەم بۆ دەدرا.کاتێک هەستم کرد کە خەوم لێ ناکەوێ. دەستم کرد بە گوتنەوەی ئەم دوو دێڕە هۆنراوەیە، دووبارە و دووبارە.

***ساڵانێک بوو بۆ کلیل دەگەڕام***

***بەڵام دەرگا هەمیشە کراوە بوو***

دوای ئەوە خەوم لێ کەوت.

---

دەبوو تێبینی ئەو دوو دەستە بەستراوانەم بکردایە بە کەلەپچەی ئاسن کە بە پۆستەری کۆپیکراو بە دیوارەکاندا هەڵواسرابوون. دەبوو ڕا بوەستامایە و گوێم لەو لاوانە بگرتایە کە شریتی سووریان بەستبوو بە نێوچەوانیانەوە و لەناو لۆرییەکانەوە هاواریان دەکرد. بەڵام نوقوم ببووم لەناو کێشەکانی خۆمدا و ئاگام لەو شتە گرنگانە نەمابوو کە لە وڵاتەکەمدا ڕوویان دەدا.

دوو ڕۆژ دواتر بەڕێز ئاشۆکم دەبرد بۆ لۆدی گاردن لەگەڵ ئوما خان. ئەو ڕۆژانە کاتێکی زۆری بە سەر دەبرد لەگەڵ ئەو خانمە..ئەو ڕۆمانسییەتە لە گەشەدا بوو، لووتم ڕا هاتبوو بە عەترەکەی، ئیتر نەدەپژمیم کاتێک کە دەجووڵایەوە.

"ئاشۆک کەواتە هێشتا هەر هیچت نەکردووە؟ دووبارە هەموو شتێک وەکو

جاری پێشوی لێ دێ؟"

"ئەوەندە ئاسان نییە ئوما، من و مووکێش شەڕمان بوو لەسەر تۆ. پێ دادەگرم، بەڵام هەندێک کاتم بدەرێ، پێویستە خۆم ڕزگار بکەم لە جیابوونەوەکە. باڵڕام بۆچی ئەوەندە دەنگی مۆسیقاکەت بەرز کردەوە؟"

" حەزم لێیە.ڕۆمانسییە. لەوانەیە بە مەبەست وای کردبێت."

"سەیرکە، وا دەبێ، متمانەم پێ بکە. تەنها...باڵڕام، بۆچی دەنگی مۆسیقاکەت نزم کردەوە؟جاری وایە خەڵکی تاریکی زۆر بێئەقڵ و گێلن"

"ئاشۆک' پێشتر ئەوەم پێ گوتبووی"

دەنگی نزم کردەوە.

وشەی "لەجیاتی" "شۆفێر" "خۆماڵی" تێگەیشتم بە ئینگلیزی

"بیرت لە شۆفێرێکی جێگرەوەی خۆماڵی کردووەتەوە؟"

بە مینگەمنیگ وەڵامی دایەوە

نەمتوانی و نەشمدەویست گوێم لە یەک وشە بێت

تەماشایەکی ئاوێنەی پشتەوەم کرد، ویستم چاو بە چاو، پیاو بە پیاو، بەڵام لە ئاوێنەکەوە تەماشای نەکردم

نەیوێرا تەماشام بکات.

پێی دەڵێم دەتوانیت گوێت لە جیرەی ددانم بێت

لە بیرکردنەوەی ئەوەدا بووم پلانێکی بۆ دابنێم، ئەو پلانی بۆ من دانابوو.

هەمیشە دەوڵەمەند هەنگاوێک پێش ئێمەن_وا نییە؟

باشە، ئەمجارە هیچ، بۆ هەر هەنگاوێک کە ئەو دەینێت، من دوو هەنگاو دەنێم.

لە دەرەوە لەسەر ڕێگەکە لای شەقامەکەوە فرۆشیارێک دانیشتبوو لە نزیک

هەرەمێک لە کڵاوی ماتۆڕسوارەکان لە نایلۆن پێچرابوون و لە کۆمەڵێک سەری بڕاو دەچوون.
خەریک بوو بگەینە باخەکان، بینیمان ڕێگەکان لە هەموو لایەکەوە گیرابوون، ڕیزێک لۆری لە پێشمانەوە بوون، پڕبوون لەو پیاوانەی کە هاواریان دەکرد.
"بژی سۆشیالیستە مەزنەکان! بژی دەنگی هەژارانی هندستان."
"ئەوە چی ڕوی داوە؟"
"ئاشۆک دەنگوباسەکانی ئەمڕۆت نەبینیوە؟ ئەنجامەکان بڵاو دەکەنەوە."
گوتی "لەعنەتی،"
"باڵڕام، ئانیا بکوژێنەوە و ڕادیۆ هەڵکە."
دەنگی گەورە سۆشیالیستەکان دەهات، لە لایەن بێژەری ڕادیۆکەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرا.
هەڵبژاردنەکە ئەوەی پیشان دەدا کە هەژاران پشتگوێ ناخرێن.
تاریکی بێدەنگ نابێت، ئاو لە بۆڕییەکانمان نییە، چیمان پێشکەش دەکەن خەڵکی دەلهی؟
مۆبایلمان دەدەنێ؟ پیاو کە تینووی بێت مۆبایل بخواتەوە ؟ ژنان چەندەها میل دەبڕن بۆ ئەوەی ئاوی پاکیان چنگ بکەوێ."
"دەتەوێ ببی بە سەرۆکوەزیرانی هندستان؟"
"پرسیاری لەو جۆرەم لێ مەکە، هیچ تەماحێکم نییە، من دەنگی هەژاران و ئەو کەسانەم کە لە دەنگدان بێبەشن"
"بەڵام بە دڵنیاییەوە بەڕێز"
"بە یارمەتی خۆت، لێم گەڕێ دوا وتەم بڵێم. ئەوەی ویستوومە لە هندستان

بێتە دی، هەر گەنجێک لە هەر  لادێییەکەوە بتوانێت خەونی بوون بە سەرەکوەزیرانی هەبێت،ژنانیش هەنگاوی بۆ بنێن."

بەپێی ڕادیۆ، پارتی دەسەڵاتدار هەرەسی هێنا لە هەڵبژاردنەکاندا. پارتی نوێ بوون بە هێز، پارتی مەزنی سۆشیالیست  یەکێکیان بوو. دەنگێکی زۆری بە دەست هێنا لە تاریکی. کە دەگەڕاینەوە بۆ گورگون، بینیمان کۆمەڵێک لە لایەنگران لە تاریکییەوە دەهاتن و دەڕژانە  ناوەوە، بۆ هەرچی شوێنێک کە بییانویستبا دەبران، چییان بویستایە دەیانکرد. فیکەیان بۆ ئەو ژنانە لێ دەدا کە حەزیان لێبوو بۆیان لێ بدرێ.

لە دەلهی دەستدرێژییان دەکرد.

بەڕێز ئاشۆک پەیوەندی پێوە نەکردم لە ماوەی ئەو کاتەی کە مابووەوە لە ڕۆژ.

بۆ ئێوارەکەی هاتە خوارەوە و گوتی دەیەوێت بچێت بۆ ئوتێلی ئیمپریال، تەواوی کات هەر بە مۆبایل قسەی دەکرد، پەنجەی بە دوگمەکاندا دەنا و قسەی دەکرد و دەیشیڕاند.

"ئوما بە تەواوی سوارمان بوون. بۆیە ڕقم لەم ئیشەیە کە دەیکەم، ئێمە لەژێر ڕەحمەتی ئەواندایین..."

"مووکێش  هاوارم بە سەردا مەکە، تۆ بوویت کە دەتگوت پێشوەخت ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دانراوە، بەڵێ تۆ!

ئێستاش هەرگیز لە تێکەولێکەی باج ڕزگارمان نابێت."

" باشە، بابە من ئەوە دەکەم، هەر ئێستا دەچم بۆ ئیمپریال بۆ چاوپێکەوتنی."

کە لای ئوتێل ئیمپریال دام نا هێشتا هەر خەریکی تەلەفۆن بوو.

چلودوو دەقیقە تێپەڕی، لەگەڵ دوو پیاو هاتە دەرەوە بەسەر جامەکەدا چەمایەوە و گوتی، "ئەوەی دەیانەوێت بیکە، باڵڕام من لێرەوە بە تاکسی دەگەڕێمەوە. هەرچی کاتێک تەواو بوون، ئۆتۆمۆبیلەکە بێنەوە بۆ باکنگام."

"بەڵێ بەڕێز."

دوو پیاوەکە دەستیان دا بەپشتیدا، چەمایەوە و خۆی دەرگای کردەوە بۆیان، ئەگەر بەم جۆرە مەرایی بکردایە لە بەردەمیان، دەبوو بە یەکێک لە سیاسییەکان.

دوو پیاوەکە هاتنە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەوە، دڵم دەستی بە پەلەپەل کرد. ئەو پیاوەی دەستەڕاست ڤیجەی بوو، پاڵەوانی منداڵیم بوو. کوڕی بەرازەوانەکەیە، گۆڕا بۆ شۆفێری پاس، دواییش بۆ سیاسی لە لاکسمانگار، دیسانەوە جلە یەکپۆشەکانی گۆڕی. ئەو جلەی کە دەیپۆشی قاتێکی بریقەدار و قردێلەی ژێرمل بوو. کە بۆ پیاوە خاوەنکارە مۆدێرنەکانی هندستانە. داوای لێ کردم کە بەرەو شەقامی ئاشۆکا لێبخوڕم.

ڕووی وەرگێڕا بۆ لای هاوڕێکەی و گوتی، "ئەو خوشک قەحپەیە لە کۆتاییدا ئۆتۆمۆبیلەکەی دامێ"

پیاوەکەی تر جامەکەی داگرت و تفێکی کرد.

"دەیزانی دەبێ هەندێک ڕێز بنوێنێت، وا نییە؟." ڤیجەی قاقا پێکەنی

"کوڕم، لەناو ئۆتۆمۆبیلەکە شتێک هەیە بۆ خواردنەوە ؟"

ئاوڕم دایەوە بارستاییەک ئاڵتوون بەسەر دانە ڕەش و بۆگەنەکانییەوە بوو.

"بەڵێ بەڕێز"

"با بیبینین."

سندوقەکەم کردەوە و بوتڵێکم دایە دەستی

"جۆن وەڵکەر بلاک شتێکی باشە کوڕم، ئەی پەرداختان هەیە؟"
"بەڵێ بەڕێز"
"بەفر؟"
"نەخێر بەڕێز"
"قەیناکە، با بە سادەیی بیخۆینەوە، کوڕم خواردنەوەمان بۆ تێ بکە"
تێم کرد. بە دەستەچەپیشم هۆندا ستێکەم لێدەخوڕی، پەرداخەکانیان برد و ویسکییەکەیان خواردەوە وەکو شەربەتی لیمۆ.
"ئەگەر ئامادەی نەکرد، ئاگادارم بکەوە .هەنێ لە کوڕەکان دەنێرم قسەی لەگەڵ بکەن."
"نا دوودڵ مەبە، باوکی هەمیشە لە دواییدا پارەی دەدا. ئەم منداڵە لە ئەمریکا بووە، مێشکی پڕە لە گوو.
بەڵام لە کۆتاییدا پارە دەدا."
"چەند؟"
"حەوت. من لە پێنج دەوەستام. بەڵام خوشک قەحپەیە پێشنیاری شەشی کرد. مێشکێکی نەرمی لە سەردایە،دوایی گوتم حەوت، گوتی باشە. پێم گوت ئەگەر پارەی نەدەن، باوکی و براکەی و هەموو خەڵوزدزەکان تێک دەشکێنم، هەموو پلانەکانیان کە بۆ خۆدزینەوەیە لە دانی باج تێک دەدەم، دەزانم پارەکەی دەدا بۆیە دەستی بە عەرەقکردن کرد."
"دڵنیای؟ حەز دەکەم هەندێ کوڕ بنێرم بۆ لای، هەر پێم خۆشە ببینم کە پیاوی دەوڵەمەند بە ڕەقی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت."
"خەڵکانی تر هەن، ئەمەیان شایانی خستنەناو کێشە نییە، گوتی دووشەممە دەیهێنێ و لە شیراتۆن یەکتر دەبینین، چێشتخانەیەکی خۆشی هەیە لەژێر

زەوییەکە و شوێنێکی بێدەنگە."
"باشە، دەتوانێت نانی ئێوارەشمان بۆ بکڕێت."
"ڕۆیشت بێ ئەوەی هیچ بڵێت. لەوێ کەبابێکی بەتامیان هەیە."
یەکێک لە دوو پیاوەکە غڵغڵەی بە خواردنەوەکەی ناو دەمی کرد و قووتی دا و قرقێنەی دایەوە و ددانەکانی مژی.
"دەزانی باشترین شت چییە لەم هەڵبژاردنەدا؟"
"چییە؟"
"ئەو ڕێگەیەی کە بڵاوەمان بە باشوور کرد. شوێنپێی خۆمان کردەوە لە بانگەلور، ئەوە دەزانرێت داهاتوو لەوێیە."
"باشوور؟ گا ڕییاوە."
"بۆ نا؟ یەکێک لەو سێ نووسینگە نوێیانەی کە لە هندستان دروست دەکرێت لە بانگەلور دەبێت، ئەوە داهاتووە."
"لەعنەت لە هەموویان. بڕوا بە یەک وشە ناکەم، باشوور پڕە لە خەڵکی تامڵ. دەزانی تامڵەکان کێن؟ قولەڕەشەکانن، ئێمە کوڕی ئارییەکانین کە هاتین بۆ هندستان ئەوانمان کرد بە کۆیلەی خۆمان، ئێستە ئەوان قولەڕەشەکان وانەمان فێر دەکەن."
ڤیجەی، چەمایەوە بۆ پێشەوە بە خۆیی و پەرداخەکەیەوە، "کوڕم پێکێکی ترم بۆ تێ بکە."
ئەو شەوە چی لە شووشەکەدا مابوو تێم کرد بۆیان.
کاتژمێر نزیکەی سێی بەیانی بوو لێمخوڕی گەڕامەوە بۆ ئەپارتمانەکەی گورگۆن.

دڵم زۆر بە پەلە لێی دەدا، نەمدەویست بە یەکجاری ئۆتۆمۆبیلەکە بە جێ بهێڵم، سێجار شۆریم و سڕیمەوە.

شوشەیەکی جۆنی وەڵکەر بلاک لەسەر زەوی کەوتبوو لای ئۆتۆمۆبیلەکە، تەنانەت شوشە بەتاڵەکانیش لە بازاڕی ڕەشدا پارە دەکەن. هەڵمگرت و بەرەو شوێنی خەوتنی خزمەتکارەکان چووم، بۆ جۆن وەڵکەر بلاک گوێ نادەم ئەگەر لێوگەڕەکە بەئاگایش بێت.

دەڕۆیشتم و بوتڵەکەم گلۆر دەکردەوە، هەستم بە قورسییەکەی دەکرد تەنانەت بە بەتاڵیش زۆر سووک نەبوو.

هەستم دەکرد بوتڵەکە خێراتر و خێراتر گلۆر دەبووەوە و هەنگاوەکانیشم هێواشتر دەبوونەوە.

***ساڵانێک بوو بۆ کلیل دەگەڕام...***

شکانی شوشەکە دەنگی دایەوە لە گەراجەکە، دەبێ ئەو دەنگە گەیشتبێتە هۆڵی چاوەڕێکردن و لە هەموو نهۆمەکانی باڵەخانەکە دەنگی دابێتەوە، تەنانەت لە نهۆمی سیانزەیەمینیش.

چەند چرکەیەک چاوەڕێم کرد، پێشبینی ئەوەم دەکرد کەسێ ڕا بکاتە خوارەوە.

کەس نەبوو. سەلامەت بووم.

ئەوەی کە مابووەوە لە شوشەکە هەڵمگرت بۆ لای ڕووناکییەکە درێژ و تیژ بوو وەکو چڕنووک.

زۆر باشە.

بە پێم پارچە شکاوەکانی بوتڵەکەم کۆ کردەوە کە هەمووی بە دەوروپشتمدا کەوتبوو، کۆمەڵم کرد.

خوێنەکەی کە بە دەستمەوە بوو سڕیم، گسکێکم دۆزییەوە. شوێنەکەم پاک گسک دا، دوایی داچەمامەوە و سەیری دەوروبەری خۆم کرد بۆ هەڵگرتنی هەرچی پارچەیەک کە کەوتبێت بۆ ئەوەی هەڵیگرمەوە.
گەراجەکە دەنگی دایەوە بە دێڕێ هۆنراوە یەک لەسەر یەک.

**بەڵام هەمیشە دەرگا کراوە بوو**

دارام لەسەر زەوییەکە نووستبوو. قالۆنچەکان بە دەوری سەریدا خشەیان دەهات، جووڵاندم و بە ئاگام هێنا، گوتم؛
"لەناو توولەکە پاڵکەوە"، بە خەواڵوویی چووە ناویەوە لەسەر زەوییەکە پاڵ کەوتم، بەرەنگاری قالۆنچەکان دەبوومەوە. هێشتا هەر خوێن بەناو لەپمەوە مابوو.
سێ دڵۆپی بچووکی سوور لەناو لەپم دروست بوو وەکو ڕیزێک خاڵخاڵۆکە بەسەر گەڵاوە وەکو منداڵ ناولەپم مژی و نووستم.
بەیانیانی یەکشەممان بەڕێز ئاشۆک نایەوێت بە ئۆتۆمۆبیل بیبەم بۆ هیچ شوێنێک، لە چێشتخانەکە قاپەکانم شۆری، ساردکەرەوەکەم سڕییەوە و گوتم، "بەڕێز دەمەوێت ئەم بەیانییە کار نەکەم"، ڕۆژنامەکەی نزم کردەوە و پرسیتی" بۆ؟، پێشتر هەرگیز داوای مۆڵەتت نەکردووە، بۆ تەواوی بەیانییەکە، مۆڵەت بۆ کوێ وەردەگریت؟"
*تۆیش پێشتر هەرگیز لێت نەپرسیوم بۆ کوێ دەچم کە ماڵم بە جێ هێشتبێت. چی وای لێ کردوی؟ ئوما خان وای لێ کردوی؟*
"بەڕێز دەمەوێت هەندێ کات لەگەڵ کوڕەکە بە سەر بەرم لە باخچەی ئاژەڵان، لەو بڕوایەدام حەز بە بینینی هەموو ئاژەڵەکان بکات."
زەردەخەنەیەکی کرد، تۆ پیاوی خێزانێکی باشیت باڵڕام. بڕۆ کاتێکی خۆش

بە سەر بەرە لەگەڵ کوڕەکە.
گەڕایەوە سەر خوێندنەوەی ڕۆژنامە ئینگلیزییەکە.
لە باڵەخانەی B منارەی باکنگام چووینە دەرەوە. کە بە دارامم گوت چاوەڕێم بکات، دوایی گەڕایەوە دواوە و تەماشای چۆنیەتی چوونەژوورەوەی دەکرد بۆ ناو کۆشکەکە. نیو کاتژمێر بەسەرچوو بەڕێز ئاشۆک لە خوارەوە بوو لە هۆڵی چاوەڕوانی، پیاوێکی ڕەشتاڵەی کورتەباڵا لە چینی خزمەتکارەکان هات بۆ بینینی، لەگەڵ بەڕێز ئاشۆک ماوەیەک گفتوگۆی کرد و ڕۆیشت، لە دوو پیاو دەچوون کە کۆتاییان بە بەڵێنێک هێنابێت.
گەڕامەوە بۆ ئەو شوێنەی کە دارام چاوەڕێی دەکرد "با بڕۆین!" بە پاس چووین بۆ قەڵا کۆنەکە، کە باخچەی نیشتمانی ئاژەڵان بوو. بە درێژایی کاتەکە دەستم لەسەر سەری دارام بوو، لەوانەیە وای زانیبێت لە خۆشەویستییەوەیە، بەڵام بۆ ئەوەم بوو دەستم لە لەرزین بکەوێت.
بە درێژایی ڕۆژ دەلەرزی وەکو کلکی بڕاوی مارمێلکە.
دەبێ یەکەم لێدان من بیخۆم. هەموو شتێک لە جێی خۆیدابوو. هیچ بوارێک بۆ بەهەڵەداچوون نەبوو. بەڵام وەکو پێم گوتن، من پیاوێکی ئازا نیم.
پاسەکە جمەی دەهات، بە درێژایی گەشتەکە هەردووکمان هەر بە پێوە بووین و وەکو بەراز عەرەقمان کردبوو. بیرم چووبووەوە کە سواربوونی پاس لە هاویندا بەو جۆرەیە.
کاتێک کە لە ترافیکە سوورەکە وەستاین، مارسیدس بنزێک لە تەنیشت پاسەکەوە وەستا. لە پشت جامەبەرزکراوەکەوە شۆفێری ناو هێلکە فێنکەکە زەردەخەنەیەکی کرد بۆمان، دانە سوورەکانی دەرخست.

سەرەیەکی دووروودرێژ گیرابوو لای ژمێریاری تکتی چوونەژوورەوە بۆ ناو باخچەی ئاژەڵان. ئەوەی کە من تێگەیشتم، خێزانێکی زۆر دەیانویست بچنە ناو باخچەی ئاژەڵانەوە، ئەوەی کە تووشی سەرسوورمانی کردبووم ژمارەیەکی زۆر کچ و کوڕی گەنج دەچوونە ناو باخچەی ئاژەڵانەوە، دەست لەناو دەست پێدەکەنین و بە یەکتریاندا دەکێشا، چاویان لە یەکتر دادەگرت وەکو ئەوەی باخچەی ئاژەڵان شوێنێکی ڕۆمانسی بێت، ئەوەیان بێمانابوو لای من.

ئێستا بەڕێز سەرۆکی وەزیران، بە هەزاران کەس لە خەڵکی دەرەوە دەفڕن و دێن بۆ وڵاتەکەم بۆ پاکبوونەوەی ڕۆحیان، دەچن بۆ هەمالایا، بیناراس یان بۆ بۆدو گایا،دەچنە بارێکی نامۆی یۆگاوە. حەشیشە دەکێشن،لەگەڵ موغانێک یان دووان دەگەڕێن و وا دەزانن ئەوە پاککردنەوەی ڕۆحە.

ها!

ئەگەر بۆ پاککردنەوەی ڕوح دێن بۆ هندستان، ئەوە ڕووباری گەنگە بیر خۆتان بەرنەوە. یەکسەر بچن بۆ باخچەی ئاژەڵانی نیشتمانی لەناو دڵی نیو دەلهی.

من و دارام لەقلەقی دەنووک ئاڵتوونیشمان بینی لەسەر دارخورماکان نیشتبوونەوە لە ناوەڕاست ئاوە سەوزەکەی دەریاچە دەستکردەکەدا. پەڵە پەمەییەکانی سەر باڵەکانی نیشانم دەدا، دەتوانیت لەپشتەوە دیوارە ڕووخاوەکەی قەڵا کۆنەکە ببینیت.

شاعیری مەزن ئیقبال ڕاستی فەرموو. ئەو کاتەی درکت کرد چی جوانە لە دنیادا، ئیتر نابیتە کۆیلە.

با ناکسالییەکان و چەکەکانیان کە لە چینەوە بۆیان دێت بچن بۆ دۆزەخ.

ئەگەر هەموو منداڵێکی هەژار فێر بکەیت کە چۆن وێنە بکێشێت، ئەوە کۆتایی دەوڵەمەندەکان دەبێت لە هندستان.
دەمویست دڵنیا ببم لەوەی کە دارام نرخی جوانی و بەرزیی تاقگە و دەوروپشتی قەڵاکە بزانێت.
چۆنیەتی پڕبوونەوەی کونەکانی بە ئاسمانی شین، چۆنیەتی بریسکەدانەوەی بەردە کۆنەکانی لە پێش ڕووناکی.
نیو کاتژمێر قەفەز بە قەفەز ڕۆیشتین، شێرە نێر و مێکان جیا کرابوونەوە لە یەکتر و وەکو جووتێکی تەواوی ناو شار قسەیان نەدەکرد.
ئەسپە ئاوییەکە لەناو مێرگێکی گەورەی پڕ لە قوڕ پاڵ کەوتبوو. دارام ویستی وەکو ئەوانی تر بکات، بەرد بهاوێ بۆ ئەسپە ئاوییەکان کە لەناو قوڕەکە پاڵ کەوتبوون و هیچیان نەدەکرد، سرووشتی ئەوان وا بوو.
لێگەڕێ با ئاژەڵ وەکو ئاژەڵ بژێت و مرۆڤیش وەکو مرۆڤ. ئەمە هەموو فەلسەفەیەکی منە لە یەک ڕستەدا.
بە دارامم گوت کاتی ئەوە هاتووە کە بڕۆین، بەڵام تکای کرد"پێنج خولەکی تر" خاڵە.
"باشە، پێنج خولەک."
گەیشتینە لای قەفەزە بامبووە درێژەکان لەنێوان بۆشاییەکانەوە پڵنگێکمان بینی هاتوچۆی دەکرد.
داهێنراوێکە یەک جار لە دایک دەبێت لە هەر نەوەیەکی دارستانێکدا.
سەیریم دەکرد لە پشت بامبووەکانەوە دەڕۆیشت، هێڵە ڕەشەکان و تیشکی هەتاو و ڕەنگدانەوەی هەتاو لەسەر فەروە سپییەکەی وەکو ئەوە وابوو کە تەماشای فیلمە ڕەش و سپییە کۆنەکان بکەیت کە لەسەر بەکرە بە

هێواشی دەڕۆیشت.، یەک لەسەر یەک بەسەر هەمان هێڵدا دەڕۆیشت، دەسووڕایەوە و دووبارەی دەکردەوە بە هەمان شوێندا، ئەوە تاکە ڕێگەبوو بۆی کە بتوانێت لەگەڵ ئەو قەفەزەدا هەڵبکات.

دوایی ئەو شتەی پشت بامبووەکە لە جوڵەجوڵ کەوت، دەموچاوی وەرگێڕا بۆ لای دەموچاوم، چاوەکانی بریبووە  ناو چاوەکانم، وەکو یەکانگیربوونی چاوی من و سەرۆکەکەم، لە ئاوێنەی ئۆتۆمۆبیلەکەوە. بە یەکجاری پڵنگەکە دیار نەما.

لە بڕبڕەی پشتمەوە تاکو ڕانەکانم زرنگانەوە و دەستیان بە لەرزین کرد، هەستم بە بێهێزی کرد، یەکێک لە تەنیشتمەوە هاواری کرد، چاوەکانی دەسووڕێنێ دەبوورێتەوە!

ویستم هاوار بکەم بەسەریدا "ڕاست نییە، من نابوورێمەوە، دەمویست نیشانیان بدەم کە من باشم بەڵام پێیەکانم دەخلیسکان، زەوییەکەی ژێرم دەلەرزی، شتێک بەرەو ڕووم دەهات، چڕنووکەکان لە قوڕەکەوە دەرهاتن و چوونە ناو گۆشتمەوە و ڕایانکێشامە ناو زەوییە تاریکەکەوە.

دوا بیرکردنەوەم، پێش ئەوەی هەموو شتێک تاریک بێت، لەو خۆشییە تێگەیشتم، ئێستا دەزانم بۆچی ئاشقەکان دێن بۆ باخچەی ئاژەڵان.

ئەو ئێوارەیە من و دارام لەسەر زەوییەکە دانیشتبووین لە ژوورەکەم.

کاغەزێکی نامەی شینم لە پێشی بڵاو کردەوە، پێنوسێکم دایە دەستی.

"دەمەوێت بزانم چ نامەنووسێکی باشیت دارام. دەمەوێت بۆ نەنکم بنووسی کە ئەمڕۆ چی ڕووی دا لە باخچەی ئاژەڵان."

بە دەستە هێواش و جوانەکانی نووسیتی،

دەربارەی ئەسپی ئاوی، شامپانزی و ئاسکی زۆنگاو

"باسی پڵنگەکەی بۆ بکە."

دوودڵ بوو دوایی نووسیتی

پڵنگێکی سپیمان بینی لەناو قەفەزێک

"هەموو شتێکی بۆ باس بکە"

سەیرێکی منی کرد و نووسیتی خاڵۆ باڵڕام لە بەردەم قەفەزی پڵنگە سپییەکە بوورایەوە

هێشتا باشتر بنووسە، ڕێنوسم پێ دەکرد.

بە دە خولەک و بە پەلە هەمووی نووسییەوە.

قەڵەمەکە ڕەش بووەوە لەبەر دڵۆپەکردنی مەرەکەب لە نووکەکەی، هێنای بەقژیدا، گەڕایەوە بۆ سەر نووسینەکەی، لە کۆتاییدا ئەوەی کە نووسیبووی بە دەنگی بەرز خوێندییەوە:

بانگی ئەو کەسانەی دەورووپشتمان کرد. خاڵۆمان هەڵگرت بۆ لای دارێکی بانیان،

یەکێک ئاوی کرد بە دەموچاویدا. خەڵکانێکی باش بە توندی زللەیان لە خاڵۆم دا و بەئاگایان هێنا، ڕوویان کردە من و گوتیان" خاڵۆت وڕێنە دەکات. ئەو ماڵئاوایی لە نەنکی دەکات، ڕەنگە پێی وا بێت کە دەمرێ"، خاڵۆم چاوەکانی کرانەوە، پرسیم "خاڵۆ تۆ باشی؟"

دەستی بردم بۆ لای خۆی و گوتی "بمبوورە، بمبوورە، بمبوورە." گوتم "لێبوردن بۆچی؟" گوتی "ناتوانم ئەو بەشەی تری ژیانم لەناو قەفەزدا بە سەر ببەم. نەنە زۆر داوای لێبوردن دەکەم."

بە پاس گەڕاینەوە بۆ گورگۆن، لە چایخانەکە نانی نیوەڕۆمان خوارد. زۆر

گەرمابوو عەرەقێکی زۆرمان کردبوو، ئەمە هەموو ئەو شتانە بوون کە ئەمڕۆ ڕوویان دا.

"دوای ئەوە چیت دەوێت بینووسە بۆی و سبەینێ هەر کە بە ئۆتۆمۆبیلەکە ڕۆیشتم پۆستی بکە، بەڵام نەکەیت پێش ئەو کاتە بێت، تێگەیشتی؟."

---

بە درێژایی ئەو بەیانییە باران باری، هێواش بەڵام بەردەوام دەباری.

گوێم لە باران بوو، سەرەڕای ئەوەی کە نەمدەبینی، چووم بۆ لای هۆنداستێکە، بخورم دانا لەناوی، کوشنەکانم سڕییەوە، شتە هەڵواسراوەکانم سڕییەوە و کێشام بە دەمیدا،

پاکەتە پێچراوەکەم لە نزیک کوشنی شۆفێرەکە دانا.

هەموو دەرگاکانم پێوە دا و کلیلیانم دا. دوایی لای هۆنداستێکە دوو هەنگاو گەڕامەوە دواوە، داچەمیمەوە و هەردوو ناولەپی دەستم بەرامبەر بە یەک داناو کڕنۆشم بۆ برد.

چووم بزانم دارام چی دەکات، بێکەس دیاربوو. بەلەمێکی کاغەزم دروست کرد بۆی،

خستمانە ناو جۆگەلەیەکەوە لە دەرەوەی ئەپارتمانەکە. دوای نانی نیوەڕۆ دارامم بانگ کرد بۆ ژوورەکەم.

دەستم نایە سەرشانەکانی، بە هێواشی سووڕاندمەوە، تاکو دەموچاوی کەوتە لایەکەی ترەوە، ڕووپێیەکی ئاسنم بەردایەوە سەرزەوییەکە.

" داچەمێ و هەڵیگرەوە."

تەماشایم دەکرد کە خەریکی هەڵگرتنەوەی بوو.

دارام ڕێک وەکو بەڕێز ئاشۆک قژی شانە دەکرد، قژی لە ناوەڕاستەوە دەکرد

به دوو بەشەوە، ئەگەر بوەستایتایە و لە سەرەوە سەیری سەریت بکردایە خە تێکی سپی دیار بوو لەسەر بێخەکەی بەرەو سەرەوە دەچوو بۆ ئەو شوێنەی کە لەوێ قژی پیاو کۆ دەبێتەوە.

"ڕاست هەستە سەرپێ"

یەک بازنەی تەواو سووڕاندمەوە، دیسانەوە ڕووپێیەکم بەردایەوە.

"جارێکی تر هەڵیگرەوە."

تەماشای شوێنەکەیم کرد. پێم گوت لە سووچێکی ژوورەکەدا دانیشێت و سەیرم بکات، چوومە ناو توولی مێشوولەکەوە چوارمشقی دانیشتم و چاوەکانم داخست هەردوو لەپم لەسەر هەردوو ئەژنۆم دانا. هەناسەیەکم هەڵکێشا.

نازانم بۆ ماوەی چەنێ وەکو بودا دانیشتم و مامەوە تاکو یەکێک لە خزمەتچییەکان هاواری کرد کە داوا کراوم لە دەرگای پێشەوە.

چاوەکانم کردەوە، دارام لە سووچێکی ژوورەکەدا دانیشتبوو تەماشای دەکردم.

پێم وت: "وەرە بۆ ئێرە"، باوەشم پیادا کرد، دە ڕووپێم خستە ناو گیرفانی، پێویستی بەوە هەیە.

"باڵڕام تۆ دواکەوتی، زەنگەکە شێتانە لێ دەدا!"

چوومە ناو ئۆتۆمۆبیلەکە، کلیلەکەم خستەسەر، ئۆتۆمۆبیلەکەم هەڵکرد، بەڕێز ئاشۆک بە چەترێکەوە لای دەرگای چوونەژوورەوە وەستابوو. لەسەر تەلەفۆن بوو قسەی دەکرد، هەر کە هاتە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەوە زرمەی لە دەرگاکەی هەستاند.

"هێشتا ناتوانم بڕوا بەوە بکەم خەڵکی ئەم وڵاتە هەر ئەوەندە هەلێکیان بۆ

هەڵکەوێت، حوکوومەتی لەسەرکار هەڵدەبژێرنەوە. دەنگیان داوە بە کۆمەڵێک خوێنرێژ، ئێمە شایەنی ئەوە نین.."

بۆ خولەکێک تەلەفۆنەکەی نایە لاوە و گوتی باڵرام "یەکەمجار بەرەو شار برۆ، پاشان پێت دەڵێم بۆ کوێ"

دوایی دەستی کردەوە بە قسەکردن بە تەلەفۆن، شەقامەکان شڵپەیان دەهات لە قوڕ و ئاودا، لەسەرخۆ لێمدەخوڕی.

"دیموکراتی، پەرلەمانتاری، بابە هەرگیز ناگەین بە چین لەبەر ئەم تاکە هۆیە."

یەکەم وەستان لە شار بوو لە یەکێک لە بانکە ئاساییەکان، جانتا سوورەکەی برد و چووە ژوورەوە لەناو ژوورە بچووکە شووشەکەوە بینیم پەنجەی بە دوگمەی مەکینەی پارەڕاکیشانەکەدا دەنا.

کاتێک کە گەڕایەوە هەستم بە زیادی کێشی جانتاکەی کرد لە کوشنی پشتەوە،

لەم بانکەوە دەچووین بۆ ئەو بانک..

کێشی جانتا سوورەکە لە زیادبووندا بوو. هەستم دەکرد فشارێک زیاد دەکات لە خوار پشتمەوە،

وەک ئەوەی بەڕێز ئاشۆک و جانتاکەی لە ئۆتۆمۆبیلەکەدا نەبن. بە هەمان شێوەی کە باوکم بە عەرەبانە کڕیاری دەبرد لەگەڵ جانتاکانیان.

حەوتسەد هەزار ڕووپی.

بەشی کڕینی خانوویەک و ماتۆڕێک و دووکانێکی بچووکی دەکرد

ژیانێکی نوێ

حەوتسەد هەزار ڕووپێکەم

"بالڕام، ئێستا بۆ شیراتۆن"

"بەڵێ گەورەم."

کلیلەکەم سووڕاند، ئۆتۆمۆبیلەکەم هەڵکرد. گێڕەکەم گۆڕی، هەموو جووڵاین

"بالڕام تۆزێ مۆسیقای ستنگمان بۆ بخەسەر، بەڵام دەنگی زۆر بەرز نەبێت."

"بەڵێ گەورەم"

سیدێکەم خستەسەر و دەنگی ستنگ دەرچوو، ئۆتۆمۆبیلەکەم خێراتر کرد، پەیکەرە برۆنزییە بەناوبانگەکەی گاندیمان تێپەڕاند کە پێشەوایەتی شوێنکەوتووەکانی دەکات لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی.

ڕێگەکە چۆڵەوانی بوو،باران بە هێمنی دەباری، ئەگەر ئەو ڕێگەیەمان بگرتایە دەگەیشتینە ئوتێلەکە، گەورەترین شوێن لە پایتەختی وڵاتەکەم، شوێنێکە کە سەرانی مەملەکەتەکە ڕووی تێدەکەن، وەکو خۆت کە هەمیشە لەوێ دەمێنیتەوە.

بەڵام دەلهی شارێکە کە تێیدا شارستانی لە پێنج خولەکدا دەردەکەوێت و بزر دەبێت. ئەملاولامان کەلاوە و زبڵخانە بوو.

لە ئاوێنەکەوە بینیم بیری لای سێڵفۆنەکەی نەبێ لای هیچی تر نەبوو.

بریسکەی شینی مۆبایلەکەی دەموچاوی ڕووناک دەکردەوە، بێ ئەوەی تەماشام بکات لێی پرسیم "چییە بالڕام، بۆچی ئۆتۆمۆبیلەکەت ڕاگرت؟"

دەستم لە کاڵی خودا موگناتیسە هەڵواسراوەکە دا بۆ ئەوەی بەخت یاوەرم بێت، سندوقەکەم کردەوە، شووشە شکاوەکان و چڕنووکە شووشەکان لەوێ بوون. "تایەکە شتێکی لێ بووەتەوە گەورەم، تەنها دوو خولەکم بدەرێ."

سوێند دەخۆم پێش ئەوەی پەنجەی پێوە بدەم، دەرگای ئۆتۆمۆبیلەکە کرایەوە، لە دەرەوە بووم لە پێش بارانەکە.

قوڕێکی خووساوی ڕەش هەموو لایەکی تەنیبوو. ملم نا بەناو قوڕ و ئاوی باراندا نزیک تایەی چەپی پشتەوە کە لەسەر ڕێگەکەوە دیار نییە، لەوێ بە چینچکانەوە دانیشتم، تەنیشت شەقامەکە چڕەدار بوو.

هەرگیز ئەو ڕێگەیەت بەو چۆڵییە نەبینیوە، سوێند دەخۆم بۆ تۆ ڕێک خراوە. تەنها ڕووناکییەک لەناو ئۆتۆمۆبیلەکە بریسکەی شینی مۆبایلەکە بوو.

بە پەنجەم شووشەکەی لای ئەوم سڕییەوە، ئاوڕێکی لێ دامەوە بێ ئەوەی جامەکە داگرێت

چەند وشەیەکم گوت "کێشەیەک هەیە بەڕێز"

جامەکەی نزم کردەوە، هەنگاوی نەنا بۆ دەرەوە،

یاری بە مۆبایلەکەی دەکرد، پەنجەی بە دوگمەکاندا دەنا و زەردەخەنەی بۆ دەکرد. دەبێ پەیام بۆ ئوما خان بنێرێت.

لێوەکانم خستە سەر شووشە تەڕەکە و زەردەخەنەیەکم بۆ کرد. وازی لە مۆبایلەکەی هێنا، مشت و پەنجەکەڵەم خستە سەر شووشەکە، بە تەماشایەکی نائاسوودەییەوە جامەکەی داگرت، لە جامەکەوە دەنگی ستینگ بە هێواشی دەهات.

"چییە باڵڕام؟"

"کێشەیەک هەیە گەورەم، دێیتە دەرەوە"

"کێشەی چی؟"

لە جێی خۆی نەجوولا، لەشی دەیزانی، هەرچەندە مێشکە گەمژەکەی پێی نەدەزانی.

تایەکە گەورەم، پێویستم بە یارمەتی تۆیە، چەقیوەتە ناو قوڕەکە، یەکسەر لەو کاتەدا لایتێک لە پێشەوە لێی دام، ئۆتۆمۆبیلێک بە رێگەکەدا دەهات.

دڵم لە لێدان کەوت، بەڵام یەکسەر ئێمەی تێپەراند، قوڕاوەکەی بڵاو کردەوە بەسەر پێیەکانمدا.

دەستێکی لەسەر دەرگاکە دانا، لەوەدا بوو کە هەنگاو بنێت بۆ دەرەوە بەڵام پاڵپێوەنەرێک لە ناخەوە رێی لێ دەگرت، بۆ بەرگریکردن لە خۆ ڕێیی لێ دەگرت.

"باڵڕام بارانە، پێت باشە تەلەفۆنێ بکەین و داوای یارمەتی بکەین؟."

خۆی چەمانەوەو دوور کەوتەوە لە دەرگاکە.

"ئۆهۆ نا گەورەم متمانەم پێ بکە وەرە دەرەوە"، هێشتا هەر گیانی لابەلا بوو، هەرچەندی کە دەیتوانی لەشی دوور دەخستەوە لێم.

لە ناوی دەبەم، لەو بڕوایەدا بووم کە زۆرم لێ دەکات شتێک بکەم، دەزانم ڕقم لە خۆم دەبێتەوە، تەنانەت ساڵانی دواتریش، لە ڕاستیدا نەمدەویست ئەو وا بیر بکاتەوە تەنانەت لەو دوو-سێ چرکەیەی کە ماویەتی لە ژیانیدا.

ئەو جۆرە شۆفێرە بووم،کەسێ کە هەڵبژاردنێکی تری بۆ نەماوەتەوە ناچارە هەڕەشەی کوشتنی سەرۆکەکەی بکات.

بەڵام هیچ هەڵبژاردنێکی نەهێشتبووەوە بۆم.

"لەو شەوەوەی کە چووین بۆ ئوتێل جانگپۆرا، لەو شەوەوە کێشە دروست

دەکات."

یەکسەر سەری لەسەر مۆبایلەکەی هەڵگرت و سەیرێکی سەرەوەی کرد.

" ئەو ئوتێلەت بیرە کە هێمای T یەکی گەورەی لەسەرە؟ بیرتە؟ لەو شەوەوە گەورەم ئوتۆمبیلەکە وەک خۆی نەماوەتەوە. "

لێوەکانی لێک جیا کردەوە و دایخستەوە، بیری دەکردەوە هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکرێت.

بوارێکی نەدەیتێ تاکو ئۆقرە بگرێت،

"وەرە دەرەوەی ئۆتۆمۆبیلەکە گەورەم، متمانەت پێم بێت"، مۆبایلەکەی لەسەر کوشنەکە دانا، داواکەمی بەجێ گەیاند. شەوقی شینی مۆبایلەکە بۆ چرکەیەک تاریکییەکەی ناوەوەی ڕووناک کردەوە، دوایی نەما.

دوور لە من دەرگایەکی کردەوە، لە نزیک شەقامەکەوە هاتە دەرەوە، لە پەنای ئۆتۆمۆبیلەکە داچەمیمەوە بۆ سەرئەژنۆم و خۆم مەڵاس دا.

وەرە ئەم لایە گەورەم، تایە خراپەکە لەملاوەیە، بەناو قوڕەکەدا هات، ئەوەیە گەورەم، ئاگاداربە بوتڵە شکاو لەسەر زەوییەکە کەوتبوو.

پاشەڕۆیەکی زۆر لەسەر ڕێگەکە بوو، هەموو شتێک بە تەواوی ئاسایی دیاربوو.

"لێرەیە، با فرێی بدەم، ئەمە تایەکەیە گەورەم سەیرکە تکایە"، نزم بووەوە بۆ سەرئەژنۆ، بەرز بوومەوە بۆ سەری، بوتڵێکم گرتبوو بە دەستمەوە، لە پشتەوە قۆڵم نووشتاندبووەوە.

لە خوار منەوە چەمابووەوە، سەری وەکو تۆپێکی ڕەش بوو لەناو تاریکیدا،

خەتێکی باریکی سپیی بێخی سەریم دەبینی کە قژەکەی بە جوانی کردبوو بە دوو بەشەوە.

وەکو هێڵە کێشراوەکانی سەر شەقامە خێراکان بوو، بۆ تەوقی سەری کە لەوێ قژی مرۆڤ کۆ دەبێتەوە.

تۆپە ڕەشەکە جوولا، دەموچاوی گرژ کردەوە، بۆ ئەوەی چاوەکانی بپارێزێت لە دڵۆپەکانی باران، تەماشایەکی کردم "تایەکە لە باش دەچێت" بێدەنگ وەستام وەکو قوتابییەک کە لە لایەن مامۆستاکەیەوە گیرابێت، بیرم لە ئەقڵی ئەو ساماندارە دەکردەوە، بە ئەقڵیدا بێت بوەستێت و بکێشی بە دەموچاومدا.

بەڵام سوودی بردنەوە چییە لە شەڕدا کاتێک کە تەناتەت نەزانێت ئەگەر ئەو شەڕە بەرپا دەبێت.

"باشە باڵڕام تۆ زیاتر دەربارەی ئەم ئۆتۆمۆبیلە دەزانیت وەک لە من، با تەماشایەکی تری بکەم."

دیسانەوە سەیرێکی تایەکەی کرد.

دیسانەوە خەتە ڕەشەکەی شەقامی خێرا دەرکەوتەوە لە پێشم، لەگەڵ نیشانەی کێشراوی سپی بەرەو تەپڵی سەری.

هەست دەکەم کە ئێمە...."

شووشەکەم پیادا کرد. شووشەکە ئێسکەکەی خوارد، سێ جار کردم بە سەریدا تاکو ناو مێشکی، بوتڵێکی بەهێزە نرخی خۆی دەهێنێت، جۆری جۆن وەڵکەر بلاک وێڵ. لاشەی تێکشکاوی کەوتە ناو قوڕەکەوە.

دەنگێ لە لێوەکانی هاتە دەرەوە، وەکو بایەک کە لە تایەوە دەرچێت، کەوتمە سەر زەوییەکە، دەستم دەلەرزی، بوتڵەکە خزی، دەبوو بە دەستی چەپم هەڵیگرمەوە لەگەڵ دەنگەکەدا شتێ هاتە دەرەوە بۆ سەر دەستەکانی و ئەژنۆکانی، بە شێوەی بازنەیی بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە وەکو ئەوەی کە بۆ کەسێک بگەڕێ کە مەبەستی بێت بیپارێزێ.

بۆچی دەمی نەبەستم و لەناو ئەو دارە چڕانەدا جێی نەهێڵم، بێهۆش بۆ چەند کاتژمێرێ توانای ئەوەی نابێت یەک شت بکات. ئەو کاتەی کە ڕا دەکەم؟ پرسیارێکی باشە.

بە درێژایی شەو بیرم لێ دەکردەوە، کاتێک کە لەسەر کورسییەکەم دانیشتبووم و تەماشای گڵۆپە کریستاڵە کەم دەکرد.

وەڵامی ئەگەری یەکەم ئەوەیە کە بتوانێت دەمی بکاتەوە و پۆلیس ئاگادار بکاتەوە، بۆیە دەبوو بیکوژم.
وەڵامی ئەگەری دووەم ئەوەیە کە خێزانەکەی خراپ بەسەر خێزانەکەمدا دێنێت، پێشتر تۆڵەی خۆم کردووەتەوە.

وەڵامی دووەمم پێ باشترە.

پێمنا بەسەرپشت خشخشۆکەکەداو پانم کردەوە لەسەر زەوییەکە، داچەمیمەوە سەرئەژنۆم بۆ ئەوەی لە ئاستی بەرزییەکی گونجاودا بم بۆ ئەو کارەی دوای ئەو.

لاشەکەم سووڕاند بۆ ئەوەی ڕووی لێم بێت، ئەژنۆکانم لە سەرسینگی گیر کرد، یەخەی قەمیسەکەیم کردەوە و دەستم هێنا بەسەر هەردوو ئێسکی

خوار ملیدا.

بۆ ئەوەی شوێنەکە دیاری بکەم، کاتێک کە منداڵ بووم لە لاکسمانگار، وا ڕا هاتبووم کە لەگەڵ لەشی باوکمدا یاری بکەم، هەردوو ئێسکی خوار مل و سینگی، ئەو شوێنەی کە لقی دەمارەکان و خوێنبەرەکانی لێ دەبێتەوە، ئەو شوێنەی کە دەمویست، کاتێک کە دەستم لەو شوێنە دا، ئەو شوێنە بچووکەی ملی باوکم، کۆنترۆڵم دەکرد، دەمتوانی بە فشاری پەنجەم هەناسەی لێ ببڕم.

کوڕەکەی لەقلەق چاوەکانی کردەوە هەر کە دەستم نا بە ملیدا، خوێنە زیندووەکەی فیچقەی کرد بۆ ناو چاوم.

کوێر بووم، پیاوێکی ئازا بووم.

کاتێک کە خوێنەکەم لابرد لەناو چاوم بەڕێز ئاشۆک تەواو ببوو، خوێن لە ملییەوە زۆر بە پەلە دەردەپەڕی.

لەو بڕوایەدام کە موسڵمانەکان بەم جۆرە مریشکەکانیان بکوژن..

بەڵام دڵنیاتان دەکەم لەوەی کە مردن بە هۆی هەوکردنەوەی سییەکانەوە لەمە خراپترە، دوای ڕاکێشانی لاشەکە بۆ ناو چڕەدارەکان. دەستەکانم نوقمی ناو ئاوی باران و قوڕاوەکە کرد. کیسەکەم کە لای پێم بوو هەڵمگرت، تیشێرتەکەم گۆڕی بە تیشێرتە سپییەکە، ئەوەی کە زۆری سپیە و تەنها وشەیەکی ئینگلیزی لەسەرە، دەستم درێژ کرد بۆ پاکەتە کلێنکسەکە، پاک دەست و دەموچاوم سڕی، هەموو خودا موگناتیسەکانم ڕاکێشا و فڕێم دایە سەر لاشەی بەڕێز ئاشۆک، بەڵکو یارمەتی بدات و بچێتە ناو بەهەشتەوە.

دوای ئەوە چوومە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەوە، کلیلەکەم سووڕاند و پێم نا بە گازدا، هۆنداستێکەم برد، باشترین و جوانترین ئۆتۆمۆبیل، ئەمەکدارترین هاوبەش لە تاوان.

لە دوا گەشتدا تا ئەو کاتەی کە کەسی تر لە ئۆتۆمۆبیلەکەدا نەبوو، دەستی چەپم برد، مۆسیقای ستنگم کوژانەوە، دوایی وەستام و پشوویەکم دا.

لەمەودوا دەتوانم بە ئارەزووی خۆم چ مۆسیقایەکم بوێت گوێی لێ بگرم.

دوای سیوسێ خولەک لە وێستگەی شەمەندەفەرەکە، بازنە ڕەنگاوڕەنگەکەی مەکینەی بەختگرەوەکە دەبریسکایەوە لە بەردەمی وەستام، سەیری بریسکە و سووڕانەوەکەیم دەکرد.

سەرم سووڕ مابوو لەوەی ئایا بگەڕێمەوە دارامیش بهێنم؟ ئێستا ئەگەر لەوێ بە جێی بهێڵم، بە دڵنیاییەوە پۆلیس دەیگرێت وەکو بەشداربوویەک لە تاوان فرێی دەدەنە بەندیخانەوە لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی کێویدا. هەروەها گەورەم دەزانیت کوڕانی بچووکی وەکو ئەو چییان بە سەر دێت کە بکەونە شوێنێکی لەو جۆرەوە؟ لە لایەکی ترەوە ئەگەر ئێستا ئەو هەموو ڕێگەیە بگرم و بگەڕێمەوە بۆ گورگۆن، لەوانەیە کەسێک لاشەکە بدۆزێتەوە...

(پاشان من دەستم لە جانتاکە گیر کردبوو.) ئەو کاتە هەموو شتێکم لە دەست دەچێت.

بەچینچکانەوە دانیشتم لە وێستگەکە، سەرم سووڕ مابوو لە بڕیاردان.

هەرایەکی گەورە لای چەپمەوە بوو، سەتڵێکی پلاستیک دەجووڵایەوە، وەکو ئەوەی کە لە ژیاندا بێت، دوای ئەوە دەموچاوێکی ڕەشی زەردەخەناوی لەناو سەتڵەکە دەرپەڕییە دەرەوە، تازەخولّقاوێک بوو. کۆرپەیەکی کوڕ و ژن و پیاوێکی ئاوارە بە زبڵ داپۆشرابوون. لەملاولای سەتڵەکە دانیشتبوون،

سەرنجیان لە بۆشایی ڕێگەکە ڕا مابوو.

لەنێوان دایک و باوکێکی بێتاقەتدا، ئەو شتە بچووکە کاتێکی  هەبوو لە ژیانیدا بۆ یاریکردن لەگەڵ ئاو،

لەناو ئاوەکە ئاوبارانی دەکرد.

گوتم وا مەکە کوڕی بچووک، دڵخۆشتر دەبوو، زیاتر ئاوپرژێنی دەکرد.

دەستم بەرز کردەوە، نوقمی ناو سەتڵەکە بوو لە ناوەوە پاڵی پێوە دەنا، گیرفانەکانم گەڕام  بۆ ڕووپێیەکی کانزایی، سەیرم کرد نەکا دوو بێت، گلۆرم کردەوە بەرەو سەتڵەکە. بە قووڵی هەناسەم هەڵکێشا.هەستام و لەعنەتبوونی خۆم کرد و چوومە دەرەوەی وێستگەکە.

دارام، ڕۆژی بەختەوەریتە.

# شەوک حەوتەم

گوێت لەوەیە بەڕێز جیاباو، پێت ڕادەگەیەنم کە ئەمڕۆ وەزیری تەندروستی پلانێکی بڵاو کردەوە بۆ قەڵاچۆکردنی مەلاریا لە بانگەلۆر لە کۆتایی ئەمساڵدا.

پەیڕەوەکان بە فەرمی خراونەتە ڕوو بۆ ئەوەی کاری لە سەر بکرێ بێ پشودان، تاکو مەلاریا دەبێ بە ڕابردوو.

چلوپێنج ملیۆن ڕووپێ  دانراوە بۆ قەڵاچۆکردنی مەلاریا.

لە دەنگوباسێکی تردا، سەرۆکوەزیرانی وڵات ئەمڕۆ پلانی قەڵاچۆکردنی بەدخۆراکی لە ماوەی شەش مانگدا بڵاو کردەوە. ئەوەی بڵاو کردەوە کە لەمەودوا تا کۆتایی ساڵ نابێ یەک منداڵ برسی بێت، هەموو کارگێڕان دەبێ دەستبەکار بن.

 بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێنجسەد ملیۆن تەرخان کراوە.

لە دەنگوباسێکی تردا وەزیریماڵیی ڕایگەیاند کە داهاتی ئەمساڵ پاڵپێوەنەرێکی تایبەت دەبێت بۆ ئەوەی وڵاتەکەمان بگۆڕێ بۆ بەهەشتێکی تەکنەلۆجی بەرز.

ئەمە جۆرە دەنگوباسێکە کە لە ڕادیۆی سەراسەریی هندستان دەرخواردمان دەدرێت، شەو لە دوای شەو و بۆ ڕۆژی دواییش لە بەرەبەیاندا لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکرێنەوە.

شەو لە دوای شەو  خەڵکی ئەو گەمژەییە قوت دەدەن. سەرسووڕهێنەرە وا نییە؟

 بەسە با ڕادیۆ بکوژێتەوە، ئێستا با سەیری کریستاڵە سۆزبەخشەکەم بکەم. وین!

ئەی هاوڕێی دێرین!

ئەمشەو ئەم چیرۆکە پرشنگدارە دەگەیەنینە کۆتایی.

ئەم بەیانییە سەعات یانزە لە خەو هەستام و یەکسەر چووم بۆ یۆگا بۆ کاتژمێرێک، لە بەرەوپێشچوونی چیرۆکەکەم ڕەنگی دایەوە، هەستم کرد وا خەریکە تەواو دەبێت. ئەوەی کە ماوەتەوە بوترێت ئەوەبوو کە چۆن لە تاوانبارێکی ڕاوکەرەوە گۆڕام بۆ پایەیەکی پتەو لە کۆمەڵگەی بانگەلۆردا.

بەو بۆنەیەوە گەورەم، کاتێک کە لەسەر بابەتی یۆگاین، دەتوانم ئەوە بڵێم کە یەک کاتژمێر هەناسەی قووڵهەڵکێشان، یۆگا و تیاراپمان لە بەیانیاندا سەرەتای ڕۆژێکی باش دەبێت بۆ پیاوانی خاوەنکار؟

نازانم چۆن بەرخورد لەگەڵ فشاری ئەو کارە لەعنەتییە بکەم بەبێ یۆگا.

پێشنیاری هەبوونی یۆگا دەکەم لە هەموو قوتابخانەکانی چین.

ئێستا با بگەڕێینەوە سەر جیرۆکەکە، لە پێشدا دەمەوێت ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ژیانی هەڵاتوو بدەم.

پیاوی هەڵاتوو هەموو ژیانی لە ترسدا نابێت، هەڵاتوو بەشداری خۆشیش دەکات.

ئەو ئێوارەیە پارچەی بوتڵەشکاوەکەی  شەرابم گسک دەدا لە گەراجەکە.

پلانێکم دانا بۆ گەیشتن بە بانگەلۆر، نەک لە ڕێگەی شەمەندەفەری ڕاستەوخۆوە. لەوانەیە کەسێک بمبینێت دوای ئەوە پۆلیس بزانێ بۆ کوێ دەچم. لە جیاتی ئەوە لەم شەمەندەفەرەوە دەچم بۆ ئەوی تر، ڕێگەکەم زگزاگ دەکەم و دەچمە ناو بانگەلۆرەوە.

سەرەڕای ئەوەی خشتەی کارکردنم  پچڕپچڕ بوو، کە چووم دارام بهێنم، لەناو تووڵەکەدا نووستبوو، بەئاگام هێناو پێم گوت پشوو وەردەگرین و

دەچین بۆ باشوور. پەلکێشی دەرەوەم کرد، سەخت بوو بۆم جانتا سوورەکە بە دەستێکم بگرم و دارامیش بە دەستەکەی ترم، وێستگەی شەمەندەفەر شوێنێکی ترسناکە بۆ کوڕێکی بچووک. وەکو دەزانیت زۆر لە کەسانی گومانلێکراو لەوێن، هیشتا هەر بە ڕێگەی زگزاگدا دەڕۆیشتم بۆ گەیشتن بە خوارووی دەلهی.

لە سێیەم ڕۆژی گەشتەکەمدا بەم شێوەیە جانتا سوورەکەم بە دەستەوە بوو. گەیشتمە هەیدەرئاباد لە چایخانەی وێتسگەکە لە سەرەدا بووم بۆ ئەوەی کووپێک چا بکڕم پێش ئەوەی شەمەندەفەرەکەم بڕوات.

دارام چاودێری شوێنەکەی دەکرد.

مارمێلکەیەک لەسەر چایخانەکە بوو، بە دوودڵییەوە تەماشام دەکرد، خۆزگەم دەخواست بڕوات پێش ئەوەی سەرەم بێت.

مارمێلکەکە سووڕا بۆ لای چەپ بۆ سەر کاغەزێکی گەورەی هەڵواسراو بەسەر دیوارەکەوە. چرکەیەک وەستام، دوایی لام دا بۆ ئەو لاوە.

ئەو پارچە کاغەزە گەورەیە پۆستەری پۆلیس بوو، پۆلیس بۆ من. پێش من گەیشتوونەتە ئێرە، بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە شانازییەوە سەیرم کرد. لە یەک چرکەدا زەردەخەنەکەم نەما لەبەر هۆیەکی نامۆ

دەبینی لە هندستان شتەکان چەند بە پیسی دەچن بە ڕێوە.

پۆستەرەکەی من لکێنرابوو بە پۆستەرەکانی ترەوە، دوو کەس لە کشمیر، دوو بکوژەکە ویستوویانە بۆمب یان شتی تر بتەقێننەوە. کاتێک کە تەماشای پۆستەرەکان بکەیت بڕوا بەوە دێنیت کە منیش بکوژ بم، چەندە بێزارکەرە.

درکم بەوە کرد کە کەسێک بە دوامەوەیە، برادەرێک دەستەکانی بردووەتە

پشتییەوە  زۆر بە گرنگییەوە سەیری پۆستەرەکان و من  دەکات.
دەستم بە لەرزین کرد. دوور کەوتمەوە لە پۆستەرەکە بەڵام دواکەوتم، هەر کە ئەوێم جێ هێشت، ڕای کرد بۆ لام مەچەکی گرتم، تەماشای دەموچاوی کردم و گوتی "ئەو پۆستەرەت دەخوێندەوە؟ چی دەڵێت؟ "
"خۆت بیخوێنەوە"
"ناتوانم"
ئێستا تێگەیشتم کە بۆچی بە ڕاکردن هات، بێهیوایی نەخوێندەوار کاتێک کە خوێندەوار سەرنجی ڕادەکێشێت، بە شێوەی دەربڕینەکەیدا زانیم کە ئەویش خەڵکی تاریکییە.
گوتم "ئەوانە لە لیستی داواکراوەکانی ئەم هەفتەیەدان، ئەو دوو بکوژە خەڵکی کشمیرن."
" چییان کردووە؟"
" قوتابخانەیەکیان تەقاندووەتەوە، هەشت منداڵیان کوشتووە."
"ئەم برادەرەش؟ ئەمەی سمێڵی هەیە"، تەپ بە پەنجەی دەستەڕاستی لە وێنەکەمی دا.
"ئەمە ئەو پیاوەیە کە دەستبەسەریانی کرد."
"چۆن ئەوەی کرد؟"
بۆ ئەوەی چیرۆکێک دابنێم، پرنتکراوەکەی سەردیوارەکەم دەخوێندەوە، تەماشای دوو پۆستەرەکەم دەکرد و لێوەکانم دەجووڵاندەوە.
"ئەو برادەرە شۆفێر بوو، لێرەدا باسی دەکات، لەناو ئۆتۆمۆبیلەکەیدا بووە، ئەو دوو تیرۆریستە هاتوونە بۆی"
"دوایی؟"

"دەڵێت خۆی وا دەرخستووە کە نەیزانیوە ئەوانە تیرۆریستن، گەڕاندوونی بەناو شاری دەلهیدا. دوای ئەوە لە شوێنێکی تاریک ئۆتۆمۆبیلەکەی ڕاگرتووە، بوتڵێکی شکاندووە و بە بوتڵەکە سەریانی بڕیوە."

دوو سەرم بڕیوە بە پەنجە گەورەکەم.

"چ جۆرە بوتڵێ؟"

"بوتڵی شەرابی ئینگلیزی. بە پتەوی دروستی دەکەن"

گوتی "دەزانم. دەبوو هەموو ڕۆژانێکی هەینی بچم بۆ دووکانی فرۆشتنی شەرابی ئینگلیزی بۆ سەرۆکەکەم، حەزی لە جۆری سمیر-فۆن بوو."

گوتم" سمیر-نۆف" بەڵام گوێی نەگرت، دیسانەوە تەماشای وێنەی سەر پۆستەرەکەی دەکرد.

لەناکاو دەستی لە سەرشانم دا.

"دەزانیت ئەم برادەرەی سەر ئەم پۆستەرە لە کێ دەچێت؟"

پرسیم "کێ؟" زەردەخەنەیەکی بۆ کرد. "من"

سەیری دەموچاویم کرد، ئینجا وێنەکە.

گوتم "ڕاستە" دام بە سەرپشتیدا

پێم گوتی: لەوانەیە دەموچاوی نیوەی پیاوەکانی هند بێت. دوای ئەوە بەزەییم بەو نەخوێندەوارە بەستەزمانەدا هاتەوە.

بیرم لەوە دەکردەوە کە نەخوێندەواربوو، باوکم نەخوێندەواربوو. بیرم کردەوە کە چۆن ئارام دەگرێت وەکو ئەوەی کە باوکم ئارامی گرت. لە زۆربەی وێستگەکان خەڵەتێنراوە و گاڵتەی پێ کراوە لە لایەن کەسانی نامۆوە

کووپێک چام بۆ کڕی پێش ئەوەی بگەڕێمەوە ناو شەمەندەفەرەکە.

گەورەم من سیاسی یاخود پەرلەمانتار نیم، لەو کەسە نائاساییانە نیم کە بتوانم بکوژ بم و تەواو وەکو ئەوەی کە هیچ  ڕووی نەدابێت.
چوار هەفتەی برد بۆ ئەوەی مێشکم ئارام ببێتەوە لە بانگەلۆر.
لە چوار هەفتەدا هەمان شتم دووبارە دەکردەوە و دەکردەوە. ئوتێلەکەم جێ هێشت بۆ شوێنێکی بچووک نزیک وێستگەکە، دوای ئەوەی پێنجسەد ڕووپێ پێشەکیم دا هەموو هەشتی بەیانییەک چوار کاتژمێر هاتوچۆم دەکرد، بە جانتایەکی پڕ لە پارەی نەخدەوە. نەمدەوێرا  لە ژووری ئوتێلەکە جێی بهێڵم پێش ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ نانی نیوەڕۆ.
من و دارام بە یەکەوە نانمان خوارد.
نازانم بەیانیان چی دەکرد، بەڵام  لە بارێکی باشدا بوو، ئەوە یەکەم پشووی بوو لە هەموو ژیانیدا، زەردەخەنەکانی خۆشی پێ دەبەخشیم.
قاپێک نانی نیوەڕۆ بە چوار ڕووپێ  بوو. نرخێکی باش بوو لە خواروو. سەرەڕای ئەوەی کە خواردنێکی سەیرە، سەوزەی وردکراو لەناو شلەی بەهارات.
چوومە سەرەوە بۆ ژوورەکەم و خەوتم. کاتژمێر چوار هاتمە خوارەوە، داوای پسکیت و شیر و چام کرد، چونکە هێشتا فێری خواردنەوەی قاوە نەببووم. دەمبینی خەڵکی هەژاری باکوور چا دەخۆنەوە و خەڵکی هەژاری باشوور کۆفی، کێ بڕیاری داوە کە ئەوە وا بێت، نازانم، بەڵام وایە، بۆیە ئەوە یەکەمجارم بوو کە ڕۆژانە بۆنی قاوە بکەم.  مردبووم بۆ ئەوەی تاقی بکەمەوە و تامی بکەم، بەڵام پێش ئەوەی بتوانیت بیخۆیتەوە، دەبێ بزانی چۆن بیخۆیتەوە. ئەتەکیەتی خۆی هەیە و دەبێتە ڕۆتین، لە کووپ و ژێرکووپێکدا پێشکەش دەکرێت.

دەبێ قەوارەیکی دیاری تێ بکرێت و لە کاتی دیاریکراودا بە خێراییەکی دیاریکراو فڕ بکرێت لەناو ژێرکوویپەکە.

چۆن تێ دەکرێت؟ چۆن فڕ دەکرێت؟

بۆ ماوەیەک نەمدەزانی تەنها تەماشام دەکرد.

هەفتەیەکی برد بۆ ئەوەی بزانم کە هەر یەکە بە شێوەی جیاجیا دەیخواتەوە.

پیاوێک بە یەکجار هەموو قاوەکەی بەتاڵ کردە ناو ژێرکوویپەکەوە، یەکێکی تر بە هیچ جۆرێک ژێرکوویپی بە کار نەدەهێنا.

بە خۆمم گوت ئەوانە هەموو نامۆن، هەموو یەکەمجاریانە کۆفی بخۆنەوە ئەوە شتێکی تری سەرنجڕاکێش بوو لە بانگەلۆر. شار پڕبوو لە خەڵکی نامۆ. کەس هەستی بە کەس نەدەکرد.

چوار هەفتەم بە سەر برد لەو ئوتێلەی نزیک وێستگەکە، بێ ئەوەی هیچ بکەم

ڕاراییەک لە مێشکمدا بوو.

بچم بۆ مەمبای لە جیاتی؟

بەڵام پۆلیس یەکسەر بەوە دەزانێت

لە فیلمەکاندا هەموو کەسێک دەچێت بۆ مەمبای دوای ئەوەی کەسێک دەکوژێت. وا نییە؟

کەلکوتا! دەبوو بچووما یە بۆ ئەوێ.

بەیانییەکیان دارام گوتی "خاڵە زۆر دڵتەنگ دیاری، با بچین بۆ پیاسە.

بەناو پارکەکەدا پیاسەمان دەکرد، لەوێ کە پیاوە سەرخۆشەکان لەسەر کورسییە تەختە درێژەکان پاڵ دەکەون لە ناوەندی گیا کێوییە درێژەکاندا.

گەیشتینە ڕێگە فراوانەکە،لە لایەکی تری ڕێگەکە کۆشکێکی گەورەی بەرد هەبوو، شێرێکی ئاڵتوونی لەسەر لووتکەکەی بوو.

"ئەو کۆشکە چییە خاڵە؟"

"نازانم دارام.، دەبێ جێگەی وەزیرەکان بێت لە بانگەلۆر."

*لە گۆشەی سەرەوەی کۆشکەکە دروشمێکم بینی"*

*ئیشی حوکوومی، خودای ئیشەکانە.*

"تۆ پێدەکەنیت خاڵە؟"

"ڕاست دەکەیت دارام پێدەکەنم."

"وا هەست دەکەم کاتێکی خۆشمان دەبێت لە بانگەلۆر"، وام گوت و چاوێکم trووکاند.

لە ئوتێلەکە گوێزامەوە و ئەپارتمانێکم بە کرێ گرت.

دەبوو لە بانگەلۆر بژیم.

دەبوو ڕێگەیەک بدۆزمەوە بۆ جێکردنەوەی خۆم لە شارەکە، هەوڵم دا گوێم لە دەنگی بانگەلۆر بێت، هەر وەکو چۆن گوێم لە دەنگی دەلهی بوو.

چووم بۆ شەقامی ئێم جی لە قاوەخانەی "ڕۆژی قاوە" دانیشتم، مێزەکانیان لە دەرەوە دادەنا. پێنووسێک و پارچەیەک کاغەزم پێ بوو، هەرچی شتێک کە گوێم لێ دەبوو دەمنووسی.

ئەو پرۆگرامی کۆمپیوتەرەم لە دوو خولەک و نیودا تەواو کرد. ئەمریکییەک ئەمڕۆ چوار هەزار دۆلاری دامێ بۆ دەستپێکردن. گوتم ئەوەندە بەس نییە.

ئایا هەوڵێت پاکارد کۆمپانیایەکی باشترە لە IBM ؟

لەوە دەچێت لە شار هەموو شتێک هەر یەک شت بێت.

سەرچاوەی دەرەکی، بە واتای دروستکردنی شت لە هندستان بۆ

ئەمریکییەکان لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە. هەموو شتێک لەوێوە دەڕوات

عەقاری، سامان، هێز. سێکس

بۆیە دەبێ پەیوەست بم بەو خانەنشینییەی دەرەوە بە ڕێگەیەک یان شتێک.

بۆ ڕۆژی دوایی عەرەبانەیەکم بە کرێ گرت، بەرەو شارە ئەلکترۆنییەکان ڕۆیشتم. دارێکی بانیانم دۆزییەوە لە لایەکی ڕێگەکەوە لەژێری دانیشتم، دانیشتم و تەماشای کۆشکەکەم دەکرد

تاکو ئێوارە داهات  هەموو ئۆتۆمۆبیلەکانم بینی پێشبرکێیان دەکرد،دوایی تەماشام کرد تاکو کاتژمێر دووی بەیانی کاتێک کە ئۆتۆمۆبیلەکان دەستیان بە پێشبرکێی چوونەدەرەوە  کرد بۆ دەرەوەی کۆشکەکە.

بیرم کردەوە بەمجۆرە تەواو جێی خۆم دەکەمەوە.

باباسی بکەم خاوەنشکۆ

ژن و پیاوی بانگەلۆر بە جۆرێک دەژین وەکو چۆن ئاژەڵ لە دارستاندا دەژێت، بە ڕۆژ دەخەون و تەواوی شەو کار دەکەن، تاکو کاتژمێر سێ،چوار، پێنج

چونکە سەرۆکەکانیان لە لایەکی تری دنیان لە ئەمریکا.

پرسیارێکی گەورە

چۆن کچ و کوڕ بە تایبەت کچ لەماڵەوە دێن بۆ شوێنی کار.

لە کاتی درەنگی ئێوارە و دوای سێی بەیانی دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە؟

سیستەمی پاس نییە لە بانگەلۆر، سیستەمی شەمەندەفەر نییە لە مۆمبای، ئاسایش نییە بۆ کچ لەناو پاس و شەمەندەفەر، بە هەرحاڵ، بێشک پیاوی ئەم شارە ئاژەڵن.

لەوێوە خاوەنکار دروست دەبێت.

شتێکی تر کە پێی هەستام، چووم بۆ فرۆشگەی تویێتا لە شارەکە و بە دەنگێکی شیرین گوتم:

"دەمەوێت ئۆتۆمۆبیلەکانتان لێخورِم"

فرۆشیارەکە بە سەرسوورِمانەوە سەیری کردم.

بروام نەدەکرد کە ئاوهام گوت.

خزمەتکار هەر خزمەتکارە. هەمیشە ئەو غەریزەیە لەویَ دەبێت، لە ناوتدا لە شوێنێک، لە بربرەی پشتت.

ئەگەر جارێک بێی بۆ ئۆفیسەکەم بەرێز سەرۆکوەزیران، لەوانەیە هەوڵ بدەم یەکەمجار دەست بە پێیەکانتدا بێنم. ناولەپی دەستی چەپم داخست و بە دەنگێکی قووڵ گوتم دەمەوێت ئۆتۆمۆبیلەکانتان بە کریَ بگرم.

دوا بەشی چیرۆکە سەرکەوتووە سەرسوورِهێنەرەکەم،وەرچەرخان بوو بەرێز،لە خاوەنکارێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ خاوەنکارێکی سەربەخۆ، ئەم بەشەیان ئاسان نەبوو بە هیچ جۆرێک.

یەک بە یەک پەیوەندیم بە هەموویانەوە کرد.

هەموو خاوەن نوسینگەیەکی کۆمپانیا بەڵێندەرەکانی بانگەلۆر، پرسیم ئاخۆ پێویستیان بە تاکسییەک نییە بۆ ئەوەی ئێواران کرێکارەکان بگەیەننە شوێنی کار؟ ئایا پێویستیان بە خزمەتگوزاریی تاکسی نییە بۆ ئەوەی لە شەوی درەنگدا کرێکارەکان بگەیەنێتەوە بۆ ماڵەکانیان، بە دڵنیاییەوە دەزانیت هەموو چییان گوت.

ژنێکی میهرەبان بۆی روون کردمەوە:

"زۆر درەنگ کەوتووی، هەمیشە لە بانگەلۆر خزمەتگوزاریی تاکسیی

خۆیانیان هەیە بۆ گەیاندنی کرێکاران بۆ سەر کار وگەڕانەوە بۆ ماڵەوە کاتی شەوان. بە داوای لێبوردنەوە ئەمەت پێ دەڵێم."

هەر وەکو ئەوە وا بوو کە لە دنباد دەست پێ بکەمەوە. هەستم بە پاڵەپەستۆی دەروونی دەکرد، تەواوی ڕۆژەکە لەسەر تەختەخەوەکە پاڵ کەوتبووم.

ئەگەر بەڕێز ئاشۆک بووایە چی دەکرد؟ سەرم سووڕ مابوو.

لێی دەدام، تەنها نەدەبووم، کەسێکم دەبوو لەگەڵمدا بێت، هەزارانم دەبوو لەگەڵمدا بن.

کاتێک کە سەردانی بانگەلۆر بکەی هاوڕێکانم دەبینیت.

پیاوی قەڵەو و ورگن لەسەر شەقامی بریگید گۆچانەکانیان دەجووڵێننەوە و دەیڕژێننە فرۆشیارەکان و بێزاریان دەکەن و دەیانخەنە ژێر فشاری خۆیانەوە بۆ بەدەستهێنانی پارە.

باسی پۆلیسەکان دەکەم بە دڵنیاییەوە.

ڕۆژی دواتر پارەم دا بە کەسێکی ناوخۆ کە ببێت بە وەرگێڕ. دەزانی دڵنیام کە خەڵکی باکوور و باشووری وڵاتەکەم بە زمانی جیاواز دەدوێن، چووم بۆ نزیکترین بنکەی پۆلیس، جانتا سوورەکەم بە دەستەوە بوو، وەکو پیاوێکی گرنگ خۆم نیشان دا، جانتاکەی دەستم دەجووڵاندەوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بم لەوەی کە دەبینن کارتی کارەکەمم دا پێیان کە تازە وێنەم لەبەرگرتبووەوە، پێم لە سەر ئەوە داگرت کە پیاوە گەورەکە ببینم لەوێ. لە دواییدا پشکنەر ڕێگەی دام کە بچمە ناو ئۆفیسەکەوە، جانتا سوورەکەم خەڵەتاندیانی، پیاوە قەڵەوەکە لەسەر تەختەیەکی گەورە دانیشتبوو. کارتێکی بریسکەداری گەورەی لەسەر یەخەی یەکپۆشە خاکییەکەی دانابوو، نیشانەیەکی سووری

ئایینی بەسەر ناوچەوانییەوە بوو.
سێ پۆرترێتی خودا لە پشتییەوەبوو بەڵام ئەوەیان نەبوو کە من بۆی دەگەڕام.
ئۆە، سوپاس بۆ خودا وێنەیەکی گاندی لە گۆشەکەدا هەبوو.
نەمەستەم کرد (بە زەردەخەنەیەکی گەورەوە هەردوو ناو لەپی دەستم بەرامبەر بەیەک و لەسەر لوتم دانا) و جانتا سوورەکەم دایە دەستی. بە ئاگاییەوە کردییەوە.
لە رێگەی وەرگێرەکەوە گوتم بەڕێز، "دەمەوێت بەخشیشێکی بچووکتان پێشکەش بکەم"
سەیرە کە پارەی نەخدیان نیشان دەدەیت یەکسەر زمانەکەت دەزانن
پشکنەرەکە بە چاوێکی نووقاوەوە سەیری جانتاکەی کرد و بە زمانی هندی پرسیتی :
"بۆ ئەم هەموو چاکەیەم بۆ دەکەیت بەڕێز."
پارەکەی ژمارد دە هەزار ڕووپیێ، تێگەیشت کە چیم دەوێت، داوای دوو ئەوەندەی کرد، تۆزێ زیاترم پێی دا، دڵخۆشبوو.
پێت دەڵێم بەڕێز سەرۆکوەزیران. پۆستەرەکەم ڕاست لەوێ بوو. ئەوەی کە پێشتر بینیم، تەواوی کات مامەڵەم لەگەڵیدا دەکرد. پۆستەرە داواکراوەکە لەگەڵ وێنەیەکی بچووکی پیسی من.
دوو ڕۆژ دواتر پەیوەندیم بە ژنێکەوە کرد لە کۆمپانیای ئینتەرنێت داواکەمی ڕەت کردەوە، چیرۆکێکی سەرسامکەرم لێیەوە بیست.
خزمەتگوزاریی تاکسییەکەی تێک چووبوو، پۆلیس ئاشکرای کردبوو، کە زۆربەی شۆفێرەکان مۆڵەتی شۆفێرییان نەبوو.

پێم گوت "بمبووره خانم  هەر بەو بۆنەیەوە دەمەوێت بوونی کۆمپانیاکەمت پێ ڕابگیەنم. شۆفێرەکانی پڵنگی سپی."

"ئایا هەموو شۆفێرەکانت مۆڵەتیان هەیە؟"

"بە دڵنیاییەوە خانم، دەتوانی پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەیت و بەدواداچوونی بۆ بکەیت."

پەیوەندی پێیانەوە کرد و پەیوەندی بە منەوە کرد، لەو بڕوایەدام کە پۆلیس شتی باشی گوتبێت لە سەرم. بەو جۆرە خۆمم بە دەست هێنا، هەر وەکو بە ئینگلیزی دەڵێن " دەستپێکردن"

یەکێک بووم لە شۆفێرەکانی ڕۆژانی زوو، بەڵام دوای ئەوە وازم هێنا. بڕوا ناکەم خۆشیم لە شۆفێریی وەرگرتبێت، ئەوە دەزانیت؟

قسەکردن خۆشیی زیاتری تێدایە، ئەو دەستپێکردنە گەشەی کرد بۆ بزنسێکی گەورە.

شازدە شۆفێرمان هەبوو لەسەر بیستوشەش ئۆتۆمۆبیل کاریان دەکرد بە نۆبە.

بەڵێ ڕاستە.

هەندێک سەد هەزار ڕووپێیی کەسێکی تر و تۆزێک  کاری سەخت  دەتوانێت ببێ بە ڕووداوێکی سەیر لەم وڵاتەدا. پارەی عەقارو پارەی هەڵگیراو لە بانک بەیەکەوە. پانزە جاری ئەو پارەیە کە لەبەڕێز ئاشۆکم وەرگرت.

بۆخۆتماڵپەڕەکەم ببینە، دروشمەکەم ببینە.

" تەکنەلۆجیا بەرەو پێش دەبەم" تەماشای قافڵەی ئۆتۆمۆبیلەکانم بکە. بیستوشەش ئۆتۆمۆبیلی بریسکەداری تیۆتای نوێ، فێنککەرەوەی تێدایە و هەرهەمووی ئامادەیە بۆ مانگەکانی هاوین، هەمووی لە کۆمپانیای

تەکنەلۆجی  بەناوبانگەوە دەرهاتووە و کۆنتراکت کراوە .ئەگەر  ئارەزووتان لە ئۆتۆمۆبیلی SUV بوو، ئەگەر ویستتان کوڕ و کچانی سەنتەرەکەتان بگەیەننە ماڵەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان، تەنها ئەو شوێنە کلیک بکە کە نووسراوە .

**هەرئێستا پەیوەندی بکە بە ئاشۆک شەرمەوە!**

بەڵێ ئاشۆک! ئەم ڕۆژانە ئەم ناوەم لە خۆم ناوە، ئاشۆک شەرمە .

خاوەنکارەکانی باکوور  لە بانگەلۆر نیشتەجێ بوون، ئەگەر لەگەڵ مندا دانیشتبایت لەژێر گڵۆپە کریستاڵە  گەورەکە هەموو نهێنی کارەکەم نیشان دەدایت .

دەتتوانی تەماشای سکرینە زیوییەنەکەی لاپتۆپە ماکنتۆشەکەمت بکردایە، وێنەی ئۆتۆمۆبیلە  SUV کەمت ببینیایە، شۆفێرەکانم، گەراجەکانم، فیتەرەکانم، هەروەها پۆلیسە بەرتیلخۆرەکان .

هەموو ئەوانە هی منن- مونا، کە چارەنوسم وابوو حەڵواچی  بم!

وێنەی کوڕە کرێکارەکانیشم دەبینیت، هەر شانزەیان .

سەردەمێک شۆفێری سەرۆکێک بووم . بەڵام ئێستا خۆم سەرۆکی شۆفێرەکانم، وەکو خزمەتکار مامەڵەیان لەگەڵ ناکەم، زللەیان لێ نادەم، کەڵەگاییان بە سەردا ناکەم، یاخود گاڵتە بە هیچ کەسێکیان ناکەم، سووکایەتی بە کەسیان ناکەم، ناڵێم بەشیکن لە خێزانی من، ئەوان کرێکاری منن، من سەرۆکیانم، ئەمەیە وایان لێ دەکات کە گرێبەند واژۆ بکەن، خۆشم واژۆی دەکەم .

هەروەها هەردوو لامان دەبێ گرێبەندەکە شەرەفمەند بکەین، ئەمە هەموو شتەکانە . ئەگەر درکیان بەوە کرد کە چۆن دەدوێم، چۆن پۆشاک دەپۆشم،

چۆن شتەکان بە پاکی ڕادەگرم، ژیانیان بەرەو بەرزی دەچێت، ئەگەر نا، بە درێژایی ژیانیان هەر بە شۆفێری دەمێننەوە.

ئەو هەڵبژاردنەیان بۆ جێ دەهێڵم.

کاتێک کە ئیشیان تەواو بوو، دەریان دەکەمە دەرەوە لە ئۆفیسەکەم، مشت ومڕیان لەگەڵ ناکەم، کووپە کۆفی نییە.

پڵنگی سپی هەوڵی دروستکردنی هاوڕێیەتی نادات،ئەوە زۆر ترسناکە.

ئێستا سەرباری چیرۆکی سەرسووڕهێنەر و سەرکەوتنم، نامەوێت پەیوەندی ببڕم لەگەڵ ئەو شوێنەی کە تیایدا فێری زانستی ژیان بووم.

شەقام و شۆستە.

بەیانیان یاخود ئێواران دەچم بۆ بانگەلۆر، تەنها بۆ ئەوەی گوێم لە شەقام بێت.

ئێوارەیەکیان کە لە وێستگەی شەمەندەفەرەکە نزیک بوومەوە دەرزەنێک کرێکاری کاری دەستیم بینی لە نزیک دیوارەکە کۆ ببوونەوە، بە دەنگی نزم بە زمانێکی نامۆ قسەیان دەکرد.

خەڵکی ناوخۆ بوون، خوازیاری ئەوە نەبووم کە لەو وشانە تێبگەم کە دەیانگوت. ژمارەیەکی زۆری خەڵکی دەرەوە دەڕژێنە ناو شار. لەوانە بوون کە لە دواوە جێ مابوون.

شتێکیان لەسەر دیوارەکە دەخوێندەوە. دەمویست بزانم چییە، بەڵام لە قسەکردن کەوتن، لە پەنای دیوارەکە قەرەباڵخییان نابووەوە، پێش ئەوەی بڵاوەی لێ بکەن دەبوو هەڕەشەی پۆلیسم لێ بکردنایە.

دەیانویست نیشانی بدەن کە چی دەخوێننەوە.

ستێنسڵی وێنەی شکاندنی کەلەپچەی دوو دەست بوو.

سۆشیالیستە مەزنەکە دێ بۆ بانگەلۆر دوای دوو هەفتە گەیشت، خەڵکێکی زۆری بە دەورەوە بوو. وتارێکی ترسناکی خوێندەوە.

هەمووی دەربارەی ئاگر و خوێن و پاککردنەوەی وڵات بوو لە خەڵکی ساماندار، چونکە لە دە ساڵی داهاتوودا دنیا گەرمتر دەبێت و ئاوی پاک نامێنێت بۆ خەڵکی هەژار.

لە پشتەوە دانیشتبووم و گوێم گرتبوو. لە کۆتاییدا خەڵکیی شێتانە چەپڵەیان بۆ لێ دەدا.

تووڕەبوونێکی زۆر هەیە لەم وڵاتەدا بە دڵنیاییەوە.

با گوێیەکانت کراوە بن لە بانگەلۆر،

لە هەر شار و شارۆچکەیەکی هندستان گوێت لە هەرانانەوە و جووڵە و هەڕەشەی یاخیبوون دەبێ.

بە شەو پیاوەکان لەژێر گڵۆپەکان دادەنیشن و دەخوێننەوە و کۆ دەبنەوە و گفتوگۆ دەکەن و پەنجەی ئاماژەیان بۆ بەهەشت درێژ دەکەن.

ئایا شەوێک هەموویان پەیوەست دەبن بە یەکەوە و قەفەزی کەڵەشێرەکان تێک بشکێنن؟

ها!

لەوانەیە سەد ساڵ جارێک ڕوو بدات، دەبێتە شۆڕشی ئازادبوونی هەژاران.

ئەوەم لە یەکێک لە لاپەڕەی پەرتووکە کۆنەکاندا دەخوێندەوە کە خەڵکیی بە کاریان دەهێنا، کاتێک کە بۆ چا دەوەستان و سەموسە چەورەکانیان پێدەگرت. دەبینی تەنها چوار کەس لە مێژوودا ڕابەرایەتی شۆڕشە سەرکەوتووەکانیان کرد، کۆیلەکانیان ڕزگار کرد و سەرۆکەکانیان کوشت.

ئەو لاپەڕەیە گوتی

ئەسکەندەری گەورە

ئەبراهام لنکۆڵنی ئەمریکی

ماوی وڵاتەکەت

هەروەها پیاوی چوارەم لەوانەیە هتلەر بوو‌بێت. بیرم نایەت، بەڵام بڕوا ناکەم پیاوی پێنجەم خرابێتە سەر لیستەکە. بەم زووانەش.

شۆڕشی هند؟

نەخێر گەورەم ئەوە ڕوو نادات، خەڵکی ئەم وڵاتە هێشتا هەر چاوەڕوانی شەڕن لەپێناوی ئازادییاندا لە شوێنێکی ترەوە بێت،لە دارستانەوە، لە چیاکانەوە، لە چینەوە لە پاکستانەوە هەرگیز ئەوە ڕوو نادات. هەر پیاوێ دەبێت بیناراسێ دروست بکات بۆ خۆی.

کتێبی شۆڕش بەرپاکردنت لەناو هەناوتدا خۆی مەڵاس داوە، ئەی گەنجی هندستانی دەریبێنە و بیخوێنەرەوە.

لە جیاتی ئەوە، هەموویان بە دیار تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگەوە دادەنیشن و تەماشای کریکت و پڕۆپاگەندەی شامپۆ دەکەن.

لەبارەی بابەتی پروپاگەندەی شامپۆوە بەڕێز سەرۆکوەزیران دەبێ ئەوە بڵێم کە ڕەنگی ئاڵتوونی قژ هەناوم تێک دەدات.

لەو بڕوایەدا نیم کە ئەو ڕەنگدانە لە قژ تەندروست بێت بۆ ژن.

متمانەم بە تەلەفزیۆن و ئەو پۆستەرە گەورانەی ژنی سپی نییە کە لە هەموو شوێنێکی بانگەلۆردا دەیبینیت. لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی خۆمدا دەڕۆم. لەو کاتانەی کە لە ئوتێلی پێنج ئەستێرەدا بە سەری دەبەم. (ئەوە ڕاستە بەڕێز جیاباو. ئیتر ناچم بۆ ئەو شوێنانەی کە "گڵۆپی سووری لێیە"،

ڕاست نییه ئەو ژنانه بکڕی و بفرۆشی کە لە قەفەزی باڵندەدان و وەکو ئاژەڵ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. تەنها ئەو کچانه دەکرِم کە لە ئوتێلی پێنج ئەستێرەدان.)

بەپێی تاقیکردنەوەی خۆم کچی هندی باشترینە. (با دووەم باشترینت پێ بڵێم بەڕێز جیاباو، ئەوەیە کە زۆرترین کاریگەری هەیە بۆ ئەوەی بتوانی وەکو پیاوێک بە دەستی بێنی لە بانگەلۆر. بینینی جووتێک چاوی کچی نیپالی لەناو ئەو عاربانانەی بە ماتۆر رادەکێشرێن کە لە تاریکیدا دەبریسکێنەوە.)

لە ڕاستیدا بینینی ئەو کچە قژزەردە بیانییانە ئەوە دەردەخا کە ئەم ڕۆژانە بانگەلۆر پڕە لەوانە.

بڕوای پێ هێنام کە خەڵکی سپی لە تەواوبوون و نەماندان.

لەوە دەچێت کە هەموویان لە ڕووخاندا بن و بتوێنەوە. کەسیان نابینینەوە بە ورگە زلەکانیانەوە، بۆ ئەمە لۆمەی سەرۆکی ئەمریکا دەکەم.

نەشازی سێکسی کردووەتە شتێکی یاسایی، پیاو هاوسەرگیری لەگەڵ پیاودا دەکات لە جیاتی ژن. ئەمە لەسەر ڕادیۆ بوو. ئەمە دەبێتە هۆی نەمانی پیاوی سپی. دوای ئەوە پیاوی سپی زیاد لە پێویست مۆبایل بە کار دێنن، ئەوەیش مێشکیان تێک دەدات. ئەوە حەقیقەتێکی زانراوە. مۆبایل دەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجەی مێشک، پیاوەتی گرژ دەکاتەوە، یابانییەکان دایانهێنا بۆ تێکدانی مێشک و لەپیاوەتیخستنیان، شەوێکیان لەناو پاسدا ئەوەم بەر گوێ کەوت. تاکو ئەو کاتە زۆر شانازیم بە مۆبایلە نۆکیاکەمەوە دەکرد. نیشانی هەموو کچانی سەنتەری تەلەفۆنم دەدا کە دەمویست دەنووکیان تێ بنێم، بەڵام تا لە دەستم دابوو فڕێم دا.

هەرچی تەلەفۆنێک کە بۆمی دەکەیت لە ڕێگەی هێڵی زەوییەوە بۆم بکە، ئەوە زیان بە بزنسەکەم دەگەیەنێت بەڵام مێشکم زۆر گرنگترە، گەورەم.
ئەمە هەموو ئەو شتانەیە کە پیاوی بیرمەند هەیەتی لەم جیهانەدا.
لەگەڵ ماوەی ژیانمدا پیاوی سپی لە ناو دەچن.
خەڵکی ڕەش و سووریش هەیە، بەڵام نازانم چییان بە سەر دێت، هەرگیز ڕادیۆ باسیان ناکات.
پێشبینی ئەوە دەکەم کە لە ماوەی بیست ساڵدا تەنها پیاوی زەرد و ڕەش لە لووتکەی هەرەمەکەدا بن، ئێمە حوکمی هەموو دنیا دەکەین. خودا هەموو ئەوانی تر بپارێزێ.

---

ئێستا دەبێ باسی ئەو دابڕانە درێژە بکەم لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی دووشەوی ڕابردووم. باسەکە ڕێگەم پێ دەدات کە جیاوازیی نێوان بانگەلۆر و لاکسمانگار ڕوون بکەمەوە. تێگەیشتی بەڕێز جیاباو.
بەو جۆرە نییە کە ئەگەر تۆ بێی بۆ بانگەلۆر و ببینیت کە هەموو کەسێک خاوەن ڕەوشتن و ڕاستن، ئەم شارەیش هاوبەشە لە سیاسەتمەداری خوێنڕێژ.
ئێستا هەر لێرەدا کەسێک کە بییەوێ باش بێت، دەتوانێ باش بێت.
لە لاکسمانگار ئەو بوارەت نییە.
ئەوەیە جیاوازیی نێوان ئەم هندستان و ئەو هندستان لە هەڵبژاردن.
ئەو شەوە لێرە دانیشتبووم چیرۆکی ژیانی خۆمم بۆ دەگێڕایتەوە کاتێک کە زەنگی تەلەفۆنە جێگیرەکە لێی دا هێشتا هەر قسەم دەکرد لەگەڵت، هەڵمگرت گوێم لە دەنگی محەمەد ئاسیف بوو

"بەڕێز. هەندێک کێشە هەیە."

ئەوەبوو قسەکانم تەواو نەکرد.

پرسیم " چ جۆرە کێشەیەک؟"

دەمزانی ئەو شەوە محەمەد ئاسیف لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیدایە، بۆیە ئامادەبووم شتی خراپتر ببیستم.

دوای بێدەنگییەک گوتی "لە گەیاندنی کچەکاندا بووم بۆماڵەکانیان، لە منداڵێکی پاسکیلسوارمان دا و مرد، بەڕێز."

گوتم "یەکسەر پەیوەندی بکە بە پۆلیسەوە"

"بەڵام بەرێز هەڵەکە لە منەوە بوو، من لێم دا، بەرێز"

"بەدیاریکراوی هەر لەبەر ئەوە پۆلیس ئاگادار دەکەیتەوە"

کاتێک کە گەیشتمە شوێنی ڕووداوەکە پۆلیس بە ڤانێکی بەتاڵەوە لەوێبوو.

ئۆتۆمۆبیلە کوالَسەکە لە لایەکی ڕێگەکە ڕاگیرابوو هێشتا کچەکان هەر لەناوی بوون، کوڕێکی خوێناوی لەسەر زەوییەکە کەوتبوو پاسکیلەکەی بە شکاوی وپێچخواردوویی لەسەر زەوییەکە بوو.

محەمەد ئاسیف لە لایەکەوە وەستابوو، سەری با دەدا، یەکێک هاواری کرد بە سەریدا.

کەسێک بە سۆزەوە هاواری دەکرد. تەنها لە کەسوکاری کەسێکی مردووەوە ئەو هاوارە دەبیستی.

پۆلیس لە شوێنی ڕووداوەکە بوو، هەموو ئەوانەی دەستبەسەر کردبوو کە لەوێ بوون.

کە بینیمی سەری با دا. یەکترمان باش دەناسی.

چپاندی بە گوێمدا ئەوە برای کوڕە مردووەکەیە بەڕێز، زۆر تووڕەیە،

نەمتوانی دووری بخەمەوە لەوێ.

محەمەد ئاسیفم جوولاند.

ئۆتۆمۆبیلەکەی من ببە، پێش هەموو شتێک ئەو کچانە بگەیەنەماڵەوە.

بە دەنگی بەرز بە پۆلیسم گوت: "بهێڵە کوڕەکە بڕوا، خەڵک دەگەیەنێتەوە ماڵەکانیان. ویستت مامەڵە لەگەڵ هەر کەسێکدا بکەیت  ئەوە لەگەڵ منیدا بکە."

برای کوڕە مردووەکە هاواری کرد بەسەر پۆلیسەکەدا،

" چۆن لێیان دەگەڕێی بڕۆن"

گوتم "سەیری ئێرە بکە کوڕم، من خاوەنی ئەم ئۆتۆمۆبیلەم، شەڕی تۆ لەگەڵ مندایە نەک لەگەڵ ئەم شۆفێرە، پابەندی داواکانم،  بۆ ئەوەی هەرچەند بتوانێت خێرا لێبخوڕێ. خوێنت لەسەر دەستی منە نەک ئەو. ئەو کچانە پێویستیان بەوەیە بچنەوە بۆ ماڵ، وەرە لەگەڵم بۆ بنکەی پۆلیس، هەقی بەربوونەکەیت دەدەمێ. لێیان بگەڕێ با بڕۆن". پۆلیس هاوڕابوو لەگەڵم، "ئەوە بیرۆکەیەکی باشە کوڕم، پێویستە ئەم کەیسە لە بنکەی پۆلیس تۆمار بکەین."

کوڕەکەم خەریک کرد بە قسەکردنەوە، لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە ڕێزم بۆ دانا. محەمەد ئاسیف و کچەکان سەرکەوتنە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەی من و بۆی دەرچوون، ئەوە ئامانجی سەرەکی بوو، گەیاندنی کچەکان بۆ ماڵەکانیان، گرێبەستێکم واژۆ کردووە لەو بارەیەوە لەگەڵ کۆمپانیاکەیان. من  ڕێزم هەیە بۆ هەموو ئەو واژۆیانەی کە دەیکەم.

لەگەڵ برای کوڕە مردووەکە چووم بۆ بنکەی پۆلیس، پۆلیسی ئێشکگری شەو، قاوەی بۆ هێنام، بەڵام قاوەی بۆ کوڕەکە نەهێنا.

کاتێک کە کووپەکەم وەردەگرت، تەماشای دەکردم، لەوە دەچوو ئامادەبێت بۆ ئەوەی پارچە پارچەم بکات، قومم لە قاوەکە دا.

یەکێ لە پۆلیسەکان گوتی یاریدەدەری گەورەئەفسەر پاش پێنج خولەک لێرە ئامادە دەبێت.

براکەی پرسیتی،"ئایا ئەو کەیسەکە تۆمار دەکات؟ چونکە هێشتا کەس نەیکردووە."

قومی زیاترم لێ دا.

یاریدەدەری گەورەئەفسەر ئەو پیاوەیە کە لە وێستگەکە دانیشتبوو، کە چەند جارێک بەرتیلم داوە پێی، جارێکیان پێشبڕکێی لەگەڵم کرد. خراپترین کەسە، هیچ لە مێشکیدا نییە، پارەی لە هەموو ئەوانە وەرگرتووە کە هاتبن بۆ ئۆفیسەکەی.

ئەو هەموو ڕێگەیەی دەبڕی و دەهات بۆ وێستگە بۆ یارمەتیم، وەکو دەڵێن ڕاستگۆییەک هەیە لەنێوان دزەکاندا. یەکسەر لە بارودۆخەکە گەیشت، گوێی بە من نەداو. چوو بۆلای براکەی و گوتی "چیت دەوێ؟"

براکەی گوتی "دەمەوێ داواکە تۆمار بکەم، دەمەوێ ئەم تاوانە تۆمار بکرێ."

"چ تاوانێک؟"

"مردنی براکەم لە لایەن ئەم پیاوەوە - بە ئۆتۆمۆبیلەکەی"، پەنجەی ئاماژەی بۆ من درێژ کرد.

یاریدەدەری گەورەئەفسەر تەماشایەکی کاتژمێرەکەی کرد.

"ئەی خودایە، درەنگە.. خەریکە کاتژمێر بۆ پێنج دەچێت، بۆچی ئێستا ناچیتەوە بۆ ماڵەوە؟ بیرمان چوو کە هێشتا هەر لێرەی. ڕێگەت پێ دەدەین

که بچیتەوە بۆ ماڵەوە."

"ئەی ئەم پیاوە؟ نایگرن؟ "

یاریدەدەری گەورەئەفسەر پەنجەکانی خستە ناو یەک و هەناسەیەکی هەڵکێشا

"سەیرکە لە کاتی لێدانەکەدا گلۆپی پاسکیلی براکەت ئیشی نەدەکرد، دەزانی ئەوە نایاساییە. شتی تریش دەردەکەوێت. بەڵێنت پێ دەدەم. شتی تریش دەردەکەوێت."

کوڕەکە سەیرێکی کرد. سەری با دا وەکو ئەوەی کە گوێی لە هیچ نەبووبێت. "براکەم مرد. ئەم پیاوە تاوانبارە. نازانم لێرە چی دەگوزەرێ"

"بڕۆ ماڵەوە. خۆت بشۆ و لە خودا بپاڕێوە و بخەوە. سبەینێ وەرە داواکە تۆمار دەکەین، باشە؟"

لە دواییدا براکەی تێگەیشت کە بۆچی هێنابووم بۆ وێستگەکە، لە دواییدا تێگەیشت کە تەڵەیە و تێی کەوتووە، لەوانەیە تاکو ئێستا تەنها لە فیلمی هندیدا پۆلیسی بینیبێت.

کوڕی نەگبەت و بێچارە.

"ئەمە تاوانە، پەیوەندی دەکەم بە ڕۆژنامەکانەوە ! پەیوەندی دەکەم بە پاریزەرەکانەوە! "پەیوەندی دەکەم بە پۆلیسەوە!"

یاریدەدەری گەورەئەفسەر ئەو پیاوە نەبوو کە خاوەنی هەست بێت، ڕێگەی زەردەخەنەیەکی بچووکی بە خۆی دا. "بە دڵنیاییەوە پەیوەندی بکە بە پۆلیسەوە."

براکە دەستی ڕادوەشاند و هاواری دەکرد و هەڕەشەی زیاتری دەکرد.

یاریدەدەری گەورەئەفسەرەکە گوتی "سبەینێ ژمارەی لاپەڕەکە

دەگۆڕێت.دەڵێین لێدان بە ئۆتۆمۆبیل و ڕاکردن هەبووە،ئۆتۆمۆبیلێکی تر دەخەینە شوێن ئوتۆمبیلە تێکچووەکە، لێرە هەڵیدەگرین بۆ ئەو مەبەستانە. تۆ زۆر بەختت هەیە کە ئۆتۆمۆبیلە کواڵسەکەت لە کەسێکی پاسکیلسواری داوە."

سەرم با دا.

کە کەسێکی پاسکیلسوار دەکوژرێت، پۆلیس کەیسەکە تۆمار ناکات.

کە کەسێکی مۆتۆڕسوار دەکوژرێت تۆماری دەکەن. پیاوێک لەناو ئۆتۆمۆبیل کوژراوە، دەبوو فرێ بدرێمە زیندانەوە.

"چی دەبێ ئەگەر ڕۆژنامەکان بڵاوی بکەنەوە؟"

یاریدەدەری گەورەئەفسەرەکە دەستێکی بە ورگیدا هێنا

"ڕۆژنامەنووسەکانی ئەم شارە هەموو دەناسم."

یەکسەر زەرفی نامەکەی نادەمێ، ئەم شتانە کات و شوێنی خۆی هەیە.

ئێستا کاتی زەردەخەنە و سوپاس و فڕکردنی قاوەی گەرم بەسەرچووە کە داوای دەکرد بۆم. کاتی باسکردنی کوڕەکانی بەسەرچووە کە هەردووکیان لە ئەمریکا دەیانخوێند. دەیەوێت بگەڕێنەوە کۆمپانیای ئینتەرنێت دامەزرێنن لە بانگەلۆر.

سەری ڕەزامندیم جووڵاند و زەردەخەنە و نیشاندانی دانە پاک و بریسکەدارەکانم کە بە فلۆراید شۆرابوو.

کووپ لەسەر کووپ قاوە هەڵماوییەکەم هەڵدەقوڕان.

لەژێر ئەو ڕۆژژمێرەی کە دەموچاوی خودا لاکشمی لەسەر بوو , پارەی ئاڵتوونی  ناو گۆزەیەکی دەباراندە ناو ڕووبارە پرشنگدارەکەوە.

لەژێر پۆرترێتێکی لەچێوەگیراوی خودای خودایەکان مەهاتما گاندی کە پێدەکەنی،
هەفتەیەکی تر دیسان بە نامەکەوە دەچم بۆ بینینی، ئەو کاتە باش نابێت لەگەڵم لە بەرچاوم پارەکە دەژمێرێت و دەڵێت ئەمە هەموویەتی؟ دەزانی خوێندنی دوو کوڕ لە کۆلێجی بیانی چەندی تێدەچێت؟، دەبێ رسیدی ئەمریکان ئێکسپرێس ببینی کە هەموو مانگێ بۆمی دەنێرن. هەروەها داوای نامەیەکی ترت لێ دەکات، دوایی یەکێکی تر و، یەکێکی تر..هتد
ئەم شتانە لە هندستان کۆتایی بۆ نییە بەڕێز جیاباو.
بەڕێز ئاشۆک زۆر ڕاستی دەکرد کە دەیگوت، دەبێ هەر پارە بدەیت و بدەیت بەو لەعنەتییانە.
بەڵام گلەیی لە پۆلیس دەکەم بەو ڕێگەیەی کە ساماندارەکان گلەیی دەکەن نەک هەژارەکان.
جیاوازییەکان هەموو شتێکە.
بەڕێز بۆ ڕۆژی دوایی بانگی محمەد ئاسفم کرد بۆ نووسینگە، دەسووتا لە شەرمی ئەوەی کە کردبووی
پێویستی نەدەکرد سەرزەنشتی بکەم. هەڵەی ئەو نەبوو، هی منیش نەبوو.
گرێبەستی کۆمپانیاکەمان زۆر هەرزانە، فشار بۆ شۆفێری تەکسییەکان دەبەن کە گرێبەست بکەن.
دەکرێ ژمارەیەکی چاوەڕواننەکراویان ڕاکەڕاکیان بێ بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان. دەبێ بە پەلە  لێبخورین و لە خەڵکی بدەین و ئازاریان پێ بگەیەنین،  ئەمە کێشەی هەموو شۆفێرێکی تاکسییە لەم شارەدا، لۆمەی من مەکە.

دڵ لە دڵ مەدە ئاسف لەوە دەچێت کوڕەکە ڕووخابێت.
هاتم بۆ ئەوەی ڕێزی موسڵمانەکان بگرم، گەورەم، ئەوان پرشنگدار نین.
جگە لەو چوار هۆنەرە، بەڵام شۆفێری باشیان دروست کردووە، هەروەها خەڵکی ڕاستگۆ بوون، سەرەڕای ئەوەی لەوە دەچوو هەموو ساڵێ شەمەندەفەرەکان بتەقێننەوە.
ئاسفم وەدەر نەنا لە کارەکەی بە بۆنەی ئەوەی کە ڕووی دا، بەڵام پێم گوت کە ناونیشانی کوڕەکە بدۆزێتەوە، ئەوەی کوشتمان.
تەماشای کردم
"بۆچی وا بکەین گەورەم؟ پێویست ناکات ترست لە دایک و باوکی هەبێت، تکایە ئەوە مەکە."
وام لێ کرد کە ناونیشانەکەی بدۆزێتەوە و بمداتێ، پارەی نەخدی تازەم لە دۆڵابەکە دەرهێنا، سەد ڕووپێیی خشەی دەهات، خستمە ناو زەرفی قاوەییەوە، چوومە ناو ئۆتۆمۆبیلەکە و لێمخوڕی بۆ شوێنەکە
دایکی دەرگاکەی کردەوە، لێی پرسیم چیم دەوێت، پێم گوت، من خاوەنی کۆمپانیای تەکسیم، پێویستی نەکرد پێی بڵێم چ کۆمپانیایەک.
کووپێ قاوەی بۆ هێنام لە تاخمێکی کووپی کانزاییدا، هندییەکانی خواروو زۆر بە ئەدەبەوە پێشوازی میوان دەکەن.
قاوەکەم ڕۆ کردە ناو ژێرکووپەکەوە و بە شێوەیەکی ڕاست قومم لێ دەدا.
وێنەی کوڕێکی گەنج بەسەر دیوارەکەوە بوو گوڵێکی بازنەیی گەورەی یاسمینی بە دەورەوە بوو، هیچم نەوت تاکو قاوەکەم تەواو کرد، دوایی زەرفە قاوەییەکەم لەسەر مێزەکە دانا.
پیرەمێردێک هاتە ژوورەوە، وەستا و تەماشای کردم.

"پێش هەموو شتێک دەمەوێت خەمی قووڵی خۆمتان پێ ڕابگەیەنم بۆ مردنی کوڕەکەتان. کەسانێکی زۆری نزیکی خۆمم لە دەست چووە، دەزانم چ ئازارێکتان چەشتووە، نەدەبوو بمردایە. دووەم شت هەڵەکە لە منەوە بوو نەک شۆفێر، پۆلیس بەری دام، ئەمە ئەو جەنگڵستانەیە کە ئێمەی لێ دەژین. بەڵام من بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ دەگرم، داوای لێبوردنتان لێ دەکەم." ئاماژەم بۆ زەرفە قاوەییەکە کرد کە لەسەر مێزەکە بوو.

"ئەمە بیستوپێنج هەزار ڕووپێیە. لەبەر ئەوە ناتاندەمێ کە پێویست بێت لەسەرم. بەڵکو خۆم دەمەوێت، تێگەیشتن؟."

پیرێژنەکە نەیویست پارەکە وەرگرێ.

بەڵام پیرەمێردەکە، باوکی منداڵەکە چاوی لە زەرفەکە بوو گوتی، "بە ڕاستی تۆ پیاوی، هیچ نەبێ هاتیت بۆ لامان."

گوتم "دەمەوێ یارمەتی کوڕەکەی ترتان بدەم، کوڕێکی ئازایە، ئەو شەوە بەرامبەر پۆلیس ڕا وەستا، دەتوانێ بێت و ببێتە شۆفێرم ئەگەر دەتانەوێ، ئاگام لێی دەبێت."

ژنەکە دەموچاوی گرژ کرد و سەری با دا، فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتنە خوارەوە، دیاربوو لەبەر چی. لەوانەیە هیوایەکی بەو کوڕە بووبێ، وەکو دایکم کە هیوای بە من بوو. بەڵام پیاوەکە سەنگین بوو

پیاو بەرپرسیارترە لەم بابەتانە. سوپاسم کرد بۆ قاوەکە و سەری ڕێزم لە بەردەم دایکە نارازییەکە دانەواند و ڕۆیشتم.

کە گەڕامەوە محەمەد ئاسف چاوەڕێم بوو لە نووسینگەکە. سەری با دا و گوتی" بۆ؟ بۆچی ئەو پارەیەت بە خەسار دا"، ئەو کاتە بیرم کردەوە لەوانەیە هەڵە بم. لەوانەیە ئاسف شۆفێرەکانی تر ئاگادار بکاتەوە کە لەو

پێرێژنە ترساوم، وا بزانن کە دەتوانن فریوم بدەن، تووشی  شڵەژانم دەکات.
حەز ناکەم لە بەردەم کرێکارەکانم بێهێز دیار بم، دەزانم بەرەو کوێم دەبات.
دەبوو شتێکی جیاواز بکەم،ئەوە نابینی؟
نامەوێ ژیانێک بژیم وەکو ورچی کێوی و گامێش و قەلەڕەش.
لەوانەیە ئێستاش لێرە لە لاکسمانگار هەر وا بژین، ئێستا من لە ڕووناکیم.

---

ئێستا لە چیرۆکی تاوانی هەفتەی نموونەیی یاخود فیلمی هندی  چ باسە؟
بۆ ئەو پیاوە هەژارەی کە پیاوە ساماندارەکەی کوشت، بەڵام دوای ئەو خەو دەبینێت بە پیاوە مردووەکەوە کە دوای دەکەوێت بە پەنجەی خوێناوییەوە دەڵێت ب...کوژ، ب...کوژ
لە ژیانی ڕاستیدا ئەوە ڕوو نادات، متمانەم پێ بکە، ئەوە بووە یەکێک لەو هۆیانەی کە وازم لە چوون بۆ فیلمی هندی هێنا.
تەنها شەوێک بوو لە خەومدا نەنکم هات، دوام کەوتبوو کە لەسەر گامێشە ئاوییەکە بووم، بەڵام هەرگیز ڕووی نەدایەوە. مۆتەکەیەکی حەقیقییەو بۆت دێت، بەڵام بە جۆرێکی تر. لەسەر پێخەفەکەت تل دەخۆیت و خەو بە شتێکەوە دەبینی کە تۆ نەتکردووە.
مێشکت لە دەست دەدەیت لێ دەگەڕێی کە بەرێز ئاشۆک بڕوات،  بۆخۆشت هیشتا هەر لە دەلهیت، هێشتا هەر خزمەتکاری پیاوێکی تری. دوایی بەئاگا دێیت. دەوەستیت و عەرەق دەکەیت. لێدانی دڵت ئارام دەبێتەوە.
ئەنجامت دا! کوشتت!
دوای سێ مانگ لە گەیشتنم بۆ بانگەلۆر، چووم بۆ پەرستگە، نمایشی دوا مەراسیمم کرد بۆ هەموویان، کوسوم، کیشان و هەموو پوورەکانم و

ئامۆزاکانم و خوشکەکانم، تەنانەت نوێژم بۆ گامێشە ئاوییەکەش کرد.
کێ دەزانێت کامیان لە ژیاندان و کامیان مردوون. دوایی بە کوسومم گوت، بە هەموو ئەوانی تریش.
"ئێستا بە سەلامەتی جێم بهێڵن."
جێبەجێیان کرد گەورەم تا ئەوپەڕی جێبەجێکردن.
ڕۆژێکیان لە ڕۆژنامەیەکدا چیرۆکێکم خوێندەوە.
"کوژرانی خێزانێکی حەڤدە کەسی لە لادێییەکی باکوور ی هندستان"
دڵم کەوتە پەلەپەل،حەڤدە؟
نابێ ئەوە ڕاست بێت، ئەوە هی من نییە، ئەوە تەنها چیرۆکێکی ترسی دوو ئینج درێژ بوو، هەموو بەیانییەک لە ڕۆژنامەکاندا دەردەکەوت. ناوی لادێکەیان نەهێنابوو، تەنها گوترابوو شوێنێ لە تاریکی نزیک گایە، جار لە دوای جار دەمخوێندەوە- حەڤدە!
حەڤدە نەبوون لە ماڵەوە هەناسەیەکم هەڵکێشا.. بەڵام چی دەبێ ئەگەر یەکێکیان منداڵی بووبێت؟
ڕۆژنامەکەم لوول کرد بەسەر یەکدا و فڕێم دا.
بۆ چەند مانگێ وازم لە خویندنەوەی ڕۆژنامە هێنا، هەر بۆ ئەوەی سەلامەت بم.
تەماشاکە، چییان بە سەر هات. دەبێ لەقلەق کوشتبێتیانی یان هەندێکیان کوژرابن، ئەوانی تریش لێیان درابێت، تەنانەت ئەگەر بە موعجیزەیش بێت.
یاخود پۆلیس ئەو کارەی نەکردبێت، دەبێ دراوسێکان حاشایان لێ بکەن.
تەماشاکە کوڕی خراپی خێزانێک ناوبانگی لادێکە تێک دەدات و دەیانخاتە ناو خۆڵەوە.

بۆیە خەڵکی لادێکە زۆریان لێ دەکەن کە لادێکە بە جێ بهێڵن.
دەبێ بڕۆن بۆ دەلهی، یان کەلکوتا یان مۆمبای، لەژێر پردی کۆنکریتدا ژیان بە سەر بەرن، سواڵ بکەن بۆ نان، بە بێهیوایەک بۆ داهاتوو. ئەوە زۆر لە مردن باشتر نەبوو، "تۆ چی دەڵێیت بەڕێز جیاباو؟ ئایا گوێبیستت دەبم پێم بڵێی خوینمژی خوێنسارد؟"
چیرۆکێک هەیە وا بزانم لە وێستگەی شەمەندەفەر بیستوومە بەڕێز، یاخود لەوانەیە لە لاپەڕە دڕاوەکان کە بۆ پێچانی گەنمەشامی برژاو بە کار دەهێنرا کە لە بازاڕ دەمکڕی، نایاتە بیرم.
چیرۆکی بودا بوو
ڕۆژێکیان براهامی زیرەک ویستی فێڵێ لە بودا بکات، لێی پرسی ئایا خۆت بە پیاوێک دەزانیت یان بە خودایەک؟
بودا پێکەنی و گوتی "هیچیان، من تەنها ئەو کەسەم  کە بەئاگام لە کاتێکدا کە ئێوە هێشتا هەر نووستوون."
بەڕێز جیاباو هەمان وەڵامت دەدەمەوە بۆ پرسیارەکەت
تۆ دەپرسی: ئایا تۆ پیاوی یان لەعنەتی؟ دەڵێم هیچیان
بە ئاگا دێم لە کاتێکدا کە ئێوە هەموو هێشتا هەر نووستوون، ئەوە تەنها جیاوازییە لە نێوانمان.
خێزانەکەم،
نابێ بە هیچ جۆرێک بیری لێ بکەمەوە.
دارام. بە دلنیاییەوە نا.
ئێستا دەزانێ چی ڕووی داوە، یەکەمجار پێم گوت کە پشوو وەردەگرین بۆ مانگێک یان دوو مانگ،  بڕوای کرد. هیچی نەوت بەڵام جار جار دەبینم بە

گۆشەی چاو سەیرم دەکات. دەزانی.

بە شەو بە یەکەوە نان دەخۆین لەسەر یەک مێز و بەرامبەر بە یەک، تەماشای یەک دەکەین و هیچ ناڵێین، کووپێ شیری دەدەمێ، دوو شەو لەمەوبەر دوای ئەوەی شیرەکەی تەواو کرد، لێم پرسی

"ئەرێ هیچ بیری دایکت ناکەیت؟"

یەک وشەی نەگوت

"باوکت"

پێکەنی و گوتی"کووپێ شیری ترم بدەرێ، نامدەیتێ مامە؟"

هەستام قاپێ ئایسکریمیشم تێ کرد.

گوتم دارام ئایسکریم بۆ یەکشەممەکانە " نا بۆ ئەمڕۆیە."

پێکەنی لەگەڵم

ئا.. هەموو شتێ تێگەیشت

پێت دەڵێم

هەتا من نانی بدەمێ ئەو بێدەنگ دەبێت.

ئەگەر من بچمە بەندیخانە، ئەو ئایسکریمەکە و کووپە شیرەکەی لە دەست دەچێت. وا نییە؟

لەوانەیە ئەوە بیرکردنەوەی ئەو بێت، نەوەی نوێ، پێت دەڵیم گەورە دەبن بەبێ هیچ پرەنسیپێک.

ئێستا دەچێ بۆ قوتابخانەیەکی باش لە بانگەلۆر. قوتابخانەی ئینگلیزی، ئێستا وەکو کوڕی ساماندارەکان بە ئینگلیزی دەدوێ. دەزانێ بڵێت پیتزا، هەر وەکو چۆن بەڕێز ئاشۆک دەیگوت.

هەروەها حەزی لە پیتزا نییە. ئەو شتە قێزەونە.

به شانازییەوە تەماشای دەکەم کاتێک کە بەشەکەی خۆی دەخاتە سەر کاغەزێکی سپی پاک  لەسەر مێزی نانخواردن، ئەم هەموو شتە کە هەرگیز فێری نەبووم.

دەزانم ڕۆژێک، دارام، ئەو کوڕەی کە شیرەکەم دەخوا و لەناو قاپێکی گەورە ئایسکریمەکەم دەخوا، لێم دەپرسێت،

نەتدەتوانی دایکم بهێڵیتەوە و نەکوژرێ؟ نەتدەتوانی  نامەی بۆ بنووسی و پێی بڵێی ڕۆژێک ڕا بکات؟

دوای ئەوە دەبێ یان وەڵامی بدەمەوە یان بیکوژم.

بەڵام هێشتا ساڵانێکی ماوە بۆ ئەو پرسیارە، تاکو ئەو کاتە هەموو ئێوارەیەک بە یەکەوە نان دەخۆین

دارام دوا کەس دەبێت لە خێزانەکەم، هەروەها خۆم.

یەک کەسی تر دەمێنێتەوە کە باسی بکەم.

سەرۆکە کۆچکردووەکەم.

بیرم کردەوە پێویست ناکات نوێژکەری خودای بۆ بانگ بکەی. چونکە خێزانەکەی نوێژکەری زۆر گرانبەهای بۆ دابین دەکەن کە بە درێژایی دەریای گەنج نوێژ بۆ ڕووحی بکەن.

نوێژکەرە هەژارەکان چی بکەن بۆ ٣٦٠٠٠٠٤خودا ئەگەر بەراورد بکرێت بە دەوڵەمەند؟

بەڵام زۆر بیری لێ دەکەمەوە،بڕوام پێ بکەیت یان نا، بیری دەکەم، شایانی ئەو چارەنووسە نەبوو.

دەبووایە مانگوس سەر ببڕم.

---

ئێستا خاوەنشکۆ بازدانێکی گەورە هەیە لە پەیوەندی هندستان و چیندا کە لە حەوت ڕۆژی ڕابردوودا بووە.

هندیً چینی وەکو دەڵێن بای بای.

هەموو پێویستییەکانی بوون بە خاوەنکارم پێ گوتی، چۆن گەشە دەکات، چۆن لە کۆسپەکان دەرباز دەبێت و چۆن مەدالیای ئاڵتوونی سەرکەوتنی پێ دەبەخشرێت.

گەورەم سەرەڕای ئەوەی کە چیرۆکەکەم تەواو، ئێستا نهێنییەکانم نهێنی تۆیە، ئەگەر مۆڵەتم بدەی لەگەڵ دوا وشەدا بە جێت دەهێڵم.

( فێڵێک لە کۆنە گەورە سۆشیالیستەکانەوە فێر بووم. تەنها ئەو کاتەی کە تەماشاکەرانی باوێشک دەدەن،دەڵێن "تەنها دوا وشە" دوایی دوو کاتژمێری تر لە سەری بەردەوام دەبێت. ها! )

کاتێک کە ئۆتۆمۆبیل لێدەخورِم بە شەقامی هۆسوری سەرەکیدا. کاتێک کە دەسووڕێمەوە بۆ شارە ئەلکترۆنییەکان، هەنگاوی یەکەم دەبینم، کۆمپانیاکانم تێپەڕاندووە.

ناتوانم پێت بڵێم کە چەندە جێگەی تێڕامانە بۆ من،جەنەراڵ ئەلکتریک، دێڵ، سمنز هەموو لێرەن لە بانگەلۆر، زۆری تریش بە ڕێگاوەن بۆ ئێرە، چاکسازی لە هەموو شوێنێکە.

قوڕی کەڵەکەکراو لە هەموو شوێنێکە، بەردی کەڵەکەکراو، شارەکە بە تەواوی بە دووکەڵ و تەم و خۆڵ و تۆزی چیمەنتۆ تەنراوە، بە دەمامکێک داپۆشراوە، کاتێک کە ئەو دەمامکە لا ببرێت، بانگەلۆر لە چی دەچێت. لەوانەیە کارەساتێک بێت.

شوێنی هەژارنشینەکان، زێراب، مۆڵەکان، بازاڕ، پاڵەپەستۆی هاتوچۆ،

پۆلیس.

بەڵام هەرگیز نازانی. لەوانەیە بگۆڕێت بۆ شارێکی ڕازاوە، تێیدا مرۆڤەکان وەکو مرۆڤ بژین و ئاژەڵیش وەکو ئاژەڵ.

بانگەلوری نوێ بۆ هندستانی نوێ، دوایی دەتوانم ئەوە بڵێم من لە ڕێگەی خۆمەوە هەوڵم دا بۆ دروستبوونی بانگەلورێکی نوێ.

بۆ نا؟

من بەشێک نیم لەم هەموو گۆڕانەی ئەم وڵاتە؟

ئەی سەرکەوتوو نەبووم لە کارەکانم کە هەموو پیاوێکی هەژار دەبێ بیکات؟ هەوڵدان بۆ بەرنەکەوتنی ئەو قامچییەی کە باوکت بەری کەوت، نەهێشتنی کەڵەکەبوونی لاشەت لەسەر لاشەکانی تر لەناو قوڕاوی گەنگەدا.

ڕاستە بابەتی کوشتن لەئارادا بووە، کە بێشک کارێکی هەڵەیە .مەپرسە چۆن بوو. ڕۆحی ڕەش کردمەوە. هەموو ئەو کرێمانەی کە بۆ پێست سپیکردنەوە دەفرۆشرێن لە هندستان، جارێکی تر دەستەکانم پاک ناکەنەوە.

لەوە ناچێت لەم دنیایەدا هەموو کەس نرخی بۆ دابنرێت. بە سەرۆک وەزیرانیشەوە،تەنانەت تۆش بەڕێز جیاباو. ئایا کەسێکتان کوشتووە کە لە ڕێگەی گەیشتن بە لووتکە بووبێت؟

چەندت دەوێ، خەڵک بکوژە، لە نزیک پەرلەمانی دەلهی پەیکەرێکی برۆنزت بۆ دروست دەکرێت.

بەڵام ئەو پرشنگدارییە ئەوە نییە کە من بە دوایدا وێڵم.

هەموو ئەوەی کە من ویستم هەلی بوون بە مرۆقبوونم بوو. بۆ ئەوەیش یەک تاوانی کوشتن بەسبوو.

دوای ئەوە چیم بۆ دێتە پێشەوە؟ دەزانم سەرت لەوە سووڕ ماوە.

با...وای دانێم ئەم ئێوارەیە لە شەقامی M.G ئۆتۆمۆبیل لێدەخورِم، شەقامی بازاڕی ئەمریکی و کۆمپانیای تەکنەلۆجییە. خەڵکی yahoo م بینی لافیتەیەکی نوێیان لەسەر نووسینگەکەیان دانابوو.

**دەتوانی چەند گەورە بیر بکەیتەوە؟**

دەستەکانم لەسەر ستێرنی ئۆتۆمۆبیلەکە لابرد،دەستەکانم بڵاو کردەوە، درێژتر لە لووتی فیل.

"ئەوەندە گەورە، خوشک گایراو!"

دڵخۆشبووم بە دەستپێکردنەکەم، ئەم گڵۆپە کریستاڵە، ئەم لاپتۆپە ڕەنگ زیوینە، ئەو بیستوشەش کواڵسە، بەڵام بە ڕاستی لێیان بێزارم، ئێستابێت یان دوایی، من پیاوی دەستپێشخەری یەکەمم.

بەڕێز سەرۆکوەزیران. لە کۆتاییدا ئەم دەسپێشخەرییەم دەفرۆشمەوە بە خاوەنکارێکی تری شارەزا، مەبەستم ئەوەیە بەرەو هێڵێکی تر هەنگاو دەنێم. دوای ئەوە بیر لە گرێبەست دەکەمەوە.

دەبینی من هەمیشە ئەو پیاوەم کە سبەینێ دەبینم، کاتێک کە خەڵکی ئەمرۆ دەبینن. سبەینێ هەموو جیهان دەبێتە بانگەلور. بەس لێخورە بۆ فرۆکەخانە، لە ڕێگە ئەو کۆشکە نیوەتەواوکراوانە ببینە بە شووشە و پۆڵا دروست کراون، کاتێک کە بە لایاندا تێدەپەڕیت.

تەماشای ناوی کۆمپانیا ئەمریکییەکان بکە کە دروستی دەکەن. هەروەها کاتێک کە هەموو ئەمریکییەکان دێن بۆ ئێرە، لەو باوەڕەدایت لە کوێ بنوون؟ لەسەر شەقام.

ها!

لە هەرچی شوێنێک کە ئەپارتمانی بەتاڵی لێبێت، تەماشای دەکەم، سەرم

لەوە سوورِ دەمێنێ، دەتوانم چەندم لە ئەمریکییەکان دەست بکەوێت لە ٢٠١٠؟ ئەگەر شوێنەکە داهاتوویەکی هەبێ وەکو ماڵ بۆ ئەمریکییەکان، یەکسەر پێشەکییەکەی دەدەم، داهاتووی گرێبەست لە بانگەلۆر، بەڕێز جیاباو، دەتوانیت پەیوەست بیت بە کاری کوشتنەوە، ئەگەر ئارەزووت لێیە، یارمەتیت دەدەم!

دوای سێ- چوار ساڵ لە گرێبەست، لەو بڕوایەدام کە هەموو شتێک بفرۆشم، پارەکەی ببەم و قوتابخانەیەکی پێ بکەمەوە، قوتابخانەیەک بە زمانی ئینگلیزی بۆ منداڵە هەژارەکانی بانگەلۆر.

قوتابخانەیەک کە تیایدا ڕێگە نەدرێ مێشک گەندەڵ بکرێت  بە خوداپەرستی و چیرۆک دەربارەی خودا یان گاندی.

حەقیقەتی ژیان و هیچی تر بۆ هەموو ئەو منداڵانە.

قوتابخانەیەک پڕ لە پڵنگی سپی ئازاد لە بانگەلور!

پێت دەڵیم  ئەو شارە دەخەینە ژێر کۆنترۆڵی خۆمانەوە، دەتوانم ببمە سەرۆکی بانگەلور.

یەکسەر یاریدەدەری گەورەئەفسەر چاک دەکەمەوە، دەیخەمە سەر پاسکیل، ئاسف دەهێنم لێی بدات بە تیۆتا کواڵسەکەی، هەموو ئەم خەونانەی کە دروستی دەکەم لەوانەیە هیچ دەرچێت.

هەندێک جار وا بیر دەکەمەوە کە هەرگیز ناگیرێم، وا بزانم قەفەزی کەڵەشێر پێویستی بە کەسێکی وەکو منە بۆ ئەوەی بشکێت، پێویستی بە گەورەیەکی وەکو بەڕێز ئاشۆکە کە شایانی ئەوە نییە ببێ بە سەرۆک، سەرەڕای هەموو چاکە جۆراوجۆرەکانی وەلا دەنرێ و لە جێی ئەو خزمەتکاری نموونەیی وەکو من جێی دەگرێتەوە لەو کاتانەدا.

خێزانەکەی بەڕێز ئاشۆک دەتوانن بەخشیشی ملیۆنێک دۆلار بدەن بۆ بەدەستهێنانی سەرم.

گرنگ نییە،من کەسایەتییەکانم گۆڕیوە، ئێستا من کەسێکم لە هندستان کە ناگیرێم، لەم کاتانەدا تەماشای سەرەوە دەکەم و دەڕوانمە کریستاڵەکە، دەستەکانم بەرز دەکەمەوە بۆ سەرەوە، بە هەموو دەنگم هاوار دەکەم تاکو دەنگەکە بەناو هێڵی تەلەفۆنەکاندا بڕوات بۆ سەنتەری تەلەفۆن، تا دەگاتە هەموو خەڵکی ئەمریکا.

ئەنجامم دا، قەفەزەکەم شکاند!

بەڵام لە کاتێکی تردا یەکێ لەسەر شەقامەوە بانگم دەکات "باڵڕام" سەرم سووڕ دەمێنێ و بیر دەکەمەوە،

کۆتاییمە.

گیرانم- ئەگەری هەمیشەییە.

لە هندستان هیچ شتێک کۆتایی نییە، وەکو بەڕێز ئاشۆک ڕا هاتبوو کە بیڵێت.

دەتوانی ئەگەر بتەوێ هەرچی زەرفی قاوەیی و جانتای سوور هەیە بیدەی بە پۆلیس.

بەڵام هەر داتدەڕزێنن. لەوانەیە ڕۆژێک پیاوە یەکپۆشەکە پەنجەی ئاماژەم بۆ درێژ بکات و بڵێ مونا کاتت تەواو.

تەنانەت ئەگەر هەموو کریستاڵەکانیشم بشکێنن و بکەونە سەرزەوی، تەنانەت ئەگەر بمخەنە بەندیخانەوە و هەموو بەندییەکان دەنووکم تێ بخەن، تەنانەت ئەگەر بمنێرن بۆ سەر پێپلیکانە دارەکە بۆ هەڵواسین، هەرگیز ناڵێم ئەو شەوە هەڵەم کرد کە سەرۆکەکەم سەر بڕی.

دەڵێم ئەوەی کە کردم  ئەوە دەهێنێت، تەنانەت ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش بێ یان کاتژمێریکیش بێ یان خولەکێک، تا مانای نەبوون بە خزمەتکار بزانم.

وا بزانم ئامادەم بۆ ئەوەی منداڵم هەبێت بەڕێز سەرۆک وەزیران

ها!

هەمیشە دڵسۆزت،

ئاشۆک شەرمە

پڵنگە سپییەکە

لە بانگەلور

boss@whitetiger-technologydrivers.com

**دەربارەی وەرگێڕ**

شلێر ڕەشید لە شاری کەرکوک لە دایک بووە، نیشتەجێی وڵاتی کەنەدایە.

دەرچووی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین و کۆلێجی سەنتنیاڵە لە تۆرۆنتۆ-کەنەدا.

فەرمانبەرە لە سەنتەری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و فێرکردن لە تۆرۆنتۆ، وەرگێڕیشە لە نووسینگەی پەنابەرانی کەنەدا.